***ئیسماعیل بیشکچی***

# تیزی تورك بۆ میژوو
# تیۆری زمانی خۆر
# و
# کیشەی کورد

وەرگیرانی: ئاسۆس هەردی

سلیمانی (٢٠٠٠)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

❖ ناوی کتێب: تێزی مێژووی تورک تیۆری زمانی خۆر و کێشەی کورد

❖ بابەت:

❖ نووسینی: ئیسماعیل بێشکچی

❖ وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئاسۆس هەردی

❖ مۆنتاژی کۆمپیوتەر: تەلار محمد توفیق

❖ مۆنتاژی بەرگ:

❖ هەلەچنی چاپ: مهاباد رحیم

❖ چاپی یەکەم: ٢٠٠

❖ تیراژ: (     ) دانە

❖ ژمارەی سپاردن : (       )ی ٢٠٠

❖ چاپ و ئۆفسیتی دەزگای سەردەم

**زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (   )**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوەرۆك


*سەرەتایەکی کورت

*پیشەکی چاپی یەکەم

***بەشی یەکەم**
**لیکۆلینەوە ئەنترۆپۆلۆجی و میژووییەکان**

**(تیزی تورك بۆ میژوو)**

*** ١.فاکتی دووەم**

پیکهاتنی " تیزی تورك بۆ میژوو"

١–"هیلە گشتیەکانی میژووی تورك"

٢–بەشی دەروازە–ی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك

٣–میژوو ١، ٢، ٣،٤

*II*.سەرچاوە میژووییەکانی ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان
بە تیزی میژووی تورك–ە وە هەیە

*III*.یەکەمین کۆنگرەی میژووی تورك

١–لە زانستدا فاکتەکان پیوەری راستین
کەسەکان هەرگیز نابنە پیوەری راستی

٢–بیلایەنیی زانستیانە ستایش کردنی
رەگەزو نەتەوەیەك نیە

٣-دوا لیکۆلینەوەو لیکۆلینەوەی یەکلاکەرەوە
لە زانستدا نیە

٤–زانست هەمیشە گومان لەو زانیاریانە دەکات کە
بەدەستی هیناون؛ زانست رەخنەگرە

٥–حەقیقەتی ئەزەلی و ئەبەدی
لە زانستدا نیە




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*IV*.ئەو لیكۆڵینەوانەی لە بواری
ئەنترۆپۆلۆجیادا ئەنجامدراون
١.زانست گەرانەوەیە بۆ : فاكتەكان ، واقیعی
راستەقینە ، راستیی بابەتی
٢-زانست دۆخی كۆنكریتی و راستی بابەتی ، واتە
واقیعی راستەقینە بە نەبوو حساب ناكات و
رەتی ناكاتەوە ، هەولی تیگەیشتنی دەدات
٣-لەزانستدا گریمانەو پیشنیارەكان لە رووی لۆجیكیەوە
یەكتری تەواو دەكەن.ئەو دوو گریمانەیەی دژی یەك
دەكەونەوە،یەكیكیان راست نیە
٤-چەمكەكانی تیۆری زانین "نظرية المعرفة" لەگەل
چەمكەكانی تیۆری ئەخلاقدا لەیەك جیان
٥-زانست "شایانی ریزە"و"شایانی
ریز نیە"ی تیدا نیە
*V*.ئەو زانیاریە "زانستی"یانەی سەبارەت بەتیزی
میژووی تورك هاتنە ئاراوە، لە ئەدەبی توركیدا
چۆن رەنگیان دایەوە
*VI*.رەخنە لە تیزی میژووی تورك
*VII*.كۆنگرەی دووەمی میژووی تورك
*VIII*.سەركەوتنی یەكجارەكیی "تیزی میژووی تورك"
*IX*.پشكنینی ئەنترۆ پۆمەتری توركی
*X*.كۆنگرەی سییەم وچوارەمی میژووی تورك
***بەشی دووەم**
**لیكۆلینەوە زمانەوانیەكان**
**( تیۆری زمانی خۆر)**
*I*."تورك بوونی ئاریيەكان"
*II*.ئەنجومەنی لیكۆلینەوەی زمانی توركیو



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامە پەرلەمانتارەکانی
*III*.فاکتی سىیەم: تیۆری زمانی خۆر
١-کۆنگرەی یەکەمی زمانی تورکی
٢-کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکی
٣-کۆنگرەی سێیەمی زمانی تورکی
(راگەیاندنی تیۆری زمانی خۆر)
*IV*.چەند نموونەیەك لەو نووسینانەی بە پێی
تیۆری زمانی خۆر نووسراون
*V*.پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمال
تاکە پیوەری "راستی" و حەقیقەت
*VI* . ئەو زمانەی خیلە ناشارستانیەکان قسەی
پیدەکەن، پیویست نیە
*VII* .سوودە کردەکیەکانی تیۆری زمانی خۆر
*IIIV* . بەپێی فەرهەنگی زمانی تورکی،
کورد چیە؟

***بەشی سێیەم**
پیشهاتەکانی سیاسەتی ناو خۆی تورکیاو
پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەل وولاتانی دەرەوە
لەکاتی دارشتن وپەرەپیدانی تیزی میژووی تورك و
تیۆری زمانی خۆردا

***بەشی چوارەم**
**ئە نجام**
*I* .تیزی میژووی تورك وتیۆری زمانی خۆر
*II*.تیروانینی تیزی میژووی تورك و تیۆری
زمانی خۆر بۆ کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*III*. ڕەگەز پەرستی لە کتیبەکانی بەرەیی نەتەوەییدا
کۆششی دریژە پیدانی کەمالیزمە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرەتایەکی کورت

ئادەمیزاد هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەتا ئەمرۆ، لە ململانییەکی بەردەوامدا ژیاوەو دەژی. لەسەرەتادا ئەم ململانییە لە نیوان(خود)ی ئادەمیزاد و(ئەو)ی سروشتدا بووە .(خود)یکی بچووك و لاوازو کەم دەسەلات، لەبەرامبەر(ئەو)یکی زەبەلاح وخاوەن هیز و جەبەرووتیکی بێ سنووردا .تاکە چەك و تاکە ئیمتیازی ئادەمیزاد لەم رووبەروو بوونەوە نابەرامبەرەدا ،توانای بیرکردنەوەو تیگەیشتن وخویندنەوەی دەوروبەرەکەی خۆی بووە.بەدریژایی هەزاران سال وسەردەم بەسەردەم ،کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سروشت ،وورده وورده ئادەمیزادی گەیاندۆتە ئاستیك کە لە ریی ریکخستنی ئەو زانیاریانەوە هەولبدات سروشت کۆنترۆل بکات و یاساکانی بە قازانجی خۆی بەکاربینیت ،یاخود لانی کەم خۆی لەگەلیاندا بگونجینیت: لە بەدوای یەکدا هاتنی وەرزەکان تیبگات و پیشەکی خۆیان بۆ ئامادە بکات، ئەو ناوچانە بەجی بیلی کە بۆ ژیانی مرۆڤ ناگونجین، بۆ خۆپاراستن لە سەرماو گەرما جلوبەرگ لە بەر بکات و خانوو دروست بکات، لە بەرامبەر گیانەوەرە درندەکاندا بەکۆمەل شەربکات و چەك و تەلە و شیوازی جۆراوجۆری راوکردنیان بدۆزیتەوە،هەندیك لە گیانەوەران دەستەمۆ بکا و کاریان پی بکات،یاساو ریساکانی نەشونما کردنی رووەکە بەسوودەکان بدۆزیتەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیواز و ئامیری تایبەت بە کشتوکاڵ دابهێنێت   هتد. بەکورتی، تێگەیشتن لە سروشت و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر دیاردەو گۆڕانەکانی، تاکە ڕێگەی سەرکەوتنی ئادەمیزاد بووە ، لەو ململانێ توندوتیژو درێژخایەنەدا.چونکە دەبوو پیشەکی سروشت بناسێت ، بۆ ئەوەی بەپێی بەرژەوەندی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

لەگەڵ سەرکەوتنی وردە وردە بە سەر پلەکانی کۆنترۆلکردنی سروشتدا، رووبەری ژیانی مرۆڤ فراوان دەبوو،سەرزەمینە سەخت و دوورە دەستەکانی داگیر دەکرد، بواری زۆربوون و هاتنە ئارای کۆمەل و کۆمەلگای جۆراو جۆری بۆ دەکرایەوە .بەمەش مرۆڤەکان خۆیان دەبوونە (ئەو)ی دی و (بەرامبەر)ی دی بۆیەکتری.چونکە لێرە بەدواوە ململانێیەکی نوی،لەنیوان کۆمەلە مرۆییەکان خۆیاندا هاتە گۆڕی. بۆیە دەبوو ئەمجارەیان زانیاری لەسەر (ئەو)ە کانی مرۆڤ کۆبکاتەوە،لە نیازو مەبەستەکانیان تی بگات،ئەگەر شەرخوازن رادەی هێزو توانای مادی و مەعنەویان بزانێت،ئەگەر نا، رێگەکانی پەیوەندی کردن و دۆستایەتی کردنیان بدۆزێتەوە،یاخود بەدیویکی تردا،ڕێگەکانی مل پێ کەچکردن و دەس بە سەردا گرتنیان بدۆزێتەوە  هتد. واتە دەبوو بەووردی ئاگای لەدەوروبەری خۆیبێت، بەخوێندنەوەو دەست نیشانکردنی سەرچاوەکانی هەرەشەو مەترسی و دۆزینەوەی بناغەکانی هێزو بەردەوامی، پیش وەخت خۆی بۆ ئەگەرە  چاوەروان نەکراوەکان ئامادە بکاو، بە رەفتاری دروست و گونجاو هەلومەرجەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە

لە هەمان کاتدا ناسینی ئەوی دی بەشێکی گرنگ بوو لە پرۆسەی خۆناسینیش. چونکە مرۆڤ لەرێگەی بەراوردکردن و دۆزینەوەی جیاوازیەکانەوە، شوناسی بوونەوەرەکان دەست نیشان دەکات .

ناسینی ئەوی دی، پرۆسەیەکە بە درێژایی مێژوو بەردەوام بووە. هەر لەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزی دوژمنەوە بیگرە ،تا دەگاتە نووسینەوەی مێژووی کۆمەلگەکانی دیو، ئەو گەشتیارو خۆرهەلاتناسانەی لە رۆژگارە دوورو نزیکەکاندا ،سەرەرای سەختی هاتوچۆ، هەزاران کیلۆمەتر ریگایان بڕیوەو سەبارەت بە کۆمەلگەو سەر زەمینە نە ناسراوەکان زانیاریان تۆمار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد ،هەر هەموویان نموونەی هەولدانی مرۆڤن بۆ ناسینی ئەوانی دی و دۆزینەوەی ریگاکانی مامەلە کردن لە گەلیاندا ،لەپیناوی کۆنترۆلکردن ،یاخود لانی کەم دۆزینەوەی چوارچیوەیەکی پیکەوە گونجان لەگەلیاندا.

بیگومان هەستکردن بە پیویستی ی ناسینی ئەوی دی، بەلگەی پیگەیشتنی کۆمەلگایە .بەپیچەوانەشەوە، ئەو کۆمەلگایەی هەستی بە گرنگی و پیویست بوونیناسینی ئەوی دی و دەوروبەرو جیهان نەکردبێ، مانای وایە چارەنووسی خۆی داوەتە دەست ریکەوت و بیجگە لە کاردانەوەی ئانیو ئینفیعالی، هیچ رۆلیکی کاریگەر و هوشیارانەی لە ئاراستە کردنی رووداوەکان و گۆرینیاندا نیە.

دەبێ دان بەو راستیەدا بنیین کە کۆمەلگەی کوردی یەکیکە لەو کۆمەلگایانەی هەتا ئیستا لە سەر دەوروبەری خۆی، هیچ جۆرە هەلسەنگاندنو تیروانینیکی تایبەت بەخۆی نیە. زۆر دوور نەرۆین، ئیمە کەپتر لە سێ چارەکە سەدەیە لەگەل گەلیکی عەرەبیدا دەژین، لەسەر ئەم نەتەوەیە بیجگە لە کۆمەلیك رستەی دروشم ئاسا، کە زیاتر رەنگدانەوەی گوتاری سیاسی بالادەستی عەرەب خۆیەتی ،هیچی تر نازانین.نەك هەر ئەوەندە ،بەلکو گەلیك جار بەشیکی زۆری تیروانینمان بۆ خودی خۆشمان ،لەو ویناکردنەوە سەرچاوە دەگریت کە گوتاری بالادەستی عەرەبی لەسەر ئیمە بنیاتی ناوە. بە هەمان شیوە، روانین و تیگەیشتنمان لە دراوسیکانی تریشمان (فارس و تورك)، جیاوازیەکی زۆری لەگەل ئەوەی عەرەبدا نیە وبگرە سادەتر و ساویلکانە تریشە. هەتا ئیستاش نازانین دراوسیکانمان کین، چین، چۆن بیر دەکەنەوە، تیروانینیان بۆ جیهان و بە تایبەت بۆ ئیمە چۆنە؟ لە کاتیکدا کە وینەی ئیمە لە ئەدەبیاتی سیاسی هەریەکە لەو نەتەوانەدا، بەدەسەلاتدارو ئۆپۆزیسیۆنیانەوە، سیخناخە بە وینەی دوژمن، کیوی،درندە، دواکەوتوو،یا لە باشترین حالەتدا میوانیکی نە خواستراو و ئامرازیکی ئامادە بۆ بەکارهینان لەلایەن دوژمنە دەرەکیەکانەوە دژی نەتەوەکانیان ،کەچی رۆشنبیری کورد بە دریژایی سەدەی رابوردوو، سوور بووە لەسەر فەرامۆشکردنی ئەو هەموو راستیە تالانەو داکۆکی کردن لەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازادیخوازانی ئەو نەتەوانە بەشیوەیەکی ئۆتۆماتیکی پشتیوانی لە کیشە ڕەواکەمان دەکەن .لەراستیدا ئایدیۆلۆجیا، بەتایبەت مارکسیزم ،ڕۆلی خۆی هەبووە لەم چاو داخستنەی ڕۆشنبیری کورد لەئاست هەلویستی نیگەتیڤی ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارانی نەتەوە سەردەستەکاندا .چونکە مارکسیزم جیهانی سادە دەکردەوە بۆ دووبەرەیسەرەکی. بەرەی چەوساوەکان و بەرەی چەوسینەران .دلنیاشی دەکردینەوە لەوەی چەوساوەکانی جیهان کە لەهەر کوییەك بن یەك کیشەیان هەیەو چارەنووسیان پیکەوە گریّ دراوە. لیرەشەوە خۆبەخۆپشتی یەکدەگرن و هاوکاری یەکتری دەکەن. ڕۆشنبیری کوردیش لە بری ئەوەی ئەم خەونە جوانە لە سەنگی مەحەکی واقیع بدات، هەر لە سەرەتاوە لی ی بوو بە راست و هەر لەو روانگەیەشەوە تەماشای جیهانی کرد. بیّ ئاگا لەوەی وەکو بیشکچی لە کتیبی (سیوسیّ گوللە)دا دەلیت: "لەو دەولەتانەدا کە پتر لە نەتەوەیەکیان تیدا دەژی بوون بە کەسیکی دیموکرات بیّ ئەندازە سەختە.لەم جۆرە وولاتانەدا ڕۆشنبیرو دیموکراتەکانی نەتەوەی سەردەست جووت پیوانەیی بیر دەکەنەوە. ئەو ئارەزووی بەختەوەری و ئاسودەیی و رابوونی مادی و مەعنەویەی بۆ نەتەوەکانی خۆیان باسی دەکەن، بە هیچ جۆریك بۆ نەتەوەی چەوساوە نایانەویت. دەیانەویّ بە کۆیلەیی و لە ژیر باری ستەمی نەتەوەکەی خۆیاندا بمیننەوە". لیرەدا مەبەستمان ئەوە نیە بلیین لە هیچ کونجیکی وولاتانی دراوسیماندا کەسیك نیە توانیبیتی وەکو مرۆڤ و ئازادیخوازیکی راستەقینە هەلویست لە کورد و کیشەکەی وەرگریت. چونکە هەر خودی بیشکچی کە ئەمرۆ ئەم کتیبەی دەخەینە بەر دەستی خوینەری کورد ،گەورەترین بەلگەی هەبوونی ئەو جۆرە کەسانەیە. بەلام بیگومان ژمارەی ئەو جۆرە نووسەر ،ڕۆشنبیر یاخود سیاسەتمەدارانە لە هەر یەکیك لەو نەتەوانەدا لە پەنجەکانی دەست تیّ ناپەریّ و لە چاو پیچەوانەکانیاندا ،قەترە بە دەریان.

لەگەل هەموو ئەمانەشدا ، ناکریّ تەنها مارکسیزم بکەینە بەر پرسیاری ئەم بە شەوارە کەوتنەی ڕۆشنبیری کورد.چونکە ئەوە هەر تەنها کۆمەلگەی کوردی نەبووە کە فکری مارکسی لە سەردەمیکدا برەوی تیدا هەبوو بیت.بەلام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگە بە هەڵەدا نەچوو بین ئەگەر بڵێین تەنها لە کوردستاندا ئەو ئەنجامەی لێ کەوتۆتەوە . ئەمەش مانای ئەوەیە ، کێشەکە گەورەترە لەوەی تەنها کێشەی بالا دەست بوونی ئایدیۆلۆجیایەك بێت و، پەیوەندی بە بونیادی خودی کۆمەڵگای کوردیەوە هەیە . کۆمەڵگایەك کە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هوشیاری ،کە خۆی وەکو بوونیکی جیاواز لە کۆمەڵگەکانی تر تەماشا بکات و هەست بەپێویست بوونی ناسینی دەرەوەی خۆی بکات .

ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە پیمان ناوەتە سەدەی بیست و یەکەمەوە و ئەم سەدەیەش بەسەردەمی پەیوەندی خێراو ئاسانی کۆکردنەوەی زانیاری دەزانرێت ،دەبێ ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بیرێکی جدی لەم کەموکوریە بکاتەوە و هەرچی زووە ،ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە. بەلام گومانی تیدا نیە دەبێ زۆر ووریای ئەوە بین کە هەلویستی نیگەتیڤی نەتەوە سەر دەستەکان ،تووشی کاردانەوەیەکی (وەکو ئەوان) دەمار گیرانەمان نەکات و بەچاوێکی مرۆڤانەو بابەتیانەوە تەماشایان بکەین .چونکە شارستانیتی و کولتوور و میژووی هیچ نەتەوەیەك کورت ناکرێتەوە بۆ کۆمەڵێك هەلویستی دزێو،تەنانەت ئەگەر ئەو هەلویستانە ڕاستەوخۆ دژی خۆیشمان بن .

ئاشکرایە بۆ ئەوەی میللەتێك بناسین،ڕیگایەکی دوورو درێژمان لە پێشە .بەلام دەلین ئەگەر دەتەوی میللەتێك بناسی،بزانە چۆن لە میژووی خۆیان و جیهان تێدەگەن.ئەگەر ئەم ووتەیە لە سەدا سەدیش ڕاست نەبێت،ئەوا بێگومان تێگەیشتن لە چۆنیەتی تێروانینی میللەتێك بۆ میژوو،باشترین دەروازەیە بۆ چوونە ناو جیهانەکەیەوە .لیرەوە ئەم کتێبەی بیشکچی بۆ ئیمەی کورد گرنگیەکی چەند ئەوەندە پەیدا دەکات .چونکە بیشکچی لەم کتێبەیدا ،بناغەی سەرەکی ئایدیۆلۆجیای کەمالی ،واتە تیزی میژوو و تیۆری زمان دەخاتە بەر باس و لیکۆلینەوە. وەکو زانراوە ،کەمالیزم کە ڕەگە فکریەکانی دەگەڕینەوە سەر تۆرانیزم ،هەتا ئەمڕۆش ئایدیۆلۆجیای بالا دەستە لەتورکیادا. بەجۆرێك کە تەنانەت ئەو تەوژمە سیاسیانەش کە لافی ئەوە لیدەدەن جەمسەری دژو پیچەوانەی کەمالیزمن ،کەوتوونەتە ژێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەری تیزو بۆچوونەکانیەوە و نەیانتوانیوە خۆیان لە چوارچیوەکانی دەرباز بکەن. بەتایبەتی لەمەسەلەی کیشەی نەتەوەی کورد دا .

ئەم کتیبە ، لیکۆلینەوەی دووەمە لە زنجیرەی "میتۆدی زانستی و پیادەکردنی لە تورکیادا". لیرەش وەکو کتیبی (سی و سێ گوللە)، بە پێی توانا و پیویستی، لە پەراویزدا روونکردنەوەم بۆ خوینەری کورد زمان نووسیوە . دیسان بۆ ئەوەی روونکردنەوەکان لەگەل پەراویزەکانی نووسەردا تیکەل نەبن، بە نیشانەی ئەستیرە (*) جیام کردوونەتەوە .

لە وەرگیرانی ئەم کتیبەدا ،گەلیك دۆستی نووسەر و زمانزان یارمەتیان داوم و خۆم بە قەرزاریان دەزانم. بەتایبەتی مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل کە دەقە شیعریەکانی بۆ کردمە کوردی*، خوشکی بەریزم تانیا خان کە گەلیك گرێ کویرەی دەقە تورکیەکانی بۆ کردمەوە، هەروەها هاورێی بەریزم کاك یوسف گۆران کە بەردەوام بە کتیب و سەرچاوەو زانیاری پیویست هاوکاری کردووم.

چاپی یەکەمی ئەم کتیبە لە سالی ١٩٧٨دا لەلایەن خانەی بلاوکردنەوەی (کۆمال)ەوە بلاوکراوەتەوەو بیشکچی خۆی پیشەکی بۆ نووسیوە. چاپی دووەمیش کە لە بەردەستی مندایە،لە سالی ١٩٩١دا لە لایەن (خانەی بلاوکردنەوەی یورت–*yurt kitap yayin*)ەوە بلاوکراوەتەوە.بەلام لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بیشکچی لە زینداندا بووە، نەیتوانیوە پیشەکی‌یەکی نوێی بۆ بنووسیت.

**ئاسۆس هەردی**
٢٠٠٠/٥/١٥

---

** لە راستیدا من داوام لە مامۆستا کرد بەگشتی بەهەموو کتیبەکەدا بچیتەوەو منیش لەسەر بەرگەکەی بنووسم پیاچوونەوەی مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل. بەلام وەکو خۆی دواتر پیی گوتم لەبەرکاری ترو نەخۆشی ئەم کارەی بۆنەکراوەو تەنها شیعرەکانی بۆ وەرگیراوم جیگەی سوپاسە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیشەکی چاپی یەکەم

غازی مستەفا کەمال، سەرۆکی گشتی کۆمەڵەی گەلی کۆماری (*CHF*)و سەرەك کۆمار، لە نامەیەکدا کە رۆژی ١٦ی ئابی ١٩٣١ بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی مێژووی تورك و سکرتێری گشتی سەرۆکایەتی کۆمار (تۆفیق بەگ-بییك ئۆغلو) ی نووسیوە، ئاوا دەڵێت:

" دەبێ ئێمە ببینە ئەو کەسانەی هەمیشە بە دوای راستیدا دەگەڕێن و کە دڵنیابوون لە دۆزینەوەی، ئینجا جۆرئەتی گوتنی راستی‌یان دەبێت نووسینەوەی مێژوو بە ئەندازەی خولقاندنی مێژوو گرنگە. ئەگەر نووسەر بەرامبەر خولقێنەر راستگۆ نەبێت، حەقیقەتی نەگۆڕ ماهییەتێك وەردەگرێ، کە مرۆڤایەتی تووشی شڵەژان و گومڕایی دەکات." (ئولوغ ئیغدەمیر، لە: دەزگای مێژووی تورك لە پەنجاهەمین ساڵی کۆماردا، باسی کردووە، دەزگای مێژووی تورك، ئەنقەرە -١٩٧٣،ل-٩) ئەم قسانە بە هیچ جۆرێك راستی و "حەقیقە" مان لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانە پێ نالێن کە لە تورکیادا کراون، بەتایبەت لێکۆڵینەوە سەبارەت بەمێژوو، مێژووی تورك‌و نووسینەوەی مێژووی تورك. تیزی تورك بۆ مێژوو، تیۆری زمانی خۆر و ئەو ئایدیۆلۆجیا رەسمی‌یەی بەدەوری چەمکی "میللەتی بێ چین و بێئیمتیازو یەکگرتوو"دا پەرەی پێدراوەو هەوڵی بەدامو دەزگاکردنی دراوە، بەتەواوی ئەو قسانەی سەرۆکی گشتی (*CHF*)و سەرەك کۆمار بەدرۆ دەخەنەوە. لەنووسینەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**میژووی تورکدا، هەرگیز فاکتەکان، کە تاکە پیوەری راستیو "حەقیقەت"ن، لەبەرچاو نەگیراون. بەپیچەوانەوە، هەولدراوە فاکتەکان، پەیوەندیە فاکتییەکان، واقیعی راستەقینە، بشاردرینەوە، لە ناوببرینو بشیوینرین. لەم قۆناغەدا ئەو بۆچوونانەی کە دەلین سۆمەرییەکان، حیتییەکان، خوداکانی میسر، ئیجە، رۆما، هیندو چین تورك بوون، کولتوورو شارستانیتییەکانی ئەو ناوچانە لەلایەن تورکەکانەوە دامەزراون، نەتەوەیەك نیە ناوی کورد وزمانیك نیە ناوی کوردی بیت، وەکو "راستییە گومان هەلنەگرەکانی زانست"ی میژووی تورك راگەیەنراون. بیگومان سەرۆکی گشتی (CHF) دەیزانی سۆمەرییەکان، حیتییەکان، خوداکانی میسر، ئیجە، رۆما، هندو چین تورك نەبوون.**

**بیگومان ئاگاداری بوونی نەتەوەیی کورد و زمانی کوردیش بوو. نەك هەرئاگادار بوو، بەلکو لەنیوان سالانی ۱۹۱۹–۱۹۲۲دا هەولی داوە لەگەل کورد دا ریك بکەویو ریکیش کەوتووە. بەلام ئەم ئایدیۆلۆجیا لەسەر درۆ دامەزراوە، ئەرکیکی گرنگی لە ئەستۆدا بوو. بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمی بتوانی دریژە بەجیبەجی کردنی ئەم ئەرکەی خۆی بدات، دەبوو بروا بکریتو بروا بەخەلکی بهینریت کە ئەو بۆچوونانە "راستییە گومان هەلنەگرەکانی زانست"ن.**

**کەواتە ئەو قسانەی سەرەوە (قسەکانی مستەفا کەمال)، پەردەیەکن بۆ داپۆشینی دیدو بۆچوونەکانی تیزی تورك بۆ میژوو، تیۆری زمانی خۆرو ئەو ئایدیۆلۆجیا رەسمییەی بەدەوری چەمکی "میللەتی بیچینو بی ئیمتیازو یەکگرتوو"دا هەولی بەدامو دەزگاکردنی دەدرا، نەك پرنسیپەکانی رەفتاری زانستیانەو نووسینەوەی میژوو.**

**گەلیك زۆرن ئەو کەسانەی لە سالانی ۱۹۳۰و دواتردا خەریکی میژووی تورکو زمانی تورکی بوون. هەرچەندە لەسەر لیکۆلینەوەو کتیبە جۆراوجۆرەکان ناوی ئەو کەسانە نووسراوە، بەلام لە راستیدا ئەوانەی میژوویان نووسیوەتەوە، ئەو ناوانە نین. کەسی سەرەکی ئەوەیە کە پیی نووسیون؛ خودی سەرۆکی گشتی (CHF)و سەرەك کۆمار غازی مستەفا کەمال. لەبنەرەتدا ئەم دۆخە لەلایەن نووسەرانی ئەو کاتەوە، بەشانازییەوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راگەیەنراوە. لەهەمان کاتدا نووسینەوەیەکی لەو جۆرە، کرێی خۆی هەیە. کرێکەش لەشێوەی کردنە نوێنەری نووسەران لە ئەنجومەنی گەورەی میللەتی تورکیادا (پەرلەمان)، لەلایەن سەرۆکی گشتی (*CHF*)ەوە دەدرێت. ئەمە یەکێکە لەفاکتە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی زانکۆی تورکی و"زانست"ی تورکی.

ئەم فاکتەش ئەو ئەنجامەی لێکەوتۆتەوە کە "زانست"ی تورکی و بەتایبەت زانستە کۆمەلایەتیەکان، لەسەر ئاستی رەسمی، لەژێر چاودێری "پێشەوا"و بەئاراستەی دیدو بۆچوونەکانی ئەو پەرە بسێنن. ئەمە ئەنجامێکی حەتمیی رژێمەکانی پێشەوایەتی و چەمکی "پێشەوای ئەبەدی"یە. گومانیش لەوەدا نیە کە ریشەکانی دەگەنە ئیتیحادو تەرەقی.

مەسەلەی "کتێبە دەرسییەکانی بەرەی نەتەوەیی"*، کێشەی سالانی ١٩٧٦-١٩٧٧نیە، رەگەکەی لەسەردەمی تاك حیزبیدایە. دروست نەکردنی ئەم پەیوەندیە (لەنێوان کتێبەکان و سەردەمی تاك حیزبیدا) ، لەکاتی نارەزایی دەربرین و رەخنە کردنی "کتێبە دەرسییەکانی بەرەی نەتەوەیی"دا، دەگەرێتەوە بۆ لاوازیوبێ ریشەیی تێگەیشتن لەرەخنەو بیری زانستی لە تورکیادا. لەوەوە هاتووە کەهەندێ بابەت لەرەخنە بەدوور دەگیرێن. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەبری ئەوەی لەئەنجامی لیکۆلینەوەی فاکتەکان، پەیوەندیە فاکتییەکان و ژیانی واقیعییەوە هاتبێ، لە قسەکانی "پێشەوا"وە سەرچاوەی

---

** حکومەتی(بەرەی نەتەوەیی ): لە ناوەراستی حەفتاکاندا، پاش قەیرانێکی سیاسی لە پەرلەمانی تورکیادا، حکومەتێکی هاوبەش لەحیزبە رەگەز پەرست و راسترەوەکانی تورکیا، بە سەرۆکایەتی سلیمان دمیریل و حیزبەکەی (پارتی عەدالەت- Adalet Partisi) دەسەلاتی گرتە دەست، کە بە حکومەتی بەرەی نەتەوەیی ناسراوە. لەکۆتایی سالی ١٩٧٦دا ئەم حکومەتە ،چاپی نوێی کتێبی خوێندنی قوتابخانەکانی بلاوکردەوە و بەسەر خوێندنگەو قوتابخانەکاندا دابەشی کردن .بلاوبوونەوەی ئەم کتێبانە بووە مایەی شەپۆلێکی بەرفراوانی نارەزایی و رەخنە ، لە لایەن ناوەندە رۆشنبیریە چەپ و لیبرال و دیموکراتەکانەوە. چونکە پڕ بوون لەتیروانینی رەگەز پەرستانەی زەق و هیچ سیمایەکی زانستیانەیان پێوە نەبوو .مندالانیان بە هەستی بەگەورە زانینی تورك ، پەرستنی رەگەزی تورك و سووکایەتی کردن بە رەگەزی ناتورك گۆش دەکرد.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرتووه. بۆ نموونه ئەو قسەیەی سەرەوە، وەکو رینماییەك هەلدەسەنگینری کە بە تەواوی جی بەجی کرابیت.

بروا وایە، لیکۆلینەوەکانی زمان و میژوو، لەو چوارچیوەیەدا ئەنجامدراون. لەم رووەوە لەبری رەخنەکردن، "ستایش" دەکریت. ئەمە لەکاتیکدایە کە فاکتەکان، لیکۆلینەوەکان، کار و چالاکییەکان بەروونی دەری دەخەن هەرگیز ئەو قسانە لەبەر چاو نەگیراون و کاریان پیٚنەکراوە.

لە لیکۆلینەوەیەکی پیشوومانیدا، لەسەر فاکتی بەزۆر نیشتەجی کردنی کورد[1]، شیوەی هەلویست و تاووتویٚ کردنی ئەم فاکتە لە لایەن زانکۆی تورکی، فکری تورکی ،"چەپ"ی تورك و بزووتنەوەی "سۆسیالیستی" تورکییەوە راوەستاوین .لەم لیکۆلینەوەیەدا لەسەر دوو فاکت رادەوەستین .تیزی تورك بۆ میژوو و تیۆری زمانی خۆر. لەسەر چۆنیەتی هەلسەنگاندنی ئەم فاکتانە لەلایەن زانکۆی تورکی ، ناوەندە"زانستی" یە تورکییەکان و فکری تورکییەوە ،رادەوەستین. لە لیکۆلینەوەکانی لەمەو دواشماندا بەردەوام دەبین لەسەر تویژینەوە و شیوەی هەلویست وەرگرتن و تاووتویٚ کردنی ئەو فاکتانەی لە میژووی کۆماردا هەلمان بژاردوون.

***ئیسماعیل بیشکچی***
***ئەنقەرە،شوباتی ١٩٧٧***

---

*(1)Bilim Yontemi, Turkiyedeki Uygulama I. Kurtlerin Mecburi Iskani, Yurt Kitap- Yayin, 2.Baski, Istanbul, Ekim 1991.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بـــــەشـــــــى يـــــــەكــــــــەم

# ليكۆلينەوە ئەنترۆپۆلۆجى و ميژووييەكان

## ( تيزى تورك بۆ ميژوو )

لە توركيادا ئايديۆلۆجياى رەسمى داكۆكى لەوە دەكات كە لە جيهاندا، لە خۆرهەلاتى ناوەراستدا،دوا جار لەتوركيادا نەتەوەيەك نيە ناوى "كورد"بيت و ئەو كەس‌و گروپانەى بە "كورد"ناسراون، لەراستيدا "تورك"ن. لەگەل ئەمەشدا، ديسان ئايديۆلۆجياى رەسمى هەميشە راى گەياندووە زمانيك نيە ناوى "كوردى"و ناوچەيەكى جوگرافى نيە وەكو"كوردستان"ناسرا بيت .لە لايەكى ترەوە ديسان ئايديۆلۆجياى رەسمى داوا دەكات هەموو كەس‌و دام ودەزگاكانى توركيا و بگرە جيهانيش ،هەموو دەولەتان ،ئەم ديدو بۆچوونانە لەبەرچاو بگرن ،وەكو تاكە راستى‌ى مشت‌ومر هەلنەگر قبوليان بكەن‌و داكۆكيشيان لى بكەن .ئەم ديدو بۆچوونانەى خۆشى بە چەمكى خودى (زاتى)ى وەكو "نيشتمان پەروەرى": "ئاشتى پەروەرى"، "شەيدايى بۆ ئازادى وديموكراسى"يەوە گرئ دەدات .بەدەر لەمەش، ئەوانەى ئەم ئايديۆلۆجيايە قبول ناكەن ،داكۆكى لە پيچەوانەكەى دەكەن، بەتايبەت



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانــەی دەلیــن "کــوردم"، بــەر هەرەشـــەی ســزادان دەکـــەون و زوو زوو میکانیزمی سزادانیان دەخریتە کار .

ئــەم جــۆرە تیگەشـــتن وبیرکردنەوەیـــە ،کتوپـــر لـــەخۆرایی نەهاتۆتـــە ئاراوە.ریشەی میژوویی گرنگی هەیە .دەتوانین ریشەکانی ئەم تیگەیشتنە لە ســالانی ١٩١٩-١٩٢٢ و بگــرە پیشــتردا بدۆزینـــەوە .بـــەلام ئیمـــە لـــە دوای کۆمارەوە ،لە سالی ١٩٣٠ بە دواوە دەست بەکارەکەمان دەکەین. لیرەشدا پتر لــەوەی وەلامــی ئــەو پرســیارانە بدەینــەوە کــە ئــەم ئایدیۆلۆجیایــە بۆچــی دروســتکراوە و بــۆ وەلامدانــەوەی چ جــۆرە ئــەرك و پیویســتی‌یەك پــەرەی پیدراوە، هــەولدەدەین نیشانی بدەیــن ئــەو بیرۆکــە، کۆبوونــەوە، کۆنفرانــس و نووســینانەی بناغـــەی ئــەم ئایدیۆلۆجیایـــە پیــك دینـــن ،تـــا چ رادەیـــەك پەیوەندی‌یان بە میتۆدی زانستی‌یەوە هەیە.

## I . فاکتی دووەم( * )
## پیکهاتنی"تیزی تورك بۆ میژوو"

لـــە کۆنگـــرەی یانـــە تورکی‌یـــەکاندا ،کـــە لـــە٢٣ی نیســـانی ١٩٣٠ دا کۆبۆتــەوە،خــاتو ئافــەت(پرۆفیســۆر د.ئافــەت ئینــان) نوینــەری ئاکســـەرای، بەکورتی ئەم وتارەی پیشکەش کردووە:

" ئــەو خالــەی باســی دەکــەم ،مــادەی دووەم و ســیّیەمی یاســای یانــە تورکی‌یەکانە .لە مادەی دووەمی یاساکەدا ئەمە نووسراوە: (مەبەستی یانەی تورکی ، بەهیزکردنی هەستی نەتەوەییە". ئەگەر بەهەلەدا نەچووبم ئەوەی لەم مادەیە تیّ گەیشتووم ،ئەمەیە: تیگەیشتن لەوەی تورك و تورکایەتی چین و هەولدان بۆ بەهیزکردنی ئەم تیگەیشتنە. بەلای منەوە پرشنگدارترین خۆر بۆ

---

(*) *بۆ فاکتی یەکەم بڕوانە:*
**1991, S. 110.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووناك كردنەوەی ئەم ئامانجە میژووە، كە بنەچەو شارستانیتی و مەزنی‌ی[××] تورك دەناسینی. زانینی ئەمەو راگەیاندنیتی بە جیهان. ئەو مرۆڤەی لە دوینی‌ی خۆی غافل بی ، ناتوانی ئەمرۆی بزانی و بگاتە سبەی. ئەو بوونەوەرەی ئەسلی خۆی نەزانی، تا ژیان‌و بەرهەمی ئەوتۆ نەخولقینی كە سەر لەنوی خۆی بە جیهان بناسینی، بە نەناسراوی دەمینیتەوە. من لە بەر ئەوەی (بە تەوازوعەوە) مامۆستایەتی میژووم كردووە، هەست دەكەم زانیاری سەبارەت بە میژووی پایە بەرزی میللەتی تورك، كەموكورتە. بەرای من ئەو شتانەی لەم بارەیەوە لە قوتابخانە كۆنەكاندا فیری ئیمە، هەموومانیان كردووە، هەم كەموكورتن، هەم هەلەن. بە داخەوە هەتا ئەمرۆ ئەو ریگە چەوتە، لەو یانەی زانیاریانەشدا كە نەوەی نوی پیدەگەیەنن، دریژەی پیدراوە. گرنگ گەیاندنی میللەتی تورك و رۆلەكانی توركە بە ئاسۆ پرشنگدارەكانی داهاتوو، بەریگەی میژوویەكی پرشنگداری نویدا، كە ئەو ریگە تەماوی‌یەی لە كۆنەوە بە میرات ماوەتەوە، ڕووناك دەكاتەوە."[1]

خاتوو ئافەت (ئینان) ی مامۆستای میژوو، پاش ئەوەی چەوتی و كەموكورتی ئەو زانیاریە میژوویی و فیركردنی میژووەی تا ئەو رۆژە زانراون و دووبارە كراونەتەوە، رادەگەیەنی، "راست" كەیشی بەم شیوەیە باس دەكات:

" ئەنجومەنی كۆنگرەی بەریز، من بەوپەری جورئەتەوە، ئەو حەقیقەتە بالایە عەرزی هەستیاری تورك و مەنتیقی زانستیانەمان دەكەم، كە زانست ناتوانی رەتی بكاتەوە. جورئەتی ئەوە بە خۆم دەدەم سەرنجی زاناكانی جیهانیش بۆ ئەو حەقیقەتە راكیشم.

---

*(××) ئەو شوینانەی هیلیان بەژیردا هاتووە (یا بەرەنگی تیر نووسراون) لەلایەن نووسەرەوە (ئیسماعیل بیشكچی) دەست نیشانكراون، مەگەر پیچەوانەكەی ئاماژەی پی كرابیت.*

(1)*Turk Tarihi Hakkinda Mutalaalar, Turk Ocaklari Nesriyati, Turk Ocagi Matbaasi, Istanbul 1930, Afet Hanimin Konusmasi.*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕێیانی بەڕێز، ئەو حەقیقەتە بالایە ئەمەیە: تورک شارستانیتی‌یە، تورک مێژووە ئەگەر یارمەتیم بدەن، دەمەوێ کورتەی بڕوای خۆم لە چەند ڕستەیەکدا دەست نیشان بکەم.

بالاترین و یەکەمین قەومی شارستانی‌ی مرۆڤایەتی، ئەو تورکانەن کە نیشتمانیان ئالتای و ئاسیای ناوەڕاستە. ئەوانەی بناغەی شارستانیتی چین-یان داناوە، تورکەکانن. ئەوانەی لانی کەم حەوت هەزار ساڵ پێش زایین،لە میسۆپۆتامیا و ئێراندا، یەکەمین سەردەمی مرۆڤایەتی‌یان کردەوە و ناویان سۆمەر،ئیلام، ئەکەد،تورکەکانن. دانیشتوانی ڕەسەنی دلتا لە میسر،دامەزرێنەری شارستانیتی میسر تورکەکانن. حامورابی‌ی بەرەگەز سامی کە لە ٢٣٠٠ ی‌پێش زایینیدا ناوبانگی پەیدا کردووە، ئەو ئاشوری‌یانەی لە مێژوودا شوێنیان داگیرکردووە،مێژوون لەناو مێژوودا. دۆریەنەکان کەناوی گریک یان وەرگرتووە ،دانیشتوانی ڕەسەن‌و خاوەنی یەکەمین‌و ڕاستەقینەی ئانادۆل، ئەو تورکانەن کە باپیرانیان سەرکردەی حیتی‌یەکان بوون."[٢]

خاتوو ئافەت پاش ئەوەی بەم شێوەیە "ئەو حەقیقەتە بالایەی زانست ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە"، ڕادەگەیەنێ ،ئینجا هەوڵدەدات هەندێك زیاتر بەڵگە بۆ قەناعەتەکانی خۆی بێنێتەوە :

"جگە لەوە، ئاشکرایە ئەوانەی بۆ یەکەمجار ئەو پارچە زەوی‌یەیان داگیرکرد کەلە مێژووی کلاسیکدا پێ‌ی دەگوترێ یۆنان، (ئاکین-*Akeen*)، واتە (ئاکا-*Aka*) کان بوون و،ئەو ولاتەی ئەمڕۆ پێ‌ی دەلێن یۆنان، (ئاکای-*Akai*) ،واتە (ئاکا ئەلی-*Aka eli*) * بووە .(ئاکا) لە (ئاغا) وە هاتووە ،(ئەگە-ئیجە-*Ege*) ش بیجگە لە ( ئەکە-*Eke*)، (ئەجی-*Eci*) کە مانای برای گەورە یاخود خوشکی گەورە دەگەیەنێت،هیچی‌تر نی‌یە. ئەم ووشانە تورکین ئەوانەی لە دوورگەی کریت و(ئاکا ئەل) ەکاندا دامەزرێنەری ئەو شارستانیتی‌یەن کە

---

(٢)***Turk Tarhi Hakkinda Mutalaalar, a.g.e.***

* *ووشەی (ئەل-el) لە تورکیدا مانای: دەست، قۆل، ولات، شار، دانیشتوان هتد، دەگەیەنێ.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بناغـەی شارسـتانیتی ئـەمرۆ بـووە ، ئـەوروپایی، هینـدو ئـەوروپی یـاخود گریکەکان نین.سامی–ش نین دامەزرینـەرانی بناغـەی شارستانیتی لاتینـی، ئەو تورکانەن کە پێیان دەگوترێ ئەتروسك."[٣]

پرۆفیسـۆر (سـەدری مەقسـود بـەگ)یش کـە لـە کۆنگـرەی باسـکراوی یانـە تورکی یەکاندا قسەی کردووە، ئاوا دەلیت:

" لـە لایـەن خـاتوو ئافـەت ەوە،دوو بیرۆکـەی گرنـگ لەشـیوەی پـەند (حیکمـەت)دا پیشـکەش کـران. یەکـەمیان (تـورك شارسـتانیتییە) و دووەمیشیان لە شیوەی (تورك میژووە) دا راگەیەنرا.منیش ئەو بیرۆکانە بە راسـت دەزانم.بەریزینـە،دەمـەوێ جەسـارەت بکـەم و تیبینیـیـەکانی خۆمتـان لەسـەر ئـەم دوو بیرۆکەیـە عـەرز بکـەم. مـن لـەو بروایـەدام ئـەم دوو بیرۆکەیـە حەقیقەتن. من لـە بیرۆکـەی ( تـورك شارسـتانیتییە)، بـەم شـیوەیە تیدەگـەم .ئەگـەر بۆ بنەچەی شارستانیتییە دیرینـەکان بگـەریین ،دەبینـین لـەژیر دارو پـەردوی گـەلیك لـەو شارسـتانیتییانەدا قـەومیك شـاردراوەتەوە کـە بـەتورك مـەزەندە دەکریـت . بـا لـە قەومـە شارسـتانییە کۆنەکانـەوە ،لـە کۆنـترین شارستانیتییەکانەوە نموونە بینینـەوە.کۆنترین شارستانیتی ئەوەیـە کـە لـە میسـۆپۆتامیادا دامـەزراوە. دامەزرینـەرانی ئـەم شارسـتانیتییە، سۆمەرییەکانن. با نموونـەی دووەم وەربگرین .دامەزرینـەرانی شارسـتانیتی لاتینی کین؟ ئەو خەلکەی توخمەکانی ئەم شارستانیتییەیان هینا بۆ ئیتالیا، (ئەتروسـك)ە کـانن. ئەوانـەی هـەزاران سـال پیـش زایـین شارسـتانیتییەکی بالایـان لـە ئانـادۆلی کۆنـدا دامـەزراند، کـی بـوون؟ حیتیـیـەکان بـوون. ئـەو بیرۆکەیەی دەلیت هەموو ئەم گەلانە تورك بوون، لە نیوان زاناکانی ئەوروپا دا لایەنگری زۆری هەیە.

بەم شیوەیە دەردەکەوی، بنیاتنـەرو دامەزرینـەری زۆربـەی شارستانیتییە کۆنـەکان تـورك بـوون. بەریزینـە، گوتـەی (تـورك شارسـتانیتییە) مانایـەکی

---

(٣)a.g.e.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووەمیشی هەیە. هەر سەردەمیك شیبکەنەوە، کاریگەریی تورك لە سەر شارستانیتییەکانی ئەو سەردەمە دەبینن.

رزگارکەرەکەمان ئەو کاتە زیادەیەی لە کاروباری دەولەت بۆی دەمینیتەوە، تەرخانی دەکات بۆ میژووی تورك. ئەمە رووداویکی ریکەوت نیە. ئەو کەسیتییەی تورکی رزگار کردووە، زۆر ئاساییە هەول بدات ریگاکانی دابین کردنی ژیانی تورك-یش دیاری بکات."[٤]

رەشید غالب بەگ، کە سییەمین کەس بووە لە هەمان کۆنگرەدا قسەی کردووە، باسی ئەو هەلکۆلینانە دەکات کە لە میسۆپۆتامیادا ئەنجامدراون و دەلیت:

"ئاشکرا بووە کە بە هەزاران سال پیش شارستانیتی بابل و ئاشوور،رەگەزی تورك لە میسۆپۆتامیادا شارستانیتیی دامەزراندووە. ئەوانەی یەکەمین شارستانیتی میسۆپۆتامیایان دامەزراندووە، تورکەکانن."[٥]

ئەو دیدو و بۆچوون و قەناعەتانەی لەم ووتارانەدا پیشکەش کراون، بناغەی زانستییان نیە. هیچ بەلگەیەکیان لە سەر تورك بوونی سۆمەری، ئیلامی، ئەکەدی و حیتییەکان نەهیناوەتە پیشی. تەنها قەناعەت و ئارەزووە خودییەکانی خۆیانیان راگەیاندووە. قەناعەتە خودییەکانیان لە جیی واقیعی راستەقینە و راستی بابەتی داناوە. دەلین تورکەکان شارستانیتییان بۆ هەر چوار لای جیهان بردووە ولە بە شارستانی کردنی جیهاندا، رەگەزی بنەرەتی بوون. تورکەکان وەکو دامەزرینەری شارستانیتی چین، هند، میسۆپۆتامیا، میسر، کریت، ئیجە، لاتین و ئانادۆل پیشکەش دەکرین. بەلام هیچ بەلگەیەکی جدییان لە سەر راستی ئەم بانگەشانە بەدەستەوە نیە.

---

*(٤) a.g.e.* ***Prof. Sadri Maksudi Beyin Konusmasi.***

***(5)a.g.e. Rasit Galip Beyin Konusmasi***

*ئەو سی ووتارەی لیرەدا باسکراون، لە کتیبەدا هەن:*

***Ulug Igdemir, Cumhurriyetin 50. Yilinda Turk Tarih Kurumu, TTK,Ankara 1973 , S.67-69.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هینانـەوەی بەڵگـەش بـۆ بانگەشـەی لـەوجۆرە، مەحالـە. چونکـە قەناعــەت و ئارەزووە خودی‌یەکان هەرگیز ناتوانن واقیعی راستەقینە لە ناوبەرن و راستی بابەتی بشارنەوە.

بالیرەدا باسی چەند خالیك بکەین کە سەرنجمان رادەکیشی. یەکەمیان ئەمەیـە: خـاتوو ئافـەتی مامۆسـتای میـژوو(پرۆفیسـۆر د. ئافــەت ئینــان) هەرچەندە کەباسی کەموکورتی‌ی زانیـاری ئەوروپاییـەکان لـە سـەر میـژووی تـورك دەکـات دەسـتەواژەیەکی تـەمومژاوی بـەکاردینی، بــەلام بەشـیوەیەکی یــەکلاکراوە و گومـان هەلنـەگر دەلیـت شارسـتانیتی‌یەکانی میسـۆپۆتامیا، میسر، کریت، ئیجە، چین و لاتین لەلایـەن تورکەکانـەوە دامەزراون و پـەرەیان پیدراوە. تورك بوونی سۆمەری، ئیلامی، ئەکەدی،حیتی‌یەکان و،دامـەزراندنی شارستانیتی‌یەکانی میسۆپۆتامیا،میسر، چین، ئیجە، لاتین و ئانادۆل لەلایـەن تورکەکانــەوە، وەکـو "ئـەو حەقیقەتـەی زانسـت نـاتوانی رەتـی بکاتـــەوە" پیشکەش دەکـات. ووتـار بیژەکـانی تریـش بەتـەواوی بەشـداری ئـەم دیـد و بۆچوونانە دەکەن.

خـالی دووەمیـش کـە پیویسـتی بـە لەسـەر وەسـتان هەیــە، ئەمەیــە: ووتاربیژەکان سکالا لە دەست ئەوروپاییەکان دەکەن لە بەر ئەوەی بەمەبەست زانیاری چەوت و کەموکورتیان لەسەر میژووی تورك پیشکەش کردووە. بەلام بـۆ ئـەوەی بناغەیـەك بـۆ دیـدو بـۆ چوونـەکانی خۆیـان بدۆزنـەوە، دووبـارە دەگەرینەوە بۆ زانا ئەوروپاییەکان.

"   ئەم قسانە وەکو خـۆی لـە کتیبـی(شارسـتانیتی ئیجـە)ی گۆسـتاڤ گلۆتز و لـە (هیری بیر)ی بەناو بانگەوە وەردەگرم، کـە زنجیرەیـەکی لـە ژیـر ناوی(پەرەسەندنی مرۆڤایەتی)دا بلاوکردۆتەوە و سەرۆکایەتی ئەو نووسەرانە دەکات کە تازەترین کتیب دەنووسن."(٦)

"   لە نیوان زاناکـانی ئـەوروپادا، ئـەو بیرۆکەیـەی دەلیـت هـەموو ئـەم گەلانە تورك بوون، لایەنگری خۆی هەیە."(٧)

---

(٦) *ووتاری باسکراوی خاتوو ئافەت.*

(٧) *ووتاری باسکراوی پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"   ژمارەیـەکی زۆر لـە میـژوو نووسـان، هـەر لـە (فـر. لینۆمـانت) ە وە تادەگاتـە(سـتیرن) و (کینـگ) ی ئینگلـیزی، دەلیـن (ئـەم شارسـتانیتییە لـە ئاسـیاوە هـاتووە). بـەپیی (راپـهال پومپیللـی)ی ئـەمریکایی، ئەمانـە لـە تورکستانەوە بەریگای (عەشقاباد)دا لە باشووری دەریای خەزەرەوە(دەریای قەزوین) رۆشتوون و لە میسۆپۆتامیا دابەزیون.

هاورییـانی بـەریز، لـەماوەی رابـوردوودا زانایـەکی دانیمـارکی بـە نـاوی (ژ. ئۆسـتروپ *J.OSTRUP* )، هـات بـۆ ئەنقـەرە. گویمـان لـە کۆنفرانـس و گفتوگۆکەی لەگەل غازی مەزندا، گرت. زانای دانیمارکی پاش ئەوەی گویی لەو قسانە گرت کە بۆی کرا، گوتی (بەلێ، زۆربەی ئەمانە لە راست دەچن). بە گویگرتنی زیاتر، ئەوەندەی تر قەناعەتی بەهیزبوو."[(٨)]

خالی سییەمیش کە لـەم ووتارانـەدا پیویستی بە لەسەر وەستان هەیە، ئەمەیـە: لـە ووتارەکـاندا جیگـەی هـەندێ بنـەما (پرنسـیپ) کراوەتـەوە کـە راسـتیی گشـتین. بـەلام پـاش راگـەیاندنی ئـەم راسـتییە گشـتییانە، لەبـەر ئـەوەی لـە روانگـەی بەراسـت دەرخسـتنی ئایدیۆلۆجیـا و تـیروانینیکی تایبەتەوە، نەك بە میتۆدیکی زانستیانە، دەست بۆ فاکتە میژوویـیەکان براوە، هیچ ئەنجامیك بەدەست ناهینریت. بگـرە ئـەنجامیك بـە دەسـت هینـراوە کـە دەتوانین پێی بلیین "پیکەنیناوی".

" ئەو مرۆڤەی لە دوینێی خۆی غافل بێ، ناتوانێ ئەمرۆی بزانێ و بگاتە سبەی . ئەو بوونـەوەرەی ئەسـلی خـۆی نـەزانێ ، تاژیـان و بەرهـەمی ئـەوتۆ نـەخولقینێ کەسـەر لـەنوی خـۆی بـە جیـهان بناسـینی، بەنەناسـراوی دەمینیتەوە." [(٩)]

" ئەوەی بەباشی شارەزای میژوو نەبی، ناتوانێ رووبکاتە ریگای راست. هەموو میللەتان لەسەردەمی بەرزبوونەوەیاندا، گرنگییان بەرابوردووی خۆیان داوە . لای ئیمـەش هـەروا دەبیـت. بەریزینـە ، میـژوو بریتیـیە لـە کۆمـەلیك

---

*(٨) ووتاری باسکراوی رەشید غالب بەگ.*

*(٩) ووتاری باسکراوی خاتوو ئافەت.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانیاری . میژوو لەهەمان کاتدا سەرچاوەی ئیلهام،ووزەو هیوایە بۆ میللەتان. سەرچاوەی بروا بە خۆبوونیانە." (١٠)

گیرانەوەو رووناك كردنەوەی میژوو بە بەلگەنامە و بەلگەی کۆنکریتی، شتیکە، بانگەشەو هەولدان بۆ سەلماندنی ئەوەش کەهەموو شارستانیتییەکانی جیهان لەلایەن تورکەکانەوە بەرهەم هینراون، گوایە لەپیناوی ئەوەدا کە میللەتەکەمان بروای بە خۆی بیت و ببیتە خاوەنی متمانە، شتیکی ترە .یەکەمیان شیوەی تاووتویٚ کردنی میتۆدی زانستییە.دووەمیشیان شیوەی تاووتویٚ کردنی دەولەت و ئایدیۆلۆجیای رەسمییە.

وەکو بینرا ، ئەو خویندنەوانەی بۆ میژووی تورك پیشکەشکراون، هیچ نرخیکی زانستییان نیە. بە ئاشکرا دیارە ئەو قسانە لەزانست بەدوورن . بەلام لەبەرئەوەی زانست چەمکیکی نیونەتەوەیی و گەردوونییە، ئەگەر کارەکان وهەولەکان بەتەواوی نازانستیش بووبن، پییان گوتراوە "زانست" و "زانستی" . بەمجۆرە لەکۆنگرەی یانە تورکییەکاندا، کە لە نیوان ٢٣-٢٨ ی نیسانی ١٩٣٠ دا لە ئەنقەرە کۆبۆوە، خاتو ئافەت-ی مامۆستای میژوو و هاوریکانی ، لە پیشنیاریکدا دەیانگوت "پیشنیار دەکەین بریار بدریٚ لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنیکی تایبەتی و هەمیشەیی بۆ لیکۆلینەوە کردن لەسەر شارستانیتی و میژووی تورك بەشیوەیەکی زانستی و دەسەلاتی هەلبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەش بدریتە دەست ئەنجومەنی ناوەندی".

لەسەر ئەم پیشنیارە ، ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك-ی یانەی تورکی دامەزرینرا، بەمەبەستی فیرکردن و تویژینەوەی میژووی تورك و شارستانیتی تورکی بە ریگەی زانستییانە . ئەم ئەنجومەنە لە ١٦ کەس

---

(١٠) ووتاری باسکراوی پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیکدەهات. ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك–ی یانەی تورکی، بناغەی دەزگای میژووی تورك ی ئەمرۆیە.[11]

لە ئەنجومەنە ١٦ کەسییەکەدا، نوینەر (پەرلەمانتار)،وەزیر، پرۆفیسۆری میژوو و بەریوەبەری مۆزەخانەی تیدایە.[12]

---

(١١)Turk yurdu , Mayis 1930, Sayi 223,s.88; Ayrica bk. Ulug Igdemir, a.g.e, s.4.

(١٢) لیکۆلینەوەی سیستەماتیکی میژووی عوسمانی، بە دامەزراندنی "ئەنجومەنی میژووی عوسمانی- تاریخی عوسمانی ئەنجومەنی" لە ٢٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٠٩ دا دەست پی دەکات . ئەرکی ئەنجومەنەکە بریتی بووە لە"هینانە ئارای میژوویەکی تەواوی دەولەتی عوسمانی و بلاوکردنەوەی فایل و تۆمارەکانی میژووی عوسمانی" .لە ١٠ی شوباتی ١٩١٠ وە نەجیب عاسم و محەمەد عارف دەستیان کردووە بە بلاوکردنەوەی(گۆڤاری ئەنجومەنی میژووی عوسمانی- تاریخی ئەنجومەنی مەجموعەسی). ئەم بلاوکردنەوەیە تا سالی ١٩٢٧ ی خایاندووە. لە ژمارە(٧٧) ی ئەو سالەدا، ناوی گۆڤارەکە بووە بە(گۆڤاری ئەنجومەنی میژووی تورك- تورك تاریخی ئەنجومەنی مەجموعەسی).

یەکەمین سەرۆکی ئەنجومەنی میژووی عوسمانی، عەبدولرەحمان شەرەف بوو. پاش مردنی ئەو، رەفیق کرا بە سەرۆکی. ئەنجومەنەکە یەکەمین بەرگی میژووی عوسمانیی لە سالی ١٩١٧ دا بلاوکردەوە، رووبەرووی رەخنەی توندبووەوە. بە تایبەتی لەلایەن(فوئاد کۆپرولو) وەوە.

لە ١٩٢٧ دا، دووبارە ئەنجومەنەکە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دامەزرینرایەوە. فوئاد کوپرولو کرا بە سەرۆکی. ئەندامانی لیژنەی بەریوەبردنی بریتی بوون لە: نوینەری ئەستەموول یوسف ئاکچۆرا، عەلی جانب(یۆنتەم)، خەلیل ئەدهەم (ئەلدەم)، نەجیب عاسم، یوسف بەهجەت، ئەحمەد رەفیق، نیازی رەمەزان، ئیبنولئەمین، مەحمود کەمال.(محەمەد خالید بایری، یەکەمین دەزگای زانستیی سەردەمی مەشروتیەت، ئەنجومەنی میژووی تورك، چۆن دامەزرا؟ بەریوەبەرەکانی کیبوون؟ بیروبۆچوونەکانی کۆپرولو، بەرهەمە بلاوکراوەکانی، گۆڤاری تاریخ دونیاسی- جیهانی میژوو، ژمارە ٣٠-٣١، ٢٩ ی شوباتی ١٩٥٢، ل ١٢١١-١٢١٦)

ئەم ئەنجومەنە، تادامەزراندنی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك- ی یانەی تورکی، لە کۆنگرەی شەشەمدا، دریژەی بە کارەکانی دا. یەکیك لەو کەسانەی سەرەوە، واتە پرۆفیسۆر(یوسف ئاکچۆرا) ی نوینەری ئەستەموول، لە دەورەی چوارەمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك-ی یانەی تورکی، لە بینای ئەنجومەنی یانە تورکییەکاندا ، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەسەرۆکایەتی حەمدوللا سوبحی (تانری ئۆڤەر) ی سەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندیی یانە تورکییەکان ، ئەنجامداو ئەنجومەنی بەریوەبردنی خۆی هەلبژارد. ئەنجومەنی بەریوەبردن لەم کەسانە پیك هات:** [١٣]

| | | |
|---|---|---|
| *سەرۆك :* | *سکرتیری گشتیی سەرۆکایەتی کۆمار* | *: محەمەد توفیق (بییکلی ئوغلو)* |
| *جیگری سەرۆك:* | *نوینەری چەنە قەلعە* | *: سامیح رەفعەت* |
| *جیگری سەرۆك :* | *نوینەری ئەستەمووڵ و پرۆفیسۆری میژووی سیاسی لە کۆلیجی حقوق* | *: یوسف ئاکچۆرا* |
| *سکرتیری گشتی :* | *نوینەری ئایدن* | *: د. رەشید غالب* |
| *ئەندام :* | *مامۆستای میژووی قوتابخانەی مۆسیقای مامۆستایان* | *:ئافەت (پرۆفیسۆر د.ئافەت ئینان)* |
| *ئەندام:* | *وەزیری پەروەردە* | *:واسف چنار* |
| *ئەندام:* | *بەریوەبەری گشتی مۆزەخانەکانی ئەستەمووڵ* | *:خەلیل ئەدهەم (ئەلدەم)* |
| *ئەندام:* | *پرۆفیسۆری کۆلیجی حقوقی ئەستەمووڵ* | *: یوسف زیا (ئۆزەر)* |
| *ئەندام:* | *پرۆفیسۆری قوتابخانەی حقوقی ئەنقەرە* | *: سەدری مەقسودی (ئارسال)* |
| *ئەندام:* | *پسپۆری مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی لە ئەنقەرە* | *: مەساراش* |
| *ئەندام:* | *نوینەری کۆجە عەلی* | *: رەشید سەفوەت (ئا تا بینەن)* |

---

*پەرلەمانیشدا(١٩٣١- ١٩٣٥)، لە لایەن پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمالەوە، کرا بە نوینەر و بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورکی یانەی تورکی. جگە لەوە عەلی جانب(یۆنتەم) و خەلیل ئەدهەم(ئەلدەم) یش لە دەورەی چوارەمدا کران بە نوینەر.*

*(١٣)__Turk Yurdu__, Say 30-224, Haziran 1930, S.58.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام: | *نوینەری بالك ئەسیر* | *: ئیسماعیل حەقی (ئوزونچار شیلی)* |
| ئەندام: | *ئەندامی ئەنجومەنی زمان* | *: راغیب خلوسی (ئۆزدەن)* |
| ئەندام: | *مامۆستای میژوو* | *:موکریمین خەلیل ینانچ* |
| ئەندام: | *ئەندامی لیژنەی دانان و وەرگیرانی وەزارەتی پەروەردە* | *:زەکی قادری (ئوگان)* |
| ئەندام: | *بەریوەبەری مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیا* | *: حامید زوبیر (کەشای)* |

**ئەگەر چاویك بە ئیش و كاری سەرەكی ئەندامانی ئەنجومەنی لیكۆلینەوەی میژوو- ی یانەی توركیدا بخشینین، دەبینین زۆربەیان پەرلەمانتار بوون. لەوسەردەمەشدا پەرلەمانتارەكان بە پێی پەیرەو و پرۆگرامی كۆمەلەی گەلی كۆماری(*CHF*) ، لەلایەن سەرۆكی گشتی كۆمەلەوە كەلە هەمان كاتدا سەرەك كۆماریش بوو، واتە لەلایەن پیشەوای مەزن غازی مستەفا كەمالەوە دادەنران. لەبەر ئەوە ئەنجومەن لەوكەسانە پیك دەهینرا كە لەگەل دیدو بۆچوونەكانی سەرۆكی كۆمەلە (سەرۆكی دەولەت) دا دەگونجان. بەمجۆرە ئەو كەسانە دووبارە لە ١٩٣١ دا كراون بە نوینەر لە دەورەی چوارەمی پەرلەماندا. لەو دەورەیەدا پرۆفیسۆر خەلیل ئەدهەم (ئەلدەم)، پرۆفیسۆر یوسف زیا (ئۆزەر) و سەدری مەقسودی (ئارسال) یش كە ئەندامی ئەنجومەنی لیكۆلینەوەی میژوویتورك-ی یانەی توركی بوون، كراون بە نوینەر (پەرلەمانتار). بیگومان ئەندامەكانی تریش، كەسانیك بوون كە لە پیشەوا (مستەفا كەمال) و دیدو بۆچوونەكانیەوە نزیك بوون. یاخود راستتر، ئەوانە بوون كە دیدو بۆچوونەكانی ئەویان دووبارە دەكردەوە. دەست نیشانكردنی ئەم هەلومەرجانە لەو رووەوە پیویستە كە نیشانی دەدات نووسینەوەی میژووی تورك بەتەواوی لە لایەن كەس و دەزگا**



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەسمییەکانەوەو بە ئاراستەی دیدوبۆچوونە رەسمییەکان پەرەی پێدراوە. ئەمە لە هەمان کاتدا فاکتێکی گرنگە کە پێکهاتنی ئایدیۆلۆجیای رەسمی و پەرەسەندنی تیزی تورکیی میژوو ڕووندەکاتەوە.لێرەدا با ئەوەش بڵێین کە مەحمود ئەسعەد (بۆزکورت) سەرۆکایەتی کۆنگرەی شەشەمی یانە تورکییەکانی کردووە کە لە ٢٤-٢٩ ی نیسانی ١٩٣٠ دا سازکراوە[١٤]

## ١- "هێلە گشتییەکانی مێژووی تورك"

ئەم ئەنجومەنە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣٠ دا، کتێبێکی هێنایە بەرهەم بە ناوی "<u>هێلەگشتییەکانی مێژووی تورك</u>". باسەکانی ئەم کتێبە (٦٠٦) لاپەڕەییە بریتی بوون لە گێرانەوەی ئەو ووتارانەی بە نموونەوە لەسەرەوە باسکران، بەشێوەیەکی بەرفراوانترو پڕ لە حەماسەتتر.[١٥] تیزی مێژووی تورك لەم کتێبەدا دەچووە دۆخی بەرجەستەبوون وئاشکرا بوونەوە. دەکری ئەم تیزە بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

" لە کۆنترین سەردەمەکانی مێژووەوە، لەبەر بێئاوی و هۆکاری ئابووری، کۆمەلێك کۆچی گەورە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو خۆرهەلات، خۆرئاوا و باشوور روویداوە. ئەم کۆچەرانە، مرۆڤی براکیسەفال* ، شێوە ئالپی و تورکی زمانن. ئەمانە بۆ هەرکوی یەك چووبن، لەگەل خۆیاندا شارستانیتییەکی پێشکەوتووشیان بۆ ئەو شوێنە هێناوە. بنیاتنەرانی

---

(١٤)<u>Turk Yurdu</u> , Sayi 29-223 , Mayis 1930,s. 78 .

(١٥)Turk Tarihinin Ana Hatlari XVIII , s. 606, Turk Ocagi Turk Tarihi Tetkik Heyeti Nesriyatl, Devlet Matbaasi , Istanbul 1930.

* براکیسەفال: زاراوەیەکی فەرەنسیی بەرەگەز یۆنانییە. لە دوو برگەی (brakhys-واتە کورت) و (kephale-واتە کەللە سەر) پێك هاتووە. بەوجۆرەی مرۆڤ دەگوترێت (براکیسەفال) کە خاوەنی کەللە سەری کورتە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**شارستانیتی لە میسۆپۆتامیا، میسر، ئانادۆل، چین، کریت، هند، ئیجە و ڕۆمادا، ئەم مرۆڤانەن. بەشی سەرەکی دامەزراندن و پەرەپیدانی شارستانیتییەکانی جیهان و بلاو بوونەوەیان بە گۆشە و کەنارەکانی تری جیهاندا، هی ئەم مرۆڤە تورك زمانانەیە."(١٦)**

**لە کتیبی (٦٠٦) لاپەرەیی هیلە گشتییەکانی میژووی تورك دا هەولدراوە ئەم بانگەشانە، بەقسەی حەماسی و داستان ئامیز بسەلمینرین. بەلام ئەم کتیبە ژمارەیەکی زۆری لێ چاپ نەکراوە. تەنها(١٠٠) دانەی لێ چاپکراوە و**

---

*(١٦) سەبارەت بە تیزی میژووی تورك، بروانە: ئافەت ئینان، ئاتا تورك و تیزی میژوو، (بەللەتەن-Belleten)،ژ-١٠ ، ١٩٣٩ ، ل ٢٤٣-٢٤٦؛ شەمسەددین گوونالتای، ماهیەتی ئەو رەخنانەی لە تیزی میژووی تورك گیراون و سەرکەوتنی بی چەند و چوونی تیزەکە، بەللەتەن، ژ ٧-٨ ، ١٩٣٨ ، ل ٣٣٧ ٣٦٥؛ ئەنوەر زیا کارال، تیزی میژووی تورك-ی ئاتا تورك،چەند کۆنفراسیك لە سەر ئاتاتورك (ئافەت ئینان- ئەنوەر زیا کارال)، کۆلیجی زمان و جوگرافیاو میژوو ( DTCF )، ئەنقەرە ١٩٤٦، ل ٥٥-٦٥ ؛ ئەکرەم ئاکورگال، ئاتاتورك و زانستی میژوو ، بەللەتەن ژ-٨٠،١٩٥٦، ل ٥٧١-٥٨٤ ؛ ئیسماعیل حەقی ئوزونچارشیلی ، چەند بیرەوەریەك لەسەر حەزو تیروانینەکانی ئاتا تورك لە کاتی نووسینەوەی تیزی میژووی تورکدا، بەللەتەن ، ژ-١٠،١٩٣٩ ، ل ٣٤٩-٣٥٣ ؛ حەسەن جەمیل چامبەل ، ئاتا تورك و میژوو بەللەتەن، ژ-١٠، ١٩٣٩، ل٢٦٩-٢٧٢؛ سەماوی ئەیجە هەولیکی گەورەی ئاتاتورك بۆ میژوو پی نووسینەوە: هیلەگشتییەکانی میژووی تورك، بەللەتەن، ژ- ١٢٨، ١٩٦٨، ل ٥٠٩-٥٢٦ ؛ خەلیل دەمیرجی ئۆغلو، میژوو، ئیمەو ئاتاتورك ، بەللەتەن ،ژ-١٣٩،١٩٧١، ل ٤٥٣-٤٥٥؛ بەکر سدقی بایکال، ئاتا تورك و میژوو، بەللەتەن، ژ-١٤٠، ١٩٧١، ل٥٣١-٥٤٠؛ ئاتا تورك(سەرجەم)،١٠٠٠ کتیبی سەرەکی، وەزارەتی پەروەردە، ئەستەموول ١٩٧٠، ل ٢٣٧-٢٤٨؛ کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك ، کۆنفراسەکان،کۆنووسی گفتوگۆکان ،ئەنقەرە ١٩٣٣، ووتارەکەی وەزیری مەعاریف مەحمود ئەسعەد بەگ ل٥-١٤؛ ئیبراهیم نەجمی دیلمەن ، شوین و نرخی تیۆری زمانی خۆر لە تیزی میژووی تورکدا ،کۆنگرەی دووەمی میژووی تورك ، ئەستەموول ١٩٤٣، ل ٨٥-٩٨؛ کورت بیتتەل، ئاتا تورك و لیکۆلینەوە میژووییەکانی (ئیلکۆز Ilkoz)، بەللەتەن ، ژ-١٠، ١٩٣٩، ل ٢٠٣-٢٠٥.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشکەشـــی پـــەیوەندیدارەکان کـــراوە بـــۆ وەرگرتنـــی رەخنـــەو تیبینیی‌یەکانیان.[١٧]

لەسەرەتای ئەم کتیبەدا ، نووسینیك هەیە، لاپەرەیەکی تەواو داگیردەکاو نـاوی ئـەو کەسـانە ئاشـکرا دەکـات کـە کتیبەکـەیان نووسـیوە و، ئەوانـەش کەبەسەریاندا دابەش دەکریت. ئەولاپەرەیە بەم شیوەیەیە:

"هیلـە گشـتی‌یەکانی میـژووی تـورك، هەولیکـە لەلایـەن ئـەم ئەندامانـەی خـوارەوەی ئەنجومـەنی لیکۆلینـەوەی میـژووی تـورك–ی یانـەی تورکی‌یـەوە ئەنجامدراوە، لە ریگەی وەرگیران و دانانەوە:

| | |
|---|---|
| *ئەندامی کۆمەلەی میژووی تورك TTC–ی* | *:خاتوو ئافەت(پرۆفیسۆر* |
| *یانەی تورکی و مامۆستای* | *د. ئافەت ئینان)* |
| *زانیاریە شارستانی‌یەکان* | |
| *نووسەری گشتی‌ی سەرۆکایەتی کۆمار* | *:محەمەد توفیق* |
| | *(بییکلی ئوغلو)* |
| *نوینەری چەنە قەلعە* | *:سامیح رەفعەت* |
| *نوینەری ئەستەموول و پرۆفیسۆری* | *:یوسف ئاکچۆرا* |
| *قوتابخانەی حقوقی ئەنقەرە* | |
| *نوینەری ئایدن* | *:د. رەشید غالب* |
| *نوینەری بۆلو* | *:حەسەن جەمیل (چەمبەل)* |
| *پرۆفیسۆری قوتابخانەی* | *:سەدری مەقسودی* |
| *حقوقی ئەنقەرە* | |
| *نوینەری سیواس* | *:شەمسەددین(گوونالتای)* |
| *نوینەری ئیزمیر* | *:واسف(چینار)* |
| *پرۆفیسۆری کۆلی* | *:یوسف زیا(ئۆزەر)* |

(١٧)*Ulug Igdemir , a.g.e. , s.5 .*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنها ١٠٠ دانە لەم کتێبە چاپکراوە،بۆ ئەوەی بەسەر ئەندامانی تری ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك و ئەو زاتانەدا کە پەیوەندیان بەبابەتەکەوە هەیە، دابەش بکریت. بۆ خویندنەوەو وەرگرتنی رەخنەو باری سەرنجەکانیان."

وەکو بینرا، لەو ١٠ کەسەی لیژنەی نووسینی کتیبەکەیان پیك هیناوە، شەشیان نوینەرن (پەرلەمانتارن). لە سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە لە سالی(١٩٣١)ەوە، پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی(ئارسال) و پرۆفیسۆر یوسف زیا(ئۆزەر)یش کراون بەنوینەر.

لەبەشی(دەروازە-مدخل)ی کتیبەکەدا ، کەناونیشانی( ئەم کتیبە بۆچی نووسراوە؟)ی هەلگرتووە(ل ١-٣)، ئاوا دەگوتریت:

"خسوسیەت و هیزو توانای تورك، ریشە نەژادییە قوولەکانی رەگەزی تورك بەشیوەیەکی بنەرەتی، لەگەل هەندیك لەو بەشانەی میژووی مرۆڤ کەپەیوەندییان بەرەگەزی ئیمەوە هەیە، بەکورتی نیشاندران."

لە بەشی یەکەمدا کەناوی نراوە دەروازەیەك بۆ میژووی ئادەمیزاد (ل ٥-٤٥)، بابەتی وەك بوونەوەران(کائنات)، میژوو،رەگەزو فکر دەخریتە بەرباس و ئەم قسانەش لەسەر رەگەزی تورك دەکرین:

" رەگەزی تورك ، کە خولقینەری گەورەترین تەوژمەکانی میژووە، بە باشترین شیوە خودیتی خۆی پاراستووە . لەسەردەمە میژوویی وبەر لە میژووەکانیشدا، ئەم رەگەزە لەگەل رەگەزی وولاتە دراوسیکانی سەر سنووری نیشتمانەکەی و رەگەزی ئەو وولاتانەشدا کە داگیری کردوون، تیکەلاو بووە. بەلام لەبەرئەوەی سیفەتە کولتووریيەکانی، کە بەرهەمی ئەندامی و دیاری میشکن، بەسەر ئەو دراوسییانەدا زال و بالادەست بووە، دراوسیکان نەیانتوانیوە خسوسیەتەکانی ئەم رەگەزە لەناوبەرن. بەلام لەسەردەمە دوورو دریژەکاندا لەگەل ئەو زۆرینە گەورەیەدا کەتیکەلیان بوون، وەکو یەکیان لی هاتووە و زمان و ناوی خۆیان لە دەستداوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمان کەبەهێزترین بەرهەمی میشکە، بەتایبەتی لای زۆربەی هەرە زۆری رەگەزی تورك، لەناو زنجیرەی بەرەو پێش چوون وکامل بوونی سەردەمە مێژووییەکاندا ،هێلە گشتییەکانی خۆی پاراستووە . ئەندامانی ئەم رەگەزە گەورەیە ، کە لەسەردەمانی بەر لەمێژوو و سەردەمە مێژووییەکانیشدا، کۆمەڵگەو شارستانیتی و دەولەتی جیاجیان دروستکردووە، هەمیشە لەگەل ئەو زمانە هاوبەش وکولتوورو سیفەتە رەگەزیانەدا ، کە میشکە بەهێزەکانیان لەناوەندو دەوروبەری جۆر بەجۆردا بەرهەمیان هێناون، لەماوەی کورت یاخود درێژخایەندا، کاریان لەیەکتری کردووە.

دەبینین رەگەزی تورك، هەمیشە لەمێژوودا یەکێتییەکی بەرچاوی لەخۆی نیشانداوە،کۆمەلێکی گەورەیە کەبەسیفەتە ئەندامییە دیارو هەمیشە زاڵەکانییەوە، بەو کولتوورەیەوە کەبەم زمانە گواستراوەتەوە، بەیادەوەری مێژوویی هاوبەشییەوە ، لەهەمان کاتدا لەگەل پێناسەی ئەمرۆی میللەتیشدا دەگونجێ.

ئەمرۆ بینینی رەگەزێکی ئاوا مەزن لەشێوەی میللەتێکدا ،هێزێکی گەورەو شەرەفێکی گەورەیە، کە بەتایبەت لەسەردەمی ئەمرۆماندا، بەنسیبی گەلێك لە کۆمەلانی مرۆڤ نەبووە."(ل ٣٨-٣٩)

بەشی دووەمی کتێبەکە ناوی نراوە دەروازەیەك بۆ مێژووی تورك. (ل٤٧-٦٩) لەم بەشەدا بەکورتی ئەمانە دەگوترێ:

" رەگەزی تورك کە گەورەترین تەوژمەکانی مێژووی دروستکردووە، رەگەزێکە زۆرترین رادەی خودیتی خۆی پاراستووە. بۆ روونکردنەوەی ئەو لاپەرە تاریکانەی مێژووی گشتی و مێژووی شارستانیتی، کە فکری ئەمرۆی مرۆڤایەتییان ئەوەندە بەخۆیانەوە خەریك کردووە، هیچ چارێك نیە جگە لەوەی رەگەزی تورك بکەینە بناغە(أساس).بە قبولکردنی ئەم بناغەیە، هەموو ئەو مەسەلانەی روونکردنەوەیان بەگران دێتە پێش چاو، روناك دەکرێنەوە و ئەو بەشانەی لە نووسینەوەی مێژوودا بە بەتالی ماونەتەوە و نیشانەی پرسیاریان لە سەر دانراوە، تەواودەکرێن.

ئێمە لەم تێزەماندا، کە بەسوود وەرگرتن لە فکر و بەلگەکانی زانا بە ویژدان و حەقخواز(حقانی) و بێلایەنەکان داکۆکی لێکراوە، مەبەستمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سووکایەتی کردن و بەکەم گرتنی[18] هیچ رەگەزو میللەتیك نیە، ریزگرتن لە کەسیتی و بوونەکانی تر بەئەندازەی خۆشەویستی میللەتی خۆمان، یەکیکە لە دروشمەکانی تورکایەتی. (ل٦٧-٦٨)

ئامانجی ئەم کتیبە، وەکو لە پیشەکیدا ئاماژەمان بۆ کردووە، بریتییە لەوەی بەپشت بەستن بە راستییە میژووییەکان، رابوردووی شەرەفمەندی میللەتی تورك، کە بەدریژایی چەندین سەدە گەلیك تۆمەتی نارەوای دراوەتە پال و، خزمەت و کارەکانی لە بنیاتنانی یەکەمین شارستانیتییەکاندا نکولی لی کراوە، وەبیر میللەتە مەزنەکەمان بینینەوە. بائەوەش بلیین، وەك چۆن ئەو رابوردووە دەهەزار سالەیەی مایەی سنگ دەرپەراندن و سەربەرزییە، لووت بەرزییەکی بۆش بیجی بەمیللەتی تورك نابەخشی، ئاواش لە دەستدانی <u>ریزی پیشەوە</u> (ریزی پیشەوەی هەموو مرۆڤایەتی) بۆ ماوەی چەند سەدەیەك، واتە ئەو دۆخەی لە میژووی گەلیك میللەتدا بینراوە و دەبینریت، میللەتی تورك تووشی نائومیدی ناکات.[19]

حەزرەتی غازی مستەفا کەمال، لەکۆتایی ووتارە میژووییەکانیدا رووی دەمی کردۆتە لاوان و پاش ژماردنی هەموو مەترسییەکان و ئەو ئەگەرە ترسناکانەی رەنگە رووبەرووی وولات ببنەوە، فەرموویەتی: ( ئەی رۆلەی داهاتووی تورك! لەناو ئەم دۆخ و هەلومەرجانەشدا، ئەرکی تۆ رزگارکردنی

---

*(١٨) لەگەڵ ئەوەشدا کە دەگوترێ مەبەست بەکەم گرتن و بێ نرخ کردنی هیچ رەگەز و میللەتیك نیە، بەڵام دەبێ خوینەر ئەوەی لە بیربیت کە دروشمی وەك "کوردی پیس، کوردی کلکدار، کوردی بێ نرخ (بێ قیمەت)" ، بەتایبەتی لەلایەن ئایدیۆلۆجیای رەسمییەوە برەویان پیداوە. هیتلەریش هەمیشە لەووتارەکانیدا رایگەیاندووە کە رەگەز و نەژادەکانی تر بەکەم ناکرێ، لە نرخیان کەم ناکاتەوەو، دەیەوێ لە هەلومەرجیکی هاوتادا، پەیوەندی هاوتایان لەگەلدا دامەزرینێ. بەڵام ناوەرۆکی کردەوەی هیتلەریش، هەمیشە بریتیبووە لە بەکەم گرتنی نەتەوەکانی ترو بێ نرخ کردنیان.*

*(١٩) لە رۆژی ئەمرۆماندا ئەندامانی حکومەتی بەرەی نەتەوەیی (MC)، ئەوەی سەرەوە بەمجۆرە رادەگەیەنن: ” تورکیا وولاتی سەرکردە“.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربەخۆیی و کۆماری تورکە ! ئەو هێزو توانایەی پێویستت پێیانە، لە خوێنی رەسەنی ناو دەمارەکانتدا هەیە).

پەیکەری بێ هاوتای مەزنیتی مێژوویی تورك، سەرۆکی مەزنی تورك،لە یەکێك لەو ووتارانەیدا کە باسمان کردن پڕن لە ڕینمایی و هاندان بۆ ئەو کەسانەی لە کۆکردنەوەو ڕیکخستنی ئەم سەرنجانەدا کاریان کردووە، ئاوا دەفەرموێ:

" ئەی میللەتی تورك! تۆ نەك هەر لە قارەمانیتی و جەنگاوەریدا، بەلکو لە فکرو شارستانیتیشدا، شەرەفی مرۆڤایەتیت. مێژوو پڕە لە ستایشی تۆ و ئەو شارستانیتیيانەی تۆ داتمەزراندوون. ئەگەر ئەو هۆکارە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی مەبەستیان لەناو بردنی تۆ بووە، چەند سەدەیەك ڕیگەیان پێ بری بێ و هەنگاویان قورس کرد بێ، بەلام میراتی دە هەزار سالەی فکرو کولتوور ،لە ڕۆحتا وەکو هێزێکی بێگەردو دەست لێ نەدراو دەژی. ئەو مێژووەی بیرەوەری هەزاران و هەزاران سالی لە یادەوەریتدا هەلگرتووە، بە ئاماژەی پەنجەکانی ئەو پێگەیەت نیشاندەدا کە لە ڕیزی شارستانیتیدا شایانی تۆیە. بەرەو ئەوێ برۆ و بەرز بەرەوە. ئەمە هەم حەقی تۆیە و هەم ئەرکی تۆ."(ل٦٨-٦٩).

بەشی سێیەمی کتێبەکە تایبەتە بە چین (ل ٧٣-١٢٦)، بەشی چوارەم هند (ل ١٢٩-١٦٢)، بەشی پینجەم کەلدە- ئیلام- ئاشور (ل ١٦٥-١٨٩)، بەشی شەشەم میسر (ل ١٩٣-٢٢٦)، بەشی حەوتەم ئانادۆل (ل ٢٢٩-٢٦١)، بەشی هەشتەم ئاوو هەوا (کەش)ی ئیجە (ل ٢٦٥-٣٠٧)، بەشی نۆیەم ئیتاليا و ئەتروسکەکان (ل ٣١١-٣٢٥)، بەشی دەیەم ئیران (ل ٣٢١-٣٩٩)، بەشی یانزەیەم ئاسیای ناوەراست (ل ٤٠٣-٦٠٦). لە هەریەکێك لەم بەشانەدا باسی ئەوە دەکرێت کە شارستانیتی کولتوور ، لە ئاسیای ناوەراستداو لەلایەن رەگەزی تورکەوە خولقینراون و لەلایەن رەگەزی تورکیشەوە گواستراونەتەوە بۆ ئەو شوینانە. بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە کولتوورو شارستانیتی لە ناوچەکانی چین، هند، میسۆپۆتامیا، میسر ، ئیجە، ئیتالیا، ئانادۆل و ئیراندا، لەو ڕیگەیەوە هاتوون و ڕەگیان داکوتاوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو بەشەی کتیبی هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك دا کە ناونیشانی( تیروانینیکی گشتی بۆ میژووی شارستانیتی تورکی ئاسیای ناوەراست)ی لەسەرە، ئاوا هاتووە:

" تورکەکان پیش ئەوەی بە جیهاندا بلاوبنەوە، خەریکی کشتوکال بوون . کانزاگەری‌یان دەکرد . زمان و سیفەتە گشتی‌و مەیلە رۆحی‌یەکانی رەگەزی تورك لەم سەردەمەدا پیکهاتوون . وا مەزەندە دەکری کەلەم سەردەمەدا، چەقی قورسایی رەگەزی تورك لە دەوروبەری چیاکانی ئالتای‌دا بووبیت." (ل ٤٠٣-٤٠٤).

پاشتر باسی ووشك بوونی دەریای ناوەوەی ئاسیای ناوەراست دەکریٚ و ئاوا دەگوتریٚ:

" میژووی تورك بریتی‌یە لە ئەنجامی هەلو مەرجە جوگرافیەکانی ئاسیای ناوەراست.

ووشك بوونەوەی ووردە ووردەی ئاسیای ناوەراست کۆمەلیك ئەنجامی گرنگی بۆ چارە نووسی رەگەزی تورك لی کەوتەوە.

١-بەشیك لە رەگەزی تورکی ناچار بە ژیانی کۆچەری کرد. رووکردنە ژیانی کۆچەری لە میژووی تورکدا باریکی ناچاری بووە. تورکەکان لە هەلومەرجی ناوچەیی گونجاودا ، هەرگیز ئارەزووی ژیانی کۆچەری یان نەکردووە.

٢- گۆررانی بەشیکی نیشتمانی تورك بۆ بیابان و، بەرژەوەندیە ئابووری‌و چارەنووس سازەکانی رەگەزی تورك، بوون بەهۆی دابەش بوونی بۆ دوودەستەی بەرفراوانی لەیەك جیاواز.

٣-هەلومەرجی سەختی ژیان لەبیاباناداو، زیاد بوونی بەردەوامی ژمارەی تورکە کۆچەرەکان بەپی‌ی هەلومەرجی ناوچە جوگرافیەکەیان، مەیلی گەران بەدوای نیشتمانی نویٚ‌و کۆچکردن بەرەو خۆرئاواو باشووری لای تورکەکان دروست کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**٤-بۆ ئەوەی کۆچەکە بەشیوەیەکی شایستە بەریوە بچیت،هەست بەپیویست بوونی ریکخستن کرا. لەمەوە گیانی عەسکەری‌و دیسپلین لای تورك دروست بوو. پیویست بوونی دیسپلین تورکی کردە میللەتیکی دەولەتخواز.**

**٥-لەسایەی عەسکەری‌و ریکخستنی عەسکەریدا، کۆچەکانی تورك شیوەی وولات گرتن (فتوحات)ی وەرگرت.**

**٦-ئەو تورکە دەشتەکی‌یانەی بۆ وولات گرتن بەرەو خۆرئاواو باشوور دەچوون، پیش هەموو شتیك ئەو وولاتە بەپیتە تورکی‌یانەیان خستە ژیر دەسەلاتی خۆیانەوە، کە لەسەر ریگەیان بوون[٢٠]. ئەوانیشیان ناچارکرد بەشداری لە وولات گرتنەکەدا بکەن. چونکە دەیانزانی بۆ ئەوەی وولاتگرتنەکەیان بەسەر کەوتوویی بگاتە ئەنجام، پیویستیان بەزانیاری‌و تەکنیکی تورکە شارستانیەکان دەبیت.**

**٧-بەم شیوەیە، بەردەوام مەلبەندەکانی شارستانیتی تورکی، بەرشەپۆلی ئەو تورکانە دەکەوتن کەلە دەشتەکانی باکوورەوە دەهاتن." (ل٤١١-٤١٢)**

**کتیبی <u>هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورکی</u>، پاش سەدەی سی‌یەمی پیش زایین، یەك لەدوای یەك باسی ئەو شارستانیتی‌یە تورکی‌یانە دەکات کە لەئاسیای ناوەراستدا دامەزراون‌و لەویشەوە بلاوبوونەتەوە. (ل٤٦٧-٦٠٦)**

**:<u>دەولەتی هون-ەکانی ئاسیا *(Hyungnu)*</u> (ل٤٦٧)، <u>ئیمپراتۆری تورك *(Tu-Kyu)*</u> (ل٤٧٩)، <u>ئۆغوز-ەکان، ئویگورەکان</u> (ل٤٨٣)، <u>خەزەر-ەکان</u> (ل٤٨٩)، <u>قەرە خانلی‌و قەرە خیتایلی-یەکان</u> (ل٤٨٩)، <u>سەلجوقی‌یەکان</u> (ل٥٠١). <u>دەولەتی چەنگیز</u> (ل٥١٣)، <u>دەولەتی تەیمور</u> (ل٥٢٨)، <u>دەولەتی عوسمانی</u> (ل٥٤٧)، <u>کۆماری تورکیا</u> (ل٦٠٥-٦٠٦).**

***(٢٠) بەپیی تیزی میژووی تورك، لەبەرئەوەی سەرچاوەی هەموو شارستانیتی‌و کولتوورەکانی جیهان تورك بووە، لیرەشەوە ریشەی هەموو جیهان دەگەریتەوە سەر تورك، تورکەکان تەنانەت ئەوکاتەی "وولاتیشیان دەگرت"، ناچار دەبوون "وولاتەکانی تورك" بگرن.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢-بەشی دەروازە ( مدخل )ە-ی
## هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك

هەردووبەشی "دەروازەیەك بۆ میژووی تورك" و "ئاسیای ناوەراست"ی ئەو کتیبە یانزە بەشی‌یە (واتە کتیبی هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك)، لە نامیلکەیەکی (٨٧) لاپەرەییداو لەژیر ناوی بەشی <u>دەروازە-ی هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك</u> دا چاپکراون. ئەم بەرهەمە لە سالی ١٩٣١دا (٣٠٠٠٠)دانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە چاپکراوەو بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشکراوە[٢١]. ئەو لاپەرەیەی تایبەتە بەنووسەرانی کتیبەکەو لەسەرەوە باسمان کرد، لەم کتیبەشدا، وەك خۆی بلاوکراوەتەوە.

لەپیشەکی‌ی ئەم کتیبە بچووکەدا مەبەستی چاوەروانکراو لەنووسینی کتیبی <u>هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك</u>، بەم شیوەیە رادەگەیەنری:

" لەزۆربەی ئەو کتیبە میژووییانەدا کە تائیستا لەوولاتەکەماندا بلاوکراونەتەوە، لەو کتیبانەشدا کە وەکو سەرچاوە بەکارهینراون، واتە لەکتیبە میژووییە فەرەنسی‌یەکاندا، هوشیارانە یاخود ناهوشیارانە، رۆلی تورك لە میژووی جیهاندا بچوك کراوەتەوە. وەرگرتنی زانیاری ئاواچەوت لەسەر باووباپیرانی تورك، زیانی بەخۆناسینی تورك‌و پیش خستنی خودیتی‌ی تورك گەیاندووە. ئامانجی سەرەکی ئەم کتیبە، بریتی‌یە لەهەولدان بۆ راستکردنەوەی ئەو هەلانەی زیانیان بۆ میللەتەکەمان هەیە، ئەو میللەتەی ئەمرۆ جیگەی سروشتی خۆی لەهەموو جیهاندا بەدەست هیناوەتەوەو بەوهەستەوە ژیان بەسەر دەبات. لەهەمان کاتدا یەکەمین هەنگاوە بۆ بەجی گەیاندنی پیویستی‌ی نووسینەوەی میژوویەکی نەتەوەیی بۆ میللەتی تورك

---

(٢١)***<u>Turk Tarihinin Ana Hatlari (Methal Kismil),</u> Devlet Matbaasi Istanbul 1931.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که بەو ڕووداوە مەزنانەی ئەم دواییە، هەستی یەکیتی و خۆیی بوون لەرۆحیدا زیندوو بۆتەوە. بەمەش دەمانەوی ڕیگابەرەو قوولاییەکانی توانای داهینان و خولقاندنی میللەتەکەمان بکەینەوە، نهینیەکانی بلیمەتی و سروشتی تورك ئاشکرا بکەین، بەهیزی و خسوسیەتی تورك نیشانی خۆی بدەین و، دەری بخەین کەپیشکەوتنی نەتەوەییمان بەریشە رەگەزیە قوولەکانەوە بەستراوەتەوە. لافی ئەوە لێنادەین کەبەم تەجروبەیە ئەو میژووە نەتەوەییە مەزنەمان نووسیوەتەوە. تەنها ئاراستەیەکی گشتی و ئامانجیك نیشانی ئەو کەسانە دەدەین، کە لەداهاتوودا لەسەر ئەم بابەتە کاردەکەن."

لە ناونیشانە لاوەکی‌یەکانی ئەم کتیبەدا ، بەشیوەیەکی ئاشکراتر راگەیەنراوە کە دامەزرینەرو بنیاتنەر و بلاوکەرەوەی شارستانیتی و کولتوورەکانی هەر چوارلای جیهان رەگەزی تورك بووە . هینانەوەی هەندێ لە ناونیشانە لاوەکی‌یەکان، بەروونی ئەم مەسەلەیە نیشاندەدات.

ئەو تورکانەی چوون بۆ چین (ل—٥)، لەم بەشەدا لافی ئەوە لیدەدریت کە میژووی چین لەگەل داگیر کردنی لەلایەن تورکەکانەوە دەست پی‌دەکات و گیرانەوەی میژووی چین بۆ سەد هەزار سال و دووسەد هەزار سال، درۆیەکی هەلبەستراوە (ل ٥—٦)، ئەو تورکانەی چوون بۆ هند (ل ٦—٧)، ریگاکانی کۆچکردن بەرەو خۆرئاوا (ل ٧—٨)، ئاسیای نزیك، تورکەکانی سۆمەر— ئەکەد—حیتی (ل ٨—٩)، ئەو تورکانەی چوون بۆ میسر (ل ٩—١٠)، ئەو تورکانەی چوون بۆ ئیجە (ل ١٠—١٢)، ئەو تورکانەی چوون بۆ ئەوروپا ل(١٢— ١٤)، لە بیرچوونەوەی زمانی تورکی لای ئەو تورکانەی نیشتمانی دایکی خۆیان بەجێ هیشت (بە کورد بوونیان ) (ل ١٥—١٦).

### ٣—میژوو ٤،٣،٢،١

پاش هەردوو کتیبی هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك و بەشی دەروازە—ی هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك ، دیسان لە سالی ١٩٣١دا، کتیبیکی میژوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له چوار بەرگدا لەلایەن ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورکەوە بلاوکرایەوە . ئەو کتیبانە ئەمانەن:

میـژوو١، سـەردەمەکانی بـەر لـەمیژوو و سـەردەمە کۆنـەکان، لەلایـەن ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورک–ەوە نووسراوە. وەزارەتی مـەعاریف، چاپخانەی دەولەت، ئەستەموول ١٩٣١.

میـژوو ٢، سـەردەمەکانی ناوەراسـت، لەلایـەن ئەنجومـەنی لیکۆلینـەوەی میـژووی تورکـەوە نووسـراوە. وەزارەتـی مـەعاریف، چاپخانـەی دەولـەت، ئەستەموول ١٩٣١.

میژوو ٣، میژووی تورکی عوسمانی لەسەردەمە نزیك و نویکاندا، لەلایەن ئەنجومـەنی لیکۆلینـەوەی میژووی تورکـەوە نووسراوە. وەزارەتـی مـەعاریف، چاپخانەی دەولەت، ئەستەموول ١٩٣١.

میـژوو ٤، کۆمـاری تورکیـا، لەلایـەن ئەنجومـەنی لیکۆلینـەوەی میـژووی تورکـــەوە نووســـراوە. وەزارەتـــی مـــەعاریف، چاپخانـــەی دەولـــەت، ئەستەموول ١٩٣١.

هەریەکیك لەم کتیبانە بە "گەورە"یی ٣٥٠–٤٠٠ لاپـەرەبوو . بەجیا لـە دەقـەکان، تـابلۆی رەنگـاو رەنـگ و ژمارەیـەکی زۆر نەخشـەو ، دەوروبـەری ١٠٠–١٣٠ لاپـەرە وینـەیان تیدابـوو. تـیراژی چـاپی یەکـەمی هـەر یـەکیکیان نزیکـەی (٣٠٠٠٠) دانـە بـوو. پاشـتر لەسـەردەمی جیاجیـادا، بەدەسـکاری و گۆرانی بچووکەوە، دووبارە چاپکرانەوە. هەندیکیان تەنانەت گەیشتنە چاپی پینجەمیش.

ئەم رستانەی خوارەوە، کە باسی دەست پیکردنی چالاکی‌یەکی بنـەرەتی دەکـەن دژی سـرینەوەو رامـالینی نـاوی تـورك لـە پیشـەکی‌ی ئـەو کتیبانـەدا هینراونەتەوە:

" تا ئـەم سـالانەی دوایـی، (میـژووی تـورك) یـەکیك بـوو لـەو بابەتانـەی کەمترین لیکۆلینەوەی لەسەر کراوە.

میژوو نووسە دەمارگیرەکان لـەژیر کاریگـەری شـەرو کیشـەی پـتر لە هـەزار سالەی ئیسلام و مەسیحیدا، لـەو سـەردەمانەدا بەهـەموو توانایـەك وای نیشـان بـدەن میـژووی تـورك، کەچـەندین سـەدە سـەرکردایەتی ئیسـلامی کـردووە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریتی‌یە لەخوین و ئاگر. میژوو نووسە تورك و موسولمانەکانیش تورکایەتی‌و شارستانیتی تورکیان لەگەل ئیسلام و شارستانیتی ئیسلامیدا کرد بەیەك.لە بیر بردنەوەی سەردەمەکانی هەزاران سال پیش ئیسلامیان بەپیویستی‌یەکی سیاسەتی ئوممەتایەتی (مەبەست ئوممەتی ئیسلامە) و، ئەرکیکی ئایینی خۆیان زانی. لەسەردەمە نزیکترەکاندا، تەوژمی عوسمانچیتی–ش کە خەوی بەوەوە دەبینی لەهەموو رەگەزەکانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی میللەتیك دروست بکات، لەپیناوی لە بیربردنەوەی ناوی تورکدا، نەك هەر میژووی نەتەوەیی پشت گویٚ خستبوو، بەلکو بە سرینەوەو لە ناو بردنی ئەو لاپەرانەش کە نووسرا بوونەوە، بوو بە هۆکاری سیٚیەم وچووە پال دوانەکەی تر."[22]

ئەم زنجیرە چوار بەرگی‌یە، بە شیوەیەکی گشتی بۆ قۆناغەکانی خویندنی دواناوەندی ئامادە کرابوو. پاشتر وەزارەتی مەعاریف، ئەم کتیبانەی کردە بناغە و لەسەر ئەوان، کتیبی میژووی بۆ قۆناغی ناوەندی و سەرەتاییش ئامادە کرد.

**ئەوانەی لە ئامادە کردنی ئەم زنجیرە چوار بەرگی‌یەدا کاریان کردووە، ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| نووسەری گشتی‌ی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك(TTTC) | : م. تۆفیق بەگ(بییك ئۆغلو) |
| نوینەری چەنە قەلعە و جیگری سەرۆکی(TTTC) | : سامی رەفعەت بەگ |

---

*(22) ئەمە سکالاکردنە لە دەست هەولدان بۆ لە بیربردنەوەی ناوی تورك و دەرهینانی لە کتیبەکانی میژوو. بەلام ئەو کەس و دەزگایانەی لەم جۆرە سکالایانە دەکەن، هەر لەوکاتەدا هەموو جۆرە هەولیك دەخەنە گەر بۆ سرینەوەی ناوی کوردو کوردستان لە زمان و میژوودا و لەبیربردنەوەی زمانی کوردی و لەناو بردنی خودیتی نەتەوەیی کورد.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | |
|---|---|
| نوینەری ئەستەمووڵ و<br>پرۆفیسۆری مێژووی سیاسی<br>لە قوتابخانەی حقوقی ئەنقەرەو<br>جێگری سەرۆکی (*TTTC*) | : یوسف بەگ ئاکچۆرا ئۆغلو |
| نوینەری ئایدن و<br>نووسەری گشتی *TTTC* | : د. رەشید غالب بەگ |
| نوینەری بۆلو و ئەندامی *TTTC* | : حەسەن جەمیل بەگ(چامبەل) |
| مامۆستای مێژوو و<br>زانیارییە شارستانییەکان<br>لە قوتابخانەی پێگەیاندنی<br>مامۆستای مۆسیقاو<br>ئەندامی *TTTC* | :خاتو ئافەت<br>(پرۆفیسۆر د. ئافەت ئینان) |
| عەمیدی ئەرکانی جەنگ، بەریوەبەری<br>مێژووی جەنگ لە ئەرکانی گەورەی جەنگ | : باقی بەگ |
| نوینەری بالك ئەسیر و ئەندامی *TTTC* | : عیسمەت حەقی بەگ<br>(ئوزون چارشیلی) |
| نوینەری کۆجە عەلی و ئەندامی *TTTC* | : رەشید سەفوەت بەگ<br>(ئاتا بینەن) |
| نوینەری قەرە حیساری خۆرهەلات،<br>لە پرۆفیسۆرەکانی قوتابخانەی<br>حقوقی ئەنقەرە و ئەندامی *TTTC* | : سەدری مەقسودی بەگ<br>(ئارسال) |
| نوینەری سیواس و پرۆفیسۆری<br>پیشووی مێژووی تورك<br>لە (دار الفنون) ی ئەستەمووڵ و<br>ئەندامی *TTTC* | : شەمسەدین بەگ<br>(گوونالتای) |
| عەمید، بەریوەبەری لقی نەخشە لە | : شەمسی بەگ |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەریوەبەریتی گشتی نەخشە

نوینەری ئەسکی شەهر، پرۆفیسۆری : یوسف زیابەگ (ئۆزەر)

پیشووی حقوق لە (دار الفنون) ی

ئەستەموول و ئەندامی *TTTC*

وەکو بینرا لیژنەی ئامادەکاری ئەم کتیبانە لە (١٣) کەس پیکهینراوە. لەو سیانزەیە نۆیان ئەوانەن کە لەلایەن سەرۆکی گشتی کۆمەلەی گەلی کۆماری (*CHF*)، سەرەك کۆمارو پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمالەوە کراون بەنوینەر (پەرلەمانتار). لە بەنوینەر بوونیاندا قەرزاری سەرۆکی گشتی کۆمەلەی گەلی کۆمارین. گومان لەوەدا نییە چوار کەسەکەی تریش پابەندی پیشەواو دیدو بۆ چوونەکانی پیشەوا بوون و ، ئەو دیدو بۆچوونانەیان وەکو "مشت و مرهەلنەگر، گومان هەلنەگر، تاکە راستی" قبول دەکرد.

لە نیوان کتیبی (میژوودا) و هەردوو کتیبی هیلە گشتییەکانی میژووی تورك و بەشی دەروازە-ی هیلە گشتییەکانی میژووی تورك دا، لیکچوونیکی زۆر هەیە. دەتوانین بلیین بابەتەکانیان وەك یەکەو چەمکی چون یەکیشیان بەکار هیناوە. دەکری ئەو لیکچونانە بەم شیوەیە نیشان بدەین:

| بابەت | میژوو ١ | هیلە گشتیەکانیمیژووی تورك |
|---|---|---|
| ١ .دەروازەیەك بۆ میژووی مرۆڤ | ٥-٤٥ | ١-٢٤ |
| میژوو | ٨ | ٢١ |
| رەگەز | ١٥ | ٣١ |
| زمان | ١٨ | ٣٤ |
| ٢ .روانینیکی زانستی بۆ میژوو وشارستانیتی گەورەی تورك | ٢٤-٥٣ | ٤٧-٦٩ |
| رەگەزی تورك | ٢٦ | ٦٧ |
| ئەو تورکانەی نیشتمانی خۆیان جیهیشت | ٣٣ | ٣٩ |
| ٣ . چین | ٥٤-٦٣ | ٧٣-١٢٦ |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| دانیشتوان و بنەچە(تورك) | ٥٦ | ٨٤ |
| ٤.هند (لە میژوو-١-دا ٦) | ٨٥-٧٣ | ١٦٢-١٢٩ |
| وولات و دانیشتوان | ٧٥ | ١٣٣ |
| ( دراڤیت-تورك) | | |
| ٥.كەلدە- ئیلام- ئاشوور | ١٠٠-٨٦ | ١٨٩-١٦٥ |
| (لە میژوو-١- دا ٧) | ٨٨ | ١٦٩ |
| دانیشتوان(تورك) | | |
| ٦. میسر(لەمیژوو-١- | ١٢٦-١٠١ | ٢٢٦-١٩٣ |
| دانیشتوان، توارەگ(تورك) | ١٠٤ | ١٩٧ |
| ٧. ئانادۆڵ(لەمیژوو-١-دا ١١) | ١٤٦-١٢٦ | ٢٦١-٢٢٩ |
| دانیشتوان، حیتی یەكان | ١٢٨ | ٢٣١ |
| (توركەكانی خاتا) | | |
| فریگەكان، (تورك) | ١٣٨ | ٢٣١ |
| لیدیاییەكان،(تورك) | ١٤٢ | ٢٥٤ |
| ٨. ئاو وهەوای ئیجە | ٢٥٩-١٨٤ | ٣٠٧-٢٦٥ |
| (لەمیژوو-١-دا ١٣) | | |
| دانیشتوان،(رەگەزی تورك) | ١٨٨ | ٣٠٣ |
| ٩. ئیتالیا و ئەتروسكەكان | ٣٤٦-٢٦٠ | ٣٢٥-٣٠١١ |
| (لە میژوو-١-دا ١٤) | | |
| دانیشتوان،(رەگەزی تورك) | ٣٤١ | ٣٣٢ |
| ١٠. ئیران(لە میژوو-١-دا ١٢) | ١٨٣-١٦٤ | ٣٩٩-٣٢٩ |
| دانیشتوان،(تورك) | ١٦٥ | ٣٣٢ |
| مادەكان(لە رەگەزی تورك) | ١٧٨ | ٣٦١ |
| پارت-ەكان(لە رەگەزی تورك) | ١٧٨ | ٣٩٣ |

**بەشی ئاسیای ناوەراستیش كە لە كتیبی هیلەگشتی‌یەكانی میژووی تورك دا لـە بەشـی یانزەهەمدایـە، لـە بـەرگی دووەم و سـی‌یەم و چوارەمـی كتیبـی**



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژوودا تاووتوێکراوە. ئەو قسانەی لە کتێبی (مێژوو١) دا لە سەر ڕەگەزی تورك کراون، ئەمانەن:

" .ڕێکخستنی دەولەت لای تورکەکان لەسەر بیرۆکەی ئاویتەکردنی پرنسیپی فەرمانڕەوایی ناوەندی بەهێز لەگەل پرنسیپی گەلی (الشعبیە) دا رادەوەستی. یەکێك [*] لە خەسلەتە ڕۆحی‌یەکانی ڕەگەزی تورك بریتی‌یە لە دادپەروەری، دیسپلین، ئاسایش و ئەمن.

ئەو فاکتەرەی ڕەگەزی تورکی وەکو ڕەگەزێکی دەولتخواز، بەڕیوەبەر، خاوەن دیسپلین لە مێژووی جیهاندا ناساند و، ئەو توانایەی پی بەخشی کە لەناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا ژمارەیەکی گەلێك زۆر دەولەت دابمەزرێنی و میللەتانی جۆراوجۆر لە ئاسایشدا بەڕیوەبەرێت، ئەو بنەما یاساییە گشتی‌یانە بوون."

هەموو ئەمانە نیشانی دەدەن لێکچونێکی زۆر و بگرە وەك یەك بوون، لە نێوان کتێبی هێلە گشتی‌یەکانی مێژووی تورك، بەشی دەروازە–ی هێلە گشتی‌یەکانی مێژووی تورك و کتێبی مێژوو ١،٢،٣،٤، دا هەیە. لەهەموو ئەو کتێبانەدا باسی بەرزی و مەزنی و گەورەیی ڕەگەزی تورك کراوە. باس لەوە دەکرێت کە کولتوور و شارستانیتی لە جیهاندا، لەئاسیای ناوەڕاستدا و لەلایەن تورکەکانەوە پەرەیان پێدراوە، دیسان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە و لەلایەن تورکەکانەوە بەهەر چوارلای جیهاندا بلاوکراونەتەوە. لافی ئەوە لێدەدرێت کە دامەزرێنەرو بلاوکەرەوەی شارستانیتی بە جیهاندا ڕەگەزی تورك بووە، لەمەشەوە هەموو کولتوور و شارستانیتی‌یەکان لەلایەن تورکەکانەوە پەرەیان پێدراوە. ئەمە دیدو بۆچوونێکە وورده وورده بەرەو ئەوە دەچێت لافی ئەوە لێبدات کە ڕیشە نەتەوە و زمانەکانی جیهان، تورك و تورکی بووە.

---

*(*) هەرچەندە ئەم ڕستەیە بە (یەکێك لە ) دەست پێدەکات، بەلام خەسلەتەکان چەند دانەیەکن و ڕستەکەش ناڕێك دەکەویتەوە. وەکو ئەمانەتێك وەکو خۆی نووسیمانەوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میژوو نووسینەوەیەکی ئاوا، لە روویەکیەوە جیاوازی‌یەکی زۆر گەورەی لەگەل نووسینەوەی میژوو لەسەردەمی عوسمانیدا هەیە. چونکە لەو سەردەمەدا میژووی تورك لەگەل دەولەتی عوسمانیدا دەستی پیدەکرا. دەتوانین کتیبەکەی حامید و موحسین (<u>میژووی تورکیا</u>)، وەکو دوا نموونەی ئەو کتیبانە پیشکەش بکەین کە بە پیێ ئەو جۆرە تیگەیشتنە نووسراون. ئەم کتیبە لە سالی ١٩٣٠ دا لە لایەن وەزارەتی (مەعاریف)ەوە چاپکراوە. کتیبەکە لە سالی(١٤٥٣)وەو بە بابەتی"سەردەمی بەرزبوونەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی "دەست پیێ دەکات. هەولدەدات رووداوە گرنگەکانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی و ئەوروپا لەو سالەوە بگیریتەوە.(٢٣)

بەلام گەوهەری میژوو نووسین، هیچ نەگۆراوە. لە هەردوو دۆخەکەدا میژوو لە لایەن کەس و دەزگا رەسمی‌یەکانەوە دەنووسریتەوە. ئەوان بە میژوو نووسی دەنووسنەوە. ئەو(واقیعە نووس)انەی لە کۆشکی پاشاکانی عوسمانیدا لە لایەن پاشاوە دادەمەزران، لە گەوهەردا (جوهەر) هیچ جیاوازیەکیان لەگەل ئەو نووسەرانەدا نیە کە لە لایەن پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمالەوە دەکران بە نوینەرو پرۆفیسۆر. یەکیکیان ستایشنامە بۆ پاشاو ئەوی تریان بۆ سەرۆکی کۆمەلەی دەهۆنیتەوە. لە هەردووکیشیاندا نووسینەوەی میژوو رەسمی‌یەو کریێ خۆی هەیە. پارلەمانتاریتی یەکیکە لە شیوەکانی بەخشینی ئەم کریێیە.

بۆچی لە نووسینەوەی میژووی تورکدا پەنا براوەتە بەر زیادە رەوی ئەوەندە گەورەو دەق بەستن و دۆگماتیزم؟ ئیمە ناتوانین بەو عەقلیەتەی کە دەلیێ "ئەو زەمانە روویداوە، گرنگ نیە"، بەسەر ئەم کردەوەو هەلویست و رەفتارانەدا تیپەرین. ناکریێ ئەو بۆچوونەش پەسەند بکەین کە دەلیێ"لە دوا سەردەمەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی‌و سالانی شەری یەکەمی جیهاندا،ئەوروپاییەکان بە چاوی سووك تەماشای تورکیان دەکرد،لەبەرئەوە

---

(٢٣)*Hamit ve Muhsin, <u>Turkiye Tarihi</u>, Maarif Vekaleti, Devlet Metbaasi, Istanbul 1930,VIII, s.766.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوو گیانیکی نویَ بکریَ بەبەری تورکدا،لەم رووەوە ئەوەی  روویداوە رەنگە پاساوی خۆی هەبیت". چونکە ئەمە جۆرە تیگەیشتنیکە کە لەزانستدا جیگەی نابیتەوە.

دەبینین ئایدیۆلۆجیای رەسمی بەم دەزگاو کۆنفرانسانە، بەم کردەوەو ووتارانە بەرەو بەرجەستەبوون چووەو قالبیکی روون و ئاشکرای وەرگرتووە.لەناو ئەم پرۆسەیەشدا دەستی کردووە بە کۆنترۆل کردن وبالادەست بوون بەسەربیری زانستیداو ئەم کۆنترۆل  وبالادەستیەی رۆژ بەرۆژ فراوانتر کردووە. لیرە بەدواوە ئیتر ئایدیۆلۆجیای رەسمی لەئارادایە نەك زانست. بەریوەبەرانی دەولەت،بۆ بەردەوامی مانەوەی دەولەت، دەیانەویَ هەندیَ دیدو بۆچوون لەژیانی کۆمەلگەو دەولەتدا بالادەست بن، هەمووان بیانزانن،باوەریان پیَ بکەن وبە پیَی ئەوان بجولینەوەو بیر بکەنەوە.مادام  ئەو بۆچوونەی دەلیت تورك بالاترین وکۆنترین رەگەزی جیهان بووە، ئەو شارستانیتی‌یانەی لە شوینە جیاجیاکانی جیهاندا پەرەیان سەندووە لە  لایەن تورکەکانەوە دروستکراون،بۆچوونیکە کە بەریوەبەرانی دەولەت دەیانەویَ بزانریت و بروای پیَبکریت، کەواتە کەس ودەزگاکان ناچارن راستی ئەم بۆچوونە بسەلمینن وبەم شیوەیەش خزمەتی دروستکردن وبلاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمی بکەن. داکۆکی گەرم وگوری ئەو کەسانەی پیَیان دەگوتریَ "زانستکار" لە ئایدیۆلۆجیایەك کە ئابەو شیوەیە رەنگدانەوەی ئارەزووە خودی‌یەکان بیَو لەسەر درۆ راوەستابیت، بیگومان هەلویستیکی دژی میتۆدی زانستی‌یە. چونکە سیفەتی پیشنیارە زانستی‌یەکان ئەوەیە بەراست زانین وبە هەلە زانین هەلدەگرن. سۆمەری ، حیتی، ئیلامی، ئەکەدی‌یەکان و  هتد، خەلکی رەسەنی خۆرهەلاتی ناوەراست بوون وهیچ پەیوەندیەکیان بەتورکەوە نەبووە. ئەمانە ئەو راستی‌یانەن کەلە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە زانراون. بۆ نموونە لەسالانی پیش جەنگی یەکەمی جیهاندا دەزانرا حیتی‌و ئاشووری‌و سۆمەری‌یەکان بەرەگەز هیندو ئەورووپایی‌و ئیلامی‌وئەکەدی‌و کەلدەییەکانیش قەومی بەرەگەز سامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون.[٢٤] که مەسەلەکە ئەوەندە ئاشکرا و روون بیت، واتە چەوتی ئەو پیشنیارو بۆ چوونانە بە روونی لە ئارادا بیت، بیگومان ئەو پەیوەندیانەی لەنیوان تورك و ئەو قەومانەدا دروست دەکرین،پەیوەندی ئایدیۆلۆجین. جۆریکن لە پەیوەندی کە قەناعەتی خودیو ئارەزووەکانی بەریوەبەران (فەرمانرەوایان) رادەگەیەنن، نەك لە فاکتەکانەوە سەر هەلبدەن و فاکتەکان بە باری سەرنج وەربگرن. دریژەدان بەم پەیوەندیانەش لە ژیر ناوی "بەشیوەیەکی زانستیانە"دا، نابیّتووشی سەرسامیمان بکات. لەبەرئەوەی چەمکی عیلم و زانست ریزیان لی دەگیریّ، هەموو ئەو کارانەی بەناوی ئایدیۆلۆجیای رەسمییەوە ئەنجامدراون و ئەو بیروبۆچوونانەی پەرەیان پیدراوە، سیفەتی "زانستی" و "زانستیانە"یان دراوەتە پال. لە راستیدا لەژیر دەمامکی " زانستی بوون"دا، هەولدەدریّ ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەست بەسەر زانستدا بگریت . پیش وەخت بروا بە تیروانین و ئایدیۆلۆجیایەك هینراوە، پاشانیش هەموو جۆرە هیزو دەزگایەکی دەولەت بۆ بالادەست کردنیان خراونەتە کار. بۆ بلاوکردنەوەی ئەم ئایدیۆلۆجیایە، دەزگا سەرکوتکەرەکانی وەك هیزە چەکدارەکان، پۆلیس، دادگاو گرتووخانە بەکارهینراون . لەپال ئەمەشدا ، حکومەت و فەرمانبەرە گشتییەکان وئامرازە کۆنترۆلکراوەکانی هەول گەیاندنی گشتی-ش، رۆلی زۆر گرنگیان لە دروستکردن و بلاوبوونەوە و ریز پەیداکردن بۆ ئەم ئایدیۆلۆجیایەدا بینیوە. ئەو مەسەلەیەی بەروونی بەرچاو دەکەویّ ئەمەیە: بەریوە بەرانی دەولەت

---

*(٢٤)<u>Gordon Childe, Dogunun Prehistoriyasi</u>, Cev.S.A.Kansu, TTTK, Ankara 1971,s.40-67,100-130,197-221;I.S.B Leakey, <u>Insanin Atalari</u>, Cev. Guven Arsebuk,TTTK,Ankara 1971,s.106, s.116-119; George Poisson, <u>Avrupanin Iskan Tarihi</u>, S.A.Kansu, TTTK,Ankara 1950,S. 189-220; Bozkurt Guvenc, <u>Insan ve Kultur, Antropolojiye Giris</u>, Turk Sosyal Bilimler Dernegi Yayini ,Ankara 1972, s.159-227; Gordon Childe, <u>Tarihte Neler Oldu</u>?,Alaaddin Senel-Mete Tuncay, Odak Yayinlari, Ankara 1974,s.133-162.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایدیۆلۆجیایەکیان راگەیاندووە، پاشان بەپێی ئەو ئایدیۆلۆجیایە دەستیان داوەتە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی رابوردوو، واتە میژوو. ئەگەر ئایدیۆلۆجیاکە بریاری دابیت کە پیویستە بروا بەتورك بوونی سۆمەری و حیتییەکان بهینریت ، ئەوا "زانستکار"یش ناچارە "بەشیوەیەکی زانستیانە" سەرلەنوێ میژوو بنیات بنیتەوە و بیسەلمینیت کە سۆمەری و حیتییەکان تورك بوون. لیرەدا چیتر فاکتەکان پیوەری راستیو "حەقیقەت"نین، بەلکو خودی ئایدیۆلۆجیاکەیە. ئەو دیدو بۆچوونەی لەگەل ئایدیۆلۆجیای رەسمیدا دەگونجێ، دیدو بۆچوونیکی "راست"ە. "حەقیقەت"ە. پیچەوانەکەی هەلەیە. ئایدیۆلۆجیا وەکو ئامرازیکی بەدەستهینانی زانیاری بەکار دەهینریت. بەلام لە راستیدا ئەو شیوە بیرکردنەوانەی پشت بەفاکتەکان نەبەستن، ناتوانن زانیاری بەرهەم بهینن. هەرچەندە ئایدیۆلۆجیا وادەردەکەوێ کە زانیاری دەبەخشێ، بەلام بیجگە لە دووبارە کردنەوەی زانیارییە لە قالب دراوەکان، هیچی تری پێ ناکریت.

## *II*. سەرچاوە میژووییەکانی ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بەتیزی میژووی تورك-ەوە هەیە

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرەوە باسکران، هەموو"زانا" تورکەکان، لە سەرۆکی گشتی کۆمەلەی گەلی کۆماری (*CHF*)، سەرەك کۆمار، پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمالەوە بیگرە تادەگاتە ئەندامانی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك-ی یانە تورکییەکان، نوینەران (پەرلەمانتاران)، خاوەن رۆژنامەکان، خانەی بلاوکردنەوەکان، نووسەرەکان، بەریوەبەرەکان، عەسکەرەکان، حاکمەکان و هتد، کتوپر هوشیار بوونەتەوە و بوون بەزانا. ئەم ئاستی هوشیاریو زانینە، بووە بەهۆی کرانەوەی ریگایەکی "رووناك" لەبەردەم میژوو و رابوردوی رەگەزی تورکدا. ئەم حوکمانە، راستیمان پێنالین. ئەو تیروانینانە بۆ رەگەزو میژووی تورك، کتوپرو لەسالی ١٩٣٠ دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نەهاتوونەتە گۆڕێ، بەلکو ئەو مەسەلانەن کەتورکە لاوەکان (جۆن تورکەکان) و (ئیتحادوتەرەقی)[*] بەحەماسەتەوەو بەووردی لەسەریان راوەستاون. بۆ نموونە (زیاگۆك ئالپ)کە بەداریژەری ئایدیۆلۆجیای ئیتحادو تەرەقی دەژمیردری لەم شیعرانەی خوارەوەیدا، بەشیوەیەکی بەردەوام کاری لەسەر ئەو بابەتانە کردووە: <u>لە میژووی تورکەوە: نیشتمانی زیر</u>[٢٥]، <u>تۆران</u>[٢٦]،**

---

*([*]) سەرەتای بزووتنەوەی تورکیای لاو دەگەریتەوە بۆ سالانی ١٨٦١-١٨٧٦ و بەوەرگیران و لاسایی کردنەوەی ئەدەبی خۆرئاوا، بەتایبەت ئەدەبی فەرەنسی دەست پێ دەکات. دواتر دەبیتە بزووتنەوەیەکی سیاسی لیبرال، بەمەبەستی بوژاندنەوەی دەولەتی عوسمانیو ریگەگرتن لەهەرەسهینانی . لەسالی ١٨٨٩دا کۆمەلیك خویندکاری لایەنگری تورکیای لاو لەقوتابخانەی پزیشکی یعەسکەری لەئەستەموول، ریکخراویکی نهینییان دامەزراند کەناوی (ئیتیحادوتەرەقی) بوو. وئامانجی ئەم ریکخراوە بریتی بوو لە: لەسەرکار لابردنی سولتان عەبدولحەمید و گیرانەوەی دەستوری سالی ١٨٧٦ و ریفۆرمی ئیداری سیاسی-عەسکەری لەسەر شیوەی خۆرئاوا. پاش هەلکشان و داکشانیکی زۆر، کەس و ریکخراوە دابراو وپەرت وبلاوەکانی لایەنگری ئیتیحادو تەرەقی توانیان لە سالی ١٩٠٨ دا دەسەلات بگرنە دەست و عەبدولحەمید ناچار بکەن دەستوری ١٨٧٦ بگیریتەوە. سەرەتا دروشمەکانی حکومەتی نوێ بریتیبوون لە ئازادی، دادپەروەری،یەکسانی، برایەتی. بەلام پاش ماوەیەکی کەم سەرکوتکردنی خویناویی نەیارەکان دەستی پێ کرد. بەتایبەتیبزووتنەوەی گەلانی ناتورك. لە راستیدا ئیتیحادو تەرەقی خۆی ، سەرچاوەی پەرەسەندن و بەهیزبوونی تەوژمی تورکچیتی و تۆرانچیتی ، واتە رەگەز پەرستیی تورکی بوو. لەگەل ئەوەشدا جیگەی سەرنجە کەلە دامەزراندنی یەکەمجاری ریکخراوەکەدا ، کوردی تورکینراو رۆلیکی گرنگی بینیوە. چونکە چوارکەسی دامەزرینەری یەکەمی ئیتیحادو تەرەقی ئەمانە بوون : تیمۆ (ئەلبانی)، عەبدوللا جەودەت و ئیسحاق سکوتی (کورد)، محەمەد رەشید (چەرکەس).*

*بروانە: (د.أ. رامزور، ترکیه الفتاة- و ثورة ١٩٠٨، ترجمه الدکتور صالح احمد العلی، مؤسسة فرنکلین المساهمة للطباعة والنشر، بیروت- نیویورك ١٩٦٠، لاپەرەکانی: (٣٩-٤٠-،٤٩-٥٠،٩١). هەروەها (ئیسماعیل بیشکچی، ململانیی ئیمپریالی لەسەر دابەشکرنی کوردستان- بەزمانی تورکی- ،Yurt kitap Yayin، -چاپی یەکەم مایسی ١٩٩٢، ل١٠١).*

*(٢٥)Ziya Gokalp, Turk Tarihinden: Altin Yurt, <u>Genc Kalemler</u>, Cilt2, Say,5, 1326 (1910).*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تورکایەتی[٢٧]، داستانی زێرین[٢٨] گۆرانی جەنگ[٢٩]، قزل ئەلما (سیوە سوورە)[٣٠]، تۆران[٣١]، ئەرگەنە کۆن[٣٢]، ئالاگەییک[٣٣]، داستانی زێرین[٣٤]، حەکایەتی خەلك: شازادە بچکۆلە[٣٥] ،ئاتیلای نوێ[٣٦]، حەکایەتی خەلك: ئولکەرو ئایدن[٣٧]، وولاتی ئۆ تووکەن[٣٨]، بۆ نموونە لە شیعری ئەرگەنەکۆن دا دەقاودەق ئاوا دەلیت:

---

(٢٦) *Ziya Gokalp, Turan, Genc Kalemler, Sayi 6-14,22/2/1326 (1910), S.40-47.*

(٢٧) *Ziya Gokalp, Genc Kalemeler, Cilt 2, Sayi 7,1326 (1910), S.120.*

(٢٨) *Ziya Gokalp, Altin Destan, Genc Kalemler, Cilt 3, Sayi 14, 1327 (1911), S.40-43.*

(٢٩) *Ziya Gokalp, Cenk Turkusu, Genc Kalemler, Cilt 4, Sayi 27, 1328 (1912).*

(٣٠) *Ziya Gokalp, Kizilelma, Turk Yurdu, Cilt 3, Sayi 7, 1328 (1912), S. 193-303.*

(٣١) *Ziya Gokalp, Altin Armagan II, Turk Yurdu, 24. Sayiya Ek, 28/10/1328 (1912), S.17.*

(٣٢) *Ziya Gokalp, Ergenekon, Altin Armagan II, Turk Yurdu, 24. Sayiya, Ek, 18/10/1328 (1912), S.20.*

(٣٣) *Ziya Gokalp, Alageyik, Altin Armagan II, Turk Yurdu, 24. Sayiya Ek, 18/10/1328 (1912), s.26.*

(٣٤) *Ziya Gokalp, Altin Destan, Altin Armagan II, Turk Yurdu, 24. Sayiya Ek, 18/10/1328 (1912), S.31-36.*

(٣٥) *Ziya Gokalp, Halk Masali- Kucuk Sehzade, Halka Dogru, Cilt 1, Sayi 35, 12-27/6/1329 (1913), S.89-95.*

(٣٦) *Ziya Gokalp, Yeni Attila, Halka Dogru, Cilt 1, sayi 13,4/7/1329 (1913),S.97-98.*

(٣٧) *Ziya Gokalp, Halk Masali.- Ulker ile Aydin, Halka Dogru, Cilt 1, Sayi 35, 5/12/1329 (1913), s. 269-276.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ئیمه پینج کوری (خان) ی تورکین
عەبدی راستیی خودای تورکین
سوپایەکی پینج هەزار سالەین
هەتا هەتایە تۆران نیشتمانمانە

سوپای سپیمان بەرەو چەپ رۆیشت
سی ئیمپراتۆرییەتی دامەزراند
(میدی)، (سۆمەر- ئەکەد) ، (حیتی)
ئەمانە سی تیرەی شکۆدارمانن

یەکەمیان  ئازەربایجان
دووەمیان  کلدانستان
سێیەمیان خاکی کەنعان
سی سەرچاوەمان هەلقولا

سوپای شینمان لای راستی گرت
خوار و ژووری چینی تەنی
(هیونگ نو) ەکان ئەم خانانە بوون
گیراوەکانمان نە بوونە ریگرمان.

سوپای رەشمان بۆ (ئیسکیت) رۆی
پەرژینیکی بە دەوریدا کیشا
ووتەی (ببە بە ئاتیللا و بچۆ بۆ شالون)

---

(٣٨) ***Ziya Gokalp, Otuken Ulkesi, Turk Sozu, Cilt 1, Sayi 2, 17/4/1330 (1914), s. 11.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*بوو بە عەهد و پەیمانمان*

*سوپای سوور چیاکانی تەی کرد*
*لەگەل ئەفغانەکاندا شەری زۆری کرد*
*لیوایەکی گەیشتە هند*
*(سیند) بوو بە رووباریکمان*

*سوپای زەرد ئامادە وەستا*
*شاری دروستکرد زەوی کیلا*
*ئەم نیشتمانەی* ئویگورەکان
بووە نیشتمانی دایکمان ."*

وەکو لە شیعری <u>ئەرگەنەکۆن</u>– ەوە بەروونی دەردەکەوی، ئەو بۆچوونەی دەلی رەگەزی تورك لە ئاسیای ناوەراستەوە بە جیهاندا بلاو بوونەتەوە و کولتوور و شارستانیتی‌یان بۆ ئەو ناوچانە بردووە، یەکیکە لەو بابەتانەی (ئیتیحاد و تەرەقی) و گرنگترین داریژەری ئایدیۆلۆجیای (ئیتیحاد و تەرەقی)، واتە زیاگوك ئالپ، لە سالی ١٩٠٨ ەوە لەسەری راوەستاون. زیاگوك ئالپ ئەو شیعرانەی خۆی لە سی کتیبی سەرەکیدا کۆکردۆتەوە. یەکەمیان <u>قزل ئەلما</u>[٣٩] کە لەسالی ١٩١٣–١٩١٤ دا بلاوکراوەتەوە. دووەمیان <u>ژیانی نویٚ</u>[٤٠] لە سالی ١٩١٨ دا بلاوکراوەتەوە. سیٚیەمیان <u>ئەوینی زیرین</u>[٤١]،لە ١٩٢٣ دا بلاوکراوەتەوە. کەوابی لە پیشەوای مەزن مستەفا کەمالەوە تا دەگاتە هەموو ئەوانەی لە سالانی(١٩٣٠) دا تیزی میژووی تورکیان دارشتووە

---

* *مامۆستا ئەحمەد محمد ئیسماعیل ئەم شیعرەی کردووە بە کوردی.*

*(٣٩)Ziya <u>Gokalp, Kizilelma</u>, Turk Yurdu Kitaplari, No. 8, Akkurum Hayriye Matbaasi ve Ortaklari, Istanbul. 1914, S.146.*

*(٤٠)Ziya Gokalp, <u>Yeni Hayat</u>, Nasiri: Yeni Mecmua Evkafi Islamiye Matbaasi, Istanbul 1918, S.73.*

*(٤١)Ziya Gokalp, <u>Altin Isik</u> Turkiye Cumhuriyeti Maarif Vekaleti, Nesriyatindan,Cocuk Kutuphanesil,Matbaa-i Amire,Istanbul 1923, S.197.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پـەرەیان پیـداوە، پەیوەندیـەکی ئۆرگانی‌یـان لەگـەل ئیتیحـاد و تـەرەقی و (زیاگۆك ئالپ)[٤٢]ی باوکی فکریی ریکخراوی ناوبراودا هەیە. تیزی میژووی تورك دریژکراوەیەکی سیستەماتیکتری تەوژمی"تورکچیتی" و "تۆرانچیتی" ی سالانی ١٩١٠ یە. زانیاری‌یەك نیە کە پیشەوای مەزن، یانەی تورکی، یاخود ئەندامانی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك، کتوپر و لەسالانی سی دا دۆزیبیتیانەوە.

### *III*. یەکەمین کۆنگرەی میژووی تورك

لە سەرەتاکانی مانگی نیسانی ١٩٣١ دا، یانە تورکی‌یەکان داخراون. بەم شیوەیەش "ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك–ی یانە تورکی‌یەکان " یش کەسیتی یاسایی خۆی لەدەست داوە. پاشتر لە ١٥ی نیسانی ١٩٣١دا، "ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك" دامەزراوە. لە سالی ١٩٣٥ یشدا ناوی ئەنجومەنەکە گۆراوە بۆ دەزگای میژووی تورك (مؤسسە التاریخ الترکی)[٤٣]

کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك، کەلەنیوان ٢–١١ی تەمووزی ١٩٣٢دا ریکخراوە، قۆناغیکی گرنگ بووە بۆ پیگەیشتن و بەرفراوان بوونی تیزی

(٤٢) *سەبارەت زیاگۆك ئالپ و نووسین و شیعرەکانی بروانە:*
***Kazim Nami Duru, Ziya Gokalp, MEB Milli Egitim Basimevi, Istanbul 1949, S.289. Ismail Habib Sevuk, Tanzimattanberi EdebiyatTarihil, Remzi Kitapevi, Istanbul 1942,S.394-398. Cavit Orhan Tutengil, Ziya Gokalp Hakkinda Bir Bibliyografya Denemesi, Berksoy Matbaasi,Istanbul 1949,S.54. Kazim Naim Duru, Ziya Gokalptan SecmeYazilar,2.bs, Ankara 1942, Sumer Basimevi. Ismet Binark-Nejat Sefercioglu, Dogumunun 95. Yil Donumu Munasebetiyle Ziya Gokalp Biblliyografyasi, Kitap- Makale, Turk Kulturunu Arastirma Enstitusu Yayini, Ankara. 1971,S.200.***
(٤٣)***Ulug Igdemir, a.g.e. ,S.7.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**میژووی تورك. وەزیری (مەعاریف) ئەسعەد بەگ (سایگی) لە ووتاری کردنەوەی کۆنگرەدا ئاوا دەڵیت:**

**" مەعلومی بەریزتانە کە میژوو بناغەی هەموو زانستە کولتووری‌یەکانە. میللەتیك تەنها لە میژووەوە دەتوانێ رووداوەکانی رابوردوو، بنەچەو سەرچاوەی وولاتەکەی، زمانی، ئەدەبەکەی، هونەرەکانی بوونی ئیداری- کۆمەلایەتی و سیاسی- مەدەنی خۆی و، رەوتی هەموو ئەمانە لەژیر کاریگەری بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا، فیرببیت. نوسخەی یەکەمی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتیبانەش کە تائیستا کراون بەتورکی یاخود کۆپیە کراون، بەتەواوی پیچەوانەی ئەم مەبەستە بوون و، بەهەر هۆیەك بیت لەراستی و هەبوون و خودیتی میللەتی تورك و، ئەو خزمەتانەی پیشکەشی شارستانیتی جیهانی کردووە، خۆیان بەدوور گرتووە.**

**ئەمە لە کاتیکدایە کە ئەگەر چاویك بە کتیبی یەکەمی"میژوو"(٤٤) ی نویماندا بخشینین کە <u>لەسەر بناغە زانستیو بنەرەتیەکان</u> نووسراوە، تیدەگەین کە : لەکاتیکدا کەتورك لە نیشتمانی یەکەمیاندا لە ئاسیای ناوەراست، ١٢ هەزار سال <u>پیش زایین</u> چاخی بەردینی یەکەمیان تیپەراندووە، ئەوروپاییەکان پینج هەزار سال دوای تورك توانیویانە لەم چاخە رزگاریان بیت. لەلایەکی تریشەوە، ئەو کاتەی تورکەکان لە ئاسیای ناوەراستدا شارستانیتی کانزا (معدن) و تەختەیان هیناوەتە ئاراوە، گیانەوەرانیان دەستەمۆکردووە و دەستیان کردووە بەکشتوکال، هیشتا مرۆڤەکان لەناو بۆشایی کۆتەرەدارو تاشە بەردەکاندا ژیاون. لەکۆتاییەکانی چاخی سەهۆلبەنداندا (العصر الجلیدی) ، کەریکەوتی چاخی بەردینی نویێ دەکات، بەهۆی ئەو گۆرانە سروشتی‌یە گرنگانەوە کە بەکشانەوەی سەهۆلەکان هاتنە ئاراوە، ژمارەیەکی زۆر لەخیلە تورکەکان دەستیان کرد بەکۆچکردن. بەم شیوەیە ئەو تورکانەی ٧٠٠٠ سال پیش زایین ، گەیشتبوونە ئاستی**

---

*(٤٤) باسی کتیبی (٦٠٦) لاپەرەیی <u>هیلە گشتی‌یەکانی میژووی تورك دەکات</u> . هەروەها لەسەرەتای سالی ١٩٣٢دا مەبەست لەبەرگی یەکەمی ئەو کتیبی میژووە چوار بەرگی‌یەیە کە بۆ قوتابخانە دواناوەندیەکان نووسراوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جووتیاریو شوانیو، ئالتون، مس، قەلایی (قصدیر) و ئاسنیان دۆزیبوۆوە، پاش بەجێ هیشتنی ئاسیای ناوەراست، یەکەمین شارستانیتییان بەو شوینانەدا بلاوکردۆتەوە کەبۆیان چوون. بەمجۆرەش لەئاسیادا بناغەی شارستانیتی هندو چین، لەئانادۆلیشدا کەکردوویانە بەنیشتمانی پیرۆزی خۆیان، حیتی، لەمیسۆپۆتامیادا سۆمەرو ئیلام وسەرەنجام بناغەی شارستانیتی میسر و دەریای سپی و رۆما یان دامەزراندووەو، ئەو ئەوروپایەی ئەمرۆ ریز لە شارستانیتییەکەی دەگرین و بەدوایدا دەچین ، تورکەکان لەژیانی ئەشکەوت رزگاریان کردووە.

لەو لیکۆلینەوە ئارکیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و ئەتنۆگرافیانەوە کە زاناکانی جیهان لەسەر ریگاکانی کۆچکردن وشوینی نیشتەجێبوونی کاروانە کۆچەرەکان ، لەکۆنەوە تا ئەمرۆ کردوویانەو دەیکەن، دەرکەوتووە ژمارەیەکی زۆر قەومی تورك یەك لە دوای یەك بەهەر چوار لای ئەوروپادا بلاوبوونەتەوە و یەکەمین شارستانیتییان بلاوکردۆتەوەو ، لە ئاسیای ناوەراستەوە، کە نیشتمانی یەکەمی تورکەکانە ، هاتوون بۆ ئەو ناوچانە. ئەو لیکۆلینەوە ئارکیۆلۆجیانەی لە (خەراپا) و (مۆهەنجۆ دەرۆ) داکراون، نیشانی دەدەن شارستانیتی هند یش لەلایەن کاروانە تورکییە لە ئاسیای ناوەراستەوە هاتووەکانەوە، دامەزراوە.

" یەکیکیش لەو بەلگە گرنگ و بەهیزانەی دەیسەلمینن کە شارستانیتیی جیهان لە ئاسیای ناوەراست و لەتورکەوە چووە بۆ شوین و میللەتانی تر، زمانی تورکییە. بیجگە لە لیکۆلینەوە(ئەتیمۆلۆجی–ریزمان ناسی) یەکان، لیکۆلینەوە میژوویی و جوگرافیەکانیش گرنگی و ماهیتەیکی ئەوتۆیان هەیە کە قەناعەتمان پی دەبەخشن زمانی تورکی زمانیکی سەرەکی و گشتییە. هەندیك ووشەی سەرەتایی لەزمانی تورکیدا، کەهەمان ئەو مانایانە دەگەیەنن کە بەرامبەرەکانیان لە زمانە جۆراوجۆرەکانیاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەیانە،هەروەها پەیوەندی و نزیکایەتی نیوان هەندیك ناوی جوگرافی‌ی وەکو شار و روبار لە رووی پیکهاتنی ووشەوە، راستەوخۆ بەچاودا دەچن."[٤٥]

نووسەری گشتی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی تورك (د. رەشید غالب بەگ) یش لەکۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا ووتاریکی پیشکەش کردووە، کە بەشیوەیەکی بەرفراوان تیزی میژووی تورك ڕووندەکاتەوە. د. رەشید غالب بەگ لەووتارەکەیدا، "روانینیکی گشتی بۆ میژووی رەگەزو شارستانیتی تورك"، بەکورتی ئاوا دەلیت:[٤٦]

" میژوو بە بەلگەنامە دەنووسریتەوە. بەلگەنامەش بە گەران و پشکنین بەردەست دەکەوی. بەم پی‌یە (ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك) یەکیتی پشکنەرو تویژەرەوەکانە. گەران و تویژینەوە چەندە فراوان و چەندە بەپی‌ی پرنسیپە زانستی‌یەکان ئەنجام بدرین، تویژەران چەند بەنرخ و بەژمارە زیاد بن، سەرچاوەی کۆشش و خۆماندووکردن چەند بە هەست کردن بە وەزیفەو ئەرکی سەرشان بەهیزتر بکریت، ئەوەندە زووتر میژووی میللی(نەتەوەیی) بەهەموو لاپەرە نزیك و دوورەکانیەوە، بە خۆری راستی دەگات. بەناوی هەموو تورك و تورکایەتی‌یەوە سەری ریز و نەوازش بۆ پەیکەری پایە بەرزی(حەقیقەت)- سەرۆکی مەزن دادەنەوینم، وەکو ئەورابەرەی ئەم ریگایەی کردۆتەوە و هەموومان لەبەر رۆشنایی بەردەوامی رینماییەکانی خۆیدا، دەخاتەری."[٤٧]

د. رەشید غالب بەم شیوەیەی خوارەوە ئەو بەلگەنامانەی بەپی‌ی پرنسیپە زانستی‌یەکان بۆیان گەراوە و بەدەستی هیناون، ئەو قەناعەتەش کە لەسەر بناغەی بەلگەنامەکان پی‌یان گەیشتووە، رادەگەیەنی:

---

*(٤٥)Birinci Turk Tarih Kongresi, Konferanslar, Zabit Tutanaklari, Maarif Vekaleti ve Turk Tarihi Tetkik Cemiyeti Tarafindan terkip edilmistir s. 5-7.*

*(٤٦) Birinci Turk Tarih Kongresi, s. 99-161, ve bu konferans uzerinde yaplan tartismalar, s. 162-193.*

*(٤٧) a.g.e , s. 162-193.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" ئەو جۆری مرۆڤانەی بەدوای جوولان و کەوتنەری و بلاو بوونەوەیاندا چووین(واتە رەگەزی تورك)، ئیستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەو پاشماوانەیان بکۆلیتەوە کە بەژیان و چالاکیەکانیان لە مەیدانی بلاوبوونەوەیاندا بەجی‌یان هیشتوون و تویژینەوە لەسەر کاریگەری‌یان لەسەر میژووی گشتی جیهان و میژووی شارستانیتی بکەین. با لەسەرەتای قسەوە تەسلیمی ئەوراستی‌یە بین کە: ئەوانەی لەناو ئەو هەموو جۆرانەی مرۆڤدا( لەناو ئەو هەموو رەگەزو نەژادانەدا)، بەدریژایی میژوو بۆ هەرکوی‌یەك چووبن، درەنگ یازوو فەرمانرەوایی خۆیان دامەزراندووە؛ بەرۆحیکەوە کە رۆژ لەدوای رۆژ و بەرۆژی ئەمرۆشەوە، شەیدایی مرۆڤایەتی هوشیار و بیریاریان بۆ خۆیان زیاد کردووە و وایان لی‌کردوون رۆژ بە رۆژ بەریز و حورمەتیکی زیاترەوە تەماشایان بکەن و لی‌یان بکۆلنەوە، ئەو مرۆڤانەی خولقینەری شارستانیتی‌یە گەورەکانن، ئەوانەی زانایانی هاوچەرخ پی‌یان دەلین ئالپی یەکان و ئیمەش بەشیوەیەکی راستتر پی‌یان دەلین (ئاتاتورکەکان- باوکانی تورك)، رۆلەکانی رەگەزی موعجیزەن.[٤٨]

" لە خۆرهەلاتی ئاسیاو بە تایبەت لە باشووری خۆرهەلاتی ئاسیادا، پالە- ئالپی‌یەکان دەرفەتیکی‌تریان دەست کەوت بۆ ئەوەی کاراکتەری خۆیان نیشان بدەن. لەم ناوچانەدا، لەئەنجامی پیکدادانیکدا بوونە فەرمانرەوای( پرۆتۆ- ئۆستراليت)*و(پرۆتۆنەگرۆیت)**ە کۆنەکان. (ئەمانیش) توانای

---

*(٤٨)a.g.e., s. 110.*

** ئۆستراليت (Austric): خیزانە زمانیك کە دابەش دەبیت بەسەر دوو لقی سەرەکیدا:*

*١- ئۆسترۆ ئەسیات( Austroasiat) لە خۆرهەلاتی هندستان و هندوچین.*

*٢-ئۆسترۆنی سیان(Austrone sian)، گروپەکانی ئەندۆنیسیا، یاخود مالای، پولی نیسیا، میکرۆنیسیا و میلانیسیا دەگریتەوە. بروانە:*

***Chambers 20th Century Dictionary, Edited by E M Kirkpatrick, W and R Chambers Ltd 1983, Reprinted 1985, P 81.***

*** نەگرۆیت(Negrito): قەومیکی کورتە بالای رەش پیست کە لە باشووری خۆرهەلاتی ئاسیادا ژیاون. بروانە: المورد ١٩٨٣، دار العلم للملایین-بیروت، ص ٦٠٨ . هەروەها: Chambers، ل ٨٤٧.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرگریەکی بەهێزیان بەرامبەر هێزی روو لە زیادبوونی ئالپییەکان نیشاندا ئەمانە،بە تێکەلاوبوونیکی کەمیان لەگەل(کاسیەن) یاخود(ئالپی)یەکاندا، توانیان ژمارەیەکی زۆر دەولەتی وەکو نان–شاۆ،کامبۆج،سییام،بۆرما،وماکۆ پاهیت دامەزرینن. یاخود بە تێکەلاوبوونی بەردەوام و بێ پسانەوەیان لەگەل توخمی ئالپییەکاندا، توانییان تواناو لێ هاتوویی تورك وەرگرن و بێنوینن(!!)" (٤٩)

نووسەری گشتیی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك د. رەشید غالب بەگ، پاش ئەوەی بەو شیوەیە نیشانی دەدات کە چۆن تورکەکان لەخۆرهەلاتی دووردا شارستانیتیو دەولەتیان دامەزراندووە، سەبارەت بە مەیدانی شارستانیتییە دیرینەکانی تریش،بەکورتی ئاوا دەلیت:

"  (کارلگرەن)ی زانای سویدی، پاش لیکۆلینەوەو خویندنەوەی ئەو بەلگەنامانەی لە هەلکۆلینەکانی چین–ەوە بەدەست هاتوون،بەشیوەیەکی روون وسادەتر رایگەیاندووە کە پاشماوەکانی(هۆنان)و(مەنچوریا) رەنگە نیشانەی شارستانیتییەکی ناوچەیی(محلی) بن، بەلام ئەم شارستانیتییە لە ژیر کاریگەری تەکنیکەکانی گەلیکی خۆرئاوادا بووە(کەلە رەگەزی چین نەبووە)، بەلام گومان لەوەدا نیە لەرەگەزی تورك بووە."(٥٠)

"  بارودۆخی هندیش بە تەواوی هەمان بارودۆخی چینە. لەم سالانەی دواییدا لەویش شارستانیتی کۆن دۆزراوەتەوە کە چاخە میژووییەکانی ئەوێی هیناوەتە ئاراوە،(رۆلاند ب. دیکسۆن) ١٠سال لەمەوبەر گوتوویەتی،دەبێ ئەم شارستانیتییە لەلایەن (براکیسەفال)ەکانی ئاسیای ناوەراستەوە( واتە لەلایەن تورکەکانەوە) هینرا بیت بۆ ئیرە. ئەو راستییەش کە هندستان لەچاخە میژووییەکانداو تا ناوەراستەکانی چەرخی نۆزدەهەم،مەلبەندی ژمارەیەکی زۆر دەولەتی گەورەو ئیمپراتۆری تورکی بووە، ئەوەندە فاکتیکی نوێو زانراوە،کە پیویستی بە بیر هینانەوە نیە."(٥١)

*(٤٩) a. g. e., s. 110.*

*(٥٠) a. g. e., s. 115.*

***(51)** a. g. e., s. 115-116.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" شارستانیتی میسۆپۆتامیا، کەتا ئەو کاتە وادەزانرا سامیو ناوچەییە (محلی)،مەحالە بە ناوچەیی لەقەلەم بدرێ. مولکی رەگەزیکە زۆر لەرەگەزی سامی کۆنترەو سامی نیە. ئەم رەگەزو شارستانیتییە لەئاسیای ناوەراستەوە هاتوون. سۆمەریەکان کە نوینەری دیارو هەلکەوتووی ئەو شارستانیتییەن، بەگوتەی هەندێ نووسەری هاوچەرخ،کە ئەمرۆ نایانەوێ زۆر دووبارەی بکەنەوە، تۆرانین، یاخود راستتر وەکو خۆمان دەلیین لەرەگەزی (تورك)ن."[٥٢]

د.رەشید غالب رایدەگەیەنێ ئەگەری ئەوەی کە دامەزرینەرانی شارستانیتی میسر[٥٣]وئیجەش[٥٤] ئەو تورکانە بووبن کەلە ئاسیای

---

*هەروەها بروانە: کۆنفراسی لەنیوان قەومە خزمەکانی هندا، کەلەلایەن(زایتی فرەنچ)ەوە پیشکەش کراوە (ل ٣٦٦-٣٦٨)، لەو گفتوگۆیانەدا کەلەسەر ئەم کۆنفرانسەو ئەوانی تر کراون(ل ٣٦٩-٤٠٠)، بەدووررودریژی قسە لەسەر ئەم بانگە شانە کراوە.*

***(52)** a. g. e., s. 117.*

*د.رەشید غالب لەکۆنفراسەکەیدا (تیروانینیکی گشتی بۆ میژووی شارستانیو رەگەزی تورك)، بەووردیو پێداگرتنەوە جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ئەوانەی شارستانیتی میسۆپۆتامیایان دامەزراندووەو ژیانیان پێ بەخشیوە، تورك بوون و سۆمەری، ئیلامی، ئەکەدیو کەلدەییەکانیش تورك بوون. لە گفتوگۆکانیشدا بەحەماسەتەوە ئەم بابەتانە باسکراون.ل ١١٦-١٢٠، ل ١٤٢، ل ١٥٣-١٥٧.*

***(53)** a. g. e., s. 120-121.*

*هەروەها بروانە: کۆنفرانسی پەیوەندی ئایین و خوداکانی میسر لەگەل توركدا، کەلەلایەن (یوسف زیا بەگ)ەوە پیشکەشی کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك کراوە( ل ٢٤٣-٢٦٠)، بەدریژی لەسەرئەوە راوەستاوە کە دامەزرینەرانی شارستانیتی میسر، تورکەکان بوون. لافی ئەوە لیدراوە کەریشەی خوداکانی میسر تورکییەو ئەو زمانەش کەلە میسردا قسەی پێکراوە، تورکی بووە.*

*(٥٤) **a. g. e., s. 122-124.***

*هەروەها بروانە:کۆنفرانسی تیروانینیکی گشتی بۆ بنەچەی شارستانیتی ئیجە، کەلەلایەن (حەسەن جەمیل بەگ)ەوە پیشکەشی کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك کراوە( ل ١٩٩-٢٣٢). لەم کۆنفرانسەو لەوگفتوگۆیانەشدا کە لەسەری کراون( ل٢٣٣-٢٣٧)، ئەو بانگەشانە باسکراون و هەولی سەلماندنیان دراوە. لافی ئەوە لیدراوە کە ئەو زمانەی لە ئیجەدا قسەی پیکراوە،زمانیك بووە رەگەکەی دەگەریتەوە بۆ ئاسیای ناوەراست، واتە تورکی بووە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەراستەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچانە ، ئەگەریکی زۆر گەورەیە. پاشان دەلیت دامەزرینەرانی شارستانیتی (رۆما)ش هەر تورك بوون:

" (ئۆمبریەر)ەکان کە دەلین یەکیك بوون لە قۆلەکانی (گۆلڤالی)یەکان و یەکیکن لە کۆنترین قەومەکانی ئیتالیا، بە (ئەتروسك)[*] ەکانیان دەگوت (تورکوس–*Turkus*) رەگی ئەم ووشەیە لەو رووەوە گرنگە کەبەشیوەیەکی ئاشکراو سەرنج راکیش نزیکایەتی لەگەل ووشەی تورك دا نیشان دەدات. (مارتا) کە نووسەریکی ترە، لەکتیبەکەیدا بەناوی (زمانی ئەتروسك)، ئەو رایە دینیتە پیشێ کە زمانی (ئەتروسکی)سەربەزمانە (فینلاندی–ئوغور)ەکانە."[٥٥]

یەکیکی تر لەبەشەکانی کۆنفرانسەکەی د. رەشید غالب، کەبە حەماسەتیکی زۆرەوە باسی کردوون، ئەو بەشەیە کەپەیوەندی بەحیتییەکانەوە هەیە.

" ئیستا دیمە سەر حیتییەکان کە بە جیمان هیشتبوون بۆ کۆتایی باسەکە. واتە باسی ئەوانەی سیمای شارستانیی (ئانادۆل)یان بەرزکردەوە کەنیشتمانی رەسەنی ئیمەیە، ئەو باپیرە مەزن و شکۆمەندانەمان کەیەکەمین شارستانیتی گەورەو یەکەمین ئیمپراتۆری گەورەیان دامەزراند. هەروەها باسی ئەوانەی دوابەدوای حیتییەکان لە ناوەندەکانی ئانادۆلی خۆرئاوادا چەندین دەولەتیان دامەزراند. ئەو لیکۆلینەوە زانستیانەی تائیستا ئەنجامدراون، دەریان خستووە کە حیتییەکان هەلگری کۆمەلیك سیفەتی ئەنترۆپۆلۆجی هاوبەش بوون، کە دەگەریتەوە بۆ رەگەزی تورك."

" بەلام تایبەتی ترین شت لە جل و بەرگی حیتییەکاندا، بریتیە لەو پیلاوانەی لووتەکانیان بەرەو سەرەوە هەلگەرابۆوە. ئەمە پیلاوی بەفرە. بەکارهینانی لە (قادش)دا، نیشانی دەدات کە حیتییەکان لەناوچە

---

*(*) ئەتروسك–Etruscan: دانیشتوانی ولاتی ئەتروریا–Etruria کەیەکیك بووە لە دەولەتە کۆنەکان لەئیتالیای ئەمرۆدا. بروانە: ، ل ٤٣٣.*

*(٥٥)a.g.e. ,S.124.*

ساردەکانی باکوورەوە هاتوون. تورکەکان پیلاوی لەو شیوەیەیان هینایە ناو خەلکی ناوچەکانی میسرو سوریاوە، ئەمەش بەشیوەیەکی حاشا هەلنەگر بنەچەی باکوریی تورکە سەرکەوتووەکان نیشان دەدات."(٥٦)

د. رەشید غالب بەگ، لەسەر ناوی "تورك"یش رادەوەستێ:

" ئەگەر ئەو نووسینانە کۆبکرینەوە کە بە پێی بڕوای چەوت و پاشماوەی نەریتی دژایەتی کردنی رەگەزی تورك نووسراون، کەلەسەردەمانیکی دوورەوە لە ئەورووپادا و ماوەیەکی دریژیش لەئەمەریکادا دریژەیان پیدراوە، بەتەنها خۆیان کتیبخانەیەکی گەورە پیك دەهینن. گەیشتنی ئەو جۆرە تیروانینانە بەکتیبەکانی خویندن و فەرهەنگی ووشە (قاموس)و سالنامە گشتیەکان، نیشانی دەدات کەئەم عەقلیەتە چەوتە بەچ سووربوونیکی گەورەوە رەگی داکوتاوە. وەکو نموونەیەکی زۆر تازە، باتۆماری یەکیك لەو سالنامە گشتی‌یانە لەسەر تورك بینینەوە، کە لەسەردەمی ئەمرۆماندا بەجدیترین و جێ بڕواترین سالنامەی گشتی دەژمیردرێ و یەکیکە لەبلاوترین سالنامەکان . لەچاپی ئەم سالانەی دوایی سالنامەی باسکراودا دەنووسرێ ، ووشەی تورك لە ووشەی (تورکۆر)ی عەرەبیەوە وەرگیراوەو لەعەرەبیشدا مانای چەتەو راووروتکەر دەبەخشێ.

بۆ دەرخستنی جەسارەتی چەپەلی ئەو عەقلیەتەی ئەماژەمان بۆکرد، هەرئەوەندە بەسە کە بلیین لەعەرەبیی کۆن و نوێدا، تەنانەت لەزمانە سامیەکانی خزمی عەرەبیشدا، ووشەی لەوجۆرە دەست ناکەوی. ئەمە بەتەواوی هەلبەستراوەو بیگومان بەمەبەستیش هەلبەستراوە."(٥٧)

د. رەشید غالب پاش راگەیاندنی ئەوەی هەموو شارستانیتی‌یە دیرینەکان لەلایەن تورکەوە دامەزراون و پەرەیان پیدراوەو پاش راوەستان لەسەر ناوی "تورك"، دووبارە لەسەر ئانادۆل و میسۆپۆتامیا رادەوەستێ..

---

*(٥٦)g.e. ,s.131-132*

*(٥٧)a.g.e.,s.150-151 ; Ayrica bk.H Scheel,Eski Vesaik Ilim, Ikinci Turk Tarih Kongresi, Istanbul1943 ,s.668*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" بەداخەوە ناچارین بلیین، هەمان ئەو هۆكارانە، كاریگەریی خۆیان لەسەر جێبرواترین زانستكارەكانی ئەوروپاو بێلایەنی زانستیانە لەو بابەتانەشدا كە پیویستیان بە زۆرترین بێلایەنی هەیە، نیشان دەدا. بگرە دەتوانرێ بگوترێ هەتا ئەمرۆش بەردەوامە. دووبەلگەی ئەم راستییە لەدوو رووداوی زانستی گرنگدا كە بێئەندازە سەرنجی ئیمەی تورك رادەكیشن ، بەروونی دەبینین.

یەكیكیان لەسالانی دوای یەكەمین سەرهەلدانی شارستانیتی میسۆپۆتامیاو شارستانیتییەكانی تری ئانادۆلدا بەرچاوكەوت.

پاش ئەوەی بەشیوەیەكی موعجیزە ئاسا شارستانیتی توركە سۆمەریەكان لەژیر لم هاتە دەرەوەو نووسراوە سۆمەریەكان خوینرانەوە، ئەو زانایانەی لەم شارستانیتییەیان كۆلیوەتەوەو دەقە بەجیماوەكانیان خویندۆتەوە، یەكەمین قەناعەتی راستگۆیانەی خۆیان راگەیاندووەو گوتوویانە ئەمە شارستانیتییەك بووە كەلەلایەن قەومیكی تۆرانییەوە ، لەتۆرانەوە هاتووە."[٥٨]

" ئەو دیدو بۆچوون و كاریگەریانەش كەدۆزینەوەكانی شارستانیتی حیتی هیناونیەتە ئاراوە، هەمان رەوتیان هەبووە.

هەر كە شارستانیتی حیتی لە ئانادۆلدا دۆزرایەوە، زانستكارە راستەقینەكان بێ هیچ دوودلییەك رایانگەیاند ئەمە شارستانیتییەكی تۆرانییە، لەئاسیای ناوەراستەوە هاتووەو حیتییەكانیش كەئەم شارستانیتییەیان هیناوە، میللەتیكی تۆرانی بوون. بەلام ئەو تەوژمەی ناكرێ بەدۆستی توركچیتی دابنری، دیسان بەهەموو ناحەزی و ژەهرەكانی خۆیەوە كەوتە سەر لاپەرەی كتیبەكان."[٥٩]

نووسەری گشتی ئەنجومەنی لیكۆلینەوەی میژووی تورك د.رەشید غالب ، بەم قسانە كۆتایی بەكۆنفرانسەكەی دینێ:

---

*(٥٨) a. g. e., s. 153.*

**********************

*(٥٩)a.g.e. , s.155.*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" مەسەلەی سیما، بالا، جوانی و ناشرینی رەگەزی ئیمەش نووسەرانی ئەورووپای کەم بەخۆیەوە خەریك نەکردووە. هەر لە بەشەکانی سەرەتای ئەم باسەدا گوتوومانە دوا لیکۆلینەوە یەکلا کراوەکان سەلماندوویانە کەئیمە لەروانگەی سیفەتە ئەنترۆپۆلۆجیەکانەوە، نەوەی براکیسەفالە ئالپیەکانین کەباوکی شارستانیتین."

" هەموو ئەم نووسەرانە بەشیوەیەکی زۆر راست دیوی ناوەوەی مەسەلەکەیان تاووتوێ کردووە، بەئاشکرابوونی ئەم دیوەش، دەتوانرێ بگوترێ ئیمە بەئەورووپایی نەبووین، بەلکو ئەورووپاییەکان کەبنەچەیان (پرۆتۆ-نەگرۆیت) و(پرۆتۆ-ئوسترلیت)ە، لەئەنجامی هیرشی بەردەوامی تورك و بەریەك کەوتنی زوو زوویان لەگەل تورکەکاندا، بەتورك بوون ئەو جۆرە شیوەیەی ئیستای خۆیان وەرگرتووە، گەیاندنی ئەورووپاییەکانیش بەم ئەنجامە، کاریکی زۆر سەخت بووە بۆ تورکەکان."[٦٠]

" نەك هەر لەرووی بەرزی بالا، سیمای دریژو سپی، لووتی ریك یاخود باریك و چەماوە و پیلوی گەورەوە، بەلکو لەرووی ئاسۆییشەوە، (تورك) یەکیکە لەجوانترین نموونەکانی رەگەزی سپی."[٦١]

" نووسەری جۆراوجۆر تویژینەوە لەسەر سیفەتە گشتیەکان و شیوەو جۆری هونەری تورکی کردووە، سەبارەت بەبلاوبونەوەی هونەری تورکی بە میسۆپۆتامیا، میسر،ئاسیای بچوك و دەریای سپیدا، لەشیوەی بەشی تایبەت و جیاجیادا، لیکۆلینەوەی بەنرخیان لەسەر (پشکی تورك لەهونەری ئیسلامیدا)، (کۆنترین جیٚپەنجەکانی هونەری تورکی لەسەر هونەری مەسیحی ئەورووپا)، (جیٚپەنجەکانی هونەری تورکی لەسەر ئەورووپای نویٚ)، (هونەری تورکی لەخۆرهەلاتی ئەورووپادا) و هتد، ئەنجام داوە.

ئەی مامۆستا بەریزو هەلبژاردەکانی (دار الفنون-زانکۆ) پەیمانگای مامۆستایان، دواناوەندیو ناوەندیەکانمان: راستی (حەقیقەت) لای ئیمەو لای ئیوەش جیگیرو سەلمینراوە. ئەوانەی خوینی تورکیان تیدایە کە گەوهەرەکەی

(٦٠)*a.g.e.,s.157-159.*

(٦١)*a.g.e.,s.159.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرگیز گەردی لێنانیشی، بەهەموو مانایەکی رەسەن، هیچ گومانیکمان لەم راستییە نابیت. تیزەکەمان حەقیقەتی ئیمە، دەخاتە ریزی قەناعەتەکانی هەموو مرۆڤایەتییەوە. ئەو تروسکەی زانیاریو رینماییانەی سەبارەت بەدەسەلاتەکانی میژووی نیو نەتەوەیی، لەسەر دەستی ئیوە پیدەگەن، هەوری ئەو دەمار گیریە خۆمالیو بیگانەیەی چەندین سەدەیە رەشاو بەسەر میژووی تورکدا دەبارینی، دەرەویننەوەو میژووی تورك لەئەرگەنەکۆن[*] دەردەچیت. ئەمە نەك هەر سەرکەوتنی ئیمە بەلکو سەرکەوتنی حەقیقەتی ئەزەلیو ئەبەدی–یش دەبیت."[٦٢]

دەکری کۆنفرانسەکەی نووسەری گشتی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك د. رەشید غالب بەگ " روانینیکی گشتی بۆ رەگەز و میژووی شارستانیتی تورك" لە کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا، بەم شیوەیە کورت بکریتەوە. بە یەك رستە کورتەکەی ئەمەیە: لە باشووری خۆرهەلاتی ئاسیاوە بیگرە تادەگاتە چین، هند، میسۆپۆتامیا، میسر، ئانادۆل، ئیجە، کریتو، رۆما، بنیاتنەرو پەرەپیدەری هەرهەموویان تورك بوون. خەلکی رەسەنی میسۆپۆتامیا و ئانادۆل تورك بوون.

---

*(*) دەرچوون لەئەرگەنەکۆن (Ergenekon): ئەفسانەیەکی کۆنی تورکییە، گوایە تورکەکان لەناوچەیەکی شاخاوی سەختدا (ئەرگەنەکۆن) گیریان خواردبوو، ژمارەیان رۆژ بەرۆژ لەزیادبوون بوو، شاخو دارستانی ناوچەکە بەشی نەدەکردن. تەنها ریگەی دەرباز بوون، رارەویکی تەنگەبەر بوو کەدەرچوون لیوەی مەحال بوو. هەرلەناو رارەوەکەدا، کانیکی ئاسن هەبوو. هەموو کۆبوونەوەو بیریان لەریگە چارەیەك کردەوە. سەرەنجام بریاریان دا هەرچی دارو درەختی دارستانەکە هەیە بیبرنەوەو لەبەردەمی کانی ئاسنەکەدا بیسوتینن. بەمجۆرە کیوی ئاسنیان تواندەوەو ریگەی دەرچوونیان بۆ کرایەوە. بروانە کتیبی میژووی پۆلی یەکەمی دواناوەندی بۆ سالانی ١٩٩٢–١٩٩٣. تاسالی خویندنی ١٩٩٦–١٩٩٧ لەتورکیا (Lise Tarih I)، دانانی: پرۆفیسۆر ئەردۆغان مەرچیل، پرۆفیسۆر تانەر تارهان، د.زەرین گوونال، بووتە مەرچیل، خانەی بلاوکردنەوەی (Altin Kitaplar)، سالی ١٩٩٣، لاپەرە (٣٠).*

(٦٢) *a.g.e,s. 160-161*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـه كۆنفرانســەكەی د. رەشـيد غـالب بـەگدا، كەئـەوەندە لـە راسـتیی بابەتیەوە دوورە، كام فاكتەرە بنەرەتيانە رۆڵ دەبينن؟ كام فاكتەرانە بوونەتە هۆی گەيشتن بەو ئەنجامانەی ئەوەندە ناجدين؟

ئـەوەی لـە سـەروو هـەموو فاكتـەرە بنەرەتيەكانـەوە ديـت و بيگومـان گرنگترينيانـە، ئەوەيانـە كـە پـەيوەندی بـە تيگەيشـتن لـە چـەمكی"ميتـۆدی زانستی" يەوە هەيە . هەرچەندە لـەم كۆنگرەيـەدا زوو زوو چـەمكی وەكـو " زانســت"، "بەشــيوەيەكی زانســتی" و " بیلايــەنیی زانســتيانە" بــەكار دەهيـنری، بـەلام تاكـە چـەمكيك كەلەبـەر چاوناگـيریو ريـزی لیناگـيريت، " زانسـت"ە. ئايديۆلۆجيـای رەسمـی دەولـەت، بالادەسـتییەكی يـەكجارەكیی بەسەر بيركردنەوەی زانستيدا چەسپاندووە. بيجگە لە ئايديۆلۆجيای رەسمی دەولـەت، بروا بەهيچیتر نـەهينراوەو نـەگوتراوە. هيـچ رەخنەيـەك نـەگيراوە. بائــەم راســتیيە، بەهينانــەوەی نموونــە لــەووتاری د. رەشــيد غــالب و قسەكەرەكانی ترەوە، نيشان بدەين.

١

٢ ١-لەزانستدا فاكتەكان پیوەری راستین

٣ کەسەکان هەرگیز نابنە پیوەری راستی

د. رەشيد غالب لـە كۆنفرانسـەكەيدا بـە مستەفا كـەمال دەليـت "پەيكـەری خاوەن شكۆی راستی". رستەكە ئەمەيە:

"بـەناوی هـەموو توركايەتيـەوە، ويـرای سـوپاس ودانـەواندنی سـەری ريـز، سلاوی خۆم پيشكەشی پەيكـەری خـاوەن شـكۆی(حەقيقـەت)، سـەرۆكی مـەزن دەكــەم،وەك رابــەريك كەئــەم ريگايــەی بــۆ كردوينەتــەوەو لەبــەر رۆشــنايی بەردەوامی رينماييەكانيدا، هەمووماں دەخاتە سەر ریّ."

لەزانسـتدا، تاكـە پيـوەری "حەقيقـەت"و راسـتیيەكان، فاكتــەكانن. هــەر پيشــنيار،گريمانــە يــاخود تيۆرييــەك لەلايــەن فاكتەكانــەوە پشــت راســت بكريت،راستە. ئەگەر بەپيچەوانەی ئەوەوە بيت، هەلەيە. راستیو"حەقيقەت"، بيجگەلە فاكتەكان هيچ پيوەرو كيشانەيەكی تريان نابيت. بەلام ليرەدا مستەفا كەمال خۆی، وەكو" پەيكەری خاوەن شكۆ"ی"حەقيقەت"و سيمای حەقيقەت



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشکەش دەکریت. ئەمە خالیکی بێ ئەندازە گرنگە لە روونکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەتدا. چونکە قبول کردنی کەسیك وەکو"پەیکەری خاوەن شکۆ"ی"حەقیقەت"و تەماشاکردنی وەکو "پەیکەری خاوەن شکۆ"ی"حەقیقەت"،تاکەیەك مانای هەیە.ئەویش بریتی‌یە لەقبول کردنی هەموو ئەو قسانەی ئەو دەیانکات و هەموو ئەو پیشنیارانەی رایان دەگەیەنێ، وەکو"حەقیقەت". ئەمەش بەهیچ جۆریك لەگەل میتۆدی زانستیدا ریك ناکەویتەوە. بواری رەخنە گرتن بەتەواوی لەئارادا ناهیلێ. دۆگماتیزمیکی ووشك لەخۆیدا هەلدەگرێ.

ئەم هەلویستە، سیفەتە سروشتیەکانی ئەو کەسەی گریمانەکە رادەگەیەنێ، بەتەواوی دەخاتە لاوە. بگرە سیفەتەکانی پیاوی دەولەت (رجل الدولە)ش لەو کەسەدا لەناودەبات ودەیکاتە پیغەمبەر. دەیکات بەبت. سیفەتی کەسیکی پێ دەبەخشێ کە مایەی پەرستنە. واتە ئەگەر بپرسرێ "راستی چیە؟"، لەوەلامدا دەگوترێ "ئەوەیە کەئیستا مستەفا کەمال بیری لی دەکاتەوە".ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی دوورو نزیکی لەگەل هەلویستی زانستیانەدا نیە.

کەوابێ لەپرۆسەی بەرهەمهینانی زانیاریدا، کەسەکان ناتوانن ببنە پیوەری راستی‌و "حەقیقەت". فاکتەکان تاکە پیوەری راستین. هەر پیشنیار، گریمانە یاخود تیۆری‌یەك کەلەلایەن فاکتەکانەوە پشت راست نەکریت، بەراست وزانستی دانانریت.

زۆر سروشتی‌یە کەئەو دیدو بۆچوونەی مستەفا کەمال وەکو "پەیکەری خاوەن شکۆ"ی"حەقیقەت" وەردەگرێ، زانستیانە نەبیت. دیارە دۆزینەوەی راستی‌و "حەقیقەت"یش بەم هەلویستە، مەحالە. لەم رووەوە قسەکانی بەریوەبەرانی دەولەت، کە ئایدیۆلۆجیای رەسمی رادەگەیەنن، نابێ هەرگیز وەکو"تاکەراستی"، تاکە دروستی‌و تاکە حەقیقەت قبول بکرین. بەلام لەیەکەمین کۆنگرەی میژووی تورکدا، لەدەقی هەموو کۆنفرانسەکان و هەموو ووتارە پیشکەشکراوەکاندا، هەر قسەیەك مستەفا کەمال خۆی کردبیتی، وەکو "حەقیقەت" قبول کراوە. بگرە بەخەیالیشدا نەهاتووە کە دەشێ ئەو قسانەش بکرینە بابەتی رەخنە. باچەند نموونەیەکی تر بۆ ئەمە بینینەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" بەریزینە، بایەکسەر ئەوە بلیم کە هیچ مەتەلیك نیە کەوەکو (گرێکەی گۆردیۆم)* ،عەقلی ئادەمیزاد نەیدۆزیتەوەو لی ی تێنەگات، بۆیە هیچ کیشەیەك نیە کە چاوە بروسکە خولقینەکانی غازی مەزن بەیەك نیگا شیکاری نەکەن. لەسایەی ئەم دووربینیو هیزو توانایەدا کەسروشت بەملیۆنان کەسی رەوا نەدیوە، غازی مەزن تەنها بەرزگارکردنی ئیمەو وولاتەکەمان وازی نەهینا. بەلکو ناوو پایەی شکۆمەندی رەگەزەکەمان و پیشرەوایەتی کردنی بۆ هەموو مرۆڤ ومرۆڤایەتی لەبواری شارستانیشدا، هینایە مەیدانەوە کە هەزاران سال لەژیر خاکدا مابۆوە.

بەریزینە، لەسەردەمیکی زۆر نزیکتردا، تورکایەتی لەبێ هیواترین وتاریکترین رۆژگارەکانیدا بوو. نەك هەر تاریکترین وبێ هیواترین، بەلکو لە کۆتایی کورتترین رۆژگارەکانیدا بوو. لەهەناوی ئانادۆلەوە، هاواریکی تیژ، دەنگی(من هەم) بەرز بۆوە. بەرزبوونەوەی ئەم دەنگە خوینیکی تازەو گیانیکی تازەی کردەوە بە بەری هەموو تورکەکاندا.

ئەویش دەنگی رزگارکەری بوونی میللەت، واتە دەنگی مستەفا کەمال بوو. (١٠) سال لەمەوبەر بوو. جاریکی تر گویمان لەو دەنگە لەپۆلا رەقتر و لەشمشیر تیژترە دەبوو. ئەو دەنگە بوو کە بە سەربازەکانی دەگوت (ئامانج: دەریای سپییە). هەرچی گوت، ئەوە روویدا. ئەم رستە بچووکە سی ووشەییە، حکومەتیکی دامەزراند کە(٣٠٠) هەزار سال لە جیهاندا پایەدار دەبی. ئەو رزگارکەرە مەزنەی بە ئەندازەی ئیمانی خۆمان متمانەمان بە قسەکانی هەیە، ئەمرۆش بووە بە تیشکیکی پرشنگدار نەك هەر بۆ ئیمە، بەلکو بۆ هەموو جیهانی فکرو زانست. ئەمرۆش دووبارە هەمان دەنگ هاوار لەهەموو بوونەوەران دەکات و دەلیت (یەکەمین توخمی شارستانیتی لە جیهاندا، باپیرانی ئیمە دایاننا). لەراستیدا زاناو تویژەرەوەو لیکۆلەرەوەی بیگانە هەبوون کە تارادەیەك ئەم راستیەیان زانیبی. بەلام ئەو دەمارگیریەی وادەزانرا ناچیتە ناو جیهانی فکرو زانستەوە، نەیدەهیشت بلین (بەلی ئەمانە راستن). نەیدەهیشت دانی پیدا بنین. بەلام لەمەودوا ئەگەر حەزدەکەن، بانەیلین. ئیتر ئەفسونی ئەو گەنجینە سیحریەش بەتال بۆوە. کلیلەکەشی

---

* گرێی گۆردیۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتە دەستی خاوەنی راستەقینەی خۆی. گەنجینەکەی کردەوە. دەستە دەستەو کۆمەل کۆمەل، هەزاران بەلگەو هەزاران بەلگە نامەی بلاو کردەوە کەچەندین سەدە بوو ئاهی حەسرەتمان بۆ هەلدەکیشان. غازیی مەزن بە رەوانبیژی نەمری خۆی هەموو تورکیکی بەگەنج و پیرەوە، وا لیکردبوو کە قەناعەت بە عەشقی نیشتمان و بەجی گەیاندنی ئەرکی سەرشان بهینن. ئەو جوامیرە، رزگارکەرە، ئەمرۆش بەتیشکی مەعریفەو زانین میژووی تورکی مەزن، رابوردووی رەگەزی مەزنی تورک، ئیستای و سبەینی-شی درەوشاندەوە. ئەمانە ئەوەندە هیزی کاریگەرن کە، ئاگرەکان دەکوژینەوە، گرکانەکان خامۆش دەبن، دۆزەخ تەواودەبی، بەلام ئەو عەشقە نەتەوەییەی ئەو دروستی کردووە، ئەوعەشقی زانینەی ئەو هەژاندویتی، تەواوبوونی نیە وتەواو نابی.(چەپلە)

لەسەردەمی ئەمرۆماندا ژمارەیەك لەو زانا ئەوروپاییو ئەمریكاییانەی خەریکی ئارکیۆلۆجیو زمانەوانین، بەقسەی هەندیك تەمومژاوی و هەندیك تاریك، ئاماژەیان بۆ کۆنیی رەگەزی تورك و شارستانیتی تورك کردووەو، شایەتییان بۆ داوە. هەروەها هەندی لەزانایانی ئەنترۆپۆلۆجیاو ئەتنۆلۆجیا، سووچیکی ئەو پەردە ئەستوورەیان لاداوە، کە بەسەر میژووی رەگەزەکەماندا دراوە. بەلام هیچ یەکیك لەئیمە بیری لەوە نەکردەوە شوین پیی ئەو ئاماژەو شایەتییانە هەلگریو، بەدوایاندا بروات. نەیتوانی بیری لیبکاتەوە. کەس هەستی بەنرخ و مەزنیی ئەم مەسەلەیە نەکرد، کەمیژووی جیهان سەرەو ژیر دەکات. بەلام ئەوەی بەتیشکیکی زۆر بەهیزی زانست و هوشیاری، ئەو قسە تاریكو تەماویانەی رووناك کردەوەو سەردەمیکی میژوویی تورکی سەرتاپا نویو جیهانگیری بۆ جیهان خولقاند، تەنهاو تەنها غازی مەزنە.(چەپلەی بەردەوام)

بەریزینە لەدنیا هیچ راستیەك نیە رووبەرووی رەخنە نەبیتەوە. بەلی، رەنگە وابیت. رەنگە کەسانیکیش هەبن بلین گوایە هەموو جیهان تورك بووەو کەس پیی نەزانیوە سەرەرای ئەوەی ئەم رەخنەیەش هەر رۆژەی هەنگاویکی تر لەراستی نزیك دەبیتەوە، بەلام لە میژووی نویماندا بانگەشەی وای تیدا نیە. بەلکو تیزیك هەیە دەلیت سەرچاوەو ریشەو سەرەتای هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیـــهان(بـــانی* ئاســـیای ناوەراســـتە) و، (دامەزرینـــەرو هـــەلگری ئـــەو شارســتانیتییەش تورکـەکانن). هـەروەها کەسـانیکیش هـەن کـە گیرانـەوەی دیرینــی تــورك و ئەوشارســتانیتییە بــۆ (١٠٠٠٠) ســال و زیــاتر، بــەزۆر دەزانن. ئەمانەش ئەوانەن کەخۆیان لە چەمکی کات هەلە دەکەن. بەریزینە، من میـژووی تورکـم ئـاوا خویندۆتـەوە، ئـاوا تـی ی گەیشـتووم، ئـاوا بەخـەلکی دەخوینم و هەرواش تییان دەگەیەنم کــە: وەك چــۆن لەجیهانی سیــاسەتی

* بان: هضبة



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمڕۆدا رزگارکەرە مەزنەکەمان ژیان بەبوونی ڕەگەزە مەزنەکەم دەبەخشیٚ، بەهەمان شێوەش خولقێنەری بوونی شکۆمەندو زیندووی رەگەزە مەزنەکەم لە رابوردوودا، خودی حەزرەتی غازی مەزن خۆیەتی.(چەپڵە)

لـەکاتێکدا کەهـەموو تورکـەکانی جیـهان سوپاسـی ئەبـەدی و حورمـەتی بیٚپایانی خۆیان عەرزی غازی دەکەن، لەگـەڵ ئـەواندا لـەخوای مـەزن داوای ژیـانێکی درێـژو پڕلە بـەختیاریی بۆدەکـەم. (چەپڵـەی بـەردەوام)(مامۆسـتای مێژوو، ئیحسان شەریف بەگ)[٦٣]

" لێرەدا کۆتایی بەقسەکانم دێنم. بەلاٚم ئەو قسانەی زانست و حەقیقەت دەیکەن، لێرەدا تـەواو نـەبووە. ئـەو هەڵکـەوتووە مەزنـەی ئـایندەی رەگـەزی تورکـی رزگـارکردووە، مێـژووی تورکیشـی رزگـار کـرد. حەقیقـەت لـەخۆی دڵنیایە، لەسەرخۆو بەهێمنی، هەنگاو بەهەنگاوبەرەوپێش دەچێـت!"(چەپڵەی بەردەوام)(ووتارەکەی سامیح رەفعەت بەگ)[٦٤]

" غازیی پایەبـەرز، کەدەسـتی بـۆ هەرچیـەك بردبـیٚ، ژیـان و گیـانی پیٚبەخشیوە، نوکی عەساسیحریەکەی خۆی گەیاندە ئەم خاڵەش، کەسـەدان چەرخە پشت گویٚ خراوە. مادام بەریەك کەوتنەکە روویداوە، مادام مەشخەڵی پڕبڵێسەو لەپێوان نەهاتووی بلیمەتی خۆی ئاڕاستەی ئەم مەسەلەیە کردووە، ئیتر دەبیٚ دڵنیابین لەوەی ئەوکۆششە زیندووانە لەسەر ئەم ڕێگا پرشنگدارە دەڕۆن و، بەهەرشێوەیەك بێت، سەردەمی غازی، بنیاتنانی ئەم بەرهەمە مەزنە، بەخۆیـەوە دەبینـیٚ. بەهـەرجۆرێك بێـت، دان بـەوەدا دەنرێـت کـە تورکـەکان

---

*[٦٣] لەوکاتەدا کە مامۆستا ئیحسان شەریف بەگ ئەم ووتارەی داوە، مستەفا کەمالیش لەناو ئامادە بووانی کۆنگرەکەدا بووە. باسەیری کۆنووسەکانی کۆنگرەبکەین:*
*حەیدەر بەگ ( بەڕێزینە، حەزرەتی غازی کە مەزنترین ڕۆڵەی مێژووی تورکە، بەتەشریف هێنانی پڕلوتفی ئەمڕۆی بۆ کۆنگرەکەمان، جارێکی تر سەلماندی کەگرنگی بە ووتنەوەی وانەی مێژووی تورك دەدات، کەبناغەی کولتووری میللی‌یە. پێشنیار دەکەم هەموو هاورێیانی کۆنگرە، بەهەستانە سەرپیٚ رێزی خۆیانی پێشکەش بکەن.)) (چەپڵەی بەردەوام) (ئەندامانی کۆنگرە، بەهەستانە سەرپیٚ عەرزی ئیحترامیان کرد)(کۆنگرەی یەکەمی مێژووی تورك، ل ١٦-١٧).*

[٦٤] ***a.g.e , s. 78***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەردەمە مێژووییی و بەرلە مێژووەکانیشدا ئەرکی پەروەردەو بەشارستانیکردنیان بەجێ گەیاندووەو زمانی تورکیش ڕۆڵی دایکایەتیی بۆ هەموو زمانەکان هەبووە."(چەپڵەی بەردەوام)(مامۆستای–دار الفنون، پرۆفیسۆر یوسف زیا بەگ)[٦٥]

"  ئێستا ڕووی دەمم دەکەمە تۆ، ئەی ئیرادەی قارەمان و پیاوی گەورە:
به ناوی زانستی تورك و بیریاری تورکەوە، بەگەرمی و بەهەستەوە سڵاوت لێ دەکەم." (چەپڵەی بەردەوام) (ووتارەکەی شەوکەت عەزیز بەگ، پرۆفیسۆری کۆلێجی پزیشکیی– دار الفنون– لە ئەستەموول)[٦٦]

"  هاوکارە بەڕێزەکانم، ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییە پرشنگدارەکانی غازیی پایە بەرزدا، کە بوونی رەسەنی خۆمانی پێ ناساندووین، دەبینە شایەتی یەکێکی تر لەپێشکەوتنە کولتووریەکانی کۆمارە پایە بەرزەکەمان. ئەو کتێبەی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی مێژووی تورك داینـاوە ( هێڵە گشتیەکانی مێژووی تورك). لەم بەرهەمە مەزنەدا ئامانجێکی میللی لەبەرچاو دەگیرێت. میتۆدە زانستیەکان بەکاردەهێنرێن. هەر بابەتێك بە بەڵگەیەکەوە دەبەسترێتەوە. بێجگە لەبەڵگە هیچ شتێکی تر قبوڵ ناکرێت. ئەنجومەنی پایە بەرز بوکۆنفرانسەکانی خۆی، بەشێوەیەکی هەست پێکراو، پرنسیپە توندو تۆڵ و بەهێزو گومان هەڵنەگرەکانی خۆی دەخاتە ڕوو."[٦٧]

"  لەداهاتوویەکی زۆر نزیکدا بەکارو خزمەتە بزوێنەرەکانی غازیی مەزن کە پەیتا پەیتا حەقیقەت دەخوڵقێنێ، دەتوانین ببینە خاوەنی بەرهەمی مەزنتر.)) (چەپڵەی بەهێز) (ووتارەکەی ئیسماعیل حەقی بەگ)[٦٨]

"  ئێمە ڕۆڵەی ئەو تورکەین کەئەمڕۆ دەرکی بەو بەختیاریە کردووە. هەزاران سوپاس پێ زانین بۆ غازیی پایە بەرزمان کەئەم بەختەوەریەی بەژیانمان بەخشیوە." (چەپڵەی بەهێز)[٦٩]

---

(٦٥) *a.g.e , s. 259-260.*
(٦٦) *a.g.e. , s.278.*
(٦٧) *a.g.e. ,s.322.*
(٦٨) *.g.e. ,s. 327.*
(٦٩) *a.g.e. ,s.330.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" رۆڵی کەسێتی‌یە گەورەکان لە مێژوودا زۆر گەورەیە پێویست ناکات لەمێژووی دوورماندا بۆ نموونە بگەڕێین. گەورەترین و پرشنگدارترین نموونەی کەسێتی‌یە گەورەکان لەبەردەمماندایە. (چەپڵەی بەردەوام) ئەمڕۆ کەسێتی‌یەك کەلەناو تورکایەتیدا بەرزبۆتەوە، سەرنجی هەموو شارستانێتی بیریارو رووناکبیری بۆخۆی راکێشاوە. بلیمەتی‌ی تورك کەلەناوی غازیدا بەرجەستە دەبێت، وەك چۆن لەڕۆحی ئێمەدا حورمەتێکی پەرستن ئاسای دروست کردووە، ئاواش ناوی غازی مستەفا کەمال ، کاریگەری‌یەکی مەزن و سەرنج ڕاکێش لەڕۆحی هەموو مرۆڤایەتی رووناکبیردا دروست دەکات. (چەپڵە) ڕێزو حورمەت و سەرسامی بەرامبەر بلیمەتی‌ی غازی، مەسەلەیەکی جیهانگیرە. (چەپڵەی بەردەوام) چونکە ڕۆڵی ئەو ، چ لەمێژووی تورك و چ لەمێژووی جیهانیشدا، بەجۆرێکی هاوتا مەزنە. (چەپڵە) بەڕێزینە، ئایا پاش سەردەمی ئەمڕۆمان، دەکرێ بێ ناوهێنانی غازی باسی مێژووی تورك بکرێت؟)) (چەپڵەی بەردەوام) (دەنگی: بێگومان ناکرێت، چەپڵە) (ووتارەکەی پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ)[٧٠]

" پێش ئەوەی کۆتایی بەکۆنفرانسەکەم بێنم، لەبەردەمی بلیمەتی تورك و گەورەترین کەسێتی‌ی مێژووی تورك حەزرەتی غازیدا ، کەدووبارە رەگەزی تورکی گەیاندەوە ئاستی شیاوی خۆی و دووبارە ناوی تورکی درەوشاندەوە ، بەمل کەچی و حورمەتی بێ سنوورەوە، دەچەمێمەوە." ( چەپڵەی بەردەوام) (ووتارەکەی پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ)[٧١]

" چونکە ئەو راستی‌یەی کەمرۆڤ، یاخود راستتر، پیاوی گەورە ئاڕاستە بە ڕەوتی مێژوو دەبەخشێت، وەکو ڕۆژ ڕوونە. ئایا بەتایبەتی ئێمەی تورك، چەندین ساڵە بەچاوی خۆمان شایەتی دۆخێکی کەم وێنە نین؟ ئایا نابینین پیاوە گەورەکە، غازی‌ی مەزنمان، مێژووی خولقاندووەو رەوتی شۆڕشەکەمانی بەئیرادەی خۆی دەست نیشان کردووە؟" (ووتارەکەی د. ئۆرهان سەدرەدین بەگ)[٧٢]

---

[٧٠] *a.g.e. ,s. 360-361, 364.*

[٧١] *a.g.e. ,s. 364.*

[٧٢] *a.g.e. ,s. 568.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" میـژووی نەتـەوەییمان ، نـەك هـەر بـەو ئەندازەیـەی کەقەناعــەت بـە تورکەکان و ئەوانەی بەتورکی دەژین بینێ، بـەلکو بەو ئەندازەیەی کەتەنانـەت قەناعـەت بـە لووتبـەرزترین و دەمارگــیرترین بیگانـەکانیش بینــێ و لانکـەی شارستانیتییان پێ بناسینێ، جیگەی بروایە.

بەناوی کۆنگرەکەمانەوە ، شەرەفی ئەوەم هەیە ویرای سوپاس و مل کەچی ، سلاو لەغازی مەزن بکەم کەخولقینەری هەموو بوون و هەموو جوانی و هـەموو بەختیاریەکمانـە لـەژیاندا.)) (چەپلـە) (ووتارەکـەی موزەفـەر بـەگ سـەرۆکی کۆلیجی ئەدەب)(٧٣)

" ئـەوەی کـەنرخ و سـەرچاوە ئەزەلیــەکانی میــژووی تورکــی دیــوەو دەیانزانـێو، دەرکـی بەئەبەدیـەتی داهـاتووش کـردووە ، ئـەم پەیکـەری عـەزم و ئیمانەیە، واتە غازی.

دوا قسـەم ئەوەیـە ، پیشـنیار دەکـەم هـەموومان پیکـەوە سـلاو لەئەنجومـەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك بکەین، کەیەکەمین هـەنگاوی بەهیزی نـاوە بـەرەو بـەجێ هینـانی ئـەرکیکی لـەکۆتایی نـەهاتووی نەتـەوەیی و ئینسـانی و، بـەو عەشقەی لـەناو دلمـاندا دروسـتی کـردووە، لیکۆلینـەوە میژووییـەکانی تورکـی گشتگیر کردووە. هەروەها پیکەوە سلاو لـەغازی پایە بـەرز بکـەین کـە رابـەری ئـەوانیش بــووە و چەپلــەی دووردریژیــان بــۆ لیدەیــن." (چەپلــەی تونــدو بەردەوام بەپیوە) (ووتەی مامۆستا مەدحەت بەگ)(٧٤)

وەکو بـەروونی بینـرا، خاوەن کۆنفرانسـەکان و ووتاربیژەکـانی تـر، چەپلـە بـۆ مسـتەفا کــەمال دەکوتــن و ستایشــنامەی بــۆ دەرازیننــەوە و، پــێی دەلیــن "تیشــکی زانســـت" ،"درەوشــانەوەی زانســـت" ، "روونـــاکیی زانســـت". رایدەگەیـەنن کەبەئـەندازەی ئیمـانی خۆیـان، متمانـەیان بـە قسـەکانی مسـتەفا کەمال هەیە. دەلین هەرچی مستەفا کەمال گوتبیتی "حەقیقەت"ە، بەلگەیەکە گـەردی پیـوە نیـە، بــەدرۆ ناخریتــەوە، گومــان هــەلناگرێ، بــەهیزو پتــەوە.

---

(٧٣)*a.g.e. ,s.623-624.*

(٧٤)*a.g.e. ,s.627.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕایدەگەیەنن کە تەنها بەو ڕێگایەدا دەڕۆن کە مستەفا کەمال کردوێتی‌یەوەو "نیشانی داوە"، سوێند دەخۆن کە ئەو ڕێگایە بەرنادەن.

لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستە لە پێشەکیی کتێبی "کۆنگرەی یەکەمی مێژووی تورک"دا، کەکۆنفرانس و کۆنووسەکانی کۆنگرەی یەکەمی مێژووی تورکی تێدا کۆکراوەتەوە، باسکراوە. لەم پێشەکی‌یەدا ئاوا دەگوترێ:

" پاش ئەوەی ١٥ ساڵ لەمەوبەر، پێشەوای مەزن غازی مستەفا کەمال لەبەرامبەر ئەو هەوڵە نەزۆکانەدا کەدەیانویست بوونی تورک لە مێژوودا و ناوی تورك لەزمان و کتێبەکاندا هەڵگرن، بوونی پایەبەرزی تورکی دەرخست و بەهێزو توانایەك کەمایەی شەرەفمەندی مێژووی جیهانە سەربەخۆیی‌و نیشتمانی تورکی رزگار کرد، ویستی میللەتی تورك فێری مێژووی نەتەوەیی ڕاستەقینەی خۆیشی بکات. لەم پێناوەشدا ئەنجومەنی مێژووی تورك ی خستە ژێر باڵی پارێزگاریی خۆیەوە. ئەو ئەنجومەنەی خۆی دایمەزراند بوو بۆ ئەوەی بەبەڵگەنامەی زانستیانە لەمێژووی میللەتی تورك بکۆڵێتەوەو بڵاوی بکاتەوەو، تا ئێستا هەزارو یەك بەڵگەی پێشکەش کردووە سەبارەت بەوەی کە میللەتی تورك یەکەمین تیشکی شارستانێتی بەجیهان بەخشیوەو، لەسەر هەر لاپەرەیەکی میژووی شارستانیتی جیهان و لەهەموو بواریکی چالاکی مرۆڤانەدا، بوونیکی خولقینەری هەبووە. ئەنجومەن کە ئیلهامی لەسەرچاوە قوولەکانی بلیمەتی‌ی تاریکی رەوین و سەردەم بەزینی ئەوەوە وەرگرتووە، شەوی خستە سەر رۆژو بەپێی ئەو هیلە گشتی‌یانەی ئەو کیشابوونی ، لەمیژووی تورکی کۆلیەوەو کتیبیکی چواربەرگی پیشکەشی لاوانی تورك کرد. لەبەر ئەوەی مامۆستایانی تورك ئەرکی ووتنەوەی ئەم کتیبە میژووییانەیان لەئەستۆگرتووە کە تیشکیکی نویٚ دەخەنە سەر سیمای گشتی میژووی تورك و جیهان و مانایەکی نوی‌یان پیدەبەخشن، بۆ ئەوەی ئەنجومەن ئەنجامەکانی ئەو لیکۆلینەوە زانستیانانەی لەمەیدانی میژووی تورکدا ئەنجامی داون نیشانی مامۆستایانی تورك بدات، بۆبەدیهینانی یەکیتی فکرو ئامانج لەنیوان هاوکاراندا سەبارەت بەو لایەنە نوی‌یانەی دەبیٚ لەووتنەوەی وانەی میژوودا رەچاو بکرین، وەزارەتی مەعاریف و ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژوویی تورك دەستیان دایە دەستی یەك. لەتەمووزی ساڵی ١٩٣٢دا یەکەمین کۆنگرەی مێژووی تورکیان لە ئەنقەرە ساز کرد. سەدان هاوکار کەژیانی خۆیان بۆ رەسەنترین ئامانج تەرخان کردبوو، لەهەموو سووچێکی وولاتەوە ڕوویان کردە ئەنقەرە. لەکەش و هەوای کارکردنێکی ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانەدا، کەبوونی پایە بەرزو پڕ لەبەختەوەری غازی مەزن ڕووناکی کردبۆوە، بەئیمانێکی نەلەرزیوەوە، ئەم تێزە نەتەوەییەیان بەهێز کردو گەڕانەوە سەر کاری خۆیان."[٧٥]

چەندە بڵێین کە هەموو ئەم هەڵوێستانە هیچ پەیوەندیەکی دوورونزیکیان لەگەڵ میتۆدی زانستیدا نیە، هێشتا کەمە. چونکە بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆڵەکانی ئایدیۆلۆجیای ڕەسمی لە ژیانی کۆمەڵگەو زانستداو چۆنیەتی مەرجبەند کردنی پەیوەندیە جۆراوجۆرەکان نیشان بدەین، ئەمە پێویستە. بێگومان ئەو هەڵویستانەی لەسەرەوە بەنموونەوە نیشاندران، هەڵوێستی ئایدیۆلۆجین. بەلام پێویستە ئەو فاکتەی لەبناغەی ئەم هەڵوێستانەدایەو بریتیە لە "بەبت کردنی تاکە کەس" و "پەرستنی تاکە کەس" بەباشی ببینین. تا کرداری "بەرز کردنەوەی تاکە کەسێك"، "پەرستنی تاکە کەسێك"، "بەبت کردنی تاکە کەسێك" نەبینین، تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆجیای ڕەسمی مەحاڵە.

## ٢-بێلایەنیی زانستیانە
## ستایش کردنی ڕەگەزو نەتەوەیەك نیە

د. ڕەشید غالب لە شوێنێکی ووتارەکەیدا باسی "بێلایەنی زانستی" دەکات. سکالا لە دەست زانا ئەوروپاییەکان دەکات، لەبەرئەوەی ستایشی تورکیان نەکردووەو ئەو نرخەیان نەداوەتێ کە شایانێتی، یاخود ڕاستتر، لەبەرئەوەی بڕوایان بەئایدیای "تێزی مێژووی تورك" نیە، پێیوایە ئەم

[٧٥] *a.g.e ,s. V-VI.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەلویستەیان لەگەل ئایدیای "بێلایەنی زانستی"دا نـاگونجێت. ئـەم هەلویستەی د. رەشید غالب، لای خاوەن کۆنفرانس و گوتاربێژەکانی تریش بەرچاو دەکەوێ.

ئەمە تێگەیشتنێکی هەلەیە لەبێ لایەنی. بێلایەن بوون لەزانستدا، مانای بابەتی بوون دەگەیەنی. بابەتی بوونیش بریتیە لە تێگەیشتن و باسکردنی فاکتەکان و پەیوەندیە فاکتیەکان وەکو خۆیان. کەسەکان ئارەزووی تایبەتی و بیروبرواکانی خۆیان، قەناعەتە خودیەکانیان و ئەوەی پێیان وایە "دەبێت وابێت"، ناخەنە سەر شیکردنەوە زانستیەکانیان. کەسەکان ویست و ئارەزووەکانی خۆیان ناخەنە شوێنی راستیە بابەتیەکان. بەچاوی راستی ی بابەتی ناروانە رەفتارە دەروونیەکانی خۆیان. ناوەرۆکی چەمکی (بابەتی بوون) مانای وەکو ستایش و سکالای تێدانیە. کاتێکیش کە ئەم چەمکە بەمانا راستەقینەکەی خۆی بەکارنەهێنرا، گەیشتن بەراستیە بابەتیەکان مەحالە. چونکە لێرەدا پتر لەوەی فاکتەکان و پەیوەندیە فاکتی یەکان شی بکرێنەوە، فاکتەری دەروونی (نفسی) وەکو چاوەرێی ستایش و ستایش کران لەلایەن بەرامبەرەوە، دێتە ریزی پێشەوە. بەمجۆرە بەوانەی ستایشی تورك دەکەن دەگوترێ "زانستکارە راستەقینەکان". ئەوانەش کە دریغی لەم ستایش کردنەدا دەکەن، بانگەشەی ئەوەیان بۆ دەکرێت کە "بێ لایەن"نین.

### ٣-دوا لێکۆلینەوەو لێکۆلینەوەی یەکلا کەرەوە لەزانستدا نیە

فاکتەریکی تریش کە د. رەشید غالب بەگ و خاوەن کۆنفرانس و ووتاربێژەکانی تر بەرەو دۆگماتیزم دوورکەوتنەوە لەمەیدانی زانست پال پێوە دەنێت، بریتیە لەتەماشاکردنی هەندێ لێکۆلینەوە، بەچاوی "دوا لێکۆلینەوەو لێکۆلینەوەی یەکلاکەرەوە". ئەمەش هەلویستێکی هەلەیە. چونکە دوا لێکۆلینەوە و لێکۆلینەوەی یەکجارەکی لەزانستدا نیە. مرۆڤەکان، کۆمەلگەکان لەپرۆسەی هوشیار بوونەوەدا بەردەوام توێژینەوە و لێکۆلینەوەی نوێ

دەکــەن و زانیــاری خۆیــان لەســەر سروشــت، مێــژوو، کۆمەڵگــەو مــرۆڤ پــەرەپێدەدەن. بەتایبــەت لــە مێــژوودا، بەردەســت کــەوتنی بەڵگەنامــە نــوێ و دۆزینــەوە نوێکان، بۆی هەیە گۆشـەی تێڕوانینی لێکۆڵـەرەوەکان بۆ فـاکت و پەیوەندیـە فاکتیـەکان بگۆڕێـت. لـەم ڕووەوە نـابێ بـەچاوی دوا لێکۆڵینــەوە، تەماشای هەندێك لێکۆڵینەوە بکرێت. یەکجارەکی بوونی لێکۆڵینەوەکان، واتە هـەبوونی لێکۆڵینەوەیـەك کـە حەقیقـەتی بەتـەواوی ئاشکرا کردبێـت، شـتێکی شـیاو نیــە.لەزانســتدا هیــچ لێکۆڵینەوەیــەك ئــەنجامی یــەکلا کــراوە نــادات بەدەستەوە.یاخود ئەو زانیاریانەی لەئەنجامی هەر لێکۆڵینەوەیەکدا بەدەست هـاتبن، بـەچاوی ئــەنجامی یــەکلا کــراوە تەماشــا نــاکرێن. زانــین بــەهۆکارە جۆراوجۆرەکــان، بــەردەوام دەگــۆڕێ و پــەرە دەســێنێ. تەماشــا کردنــی لێکۆڵینــەوەکان بــەچاوی لێکۆڵینــەوەی یــەکلا کــراوە و ئەنجامــە بەدەســت هاتووەکانیش وەکو ئەنجامی ڕەهاو یەکلا کراوە ، پرۆسەی هوشیاربوونەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە رادەگرێت. لێرەدا د. رەشید غالب ئاوا دەڵێت:

" مەسەلەی سیما،باڵا، جوانی و ناشرینی رەگەزی ئێمەش، نووسەرانی ئەوروپای کەم بەخۆیـەوە خەریك نەکردووە. هـەر لەبەشـەکانی سـەرەتای ئـەم باسـەدا گوتوومانـە دوا لێکۆڵینـەوە یـەکلا کراوەکـان سـەلماندوویانە کەئێمـە لەڕوانگـەی سیفەتە ئەنترۆپۆلۆجیەکانـەوە، نـەوەی براکیسـەفالە ئالپیـیـەکانین، کەباوکی شارستانێتین."

بائەوە بڵێین کە دەستەواژەی " دوا لێکۆڵینەوە یەکلا کراوەکان" ناوەرۆکی زانسـتیانەی نیـەو، ئـامرازێکی ئایدیۆلۆجیـیـە بـۆ قەناعـەت پێکـردن و بــڕوا پێهێنان.

## ٤-زانست هەمیشە گومان لەو زانیاریانە دەکات کە بەدەستی هێناون، زانست رەخنەگرە

یــەکێکی تریــش لــەو رەگەزانــەی د. رەشــید غــالب و خــاوەن کۆنفرانــس ووتاربێژەکــانی تــری لــــەبواری زانســــتی کردۆتـــە دەرەوە و تووشـــی دوگماتیزمێکی یـەکجارەکیی کـردوون، بریتیـە لەهێنانـەوەی هـەندێك بەڵگـە، وەکو بەڵگەیەك کەبەهیچ جۆرێك گومانی لێ ناکرێت. ئاوا دەگوترێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" ئەی مامۆستا* بەڕێزو هەڵبژاردەکانی (دار الفنون–زانکۆ)، پەیمانگەی مامۆستایان، دواناوەندیو ناوەندیەکانمان! حەقیقەت لای ئێمەو لای ئێوەش جێگیرو سەلمێنراوە. ئەوانەی خوێنی تورکیان تێدایە، کە گەوهەرەکەی هەرگیز گەردی لێنانیشێ، بە هەموو مانایەکی ڕەسەن.

وەکو بینرا باسی"حەقیقەت"ێکی جێگیر دەکرێت کەبەهیچ جۆرێك ناگەڕێت. ئەمەش ڕادەگەیەنرێ کە بەهیچ جۆرێك گومانی لێ ناکرێت . نەك هەر ئەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی تادوا پلە خودی (زاتی)و نابابەتیانە ، ئەوانەی گومان لەو "حەقیقەتە" دەکەن، دەبەسترێنەوە بەوەوە کە "خوێنی تورکیان تێدا نیە"

گرنگترین تایبەتمەندی زانست بریتیە لەرەخنەگرتن و رەخنە لەخۆگرتن. زانست هەمیشە گومان لەو ئەنجامانە دەکات کەخۆی هێناونیە ئاراوە. ئەمە گومانێکی میتۆدی (منهجی)یە. ئەم گومان و ڕەخنەوڕەخنە لەخۆگرتنە ،گەشە بەزانست دەکات و تازەی دەکاتەوە . داوای گومان نەکردن و بەدوورگرتنی زانیاریەکی بەدەست هێنراو لەگومان، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئایدیۆلۆجیاو دۆگماتیزم ، نەك زانست. ئایدیۆلۆجیاکان هەمیشە زانیاریەك دەکەنە ئامانجی خۆیان و داوادەکەن بڕوای پێ بهێنرێ و بەپێی ئەویش رەفتار بکرێت. هەرچی زانستیشە، گفتوگۆو مشت و مڕ لەسەر ئەو ئەنجامانە دەکات کە خۆی هێناونیە ئاراوە.بەم شێوەیە لەدۆگما رزگاری دەبێ. بواری گەیشتن بەئەنجامی نوێی دەست دەکەوێ . دەتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە.

د. رەشید غالب بەگ کە دەڵێ:

---

* *ئەم دەقەی د. رەشید غالب لەدوو شوێنی جیاوازی کتێبە تورکیەکەدا هاتووە (لاپەڕە ٥٢، لاپەڕە ٦٢) لەیەکەمیاندا ووشەی (OKUTUCU) بەکارهێنراوە (کەمانای پێخوێن، ئەو کەسەی دەرس بەیەکێکی تر دەخوێنێت، واتە مانای مامۆستا دەگەیەنێ). بەڵام جاری دووەم ووشەی (OKUYUCU) بەکارهێنراوە (کەمانای خوێنەر دەگەیەنێ). واپێدەچێ ئەوەی یەکەم ڕاست بێت (واتە مامۆستا)و ئەوی دووەمیان هەڵەی چاپ بێت.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"...حەقیقـەت لای ئیمـەو لای ئیـوەش جیگـیرو سـەلمینراوە. ئەوانـەی کەخوینی تورکیان تیدایە کە گەوهەرەکەی هەرگیز گەردی لێنانیشی، بەهەموو مانایەکی رەسەن هیچ گومانیکیان لەم راستیە نابیت".

دۆگماتیزمیکی چرو ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت دینیتە سەر زمان. ئەو "حەقیقـەت"ە لـیرەدا بابـەتی باسـە، بـەکورتی بریتیـە لـە: شارسـتانیتی خۆرهـەلاتی دوور، هنـد، چـین، میسـۆپۆتامیا، میسـر، ئیجـە، لاتـین، دەریـای سـپی، ئانـادۆل‌و "مەیدانـەکانی شارسـتانیتیـیە دیرینـەکان، هـەر هـەموویان لەلایـەن تورکـەوە دامـەزرینراون. ئـەو شارسـتانیتیـیانە، لـە ئاسـیای ناوەراستەوەو لەلایەن تورکەکانەوە هینراون بۆ ئـەم ناوچانـە. حیتیـیـەکان‌و سـومەریەکان‌و ئەوانـەی تـر تـورك بـوون. نووسـەری گشـتی ئەنجومـەنی لیکۆلینـەوەی میژوویـی تـورك رایدەگەیـەنی کـە ئـەم "حەقیقـەت"ە، "بەریگـە زانسـتیەکان" سـەلمینراوە. ئەمـە "حەقیقـەت"یکـی نـەگۆرە. کـەس نـاتوانی گومانی لێ بکات.

ئەوانەی گومانی لیدەکەن، گومان لە خۆیان دەکری کەخوینی تورکیان تیدا نەبی.

بەئاشکرا دیارە کە ئەم بیروبۆچوونە، چەند لـەبواری میتـۆدی زانسـتیەوە دوورە. بیروبۆچوونیکی ئاوا نازانستی، بیروبۆچوونیکی ئاوا دوور لەزانست‌و کە تەنها رەنگدانەوەی راستیە خودی (ذاتی)یەکانە، مەحالـە زانیـاری بەرهـەم بینی.

### ٥-حەقیقەتی ئەزەلی‌و ئەبەدی لە زانستدا نیە

نـە چـەمکی حەقیقـەتی ئـەزەلی لەزانسـتدا هەیـە، نەچـەمکی حەقیقـەتی ئەبـەدیش. ئـەو ئەنجامانـەی زانسـت بەدەسـتی هینـاون، هەمیشـە پەیوەسـتن بەراستیە ریژەییەکانەوە. هـەموو راستیەکی ریژەیـی، کـەمیك زیـاتر مرۆڤـەکان لەراسـتی رەهـا (مطلـق) نزیـك دەکاتـەوە. یـاخود هـەر راسـتیەکی ریژەیـی، بەشیکە لـە راستـیی رەها. بـەلام شـتیك نیـە نـاوی "ئەبەدیـەتی حەقیقـەت" یـا "حەقیقـەت ئەزەلیـە" بیـت. لـەژیانی کۆمەلایـەتیدا فاکتـەری تـازەو نـوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەردەکەون و دەتوانن ئەو شتانە بگۆڕن کە وا دەزانرا پەیوەندیەکانیان نەگۆڕە. بەلام نووسەری گشتی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك، باسی "سەرکەوتنی حەقیقەتە ئەبەدیو ئەزەلیەکان" دەکات. ئەمەش لەبواری زانست دووری دەخاتەوە. لە ناو سنووره تەسكو توندو تۆلەکانی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەتدا بەندی دەکات.[٧٦]

---

*[٧٦] لیرەدا بیرەوەریەك وەکو خۆی پیشکەش دەکەین، کە لەرووی نیشاندانی کەسیتی هەریەکە لە د. رەشید غالب و سەرۆکی گشتی کۆمەلەی گەلی کۆماری (CHF) و سەرەك کۆمارو پیشەوای مەزن مستەفا کەمال-ەوە، زۆر سەرنج راکیشە. خاوەنی ئەم بیرەوەریە کەسیکە ماوەی ١١ سال خزمەتی مستەفا کەمالی کردووە. ئەویش(جەمال گراندا)یە کەدەلیت" خزمەکاری ئاتا تورك بووم" . لەم رووەوە لە بیرەوەریەکەدا گەلیك لایەنی شایانی سەرنج هەیە. بیرەوەریەکە دەقاودەق بەمجۆرەیە:*

*" د. رەشید غالب یەکیك بوو لەو هاورییانەی ئاتاتورك زۆر خۆشی دەویستن و نازی دەکیشان. لەراستیدا نازکیشانی خۆشەویستان یەکیك بوو لە خووە چاکە سەرەکیەکانی ئاتاتورك. ئاتاتورك زیرەکی، چالاکی، ووزە، راستگۆیی، شۆرشگیری، نیشتمان پەروەری و پەیوەست بوونی رەشید غالب-ی بەخۆیەوە، زۆر لا پەسەند بوو.*

*لەنیوان ئاتاتوركو رەشید غالبدا مشتومریکی ئەوەندە سەیر و سەرنج راکیش روویدا بوو کەگەلیك کەس راستیەکەی نازانن. یەعقوب قەدری قەرە عوسمان ئۆغلۆ، لە ووتاریکیدا کە لەرۆژنامەی جمهوریەتدا بلاو کراوەتەوە، باسی ئەم مشتومرەی کردووە کەلەسەر ئیوارە خوانیك رووی‌داو ، لەکۆتایی ووتارەکەیدا نووسیویتی با ئەوانەی ئاگاداری رووداوەکەن، ئەم باسە تەواوبکەن. منیش وەکو یەکیك لەئاگادارەکان، هەول دەدەم ووتارەکەی مامۆستا تەواو بکەم.*

*ئاتاتورك قەت قینی لەدل نەدەگرت. چەند لەیەکیك دلی بیەشایە، پاش ماوەیەك دەیبەخشیو لەبیری دەچۆوە. بۆیە گەلیك کەس ناوبەناو لەبەرچاوی دەکەوتن، پاشان سەرلەنوی دەبەخشرانو جیگە کۆنەکانی خۆیان وەردەگرتەوە. د. رەشید غالبیش یەکیك بوو لەوانەی بەرامبەر ئاتاتورك سنگی دەرپەراندبوو و رووبەرووی بووبۆوە، پاشان دووبارە پایەی خۆی بەدەست هینابۆوە .*

*لە(حەرەم-بەشی تایبەتی)ی کۆشکی(دۆلمە باخچەسی)دا، تازە سفرەی ئیوارەم دانابوو. وەرزی هاوین بوو. میوانەکان یەك یەكو دوو و دوو هاتن. روشەن ئەشرەف ئوونایدن، رەجەب زوهدی، شوکری کایا، تۆفیق روشدی ئاراس، د.رەشید غالب، جەلال ساهیر، حەسەن جەمیل چەمبەلو ژنانیش لەوی بوون.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکاتی نان خواردندا لە هەموو بابەتی قسەیان کرد. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کە تانیوەی شەوی خایاند، دەسکرا بەگفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە پەروەردەو فیرکردنی خەلکەوە هەیە. لەکاتیکدا کە رەخنە لە کیشەکانی پەروەردەو فیرکردن دەگیرا، بینیم رەشید غالب هەستایە سەرپی . دوکتۆر حالیکی هەبوو کە زۆر سروشتی نەدەهاتە پیش چاو. بەحەماسەتەوە قسەی دەکرد. خۆی بۆ رانەدەگیرا.

لەو سەردەمەدا ، چاودیری کردنی (خانەی گەل- دار الشعب) لەدەست رەشید غالبدا بوو، کەئەندامی ئەنجومەنی حیزب (پارتی گەلی کۆماری CHP) بوو. رەشید غالب بەسکالاکردن لە دەست وەزیری ئەوسای پەروەردە (ئەسعەد خواجە) دەستی کرد بەقسە کردن. ووتی ئەسعەد خواجە ریگەی نەداوە ئەو مامۆستا کچانەی لەقوتابخانە دواناوەندیەکاندا بەرۆحی ئاماتۆرەوە (هاوی)و بە ویستی خۆیان هەلدەبژیرین، لەبەشی نواندنی خانەکانی گەلدا رۆلی ژن لەشانۆنامەکەدا ببینن. گوتی لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە، شانۆ سەرچاوەیەکی هونەرو کولتوور بووە بۆ مرۆڤایەتی، بەشی نواندنی خانەکانی گەلیش بۆ ئەم مەبەستە دامەزراون، نابێ ژن لەم بزووتنەوە کولتووریە بەدوور بگیریّ و بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرە، پیچەوانەی رۆحی شۆرش دەکەویتەوە. پاشان ووردە ووردە دەنگی بەرزکردەوەو بەدەنگیکی رەق دەستی کرد بەقسە کردن و گوتی:

-نابێ ئینسانی بەتەمەن بکریت بەوەزیر، لەجیاتی سوود زیان بە ولات دەگەیەنن. ئاتاتورك بەتۆزیك سەرسورمانەوە، بەلام بەسەبرو هیمنی گویّی لەم قسانە گرت و پاشان هەولی دا دوکتۆر هیور بکاتەوە و گوتی: " خەمتان نەبی، هەمووی چاك دەبێ" .

لە راستیدا سەرم لەسەبری ئەو شەوەی ئاتاتورك سورما بوو. رەنگە ئەیوبی پیغەمبەریش ئەوەندە بەسەبر نەبووبیت. هەمووان وەکومن سەریان سورما بوو. ئاتاتورك پاش ئەوەی جاریکی تر داوای لە دوکتۆر کرد سەبری هەبێو ئارام بێ، گوتی:

-ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەم جۆرە قسەکردنە، ناچار دەبم قسەتان لەگەل نەکەم. بەلام دوکتۆر ئەوەندە پر بوو، پەیتا پەیتا دەنگی بەرزدەکردەوە، قسەی نەدەخواردەوەو بەشیوەیەکی توندتر پەلاماری دەدا.

-هەمووی خەتای ئیوەیە، بەناوی مامۆستاوە جاهیلەکانتان لی کۆکردینەوە.

لە بەرامبەر ئەم قسەیەدا کە وەکو بۆمبایەك لەسەر خوانەکە تەقیەوە، ئاتاتورك گوتی:

-وولات وەزیری مەعاریفی تیدا نیە؟

-

-هەیە، ئەسعەد خواجە بێ عەیبە.

لەبەرامبەردا رەشید غالب سەری بەمانای ((نەخیر)) جوولاندو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

—زۆر چاکە، بەلام زۆر بەختیشی هەیە. تازە ئیتر بەکەلك نەماوە. وەزیری مەعاریفی ئەم وولاتە، ئەو پیاوە نیە. ئەم وولاتە پیویستی بەوەزیریکی چالاکتر هەیە.

—شتی واچۆن دەبێ، ئەو پیاوە دەرسی بەمن گوتووە. رۆشنبیرو شارەزای زانستە. نامەوێ لەسەر خوانی من بەو شیوەیە باسی مامۆستاکەم بکەیت. ئەوەی دەرسی بە من گوتبێ، چۆن نابێ بەوەزیری مەعاریف؟

—نەك تۆ، دەرسی بەخودای تۆش گوتبێ، دیسان ئەو پیاوە بەکەلکی وەزیری مەعاریف نایەت.

لەو سەردەمەدا لەپال ماستاوچی و مەرایی کەراندا، کەسانیکیش هەبوون خاوەنی جەسارەتیکی ئاوا بوون و قسەیان نەدەخواردەوە. بەلام کەس تەنانەت بەخەیالیشیدا نەدەهات بگاتە ئەو رادەیەی قسەی ئەوەندە رەق لەسەر ئەندامیکی حکومەت بکات، ئەویش لەبەردەمی ئاتاتورکدا.

هەموومان رەنگمان زەرد بوو بوو. لەترسا دەلەرزین. میوانەکان دامابوون. ئەم قسە چاوەروان نەکراوانە، هەمووانی تووشی سەر سورمان کردبوو. ئەو ناوە چرکەی لیوە نەدەهات. هەموو بێ ئەوەی بجوولین، بیریان لەوە دەکردەوە کەئاخۆ تەقینەوەی ئەم رووداوە بەکوێ دەگات. تیبینیم کرد ئاتاتورك کەلە توورەییدا دەلەرزی و شانی دادابووە سەر میزەکە، ئەوەندە نارەحەت بوو کەباس ناکریت. بەلام بێ ئەوەی دەری بخات، بەشیوەیەکی ئارام ئاوای فەرموو:

—تکایە خوانەکە بەجێ بیلن.

ئەوسا کەمیك حەساینەوە. هیوای ئەوەمان لاپەیدا بوو کە رەشید غالب هەلدەستێ دەروا، مەسەلەکەش لیرەدا کۆتایی دێو رۆژی دوایی لەبیر دەچیتەوە. بەداخەوە دلخۆشیەکەمان یەك—دوو چرکەی خایاند. لەراستیدا رەشید غالب حەماسەت گرتبووی. ئیوە دەلین ، چۆن وەلامی دایەوە؟

—ئیرە خوانی ئیوە نیە، خوانی میللەتە. منیش بەئەندازەی ئیوە مافی ئەوەم هەیە لیرە دانیشم. هەرچەندە لەکۆشکی سولتاندا دانیشتووین،بەلام خۆ مامۆستاکەتان موقەدەس نیە. هەر کەئەمەی گوت، ئاتاتورك بەهیواشی لەجێی خۆیەوە وەستا. پاش ئەوەی دەسرەکەی سەرباوەشی لەسەر میزەکە دانا، گوتی

—کەوابێ ئەگەر یارمەتیم بدەن من بەجێی دیلم.

بەمەش گەورەیی و مەزنی‌یەکی ئەوتۆی نواند کە لەدنیادا وینەو هاوتای نەبینراوەو، هەستایە سەرپێو سالۆنەکەی بەجێ هیشت و رۆیشت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکسەر رام کرد بەدوایدا . یەکسەر چووبوو بۆ ژووری نوستنەکەی، کەلەبەردەمی دەرگای (حەرەم)ە کەیدا بوو. منیش بەدوایدا چوومە ژوورەوە. وەکو هەمیشە دەرگاکانم کلیل دا. ئاتاتورك تا خۆی گۆری هیچ قسەیەکی نەکرد. هیشتا هیور نەبووبۆوە. رەنگی بەتەواوی زەردبوو. رەنگە لەوەتەی بوو بوو بەسەرەك کۆمار، کەس بەو شیوەیە قسەی لەگەلدا نەکردبوو. گوتی:

–چەلەبی ئەفەندی لەوە دەچێ گورگمان لەناو رانە مەرەکەماندا بەخیو کردبێ.

وەلامم نەدایەوە و بەهیواشی لەدەرگاکەوە چوومە دەرەوە.کاری ئەویم تەواو بوو بوو.

لەو کاتەدا یاوەر (حاجب)ەکەی ئاتاتورك،ئەم فەرمانەی بۆ ئامادەبووانی سەر خوانەکە هینا، کەخۆیان بۆ رۆیشتن ئامادە دەکرد: "حەزرەتی سەرەك کۆمار ئارەزوویان وایە دانیشتنەکە بەردەوام بی، وەك ئەوەی خۆیان لیرە بن".

کە گەرامەوە بۆ سالۆنی نان خواردن ، چی ببینم، رەشید غالب پیکی عەرەقەکەی خستۆتە نیوان ددانەکانیەوە و دەیگەزی. رەجەب زوهدی و عەلی قلیج–یش لەسەر سەری راوەستاون. میوانەکانی تر رۆیشتبوون. رەشید غالب کەسەری بەرزکردەوە و منی بینی، قیراندی

–چەلەبی، پیکی عەرەقم بۆ بینە.

لەو دۆخەدا چۆن دەمتوانی بۆی بینم؟ هەولم دا خۆمی لی بدزمەوە:

–قوربان، خزمەتچی‌یەکە نووستووە.

–یەعنی پیکێ عەرەقیش بۆ من نەماوە. بەبیزاری گوتی: کەوابێ باهەستم برۆم. پاشان قۆلی کردبە قۆلی رەجەب زوهدی و عەلی قلیج داو لەسالۆنەکە چووە دەرەوە.

درۆی چی بکەم، رووداوەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو. چونکە بەراستی رەشید غالبم زۆر خۆش دەویست. پیم خۆش نەبوو نیوانیان تیك چیت. لەبەر ئەوەی نەمدەویست بوار بدەم بەوەی زیاتر بخواتەوە، نەوەکا رووداویکی خراپتر بقەومێ، گوتم "عەرەق نیە". بی‌بەش کردنی رەشید غالب لەپیکیك عەرەق، تائەبەد لەدلمدا مایەوە.

رۆژی دوایی بەعاجزی ئاتاتورك ئەستەمبولی جی هیشت و رێی ئەنقەرەی گرتە بەر. لەبیرمە، لەبەرئەوەی تەنانەت ١٠ لیرەشی لەگیرفاندا نەبوو، پارەی شەمەندەفەری لەنووسەری گشتی تۆفیق بەگ قەرز کردبوو.

مانگیك بەسەر مەسەلەکەدا تیپەریبوو. ئیمە دیسان لە ئەستەمبول بووین. ئاتاتورك دەوروبەری کاتژمیر (١٥– سێی پاش نیوەرۆ)هات بۆ سالۆنی نان خواردن و کتوپر پێی گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–چەلـەبی ئەفـەندی ئیسـتا رەشـید غـالب بـەگ لەئەنقـەرە کۆنفرانسـیك پیشـکەش دەکات،باگوی‌ی لی بگرین.

هیشـتا سەرسـورمانەکەم نـەرەویبۆوە، رام کـردو رادیۆکـەم کـردەوە. ئـەو سـەردەمە کۆنفراسە گرنگەکان لەرادیۆوە بلاودەکرانەوە. بەبیدەنگی گویێی لە کۆنفرانسەکەی رەشید غالب گرت کە لەسالۆنی (خانەی تورك)دا پیشکەشی کردو نزیکەی یەك سەعاتی خایاند. پاش کوژانەوەی رادیۆکە، تروسکەی خۆشی‌یەك لەچاوەکانیدا داگیرساو کوژایەوە. گوتی:

–خۆی بەخشی.

پاش نزیکەی ١٥ رۆژ، رۆژیکی خۆشی پاییز ئیمە چووین بۆ ئەنقەرە. ئیوارەی رۆژی دوایی رەشید غالبم بینی بانگ کراوە بۆ خوانی ئیوارە. بەجۆریك هەلس و کەوتیان دەکرد، وەك ئەوەی هیچ شتیك لەنیوانیاندا رووی نەدابێ.

کتوپر ئاتاتورك رووی تی‌کرد، بەدەنگیك کەتەنها ئەو گویێی لی بوو، گوتی:

–لەسبەینیوە ئیوە وەزیری مەعاریفن.

پاش چەند رۆژیکیش ، ئاژانسی ئانادۆل بلاوی کردەوە کە رەشید غالب بووە بە وەزیری مەعاریف. ئـەو شـەوە سـفرەکە قـەرەبالغ بـوو. رەشـید غـالب خۆشـحالی پیـوە دیـار بـوو. لەگەرمترین ساتی کۆبوونەوەکەدا، ئاتا تورك دووان لەعەسکەرەکانی بەردەرگاکەی بانگ کردو زۆرانی پی گرتن. زۆربەی جار وایدەکرد، لەگەرانەکانیدا یا لە کۆشکدا، ژمارەیەك شیرە سەربازی لەگەل خۆیدا دەبرد و زۆرانبازی پیدەکردن، دەیویست بەچاوی خۆی ببینێ هیزی تورك بەکوی گەیشتووە. بگرە ئەو کەسانەش کەلای دەبوون زۆر خۆشی دەویستن ، پیشیان خۆش نەبووایە ، لەگەل ئەو عەسکەرانەدا زۆرانی پیدەگرتن و بەخۆشحالیەوە تەماشای زۆرانەکەی دەکرد. چەند جاریك داوای لەسەربازەکان کردبوو لەگەل خۆیدا زۆران بگرن، بەلام کەسیان رازی نەبوون و دەیانگوت: "بەحەوت دەولەت پشتی تۆیان بۆ لەعەرز نەدرا، ئیمە چۆن دەتوانین" .

زۆرانبازیەکە زۆر خۆش بوو. هەموومان بەووردی و مەراقیکی زۆرەوە چاوەرێی بووین بزانین ئەنجامەکەی چۆن دەبیت. لەوکاتەدا کە مەراقی رەشید غالبیش گەیشتبووە لوتکە، ئاتاتورك ئاماژەی بۆ سەربازەکان کردو فەرمانی دانی "هەلبەزو دابەز" بەوەزیری نوی بکەن. هەموومان حەپەسابووین. وەزیریش بەهەمان شیوە . پیش ئەوەی حەپەسانمان برەویتەوە، ئەو دوو عەسکەرە بێ خەوشە کە، چوار دەستە رەشید غالبیان هەلگرت و بەرزیان کردەوە. وەزیری حەوادراو سەرەتا یەك دووجار پەلەقاژێی کرد. بەلام حەدی چی‌بوو لەنیوان دەستەکانی پاریزەرە دیو ئاساکاندا کە پەنجەی پۆلایینیان وەبیردینایەوە، جوولە بکات . لەنیوان ئامادە بووانی کۆبوونەوەکەدا حەماسەت گەیشتبووە لوتکە. مەراقیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو بزانن کۆتاییەکەی چی دەبیت و کەسیان تەنانەت هەناسەیان هەلنەدەکیشا. هەرچی ئاتا تورکیش بوو، خوین ساردو ئاسایی دەهاتە پیش چاو.

عەسکەرەکان دوو-سێ جار رەشید غالبیان بەرزکردەوە بۆ ئاسمان. ریك لەو کاتەدا کەدەبوو بیدەن بەزەویدا، بەئاماژەیەکی ئاتا تورك وازیان دەهیناو دووبارە بەرزیان دەکردەوە بۆ ئاسمان.

پاش چەندبارە بوونەوەی ئەم یارییە خۆشە ( ئیمە بەمندالی زۆر جار دەمانکرد)، ئاتا تورك بەسەربازەکانی گوت:

-بەسە. پاشان رووی کردە ئامادەبوانی سەر خوانەکەی . بەپیکەنینەوە گوتی:

-ئیمە ئەگەر بمانەوی، دەتوانین ئاواش بکەین.

تۆ بلێی ویستبیتی بەشیوەیەکی جوامیرانە دەرسیکی رەشید غالب دابدات، کەکاتی خۆی سووکایەتی بەخۆی کردبوو؟ بەلام من پیم وابوو ئەمە هەرگیز لە چوار چیوەی گالتەو گەپ دەرنەچووە. ئەگەر ئاتاتورك رەشید غالبی خۆش نەویستایە، پاش ئەو رووداوە نەیدەکرد بەوەزیر و نە "هەلبەزو دابەز"یشی پیدەکرد. تۆ بلێی مەبەستی ئاتا تورك ئەوە بووبیت رەشید غالب کەکاتی خۆی پی‌ی گوتبوو هەستە برۆو هەلنەستابوو، لەوە بگەیەنیت کەئەگەر بیەوی دەتوانی ئاوا هەلی بسینێ؟ پاش تیپەرینی چەند مانگیك بەسەر وەزارەتی رەشید غالبدا، زانکۆی ئەستەموول پیویستی بە مامۆستایەك هەبوو بۆ مادەی "میژووی شۆرش". گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرا کە چ کەسیك یەکەمین وانەی ئەم بابەتە بلیتەوەو میژووی شۆرش دابنیت، دیسان لەسەر خوانی ئیوارەیەك بووین. ئاتا تورك بەتوندی داکۆکی لەوە دەکرد کەدەبی ئەم ئەرکە بەخۆی بسپیردری‌و دەیگوت:

-تەنها من دەتوانم ئەم ئیشە بکەم. هەرچەندە پیکەوە شۆرشمان بەرپاکرد، بەلام من من دەتوانم ئەو جیگەیە پربکەمەوە. ئەمە ئیشی وەزیری مەعاریف نیە. واش نەبی، (ئافەت)ی کچم لەجیاتی من دەیکات.

رەشید غالبیش نارازی بوو ودەیگوت:

-پاشام! هەموو شتیك هەر ئیوە دەیکەن، ئەی ئیمە چی‌بکەین؟

ئاتاتورکیش سوور بوو لەسەر قسەکەی خۆی‌و دەیگوت

-یامن، یا خاتوو ئافەت. هیچی تری نەدەگوت

رەشید غالب وەلامی ئەمەشی لەلا بوو

-پاشام ئەگەر خاتوو ئافەت کچی ئیوەیە، ئیمەش کوری ئیوەین. بۆچی جیاوازیمان لەبەیندا هەیە؟! پیویستە وەزیری مەعاریف ئەم ئیشە بکات. ئیمەش وەکو کوری خۆتان دەمانەوی ئەم ئیشەمان پی بسپیردری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیش ئەوەی ئەم مەسەلەیە بەئەنجام بگات، دەمەوی باسی ڕووداویکی تر بکەم کە هەر لەو ڕۆژانەدا ڕوویدا. پاش چەند ڕۆژیك قلیج عەلی و ڕەجەب زوهدی لەسەر سفرەکەی ئاتاتورك لەدەوری کۆبوونەوە، قسەو باسی جۆربەجۆریان دەکرد. لەناکاو ڕەجەب زوهدی بە ئاتاتورکی گوت:

–پاشام، یەکیك بە ڕەشید غالبی گوتووە ئەمڕۆ هیتلەر قسە دەکات. ڕەشید غالبیش لەوەلامدا گوتوویەتی: "هیتلەرەکەی ئیمە هەموو ڕۆژیك قسە دەکات".

ئاتاتورك لەم قسەیە نەك هەر نارەحەت نەبوو بوو، بەلکو قاقا پیکەنی بوو. چەند ڕۆژیك تیپەڕین. ڕەشید غالب هیشتا هەولی گرتنە دەستی وانەی میژووی شۆڕشی دەدا وبیری لەوە دەکردەوە تۆبلی ی بتوانم لەکاتیکی گونجاودا قەناعەت بە ئاتاتورك بکەم. ڕیك لەو کاتەدا لە وەزارەتی مەعاریفیش لابرا. حیکمەت بایور هاتە شوینی. ڕەشید غالب لادرانی خۆی لەوەزارەت پی‌خۆش نەبوو. ئەو هاوینە هاتبوو بۆ ئەستەموول، ڕۆژیك لەگەل خیزانەکەیدا بەناو (مۆدە)دا گەڕابوو وچووبووە ناو دەریاوە، تووشی هەوکردنی سی(ذات الرئە) بوو بوو، ماوەی دوو مانگ تیمارکرا. زستان نزیك بووبۆوە. ڕەشید غالب لە خانووەکەیدا لە(کەچیورەن) کەوتبوو. ڕیکەوتیکی سەیر بوو، ئەو ڕۆژەی حیکمەت بایور یەکەمین کۆنفرانسی لە پۆستی میژووی شۆڕشدا پیشکەش کرد، ڕەشید غالبیش کە لەسەر ئەو پۆستە مشت ومری لەگەل ئاتاتورکدا دەکرد، بۆ دواجار چاوی لیك نا. (جەمیل گراندا، <u>خزمەتکاری ئاتاتورك بووم</u>، بلاوکراوەکانی حوریەت، ئەستەموول ١٩٧٣، ل٧٦-٨٣)

(فالیح ڕفقی ئاتای )یش ئەم ڕووداوە دەگیریتەوە. بەلام بەشیوەیەکی جیاواز. بەمجۆرە:

" . ڕووداویکی خوالیخۆش بوو ڕەشید غالب هەیە کە زۆرجار بەهەلە نووسراوەتەوە. جاریك لەبەر ئەوەی زۆری خواردبۆوە، مشتومریکی زۆری لەگەل ئاتاتورکدا دەکرد لەسەر ئەوەی بەخشیشیکی زۆری دابوو بە لۆقەنتەیەکی بیانی، ئاتاتورك گوتی:

–وادیارە بی‌تاقەتن، تۆزیك ئیسراحەت بکەن. لە وەلامدا گوتی:

–ئیرە خوانی میللەتە، من لەسەر خوانی میللەت دانیشتووم.

ئاتاتورك هیچ تیك نەچوو، گوتی:

–جەنابی ئەفەندی ڕاست دەکات. کەوابی با ئیمە خوانەکە بەجی‌بیلین.

هەموو هەستانە سەرپی‌و ڕۆشتن.

چەند ڕۆژیك دوای ئەوە بوو. ڕەشید غالب دیسان لەناو بانگ کراوەکاندا بوو. پاش ماوەیەکی زۆر، ئاتاتورك گوتی:

–دوو کەسم بۆ بانگ کەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*دوو پاسەوان هاتنە ژوورەوە. ئیشارەتی بۆ رەشید غالب کردو گوتی:*

*-جەنابی ئەفەندی بکەنە دەرەوە.*

*باوەشیان پیدا کردو بردیانە دەرەوە. رەشید غالب بەخۆی نەزانیو شەرمی لە هەڵە کۆنەکەی خۆی دەکرد. بەبیزاری دووبارە گەرایەوە سەر خوانەکە. ئاشکرا بوو ئاتاتورك دەیویست چیبلیت. دوای ئەوە، لە هەموو کەس زیاتر لەگەل ئەودا بەخۆشیو زەوقەوە قسەی دەکرد"*

*(فالیح رفقی ئاتای، چانکایە، ئەستەموول ١٩٦٩، ل٥٠٨)*

*د. رەشید غالب لە مانگەکانی سەرەتای سالی ١٩٣٤دا، لەتەمەنی ٤٠ سالیدا مرد. ئەگەر ئەوەمان لەبیربیت کە رەشید غالب لەنیوان ١٩٣٢/١١/١٠-١٩٣٣/١٠/٢٧دا وەزیری پەروەردە بووە، دەتوانین بلیین ئەم رووداوە لەمانگی (ئاب-ئەیلول)ی سالی ١٩٣٢دا روویداوە. لەلایەکی ترەوە، بیرەوەری یەکەم، لەبەرئەوەی وردەکاری زۆرتری تیدایەو ناوی کۆمەلیك کەسی هیناوە، دەکری بروا بەوە بینین کە لەوی دووەم راستترە.*

*ئەم رووداوە توانای هەیە گەلیك لایەنی سەردەمی تاك حیزبی روون بکاتەوە. لە راستیدا سەرۆکی گشتی کۆمەلەی گەلی کۆماری (CHF)و لەهەمان کاتدا سەرەك کۆمار، واتە پیشەوا، تاکە کەسی خاوەن دەسەلاتی سیاسیە. بۆ ریگەگرتن لە بەهیزبوونی وەزیرەکان لە رووی سیاسیەوە، هەموجۆرە ریگەیەك دەگریتەبەر. زۆرانبازی بەسەربازو وەزیرەکان دەکات وکەسیتی سیاسی وەزیر (سووك دەکات). کەرامەتی وەزیر دەشکینی. وەزیری لاو(د. رەشید غالب)کە نارەزایی بەرامبەر بەتەمەنی وەزیری پەروەردە دەردەبری، ناتوانی بەرامبەر بەزۆرانبازی پیکردنی خۆی لەگەل سەربازەکاندا راوەستیت. لە راستیدا ئەمە زۆرانبازی نیە، "هەلبەزو دابەز پیکردن"ە. دەگوتری گوایە رەشید غالب گوتوویەتی "ئەمە خوانی میللەتە"و سفرەکەی بەجی نەهیشتووە. ئەمە نیشانی دەدات کە شۆرشی فەرەنسی (١٧٨٩)، چەند بەهەلەو لەشیوەی پەیوەندی رووکەشدا رەنگی داوەتەوە. وەکو زانراوە بەشیك لەو ئەندامانەی (ئەنجومەنی گەل Etats- Generaux) یان پیك دەهینا، دەیانگوت "ئیرە ئەنجومەنی میللەتە، تەنها هیزی میللەت دەتوانی ئیمە لیرە بکاتە دەرەوە. هیچ هیزیکی تر ناتوانی ئیمە لیرە دەرکات".*

*پیشەوا هەرکاتی ویستی، دەتوانی ئەو وەزیرەی خۆی دەیەوی بیگۆرییو هەر کەسیك کەخۆی بیەوی لەجیی دابنی. تاکە دەسەلاتدار لەم مەسەلانەدا، خۆیەتی. کەس ناتوانی لیی بپرسیتەوە. راپۆرت لیدان کاریکی مەزنە. کاریکە هانی دەدریت. هەمووان هەرچی یان لەدەمی یەکتری بیستبی، دەیگەیەننە پیشەوا. شەییدایەکی گەورە بۆ هیتلەرو رژیمە فاشیەکان لە ئارادایە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکو بینرا ئەم دیدو بۆچوونانە، کە بەتەواوی لەزانست بەدوورن‌و هیچ پەیوەندیەکی دوورو نزیکیان لەگەل چەمکی میتۆدی زانستیدا نیە، لە ژێر ناوی، یاخود لەژێر دەمامکی " بەشیوەیەکی زانستیانە"دا پیشکەش دەکرین.
پیشتر گوتمان کە ئەمە هەولدانیکە بۆ سوود وەرگرتن لەو ریزە جیهانیەی چەمکی زانست هەیەتی. دیسان پیشتر گوتوومانە نووسەرانی خۆرئاوا وەکو کەسانیك باسکراون کە "رەشاو بەسەر میژووی تورکدا دەبارینن". بەلام قسەی هەمان نووسەران، زۆربەی جار بەشیوینراوی، وەکو بەلگە بەکارهینراون بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گوایە هەموو شارستانیتی‌یە دیرینەکان لەلایەن تورکەکانەوە دامەزراون‌و سۆمەری‌و حیتی‌یەکان‌و ئەوانەی‌تر، تورك بوون.

ئەو دیدو بۆچوون، یا ئایدیۆلۆجیایەی ناوی لی‌نراوە تیزی میژووی تورك، لەکۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا، بواریکی فراوانی دەست کەوتووە بۆ ئاشکرا بوون‌و راگەیەنران. هەر لەبنەرەتدا کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك، کە لەسالی ١٩٣٢دا سازکراوە، بیجگە لە پشت راستکردنی تیزی میژووی تورك‌و راگەیاندنی ئەم پشت راستکردنە بەقسەی حەماسی‌و داستان ئامیز، هیچی تری نەکردووە. هەموو ئەو راگەیاندنانەی پیشکەشی کۆنگرەکراون‌و هەموو ئەو گفتوگۆیانەش کەلەسەر راگەیاندنەکان کراون، بەووردی لەسەر ئەم بابەتە راوەستاون. لەم رووەوە نابی قسەکانی نووسەری گشتی ئەنجومەنی

---

*لەلایەکی ترەوە، هەرچەندە جەمال گراندا بیرەوەریەکەی بەو قسەیە دەست پیدەکات کە ئاتاتورك هەرگیز رقی هەلنەدەگرت، بەلام ئەو رووداوەی کەخۆی گیراویتیەوە، نیشانی دەدات ئاتاتورك تەنانەت بۆ مەسەلە زۆر بچووکەکانیش رقی گەورەی لە دل گرتووەو هەرگیز لەبیری نەچوونەتەوە.*

*بەلام هەموو ئەمانە ئەو ئەنجامانەن کە رژیمە تۆتالیتارەکان (گشتگیر–شمولی) ناتوانن لی‌یان دەرچن. لەرژیمە تۆتالیتارەکاندا، بیجگە لە پیشەوا، ریگە بەکەسی تر نادریت میز پەیدا بکات‌و ببیتە خاوەنی دەسەلاتی سیاسی. ئەگەر شتی‌واش رووبدات، بەبەکارهینانی میکانیزمی جۆراوجۆر، ریگە لەهەموو رووداویك دەگیریت کە هیزی سیاسی‌و ئەرك‌و توانای بریاری سیاسی‌ی پیشەوا لاواز بکات.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لیکۆلینەوەی میژوویی تورك، د.رەشید غالب، تەنها وەکو قەناعەتی تایبەتی خۆی تەماشا بکریت، بەلکو دەبی وەکو قەناعەتی گشتی کۆنگرەکە بخریتە ژیر سەرنجەوە.

پرۆفیسۆر د. شەمسەدین گونالتای، ئەندامی دەزگای میژووی تورك، لەووتاریکیدا بەناوی "ماهیەتی ئەو رەخنانەی لەتیزی میژووی تورك گیراون و سەرکەوتنی یەکجاری و بیچەندو چوونی تیزەکە"(٧٧) دەلیت "کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك، بەسەرکەوتنی تیزی میژووی تورك لەناوخۆدا، کۆتایی هات".(٧٨) ئەمە قسەیەکی زۆر راستە. کەوابی جیگەی خۆیەتی بەشیوەیەکی فراوانتر لەسەر ئەم کۆنگرەیە راوەستین، کەتیزی میژووی تورکی لەناوخۆدا بەسەرکەوتن گەیاند. باکەمیك لە نزیکترەوە، تەماشای ئەو کتیبە ٦٣٢ لاپەرەییە بکەین کە کۆنفرانس و تۆماری کۆنووسەکانی کۆنگرەی تیدایە.

ووتاری کردنەوەی وەزیری
مەعاریف، جەنابی ئەسعەد بەگ ٥-١٤
ووتاری مامۆستا
ئیحسان شەریف بەگ ١٤-١٧

| ناوی کۆنفرانس | ناوی خاوەنی کۆنفرانس | ئەوانەی قسەیان لەسەرکردووە |
| --- | --- | --- |
| ١-بەرلەمیژوو و لەبەرەبەیانی میژوودا ١٨-٤١ | خاتوو ئافەت( مامۆستا ) | ئەسعەد بەگ وەزیری مەعاریف<br>ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف بەگ<br>( نوینەری ئەستەموول )<br>فوئاد بەگ کۆپرولوزادە<br>د. شەوکەت عەزیز بەگ<br>خاتوو ئافەت خانم ٤٢-٥١ |

---

(٧٧) *Belleten, Sayi, 7-8, 1938, S. 337-365.*
(٧٨) *a.g.m. ,S. 338.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٢. پەیوەندییەکانی<br>نیوان تورکی و<br>زمانەکانی‌تر ٥٢-٧٨ | سامیح رەفعەت بەگ<br>( ئەندامی ئەنجومەنی<br>لیکۆلینەوەی میژوویی<br>تورک ونوینەری چەنە قەلعە ) | فوئاد بەگ کۆپرولوزادە<br>یوسف بەگ ئاکچۆرا ئۆغلو<br>( نوینەری ئەستەموول )<br>حەسەن جەمیل بەگ<br>( نوینەری بۆلو )<br>د. جەعفەر ئۆغلو ئەحمەد بەگ<br>سامیح رەفعەت بەگ<br>( نوینەری چەنە قەلعە ) ٧٩-٩٥ |
| ٣-روانینیکی گشتی<br>بۆ میژووی رەگەزی تورک و<br>شارستانیتی ٩٩-١٦١ | د.رەشید غالب بەگ<br>( نووسەری گشتی<br>ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی<br>میژوویی تورک و<br>نوینەری ئایدن ) | خەلیل ئەدهەم بەگ<br>( نوینەری ئەستەموول )<br>ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف بەگ<br>( نوینەری ئەستەموول )<br>د. شەوکەت عەزیز بەگ<br>زەکی وەلیدی بەگ<br>د. رەشید غالب بەگ<br>( نوینەری ئایدن ) ١٦٢-١٩٣ |
| ٤-روانینیکی گشتی بۆ<br>شارستانیتی ئیجە<br>١٩٩-٢٣٢ | حەسەن جەمیل بەگ<br>( ئەندامی ئەنجومەنی<br>لیکۆلینەوەی میژوویی<br>تورک ونوینەری بۆلو ) | سامیح رەفعەت بەگ<br>( نوینەری چەنەقەلعە )<br>ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف بەگ<br>( نوینەری ئەستەموول )<br>خاتوو سدیقە ئیبراهیم<br>شەمسەدین بەگ<br>( نوینەری سیواس )<br>مەحمود تورگوت بەگ |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسماعیل حەقی بەگ
نوینەری بالك ئەسیر ٢٣٣-٢٣٧

| | | |
|---|---|---|
| ٥- پەیوەندی ئایین و خوداکانی میسر لەگەڵ توركدا ٢٤٣-٢٦٠ | پرۆفیسۆر یوسف زیابەگ (مامۆستای-دار الفنون- نوینەری ئەسکی شەهر) | ٢٤٣-٢٦٠ |
| ٦-بەراورد لەنیوانی مافەکانی خیزان لای تورك لەگەڵ مافەکانی خیزانی هیندو ئەوروپایی ٢٦١-٢٦٩ | ئاغا ئۆغلو ئەحمەد بەگ (مامۆستای-دار الفنون- نوینەری قارس) | ٢٤٣-٢٦٠ |
| ٧-ئەنترۆپولۆجیای تورکەکان ٢٧١-٢٧٣ | د. شەوکەت عەزیز بەگ (مامۆستای-دار الفنون) | پرۆفیسۆر ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف بەگ (نوینەری ئەستەموول) د. رەشید غالب بەگ (نوینەری ئایدن) عارف بەگ ٢٧٩-٢٨٤ |
| ٨-شوینی تورکەکان لە شارستانیتی ئیسلامدا ٢٨٩-٣٠٧ | شەمسەدین بەگ (ئەندامی ئەنجومەنی لیکۆڵینەوەی میژووی تورك ونوینەری سیواس) | |
| ٩-روانینیکی گشتی بۆ ئەدەبی تورکی ٣٠٨-٣٢٠ | کۆپرولوزادە فوئادبەگ (مامۆستای-دار الفنون) | ئیسماعیل حەقی بەگ (نوینەری بالك ئەسیر) خەلیل نیعمە توللا بەگ پرۆفیسۆر رەشەر بەگ |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | | شەمسەدین بەگ<br>(نوینەری سیواس) ٣٢١-٣٣٣ |
| ١٠-فاکتەرەکانی میژوو ٣٣٩-٣٦٤ | پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ<br>(ئەندامی ئە نجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك ونوینەری قەرەحیساری خۆرهەلات) | |
| ١١-لەنیوان قەومە خزمەکانی هند دا ٣٦٦-٣٦٨ | زەیتی فرەنج | زەکی وەلیدی بەگ<br>د. رەشید غالب بەگ<br>(نوینەری ئایدن)<br>خاتوو ئافەت<br>ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف بەگ<br>(نوینەری ئەستەموول)<br>شەمسەدین بەگ<br>(نوینەری سیواس)<br>پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ<br>(نوینەری قەرەحیساری خۆرهەلات) ٣٦٩-٤٠٠ |
| ١٢-روانینیکی گشتی بۆ میژووی سەدەکانی ناوەراست ٤٠٥-٤٤٤ | خاتوو ئافەت | |
| ١٣-"کتیبی نوی ی میژوو" (چەند تیبینی‌یەك لەسەر هیلە گشتیەکانی میژووی تورك) ٤٤٥-٤٥٢ | ئاڤرام گالانتی بەگ | سامیح رەفعەت بەگ<br>(نوینەری چەنەقەلعە) |
| ١٤-هۆکانی رۆچوونی | یوسف حیکمەت بەگ | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| خۆرهەلات ٥٣٠-٤٥٨ | ( ئەندامی ئە نجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك‌ونوینەری مانیسا ) | |
| ١٥-مۆزەخانەکان | خەلیل ئەدهەم بەگ ( ئەندامی ئە نجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك‌و نوینەری ئەستەموول ) | ئیسماعیل حەقی بەگ ( نوینەری بالك ئەسیر ) د. ئۆرهان سەدرەدین بەگ ئاکچۆرا یوسف بەگ ( نوینەری ئەستەموول ) پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ ( نوینەری قەرەحیساری خۆرهەلات ) جەعفەر ئۆغلو ئە حمەد بەگ ٥٦٧-٥٧١ |
| ١٦-نووسینەوەی میژوو وگوتنەوەی میژوو ٥٧٧-٦٠٧ | پرۆفیسۆر ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف (ئەندامی ئە نجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك‌و نوینەری ئەستەموول ) | وەزیری مەعاریف: ئەسعەد ئە حمەد رەفیق بەگ محەمەد عەلی عەینی بەگ یوسف شەریف بەگ ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف بەگ ( نوینەری ئەستەموول ) نیازی تۆفیق بەگ ٦٠٦-٦١٦ |

*ووتارەکانی داخستنی کۆنگرە*

| | |
|---|---|
| سەرۆکی ئە نجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك ئاکچۆرا ئۆغلو یوسف بەگ | ٦١٦-٦١٩ |
| ووتەی موزەفەر بەگ سەرۆکی کۆلیجی ئەدەبیات | ٦١٩-٦٢١ |
| ووتەی مامۆستا خاتوو مەدیحە موزەفەر | ٦٢١-٦٢٤ |
| ووتەی مامۆستا مەدحەد بەگ | ٦٢٤-٦٢٧ |




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەزۆربەی هەرە زۆری ئەم کۆنفرانس و ووتارانەدا، تیزی میژووی تورك بە چەپلەی توندو بەردەوام وبەقسەی حەماسی و داستان ئامیز، هینراوەتە سەر زمان. ستایشی مستەفاکەمال کراوەو ریزو سوپاسی پیشکەش کراوە.

گرنگترین خالی بەرچاووسەرنج راکیش لەم کۆنفرانس و ووتارانەدا، بریتیە لەوەی کە لەکاتیکدا کە بەدوورو دریژی لەسەر میژووی "بەرلە دەیان هەزار سال"ی تورك و بلاوبوونەوەی تورکەکان ودامەزراندنی شارستانیتی و هەلگرتن و بلاوکردنەوەی شارستانیتی لەلایەن تورکەکانەوە رادەوەستن، کەچی تەنانەت بەیەك رستەش باسی عوسمانیەکان، هیرش و پەلامارەکانی عوسمانیەکان و قارەمانیتی یەکانیان نەکراوە. ئەمەش پەیوەندی بەو ئایدیۆلۆجیا رەسمیەی دەولەتەوە هەیە کە هەولی بنیاتنانی دەدریت.

سەرەرای هەموو ئەمانە، هەندیك خالی ووتارەکەی د.رەشید غالب و ووتاربیژەکانی تر پیویستیان بەسەرنجدان هەیە. دەکری ئەو خالانە بەم جۆرە باس بکەین: باس لەوە دەکریت کەهەندیك لیکۆلەرەوەی ناتورك، بەتایبەت میژوونووس و تویژەرەوە ئەوروپاییەکان، مانای وەکو چەتەو ریگریان داوە بەووشەی تورك. لیکۆلەرەوەو تویژەرەوە تورکەکان بەتوندی دژی ئەم هەلویستە دەوەستن. بۆ نموونە ئەسعەد بەگی وەزیری مەعاریف کە کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکی کردۆتەوە،دەلیت:

" بائەو چیرۆك و ئەفسانانەی سەبارەت سروشت و رەگەزو رەچەلەکیان(واتە هی‌تورکەکان)، گوی‌یان پر کردووین و شیوەیەکی چوون یەکیان هەیە، بخەینەلاوە، لەم کتیبانەدا.

بەلام دژی ئەم بۆچوونە دەوەستیت. لەگەل ئەوەشدا، لەبەرئەوەی ئاماژە بۆ(یاسەسی کوری نوح) کراوە، کەمیکیش دەبیتە مایەی شانازی پیوەکردن. چونکە ئەم ئاماژەیە لەرووی نیشاندانی کۆنی و دیرینی رەگەزی تورکەوە بەگرنگ دادەنریت.[٧٩] بەهەمان شیوە، خاتوو ئافەتیش کەلەسەر ئەو ووتارە

---

[٧٩] <u>*Birinci Turk Tarih Konqresi*</u>*, s. 5-6.*

پرله پیاهەلدانانەی پاش کۆنفرانسەکەی خۆی پیشکەش دەکرین، ووتاریکی تردەدات، دەلیت:

" بەهەرحال مەحالە چینی‌یەکان ناویان لەتورك نابیت.تورکەکان بۆ وەرگرتنی ناو، پیویستیان بە هیچ میللەتیك نەبووەونیە، بانگ بەگوییاندا هەلبدات."*

(چەپلە)[٨٠]

ئەم هەلویستو رەفتارانە، لەو رووەوە کە هەلویستو رەفتارو سیاسەتەکانی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت لەتورکیادا، بەرامبەر بە "فاکتی نەتەوەی کورد" نیشاندەدەن، گرنگی‌یەکی بی‌ئەندازەیان هەیە. بەلام ئەمجارەیان تورکەکان هەموو ئەو قسانەی ئەوروپاییەکان لەسەر خۆیان کردوویانەو گوتوویانە، ئەوەندەی تریشیان دەخەنە سەرو دەیاندەنە پال کورد."کورد مانای گورگ دەگەیەنی"**،"کورد مانای ئەو بەفرەی لەسەر چیا دەتویتەوە"،"ووشەی کورد لەو دەنگەوە هاتووە کەئیستر لەکاتی جۆ خواردندا لی‌ی دەردەچیت"،"ووشەی کورد مانای کیوی،وەحشی"،"کوردی پیس، کوردی کلکدار(یاخود کوردی دووپشك)،"کوردی بی قیمەت" هتد. هەموو ئەم وەسفانە پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەل ئایدیۆلۆجیای رەسمیدا هەیە. لەم رووەوە، بالیرەدا خالیکی گرنگ دابنیین."زانا تورکەکان" کەسکالا لەدەست ئەو مانا ناشرینو پرلە سووکایەتی پیکردنانە دەکەن کە دراون بەووشەی تورك، چەند ئەوەندەی تریشیان دەخەنە سەرو بە کورد-یان دەلینەوە.

---

** لە دەقە تورکیەکەدا ووشەی(vaftiz)بەکارهاتووە کەمانای(تعمید) دەگەیەنی لەئایینی مەسیحیدا. ئەویش بریتیە لەریو رەسمیك بۆ خاوین کردنەوەی مندالی ساوا لەگوناهی یەکەم. لەلای خۆمان بۆ ناونانی مندال، چەند رۆژیك پاش لەدایك بوونی، بانگ بەگوییدا هەلدەدەن.*

[٨٠] ***a.g.e. , s. 51.***

*** لە رینوسی تورکیدا ووشەی کورد بەمجۆرە دەنووسریت(**Kurt**). هەروەها بەتورکی بە گورگ دەلین(کورت)و بەمجۆرە دەنووسریت(**Kurt**).*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ووتارو کۆنفرانسەکاندا، زوو زوو دەستەواژەی وەك"رەش کردنی میژووی تورك"و"سرینەوەی ناوی تورك لەزمانو میژوو وکتیبەکاندا" بەکار دەهینرین. میژوونووسو بیریارەکانی خۆرئاوا، لەسەر ئەم بیرو کردارانەیان مەحکوم دەکرین. بەلام هەموو ئەمانە بەشیوەیەکی روونو ئاشکرا، ئەو سیاسەتانە دەردەخەن کە ئایدیۆلۆجیای رەسمی لەبەرامبەر کورد دا پیادەی کردوون. بۆئەوەی میژووی کورد نەزانریت، بەلگەنامەکان لەناو دەبرین، دەسووتینرین، دەفەوتینرین. ئایدیۆلۆجیای رەسمی پاش ئەوەی رایدەگەیەنیت کە گەلیك نیە ناوی کورد بیت، دەلیت کورد هەر لەبنەرەتدا میللەتیکی کۆیلەبووە، لەمیژوودا هەرگیز دەولەتی نەبووەو هەمیشە بەمیللەتانی ترەوە بەستراوەتەوە.ئامانجی ئەمەش ئەوەیە ، کوردەکان والی بکات شەرم لە میژووی خۆیان بکەن، کوردایەتی خۆیان رەتبکەنەوە و ببن بەتورك. وا دادەنریت کەئەو کوردانەی لە میژووی خۆیان بیزار دەبنو شەرمی لی دەکەن ، کوردبوونی خۆیان رەتدەکەنەوەو دەبن بەتورك. پاش راگەیاندنی ئەوەی کەزمانیك نیە ناوی کوردی بیتو بەلکو ئەوە لەهجەیەکی زمانی تورکییە کە "تورکە شاخاوییەکان" قسەی پیدەکەن، یەکسەر ئەم قسانە دین: کوردی خۆی زمانیکی زۆر ساکارە ، بونیادیکی ٣٠ ووشەیشی نیە. ئامانجی هەموو ئەمانە ئەوەیە کورد واز لەهەموو ئەو رەگەزانە بینێ کەپەیوەندیان بەتایبەتمەندیەکانی (کۆمەلگەی کوردی بوون)ەوە هەیە.

"زانا تورکەکان" کەسکالا دەکەن لەوەی "ناوی تورکیان لە میژوودا دەسریەوە. دەیانویست لەزمانو کتیبەکاندا بیسرنەوە"و بەتوندی دژی ئەم هەلویستە دەوەستن، تا ئەوپەری توانا هەولیان داوە ناوی کوردو ناوی کوردستان لەزمانو کتیبەکاندا بسرنەوە، بۆ ئەوەی کورد لە میژوودا بوونی نەمینیت. بەئەنقەست زانیاری هەلەیان بەرهەمهیناوە. خۆیان لەفاکتی کورد هەلە کردووەو بەنەبوو حسابیان کردووە. لەم رووەوە پیویستە لیرەدا خالیکی تر دانیین. چونکە ئەمە خالیکی زۆر گرنگە لەپیکهاتنی ئایدیۆلۆجیای رەسمیدا.

"زانا تورکەکان" تەنانەت ئەو کاتەی دەلین "وامان دەزانی دەمارگیری ناچیتە ناو جیهانی فکرەوە، بەلام بیریارو زانستکارە خۆرئاواییەکان، لەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەوەی دۆسـتی تـورك نـین تووشـی دەمارگـیری بـوون"، خۆیـان بـەناو دەمارگیریـەکی خەسـتدا رۆچـوون. دواتـر هـەولدەدەین بەنموونـەوە نیشـانی بدەین کەئەو "زانا تورکانـە"ی بیریـارو نووسـەرانی خۆرئـاوا تاوانباردەکـەن بەوەی دۆستی تورك نین، خۆیان چ جۆرە دۆستایەتیەکیان بەرامبەر بەکورد نواندووە.

خالیکی تریش کەپیویستی بە لەسەر وەستان هەیە، لەچەمکی "ئەرکی سەرشانی تورکەکان لە بەشارستانی کردنو پەروەردە کردندا" دەکەویتەوە. ئەمەش یەکیکی ترە لەخالەکانی وەرگەرانی ئایدیۆلۆجیای رەسمی ، بەرەو کردارو جیٚ بەجیٚ کردن. چونکە لەهەموو یاخی بوونەکانی "خۆرهەلات"دا پاش دامەزراندنی کۆمار، بەشارستانی کردنو پەروەردە کردنی " خۆرهەلات" دەکریتە بیانووی کردەوەی عەسکەری‌و ناردنی عەسـکەر بـۆ "خۆرهـەلات". کردەوەی بەشارستانی کردنو پەروەردە کردن، زوو زوو بەسـەر کوردەکـاندا پیادە کراوەو هەولدراوە لەژیر ئەو دەمامکەدا، کۆکوژیەکان بشاردرینەوە.

بروانـن د. ئـارن ئـەنگین (ئـەو کاتـەی نـاوی سـەفوەت ئـەنگین بـوو) کـە بەفەرموودەی ئاتاتورك لە ١٩٣٣دا کراوە بەئەندامی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك، چی دەلیت:

" ئیستا ئەرکی سەرەکیمان ئەوەیە لەگەل تورکدا بیانکەین بەیەك (لەناو تورکـدا بیـان توینینـەوە). ئـەویش لەریگـەی بـەکارهینانی میتۆدەکـانی (برۆڤنی)یەوە لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا.

ئەم میتـۆدە لـەو بەیاننامـە پەروەردەییـەماندا رونکراوەتـەوەو قبولکـراوە، کەوەزارەتی پەروەردە لە منی داواکردبوو و، تا رادەیەکی زۆریش جیٚ بەجیٚ کراوە. جیگەی سوپاسو ستایشە.

کاتیك لـە لـەندەن لەگـەل ئـەندامانی ئـەو دەزگایـەدا کەئـەم میتـۆدە پیـادە دەکەن دیدارو گفتوگۆم کرد، بـۆم دەرکـەوت بەشـیٚزۆری دەزگـا تایبەتـەکان تەنها خەریکی ئەو کارەن و بەهەموو قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا دەگـەرین. گوتیـان ئـەم میتـۆدە ریگەیـەکی بـیٚ هاوتایـە بـۆ رەگ داکوتـانی نەتەوایـەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلیزی لەدڵو دەروونداو مسۆگەر کردنی یەکێتیو یەکپارچەیی ئینگلیزو، هەموو منداڵە بیگانەکانیش بەم میتۆدە بەتەواوی بوون بە ئینگلیز. تاکە ڕێگەی دەربازبوونی ئێمەش لە بەرامبەر کەمینە ڕەگەز پەرستەکاندا، هەر ئەم میتۆدەیە.بەم شێوەیە کوردو کەمینە عوسمانیەکانی تر دەتوێنینەوە."[٨١]

میتۆدەکانی د. ئارن ئەنگین بۆ تواندنەوە، جۆربەجۆرن لەکتێبەکەیدا بەم ڕستانە باسی یەکێکیان دەکات:

" بەهۆی بوومەلەرزەکەو، دەرفەتی ئەوەمان بۆ هاتۆتە پێشەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان پەرشو بڵاوبکەینەوە ."[٨٢]

" با بەبیانووی بوومەلەرزەکەوە، کوردەکان بڵاوبکەینەوە. پیشەکی با بیاننێرین بۆ ئەڵمانیا."[٨٣]

" ئێستا بەهۆی بوومەلەرزەکەوە ، بەتەواوی کاتی ئەوەیە کوردەکان بڵاوبکەینەوە."[٨٤]

" با تورکە کۆچەرەکان لە خۆرهەڵاتدا نیشتەجێ بکەین. باپێشەکی بەهۆی بوومەلەرزەکەوە ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان بنێرینە ئەڵمانیا. بەشارەکانی ناوەڕاستو خۆرئاواماندا بڵاویان بکەینەوە."[٨٥]

د. ئارن ئەنگین (سەفوت ئەنگین) باسی ئەو میتۆدە دەکات کە ئیمپریالیزمو کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی لەناوچە بەکۆلۆنی کراوەکاندا پیادەی کردووە، بۆ لەناو بردنی خودیتی نەتەوەیی خەڵکی ئەو ناوچانەو بەئینگلیز کردنیان. سەفوەت (ئارن) ئەنگین کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٣٥ دا

---

[٨١] *Arin Engin, URANS, Ataturkculuk Kultur Yayinlari, Sayi 28, Baslangic: Ulusal Vicdan 1. Buyuk Roma Imparatorlugunun Kuruculari Etrusk Turkleri, 2. Avrupa Dusuncesi ve Kulturu Tarihi, Gun Matbaasi, Istanbul 1971, s.6.*

[٨٢] *Arin Engin, a.g.e. ,s. III*

[٨٣] *Arin Engin, a.g.e. ,s. 1*

[٨٤] *Arin Engin, a.g.e. ,s. 10*

[٨٥] *Arin Engin, a.g.e. ,s. 13*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەندامی دەزگـای خوینـدنو فـیرکردنی سـەر بـە وەزارەتـی پـەروەردە بـووە، دەلیت ئەو میتۆدەی بۆ بەتورك كردنی کورد بەکاردەهینری لە ئینگلیزەکانەوە وەرگیراوە.ئەمە رووداویکی زۆر سروشتییە. بەلام پیادە کردنی ئەم میتۆدە لەلایەن تورکەکانەوە، کۆمەلیك جیاوازی هەیە لەگەل ئەوەی ئینگلیزەکـاندا. ئەو میتۆدانەی تورکەکان بۆ بەتورك كردنو " سرینەوەی ناوی کوردو ناوی کوردســتان، لــەزمانو میــژوو و کتیبــەکاندا" پیادەیــان دەکــەن، گــەلیك کۆنەپەرستترو کۆکوژترن . دواتر ئەم بابەتانە بەدریژی دەخرینە بەر باس .

### IV- ئەو لیکۆلینەوانەی لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیدا ئەنجام دراون

یەکیك لەگرنگترینی ئەو توخمانەی تیزی میژووی تورکیان پیك هیناوە، بریتیــە لەلیکۆلینــەوە ئەنترۆپۆلۆجیــەکان. بیگومــان کــارکردن لەســەر ئەنترۆپۆلۆجیا پیکەوە لەگەل کارکردن لەسەر میژوودا ئەنجام دراون ناتوانریٚ بگوتــریٚ هەریەکــەیان بەشــیوەیەکی ســەربەخۆ بــەریوە چــوون . ئــەو لیکۆلینەوانـەی لەسـەر بابـەتی ئـەنترۆپۆلۆجیا کـراون، زیـاتر پـەیوەندیان بـە ئەنترۆپۆلۆجیای فیزیکی (جەستەیی)یـەوە. ئەو لیکۆلینەوانـەن کـە بونیـادی فیزیکی رەگەزەکانی مرۆڤو رەگەزی تورکیان کردۆتە بابەتی خۆیان.

با هـەول بدەین بەنموونـەوە نیشـانی بدەیـن ئـەم لیکۆلینەوانـە لـەچ بـیرو بۆچوونیکەوە دەستیان پیکردووە و بەچ جۆرە ئەنجامیك گەیشتوون :

" نیشتمانی دایکی تورك کویٚیە؟

با هەموومان پیکەوە وەلامیکی کورتو یەکجارەکی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

نیشـتمانی دایکـی تـورك بـانی ئاسـیای ناوەراسـتە. بربـرەی پشـتی ئـەم نیشتمانە، ناوچەی (ئالتای–پامیر)ە. تورکەکان لەم لانکەیەدا، لانیکەم ۹۰۰۰ سال پیش زایین ، رەگەزیکی خاوەن کولتوور بوون.

لـیرەدا دەمـەویٚ بـەروونی باسـی مەسـەلەیەك بکـەم. کـە باسـی ئاسـیای ناوەراسـتو ئـەو کۆمـەلی مرۆڤانـە دەکـەم کەلــەویٚ پیگەیشــتوون، زیادیــان کردووەو بەتەنها خۆیان کولتووریکیان دروست کردووە، تەنها یـەك رەگـەزم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەبیردا دێو ناوی دەنیم تورك. گومانم نیە لەوەی زۆر دەبن ئەو کەسانەی ئەم تیگەیشتنە بەگونجاو نازانن لەگەل نەریتیکدا کە تا ئەمرۆ رەخنەی لی نەگیراوە. ئیمە پیمان وایە گرنگی ئەمە لەپلەی دووەمدایە. ئەوەی لای ئیمە گرنگە ئەوەیە ئەو بنەماو پرنسیپەی قبولی دەکەین، لەگەل زانستو مەنتیق دا جووت بیت.

دانیشتوانی رەسەنی بانەکانی ئاسیای ناوەراست، لەژیر سیستەمی تاکە یەك رەگەزدا پیکهاتوون. چونکە بەهۆی ریگرە سروشتیەکانی سەر سنووری نیشتمانەکەیانەوە، دەیان هەزار سال، بواری ئەوە نەبووە هیچ خوینیکیترو هیچ جۆرە مرۆڤیکیتر تیکەلاویان بیت.

بە شیوەیەکی گشتی سیفەتی دیاری ئەم رەگەزەی ئاسیای ناوەراست ئەوەیە کە(براکیسەفال)ە. سەرەرای هەموو ئەفسانە هەلبەستراوەکان، پیکهاتنی جەستەی هاوئاهەنگە. رەنگی پیستیشی هیچ نزیکایەتیەکی لەگەل رەنگی زەرد دا نیە. بەشیوەیەکی بنەرەتی گشتی، سپیپیستە.

پیم وایە گرنگترینو بنەرەتی ترین پیوەری زانستی بۆ حساب کردنی کۆمەلیکی مرۆیی لەسەر رەگەزیکی تایبەت، ئەمەیە.

ئەگەر جیاوازی دیالیکتە ناوچەییەکانی خەلکی رەسەنی ناوەراست کەبەتیپەرینی کات هاتنە ئاراوە، بخرینەلاوە،بەشیوەیەکی سروشتیو بەتەواوەتی لەهەموو نیشتمانەکەدا بەتاکە یەك زمان قسەدەکرا. ئەمرۆیش لەهەمان ئەو نیشتمانانەدا، بەو زمانە دایکییە قسە دەکریت. بیجگە لەم زمانە، لەهیچ سەردەمیکدا هیچ زمانیکیتر لەلایەن هیچ قەومیکی بیگانەوە نەهینراوەتە ئەم وولاتەوە. بەپیچەوانەوە، ئەم زمانە براوە بۆ هەموو زمانەکانی جیهان. ئەم زمانە ناوی خۆی هەیە. زمانی تورکی. کەوابی ناوی ئەو مرۆڤانەی کەلەلانکەی سروشتی خۆیدا خاوەنی ئەم زمانەن، دەبی چیبی؟ بیگومان بیجگە لەتورك، هیچیتر نابیت."(چەپلە)[٨٦]

---

[٨٦]*Afet Hanim, Tarihten Evvel ve Tarih Fecrinde, Birinci Turk Tarih Kongresi, s. 30-31*




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" هاوریيان، بابيينه سەر ئەو بیردۆزەی کە ئەوروپاییەکان بە ئاری‌و، تورکیش بەرەگەزی مەغۆڵ‌و زەردپێست دادەنێت، هیچ بێ مەنتیقی‌یەك ئەوەندەی ئەم بیردۆزە مایەی گاڵتە پێکردنی زانست نیە.

ئاشکرایە ناوی مەغۆڵ، لەگەڵ سەرکەوتنی چەنگیزخاندا بەرگوی دەکەویت. چەنگیز لەخێلی بچووکی(بورچیکین) ە، کە دانیشتووی دۆڵی(کەرولەن‌وئۆنان) بوون لە باشووری خۆرهەلاتی گۆڵی(بایکال)دا.ئەم خێلە کەشانازیان بەوەوە کردووە وەکو تورك لە بۆزکورت‌و ئالاگەییك-وە هاتوون، لەبنەرەتدا سەر بەهۆزی (تونگوز)ە. ئەم خێلە کە سەربە (توغرول)ی خانی دەولەتی(کەرایت)ی تورکی بوون، پاشتر ناوی(مەغۆڵ)یان لێنرا، کە بەپێی قسەی رادۆلف‌و فەرهەنگی ووشەی زمانی چاغاتای، مانای دلساف دەگەیەنی.

" خێلی بچووکی(بورچیکین)یش کە ناوی مەغۆلی وەرگرتووە، لەناو کۆمەلی تورکی مەزندا، تیکەلاوی تورکەکان بووە. بەمجۆرە (ئولون ئەکە)ی دایکی چەنگیز، ژنیکی تورك بووە. ئەگەر بەهۆی ئەم تیکەلاوبوونەوە ناوی رەگەزیکی هاوبەش پێویست بێت، سروشتیە ئەوناوە، ناوی رەگەزی هەرە گەورەی تورك بێت. بەهەرحاڵ، کەباسی رەگەزیك دەکرێت، ئەوەی دەبێ بیری لێ بکرێتەوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو مرۆڤانەیە کەرەگەزەکە پێك دینن.

" بەم بۆنەیەوە با دووبارەی بکەمەوە، وەك چۆن زمان‌و کولتووری مرۆڤەکانی ئاسیای ناوەراست یەکیك بووە، جۆر (نوع)ی ئەنترۆپۆلۆجی‌و فیزیکیشیان گشتی‌و براکیسەفال‌و یەکیك بووە. ئەوانەی بەرەو ئەوروپا رۆیشتن، وەکو ئەوانەی چوون بۆ چین‌و هندو شوینەکانی تر، بەتیپەرینی کات جۆر (نوع)و زمانیان تیکەلاوبووە. بیگومان لەنیوان ئەوانەدا کە چوونە ئەوروپا، چەندین گروپ هەبوون کەپاش تیکەلاوبوونی زمانیان لەگەڵ زەندی‌و هندیدا دەچوونە ناو جیهانی ئەوروپاوە. نزیکایەتی نیوان زمانە ئەوروپاییەکان‌و زمانی ئیرانی‌و هیندو ، لیرەوە سەرچاوە دەگرێ. لەناو هەموو ئەم زمانانەشدا، رەگی زمانی تورکی هەیە. دان نەنان بەم راستیەدا دەگەرێتەوە بۆ شارەزا نەبوون لە زمانی تورکی‌ی کۆندا."[87]

---

[87] *Afet Hanim, a.g.e. , s.35*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" ئیستا با سەیری ئەو خالە بکەین کەپیویستی بەلەسەر وەستان هەیە. گەلیك لە زاناکانی ئەوروپا، کۆمەلیك خیلی ئاسیای ناوەراست دەکەنە باپیری خۆیان کە لە سەردەمی پیش میژووەوەو لەکازیوەی میژوو و سەردەمە میژووییەکاندا، کولتووری بالایان گەیاندۆتە هەموو پارچەکانی مرۆڤایەتی و ئەوروپاییەکانیش. دەلیـن ئەم مرۆڤانە کەناویان ناون ئاری، هیندۆ ئەوروپایی، هیندۆ جیرمان، لەبانی (ئالتای پامیر)ەوە بەرێ کەوتوون.

رەنگە بەمانایەك لەماناکان ، لیکدانەوەیەکی راست بۆ هەموو ئەم تیگەیشتن و تیروانینانەیان بدۆزنەوە. بەلام لیرەدا لایەنیکی هەلە هەیە، کەئەویش بریتیە لە بیربردنەوەو هەولدان بۆ لەبیربردنەوەی دایکی راستەقینەو رەگەزی بنەرەتی ی ئەو کۆمەلە مرۆڤە شارستانیانەی بەجیهاندا بلاوبوونەوە، واتە خیزانی گەورەی تورك.

ئەمە لەکاتیکدایە کە نە نەریتی باو و نەزانستە نویکانیش دەتوانن نکولی لەم راستیە مەزنە بکەن.

ئەو کاتەی رەگەزی تورك لەنیشتمانی دایکی خۆیدا گەیشتە پلەی بەرزی کولتووری خۆی، خەلکی ئەوروپا ژیانیکی وەحشی و بەتەواوی جاهیلانە دەژیان. ئەم خەلکە پاش ئەوەی لەگەل ئەو مرۆڤانەدا تیکەلاوبوون کەچوو بوونە ناویانەوە ، وایان هاتە پیش چاو کە بەرزاییەکانی ئاسیای ناوەراست دنیایەکی تاریکی پر لەمرۆڤی یەك چاوە. چونکە تورکەکانیش کەتیکەلاوی ئەم خەلکە بەرفراوانانە بوو بوون، لەماوەی هەزاران سالدا ، بەهۆی چەندین رووداوی سیاسی و ئایینی یەوە، وورده وورده خودیتی خۆیان و نیشتمانی دایکی خۆیان لەبیرچۆوە.

ئەوانەی چوونە هندستان، ئەو شوینەیان بیرنەدەهاتەوە کەلیوەی هاتبوون . ئەوانەی چوونە ئیران ، وایان دانا (فرض) کەنیشتمانی یەکەمیان شوینیکی دووری نەزانراوە لەدەوروبەری پامیر. بەلام بیرەوەریەك هەبوو کە لە بیریان نەچۆوە: نیشتمانی دیرینیان، نیشتمانی مرۆڤی بەریزو جوامیران بووە. پاش ماوەیەکی زۆر لەم بیرەوەریە، ئەوروپاییەکان لەدەوروبەری (هندیکوش)دا دیاریکی ئاری-یان دروستکرد. بەلام نەیانتوانی بگەنە ئەوەی کەدیاری ئاری واتە دیاری تورك. دەرفەتی ئەوەش نەمابوو لەمە بکۆلنەوە. چونکە دووبارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوروپا کەوتەوە بەر پەلاماری سەرسامهێنەرو یەك لەدوای یەکەکانی کۆمەلە تورکیە ئەسپ سوارەکانی ئالان، هون، ئاڤار، پەچەنەك، ئۆغوز، کومانو هتد.

ئاشکرا بوو کەئەم کۆمەلە مرۆییانە، لەبەرزاییەکانی (بانەکانی) ئاسیای ناوەراستەوە هاتوون. بەلام ئەو دوا کاریگەریەی لەناو ئەوروپاییەکاندا مایەوە، توانای ئەوەی بۆ نەهێشتنەوە لەو راستیە بگەن کەئەم مرۆڤانە برای رەسەنی ئەو رۆلە جوامێرانەی رەگەزی (ئالتای-پامیر)ی دێرینن کەیەکەمجار هاتنە ئەوروپا. ئەو ئەنجامەی لەمە کەوتەوە ئەمە بوو. دەمارگیریەك کەنکولی لەوە دەکات کەئەو ئاسیای ناوەراستیانەی یەکەمجارو دواجار لەئەوروپادا بینران، سەر بەیەك قەومی گشتی بوون

پرۆفیسۆرانی بەرێز، هاوکارانی بەرێزم،

ئیتر با وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کەپالی پێوە ناوین لێکۆلینەوە بکەین! خەلکی رەسەنی ئاسیای ناوەراست ، تورکن: (چەپلە) لەبەرئەوە دروستکردنی رەگەزێکی تری جیاواز لەخێزانی گەورەی تورك لەو ناوچەیەداو لەژێر ناوی (هیندو-ئەوروپایی)دا،یاخیبوون دەبێ لە سروشت. ئەوەی مەعقولو مرۆڤانەیە بریتیە لەدان پێدانانو رێزگرتن لەو رەگەزەی کە سروشت لەبەرزاییەکانی ئاسیای ناوەراستدا دروستی کردووە. (چەپلە)

رۆلەکانی ئەمرۆی تورك، کەبریاریان داوە بەدوا مەشخەلەکانی پێشکەوتن بیرو ویژدانی خۆیان رووناك بکەنەوە، دەزانن‌و رایدەگەیەنن کەئەوان رۆلەی میللەتێکی بەتواناو لێ هاتوون کەدەچێتەوە سەر رەگەزی بالاو دەیان هەزار سالەی ئاریی شارستانی، نەك خێلێکی چوار سەد رەشمالی." (چەپلەی بەردەوام)

" پێویستە ئەوەش بەباشی بزانرێت کە باپیرە حیتیەکانمان، یەکەمین دانیشتوانی رەسەن‌و خاوەنی نیشتمانی ئەمرۆمان بوون. هەزاران سال لەمەوبەر، لەجیاتی نیشتمانی دایکی خۆیان، ئێرەیان کردۆتە نیشتمانی رەسەنی خۆیان.ناوەندی تورکایەتی یان لەناوچەکانی (ئالتای)یەوە هێناوە بۆ



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

ئانادۆل– تەراکیا. بناغە پتەوەکانی کۆماری تورك، لەو تاشە بەردە سەختانە بنیات نراوە." (چەپلە)

"میراتگری رەسەنی ئەم نیشتمانە پیرۆزە، شیرە میراتگری کۆماری تورکیا، رۆلە بەهێزو لاوەکانی ئەمرۆی ئەو قەومە تورکە مەزنو بالاو رەسەنەن.)) (چەپلەی بەردەوام)[٨٨]

ئەمە بەکورتی ئەو ووتەیەیە کە خاتوو ئافەت ئەندامی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك‌و مامۆستای میژوو، لەیەکەمین کۆنگرەی میژووی تورکدا پیشکەشی کردووە. ئەم ووتارە، هەرچەندە زوو زوو **باسی "زانست" و "تیشکی زانست" دەکات، بەلام هیچ ناوەرۆکیکی زانستیانەی نیە. بەم شیوەیە:**

## ١-زانست گەرانەوەیە بۆ:فاکتەکان، واقیعی راستەقینە، راستی بابەتی

خاتوو ئافەت لە ووتارەکەیدا دەلیت:

" رۆلەکانی ئەمرۆی تورك، کەبریاریان داوە بەدوا مەشخەلەکانی پیشکەوتن بیرو ویژدانی خۆیان رووناك بکەنەوە، دەزانن‌و رایدەگەیەنن کە ئەوان رۆلەی میللەتیکی بەتواناو لی هاتوون کە دەچیتەوە سەر رەگەزی بالاو دەیان هەزار سالەی ئاری‌ی شارستانی ، نەك خیلیکی چوار سەد رەشمالی."

ئەمە قسەیەك نیە کەپشتی بە راستیە بابەتی‌و واقیعی راستەقینەو فاکتەکان بەستبێ. چونکە هەموو ئەو کارانەی لەسەرمیژووی تورك کراون، نیشانی دەدەن کەئەو سەرچاوە سەرەکیانەی بەکارهینراون، سەرچاوەکانی چینن.[٨٩]
ئەوەش ئەم مانایە دەگەیەنی:

---

[٨٨] *Afet Hanim, a.g.e. ,s. 40-41*

[٨٩] *" بەو پێیەی کە سەرچاوەکانی چین لە ریزی پیشەوەی ئەو سەرچاوانەوە دین کەچاخە کۆنەکانی میژووی میللیمان لە ئاسیای ناوەراستدا، روون دەکەنەوە " (پرۆفیسۆر شەمسەدین گوونالتای، سەرۆکی دەزگای میژووی تورك) ئەبەرهارد، دراوسیکانی چین لە*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تورکەکان لەچینییەکان و سەرچاوەچینییەکانەوە میژووی خۆیان و هەرچیلە میژوودا کردوویانە، فیردەبن. ئەگەر چینییەکان ئەو تۆمارانەیان نەنووسیایە، ئەمرۆ شتیکی زۆرکەم لەسەر سەردەمە کۆنەکانی میژووی تورک دەزانرا. بەلام ئەم سەرچاوانە، تەنها لەدوای لەدایك بوونی عیساو لەسەدەی یەکەم و دووەمەوە زانیاریمان سەبارەت بەمیژووی تورك دەدەنی. ئەم زانیاریانەش زۆرکەم و رووکەشن(سطحی).

" پاشماوە نووسراوەکانی(ئارخون- ئۆرهون)، لەمیژووی ئەو دەولەتە کۆچەریانەدا کە تا سەردەمی مەغۆل هاوسیی چین بوون، جیگەیەکی تەواو جیاوازو دابراویان هەیە. سەبارەت بەو دەولەتە کۆچەریانەی پیش دامەزراندنی دەولەتی تورك، واتە پیش سەدەی شەشەم و حەوتەم دامەزراون، ناچارین تەنها بەچەند زانیاریەکی زۆرکەم کە لەسەرچاوە چینییەکاندا هەن، قەناعەت بکەین. ئەم قەومانە، بیئەوەی تەنانەت یەك ووشە لەو زمانانەی قسەیان پیکردوون، بەجیبیلن، لەسەر شانۆی میژوو نەماون و رۆیشتوون."[٩٠]

باکوور، وەرگیرانی (بۆ تورکی) نیعمەت ئولوغ توغ، TTK ،ئەنقەرە ١٩٤٢، پیشەکی، لاپەرە ١٥؛ ئەبەرهارد، میژووی چین، TTK ، ئەنقەرە ١٩٤٧، ل ١٩؛ بارتهۆلد، چەند وانەیەك لەسەر میژووی تورك لە ئاسیای ناوەراستدا، ئامادە کاران: ك.ی. کۆپارمان-ئا.ی. ئاکا، بلاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری، ئەنقەرە ١٩٧٥. بارتهۆلد لەم کتیبەیدا ئاوا دەلیت: "لە سەرچاوەکانی چینەوە دەتوانین میژووی تورکەکانی خۆرهەلاتی ئاسیا، بەتایبەت ئەوانەی مەغۆلستان، بەتەواوی بزانین". (ل-٤)؛ زەکی وەلیدی تۆغان، میتۆد لە میژوودا، چاپی دووەم، IUEF ، ئەستەموول ١٩٦٩، ل ١٧٩-١٨٢؛ فاروق سومەر، ئۆغوزەکان (تورکمانەکان)، DTCF، ئەنقەرە ١٩٦٧، ل١-٢؛ ویلهلم شمیت، ئاییینی تورکە کۆنەکان، وەرگیرانی(بۆتورکی) س. بولوچ، IUEF Turk Dilive Edebiyat Dergisi ، Cilt ١٣، ١٩٦٤، ل٧٩-٩٠؛ ویلهلم شمیت، ئاییینی تووتەکان، وەرگیرانی(بۆتورکی). س بلوچ، IUEF Turk Dili، Cilt ١٤، ١٩٦٦، ل ٦٨-٨٠؛ ماتیاس هیرمانس، ئویگورەکان و هاونەژادە تازە دۆزراوەکانیان، IUEF Turk Dili ve Edebiyat Dergisi، وەرگیرانی(بۆتورکی)س. بلوچ، Cilt 2، Sayi 1-2، ١٩٤٨، ل٩٧-١٢٤

[٩٠] *Barthold, Orta Asya Turk Tarihi Hakkinda Tetkikler, s. 20*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لیکۆڵینـەوە میژوویـی و ئەنترۆپۆلوجیـەکان، ئـەو لیکۆڵینەوانـەن کـەپیش هەمووشتیك لەسەر بناغەی فاکت و بەلگەنامەکان بنیات دەنرین. تابەلگەیەك بەدەستەوە نەبیت، مەحالە هەندی بیروبۆچوون بەراست لەقەلەم بدری یاخود فکریـــك رابگەیــــەنری. بۆنموونــــە پرۆفیســــۆر بارتـــــهۆلد هەریەکــــە لـەپاشماوەکانی(ئـارخون) و سـەرچاوە چینی یـەکان و ســـەرچاوە رووســـی و ژاپۆنی یەکان پیکەوە بەراورد دەکا و رایدەگەیـەنی رەنگە بنەچەی(هـون)ەکان (تونگوز) بیت نەك تورك. هەروەها دەلیت(سیەم پـی- یاخود سیە نپـی)یـەکان بنەچەیان تورك بووە.[٩١] ئەمە لەکاتیکدایە کە سەرچاوە چینی یەکان سەبارەت بە(هونەکان) کـە لـە نیـوان ٢٠٠-٥٠٠ پیش زایینـدا دەسـەلاتی خۆیان بەسـەر ئاسیای ناوەراستدا چەسپاندووە، دەلین"تورك" بوون.[٩٢]**

---

*( لەوەرگیرانی ئەم دەقەی بارتهۆلد دا سوود لە دەقی فارسیەکەی وەرگیراوە: تـاریخ ترکـهای اسیای میانە، ترجمە د. غفار حسینی، انتشارات توس، چاپ اول ١٣٦٧، ص ٣٢ . وەرگیری کوردی)*

[٩١] ***Barthold , a.g.e. , s. 28-29***

[٩٢] *سەبارەت بەو زانیاریانەی لە سەرچاوە چینی‌یەکاندا هەن لەسەر میژووی تورك، بروانە: ئەبەرهارد، میژووی خۆرهـەلاتی دوور لەسـەر دەمە کۆنەکانـەوە تائـەمرۆ، TTK، Ankara 1957، ل٢٩؛ ئەبـەرهارد، میـژووی چین، TTK، 1947 Ankara، ل ٨٥-٩٧؛ ئەبــەرهارد، هاوسیکانی چین لەباکوور، کتیبـی سـەرچاوە، وەرگـیرانی (بۆتورکـی) نیعمـەت ئولـوغ تـوغ، TTK، Ankara 1942، ل ٦٥-٩٥؛ بارتهۆلد، چەند وانەیەك لەسەر میژووی تورك لەئاسیای ناوەراست، a.g.e. , s. 3-49 ؛ تانگ چی، ئەو سەرچاوە چینی‌یانەی لەسەر میژووی تورکن، IUEF Tarih Enistiusu Dergisi، ژ-٢، تشرینی یەکـەمی ١٩٧١، ل ١٨١-٢١٠؛ گیـولا مۆراڤچیك، حالی ئـەمرۆی مەسـەلەی هونـەکان، IUEF Tarih Dergisi، ژ ٣-٤، مـارتی ١٩٥١، ل ١٠٨-١١٧؛ هرانـد ئەندرسـۆن، سـەرچاوە ئەرمەنیـەکان لەســەر میــژووی تــورك، IUEF Tarih Dergisi، ژ-١، ١٩٤٩،ل ٩٥-١١٨. فــــاروق ســــــومەر، ئۆغوزەکان(تورکمانـەکان)، ل ١-٣؛ مسـتەفا کافـالی، رۆل و گرنگیـەکانی شـارو خیـل لـەناو نەتـەوەی(جی‌جـی)دا، IUEF Tarih Enistitusu Dergisi ژ-٢، ١٩٧١،ل ٩٩-١١٠؛ مستەفا کافـالی، (دەشـتی کیپچاك) و نەتـەوەی جی‌جـی، IUEF Tarih Dergisi،ژ-٢٥، ١٩٧١،ل ١٧٩-١٨٨؛ ڤلادیمـیر جـۆڤ، ریکخسـتنی کۆمەلایـەتی مەغۆلـەکان (فیودالـیزمی کۆچەری مەغۆل)، وەرگیرانی (بۆ تورکی) عەبدولقادر ئینان، TTK، Ankara ١٩٤٤، ل ١٨-*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر سەرنجی ئەو سەرچاوە چینی‌یانە بدریت کەلە سەر میژووی تورکـن، گرنگترین سەرچاوە ئەو نووسینانەیە کە دەگەرینەوە بۆ سەدەی هەشـتەمی پاش زایـین‌و بـەپاشماوە نووسـراوەکانی (ئـارخون-ئۆرهـون) نـاودەبریت. یەکیکیان لەسالی ٧٣٢ داو ئەوی تریشیان لە ٧٣٥دا دانراون.

که دۆخەکه بەمجۆرە بیت، باسکردنی شارستانیتی و میژووی (١٠٠٠٠) سالەو وادانان یاخود بانگەشەکردن بۆ ئەمەش وەکو راستیەك کە بەدلنیاییەوە زانـراوە، بـەهیچ جۆریـك لەگـەل چـەمك‌و تـیروانینی میتـۆدی زانسـتیدا ناگونجیت. ناکری بانگەشەکردن بۆ میژووی دەهەزار سالە وەکو گریمانەیەك تەماشا بکریت، چونکە گریمانـەکانیش بـەئارەزوو بنیـات نـانرین. هەرکـەس ویستی، ناتوانی بەئارەزووی خۆی گریمانە دانیت. ناتوانی ویست‌و ئارەزووو قەناعەتـە خودیـەکانی‌خۆی وەکـو گریمانـە پیشـکەش بکـات. دەبـی گریمانەکانیش لەسەر کۆمەلیك فاکت‌و پەیوەندی فاکتی‌و تیبینی‌کردن بنیات نرابـن. بـەلام لافـی میـژووی دەهـەزار سـالە، یـاخود چـواردە هـەزار سـالە، گریمانەیەك نیە خاوەنی ئەو سیفەتانە بیت. وەکـو ئـامرازیکی برواهینـان‌و تامەزرۆ کردن هینراوەتە ئاراوە.

## ٢- زانست دۆخی کۆنکریتی‌و راستی بابەتی، واتە واقیعی راستەقینە، بەنەبوو حساب ناکات‌و رەتی ناکاتەوە،

---

*٥٥؛ میـژووی نـهینی مەغۆلـەکان، وەرگـیرانی (بـۆ تورکـی) ئەحمـەد تـەمیر، TTK، ١٩٤٨ Ankara، ل ٧-١٤؛ ئیبراهیم کافەس ئۆغلو، مەسەلەی جەنگیزو مەغۆلـەکان لـە میـژووی تورکدا، IUEF Tarih Dergisi، ژ-٨، ١٩٥٣، ل ١٠٥-١٣٦؛ تانـەر تارهـان، کرۆنولوجیای کورتـی شارستانیتی دەشت، IUEF Tarih Dergisi، ژ-٢٤، ١٩٧٠، ل ١٧-٣٢؛ بارتۆلد سـپولەر، مەغۆلـەکانی ئـیران، وەرگـیرانی (بـۆ تورکـی) جـەمال کۆپرولـو، TTK، ١٩٥٧ Ankara، ل ٢٦؛ راسۆنی، تورکایـەتی لـە میـژوودا، TAKE، ١٩٧١ Ankara، ل ٥٠-٥١؛ ئا. ڤۆن جوباین، پەیوەندی هون-تـورك، کۆنگرەی میژووی تـورك، ئەسـتەموول ١٩٤٣، ل ٨٩٥-٩١١.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەوڵی تێگەیشتنی دەدات.**

زانست هەمیشە لە واقیعی راستەقینەو فاکتو پەیوەندیە فاکتییەکانەوە دەست پیدەکات. فاکتەکان، واقیعە راستەقینەکان، شتە واقیعیەکان بەنەبوو حساب ناکات. رەتیان ناکاتەوە. قبولیان دەکاو هەولدەدا لێیان بگات. یەکیکی تریش لەو هۆکارە گرنگانەی مامۆستا ئافەت خانمی ئەندامی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورکی فریی داوەتە دەرەوەی رووبەری زانست، لەبەرچاو نەگرتنی ئەم بناغە بنەرەتیەی میتۆدی زانستییە. بریتیە لەسووربوون لەسەر لەبەرچاو نەگرتنی ئەم بناغەیە بەشیوەیەکی هوشیارانە.

خاوەن کۆنفرانس رایدەگەیەنی کە رەگەز یاخود گروپیک نەبووە ناوی هیندو ئەوروپایی بوو بیتو هیندو ئەوروپاییەکان بیجگە لەرەگەزی تورک هیچ شتیکیتر نەبوون. دەلیت لەسەردەمە جیاجیاکانی میژوودا ژمارەیەك کۆچ لەئاسیای ناوەراستەوە بەرەو ناوچە جیاجیاکانی ئەوروپاو ئاسیا روویداوەو، ئەم کۆچانەش لەو مرۆڤانە پیك هاتوون کە دەگەرینەوە بۆ یەك سەرچاوە. ئەوەشی دەخاتەسەر کەئەم سەرچاوەیە، بیجگە لە رەگەزی تورك هیچ رەگەزیکی تر نیە. بەم شیوەیە ئەو گروپە رەگەزیو زمانییەی بە هیندو ئەوروپایی ناسراون، بەنەبوو حساب دەکرین. هەول دەدری سیفەتی (تورك بوون) بخریتە پال ئەو توخمانەی بەهیندو ئەوروپایی ناسراون.

ئەمە ئیدیعایەکی بیئەندازە سەیرە. لەهەمان کاتدا ئیدیعایەکی هوشیارانەو بیباکانەیە. سەیریەکەی لەو هەلویستە بریار لەسەر دراوەوە دیت کەلە بواری میتۆدی زانستی بەدوورەو بەتەواوی داکۆکی کردنە لە ئایدیۆلۆجیای رەسمی. بیباکیەکەشی لەوەوە دیت کەهەموو جیهانو هەموو ئەو کەسو دەزگایانەی بۆ"زانست" کاردەکەن لەجیهاندا، بە"گەمژە" دا دەنیت. هەلویستە هوشیارانەکەش پەیوەستە بەو هەنگاوانەوە کە بۆ دارشتنی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت دەنرین. لەم رووەوە جیگەی خۆیەتی بریك زیاتر ئەم ئیدیعایە روون بکەینەوە.

خاوەن کۆنفرانس پیشەکی ئاسیای ناوەراست وەکو نیشتمانی رەسەنو دەهەزار سالەی رەگەزی تورك پیشکەش دەکات. رایدەگەیەنیت کە لیرەدا(ئاسیای ناوەراست) رەگەزی تورك کولتوورو شارستانیتییەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشکەوتووی خولقاندووە. پاشان دەلیت لەئەنجامی ووشك بوونی دەریای ناوەوەدا، کە بووبەهۆی دروست بوونی ئاسیای ناوەراست، کۆچە تورکیەکان بەئەندازەیەکی زۆر گەورەو بەرەو ناوچەی جیاجیا بە ئەوروپاشەوە، روویدا. پاشتریش دەلیت"ئائەمانە باپیرانی ئەوروپاییەکانی ئەمرۆن". دەلیت ناودیرکردنی ئەوروپاییەکان بە" هیندو ئەوروپی" هەلەیەو پیچەوانەی"دراوە زانستیەکان"و"تیشکی زانست" دەکەویتەوە، چونکە ئەمانە بیجگە لەتورك هیچی ترنین. بەم شیوەیە دەلیت، باپیرانی تورکەکانی ئەمرۆو ئەوروپاییەکانی ئەمرۆ، یەکیکن. دەیەوی بلیت ئەوروپاییەکانیش تورکن.

ئەم ئیدیعا ئەوپەرگرەی(مفرط) تیزی میژووی تورك‌و قبول کردنیشی پیویستیان بە لەسەر وەستان هەیە. بالیرەشدا خالیکی گەورە دابنیین. چونکە ئەم هەلویستە، واتە بەنەبوو حساب کردنی گروپی"هیندو ئەوروپی"، پەیوەندیەکی دیالەکتیکی‌یانەی لەگەل تیروانی ئایدیۆلۆجیای رەسمیدا بۆ"فاکتی کورد"و رەتکردنەوەی"فاکتی کورد" هەیە.

### ٣-لەزانستدا گریمانەو پیشنیارەکان لەرووی لۆجیکیەوە یەکتری تەواو دەکەن. ئەو دوو گریمانەیەی دژی یەك دەکەونەوە، یەکیکیان راست نیە.

خاوەن کۆنفرانس لەگەلیك شوینی ووتارەکەیدا، نەیتوانیوە خۆی لەدژایەتی قوول رزگاربکات. بیگومان دەبی ئەم دژایەتیانە بەسروشتی بزانین. زۆر سروشتی‌یە ئەو کەسانەی میتۆدیان "زانست" نیەو بەو ئەندازەیە بەجۆش‌و خرۆشەوە کار بۆ بنیات نان‌و بلاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت دەکەن، نەتوانن خۆیان لەدژایەتی دەربازبکەن. ووتاربیژ دەلیت:

"ئەوکاتەی رەگەزی تورك لەنیشتمانی دایکی خۆیدا گەیشتە پلەی بەرزی کولتووری خۆی، خەلکی ئەوروپا ژیانیکی وەحشی‌و بەتەواوی جاهیلانە دەژیان."

پاشان دەلیت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"بەلام ئەم گەلە(واتە رەگەزی تورك) بەهۆی كۆمەلیك رووداوی سیاسیو ئایینییەوە، وورده وورده خودیتی خۆیانو نیشتمانی دایكی خۆیان لەبیرچۆوە"

ئەوانەی بە كولتووریكی ئاوا پلەبەرز گەیشتبن، ئایا دەكری خودیتی خۆیانو نیشتمانی دایكی خۆیان لەبیربكەن؟ ئەوانەی گەیشتبنە ئاستی شارستانیو كولتووریكی ئاوابەرز، ئایا دەكری لەناو ئەو خەلكەدا بتوینەوە كە "ژیانیكی وەحشیو جاهیلانە" دەژیانو خودیتی خۆیان لەبیرچیتەوە؟ وەكو بینرا، لەناویەك پاراگرافدا، دوو رستەی یەك لەدوای‌یەك دژی یەكتر دەوەستن.

دەلیت:

" هەموو ئەو زمانانەی بەهیندو ئەوروپی دەناسرین، رەگی زمانی توركی‌یان تیدایە."

پاشان:

"دان نەنان بەم راستیەدا، دەگەریتەوە بۆ شارەزا نەبوون لەزمانی توركی كۆندا."

چۆن دەتوانری بگوتری ئەوانەی گەیشتبوونە ئاستیكی كولتووری ئەوەندە بەرز، كاریان كردە سەر ئەوانەی ژیانیكی " وەحشیو تەواو جاهیلانە" دەژیانو ریشەی زمانی تریان دروستكرد؟ دژایەتیەكی ئەوەندە قوول لەنیوان دوو رستەی یەك لەدوای یەكدا، بیجگە لە "نازانستی بوون"و "بی‌میتۆدی" هیچ شتیكی ترنیە.

لەهەموو ئەو بەیاننامەو كۆنفرانسو ووتارانەدا كە پیشكەشی كۆنگرەی یەكەمی میژووی تورك كراون،بە سووربوونیكی هوشیارانەوە گوتراوە ئەو رەگەزەی شارستانیتیو كولتووری گەیاندۆتە رەگەزی تورك بووە. لافی ئەوە لیدراوە كەكولتوورو شارستانیتی لەئاسیای ناوەراستەوەو لەلایەن توركەكانەوە هینراوە بۆ چین، میسۆپۆتامیا، ئانادۆل، میسرو ئیجە. ئەمە لەكاتیكدا كەوەكو لەسەرەوە بەروونی باسكرا، میژووی تورك لەسەرچاوە چینی‌یەكانەوە دەزانریت. ئەمە مانای وایە ئەگەر سەرچاوە چینی‌یەكان نەبوونایە، شتیكی زۆركەم لەسەر میژووی تورك لەسالانی پیش زاییندا



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانرا. لەدۆخیکی ئاوادا چۆن دەتوانریٚ لافی ئەوە لێ بدریت کەتورکەکان کولتووروو شارستانیتییان بردووە بۆ چین؟ ئایا دەتوانریٚ کولتووروو شارستانیتی چین، نووسین ومیژوو و ریبازەکانی نووسینەوەی تۆمارەکانی چین[٩٣] بەنەبوو حساب بکرین؟ ئایا دەتوانریٚ رەت بکرینەوە؟

" ئەوانەی چوونە هندستان، ئەو شوینەیان بیرنەدەهاتەوە کە لیوەی هاتبوون. ئەوانەی چوونە ئیران، وایان دانا کە نیشتمانی یەکەمیان شوینیکی دووری نەزانراوە لەدەوروبەری پامیر. بەلام بیرەوەریەك هەبوو کە لە بیریان نەچۆوە، نیشتمانی دیرینیان، نیشتمانی مرۆڤی بەریزو جوامیران بوو."

بالیرەشدا نیشانەیەکی گەورە دانیین. چونکە ئەم مۆتیفی "بیرچوونەوە"یە، لەئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەتدا، زوو زوو بەکاردەهینریت. بەپیٚی ئایدیۆلۆجیای رەسمی "کوردەکان لەراستیدا بەرەچەلەك تورکی رەسەنن. بەلام بەتیپەرینی کات وبەهۆی فاکتەری جۆربەجۆرەوە، خودیتی خۆیان لەبیرچۆتەوەو بوون بەکورد. خۆیان بەگروپیکی جیاواز لەتورك زانیوە. خۆیان بەکورد زانیوە". بۆ تیگەیشتن لە ئایدیۆلۆجیای رەسمی، دەبیٚ بەووردی لەسەر ئەم دوو فاکتەرە راوەستین. لەنیوان ئەو بیروبۆچوونەی کەدەلیت"تورکەکان" لەئاسیای ناوەراستەوە چوون بۆ ئەوروپاو خودیتی خۆیان لەبیرکردو بوون بە ئەوروپایی، لەگەل ئەو بیروبۆچوونەدا کەدەلیت کوردەکان هەرچەندە لەبنەرەتدا "تورکن" بەلام بەتیپەرینی کات ئەمەیان لەبیرچۆوەو لەراستیدا ئەمانە ئەو تورکانەن کە خودیتی خۆیان لەدەست داوە، یەکیتیو پەیوەندیەکی دیالەکتیکی هەیە. دواتر بەدریژی لەسەر ئەم پەیوەندیە رادەوەستین. لەهەردوو کتیبی <u>هیلە گشتیەکانی میژووی تورك و بەشی دەروازە-ی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك دا</u>، ئەم زانیاریانە هەن:

---

*[٩٣] لەچین، لەسالی ٢٠٠٠ی پیش زایینەوە تۆماری میژوویی بۆ دەولەتی چین و پەیوەندیەکانی لەگەل قەومە دراوسیکانیدا نووسراوەتەوە. بروانە:*

***<u>Tang Chi, Turk Tarihine Ait Cin Kaynaklari</u>, a.g.m,s.181-210.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"  ئەو تورکانەی نیشتمانی دایکی‌ی خۆیان بەجێ دیلن، زمانی دایکی‌ی خۆیان لەدەست دەدەن. فیری زمانی نوێ دەبن. ئەم هاوشیوە بوونی(لەیەك چوونی) زمانە کە لەرووی پاراستنی خودیتی نەتەوەییەوە گرنگە، رەنگە لەوەوە هاتبێ کەلەبەرئەوەی تورکەکان لی هاتووترو بەتواناتر بوون، ئاسانتر فیری زمانی نوێ دەبوون، هەروەها رەنگە هۆکەی بگەریتەوە بۆئەوەی خەلکی ئەوناوچانەی تورك بۆی دەچوون، بەژمارە زۆر قەرەبالغتر بوون و تورکەکانیش بۆهەر کوێیەك چووبن، بۆئەوەی دەسەلات بخەنە دەستی خۆیانەوەو زووتر خەلکی ئەو ناوچانە بەفەرمانرەوایی خۆیان رابینن، فیری زمانەکانیان دەبوون. لە ویلایەتەکانی خۆرهەلاتدا، دەبینین باپیر تەنها بەتورکی قسەدەکات، باوك بەتورکی‌و بەکوردی، نەوەش تەنها بەکوردی. ئەمە رووداویکە ئەو خالەی سەرەوە پشت راست دەکات و بەشیوەیەکی هەست پیکراو زیرەکی‌و وورییایی تورك نیشان دەدات.

خەلکی ئەمرۆی ئیران ومیسۆپۆتامیا، خەلکی رەسەنی ئەم ناوچانە نین. کەس ناتوانێ بلیت سۆمەری‌و ئیلامیەکان خەلکی رەسەن ودیرینی ئیران بوون. ئەمە لەکاتیکدایە کە لە پال ئەوانەدا رەگەزی تورك هەیە کە لە ماوەی زانراوی سی‌سەدەی دواییدا، دەستی بەسەر ناوچەی گەورە گەورەدا گرتووە، لەهەموو جێیەك رەنگە پتر لە سەد دەولەتی گەورەو بچوکی دامەزراندووەو گەلیك ناوەندی شارستانی‌ی دروستکردووە.)) (هیلە گشتیەکانی میژووی تورك، ل ٦٠-٦٧؛ بەشی دەروازە-ی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك، ل١٥-٧٢).

ئەودەقە وەرگیراوانەی سەرەوە بەروونی دەری دەخەن کەگرنگترین ئەرکی تیزی میژووی تورك بریتیە لە بەتورك کردنی نەتەوەی کوردو بەکۆیلەکردنی، سرینەوەی ناوی کوردو ناوی کوردستان لەزمان ومیژوودا. بەلام ئەم تیزە،تەنانەت لیرەشدا ناتوانێ دروستکراوی‌و نازانستی بوونی خۆی بشاریتەوە. تەنانەت لەوشوینانەشدا کە لافی ئەوە لیدەدات هەموو شارستانیتی‌یەکانی جیهان لەلایەن تورکەکانەوە پەرەیان پیدراوەو بلاوکراونەتەوەو، هەموو زمانەکانیش لەزمانی تورکی کەوتوونەتەوە، دەلیت"ئەو تورکانەی هاتن بۆ میسۆپۆتامیا، زمانی خۆیان لەبیرچۆوەو فیری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانە ناوچەییەکان بوون. چونکە بۆ ئەوەی ببنە ئاغای خەلکی ناوچەکە دەبوو فیری زمانەکەیان بن. جگە لەوەش ئەو ناوچانە عەقلی ئەوەیان نەبوو فیری زمانیکی نوێ بن".

## ٤- چەمکەکانی تیۆری زانین ( نظرية المعرفة ) لەگەل چەمکەکانی تیۆری ئەخلاقدا لەیەك جیان

پیشکەشکەری کۆنفرانس، خاتوو ئافەت، پاش ئەوەی رایدەگەیەنیت کە دروستکردنی رەگەزو کۆمەلیکی مرۆیی بەناوی"هیندو ئەوروپی"یەوە، دژی سروشتەو یاخی بوونە لەسروشت، دەلیت:

" ئەوەی مەعقول ومرۆڤانەیە، بریتیە لە دان پیدانان و ریزگرتن لەو رەگەزەی کە سروشت لەبەرزاییەکانی ئاسیای ناوەراستدا دروستی کردووە."

بەم شیوەیە چەمکەکانی تیۆری زانین و تیۆری ئەخلاق پیکەوە تیکەلاو دەبن. زانست میتۆدیکە تەنهاو تەنها بۆ تیگەیشتن لەفاکتەکان و واقیعە راستەقینەکان و پەیوەندیە فاکتییەکان. هەولدەدات لە پەیوەندیو دژایەتیە ناوەکیو دەرەکیەکانی فاکتەکانو پەیوەندیە فاکتییەکان، لەجۆربە جۆرییان، لەناو رەهەندی کات وشوینداو لەچوارچیوەی یەکیتیو یەکپارچەییاندا تێ بگات. زانست لەسەر سروشت، میژوو، کۆمەل ومرۆڤ، تەنها زانیاری دەدات. هەولدەدات بۆ زانین و تیگەیشتن لەراستیی بابەتی."ریزگرتن" چەمکی زانست نیە. چەمکی تیۆری ئەخلاقە. چەمکیکی ئایدیۆلۆجیە. سەرباری بەکارهینانی وەکو ئامرازیکی ئایدیۆلۆجی بۆ بروا پیهینان، وەکو ئامرازیکیش بۆ "پەرستن وپەرستران" بەکاردەهینریت.

زانست سەبارەت بەدۆخی جوگرافی ئاسیای ناوەراست، ئەو مرۆڤانەی لەوێ دەژین، بونیادە ئەتنییەکانیان، زمان و کولتوورەکانیان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارســـــتانیتی‌یەکانیان، هۆکـــــانی بەرهەمـــــهینانیان، پەیوەندیـــــەکانی بەرهەمهینانیان وپەرەسەندنی ئەو پەیوەندیانە لە رەهەندی کـات وشـویندا، زانیاریمان دەداتێ. بەکورتی زانیاری بابەتیمان دەداتـێ لەسـەر ئـەوەی ئـەو مرۆڤانـە کردوویانـەو دروسـتیان کـردووە. کرداریکـی وەك"ریزگرتـن" لـەو مرۆڤانـە، کاریگەری‌یـەکی ئایدیۆلۆجیـای رەسمی‌یـە، نـەك چـەمکی میتـۆدی زانسـتی. خـاوەن کۆنفرانـس لەبەرئـەوەی لـەدەرەوەی رووبـەری زانسـتدایە، لەبەرئـەوەی بنیـات نـان و بلاوکردنـەوەو داکۆکـی کردنـی لـەئایدیۆلۆجیای رەسمـی، وەکـو ئـەرکیکی سەرشـان قبـول کـردووە، زوو زوو تووشـی سـەر لیشیوانی لەوجۆرە دەبیت.

## ٥- زانست "شایانی ریزە"و "شایانی ریز نیە"ی نیە

زانست زانیاری سەبارەت بەراستی‌ی بابەتی، واتـە سـەبارەت بەسروشـت ومـرۆڤ و کۆمەلگە پیشـکەش دەکـات. ئـەوەی لـیرەدا گرنگـە، لیکۆلینـەوەی پەیوەندی زانیاریەکەیە لەگەل راستیە بابەتیەکاندا. ئەو لایەنـەی پیویستی بە لەسەر وەستان هەیە ئەوەیە کە ئایا زانیاریەکە ئاوینـەی راستیە بابەتیەکانـە یان نـە. هـەرچی خـاوەن کۆنفرانسیشـە، ستایشـی هـەندێ زانـای ئـەوروپایی دەکات کە بەقازانجی ئایدیۆلۆجیای رەسمی، واتـە بـە قازانجی تیزی میـژووی تورك قسەیان کردووە و "ریـز لـە زانسـت"ی ئەوان دەگریت. بەچاوی سووك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەماشای ئەوانە دەکات کە لە دەرەوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمی قسە دەکەن‌و رایدەگەیەنیت ریز لە "زانستی ئەوان" ناگیریت.[٩٤]

بەلام هەلویستەکانی خاوەن کۆنفرانس، کە پیچەوانەی میتۆدی زانستی دەکەونەوەو داکۆکی لە ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەکەن، لەکۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا بەگەرمی چەپلەیان بۆ لیدراوەو داکۆکی‌یان لی کراوە. بۆ فوئاد بەگی کۆپرولوزادە کەیەکیکە لەمامۆستاکانی (دار الفنون– زانکۆ)ی ئەستەموول، ئاوا دەلیت:

" خاتوو ئافەت خانم باسی ئەوەی کرد کە دایکی چەنگیز تورك بووە. بامنیش ئەوەی بخەمە سەر کەباوکیشی بەرەچەلەك تورکە.

پاشان منیش لەگەل ئەو بۆچوونەی خاتوو ئافەتدام سەبارەت بەمەسەلەی جوانی‌ی رەگەزی تورك. بەراستی ئەو بەلگەنامە میژوویی‌و ئەدەبیانەی تائیستا بەرچاوی من کەوتوون، بەئاشکرا دەلین رەگەزی تورك بەوپی‌یەی

(٩٤) *پیشتر گوتمان کتیبی ٦٠٦ لاپەرەیی "هیلە گشتیەکانی میژووی تورك" دراوە بەکەسانی جۆر بەجۆر بۆ ئەوەی تیبینی‌و رەخنەکانیان وەربگیریت. یەکیك لەوانە ئاڤرام گالانتی بەگی مامۆستای زمان‌و قەومەکانی خۆرهەلاتە لە زانکۆی ئەستەموول. ئاڤرام گالانتی بەگ رەخنەکانی خۆی لەسەر کتیبەکە، لە شیوەی دەقیکدا پیشکەش بە کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك کردووە. (بروانە: کۆنووس‌و کۆنفرانسەکانی یەکەمین کۆنگرەی میژووی تورك) ئاڤرام گالانتی بەگ لەم ووتەیەیدا بەشیوەیەکی گشتی دژی تیزی میژووی تورك رادەوەستیّ. بەنموونەوە نیشانی دەدات کە دامەزرینەرانی شارستانیتی میسۆپۆتامیا، میسر، ئیجە، ئانادۆل‌و دەریای سپی، هیچ پەیوەندیەکیان بەتورکەوە نیە. رایدەگەیەنیّ کەسۆمەری و حیتی‌یەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەتورکەوە نیە. دەلیت بۆ نموونە ئەو زمانەی حیتی‌یەکان قسەیان پیّ کردووە، زمانیکی هیندو ئەورووپی بووە. ئەو وتەیە بۆتە مایەی رەخنەی توندو تیژ لەکۆنگرەکەدا. (ل ٤٥١–٤٨٠) لەبنەرەتدا تاکە ووتاری کۆنگرە کەلە چوار چیوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەرچووبیت، ئەم ووتارەی ئاڤرام گالانتی بەگە. بۆ پووچەل کردنەوەی ئەم بیرو بۆچوونانەو بالا دەست کردنی ئایدیۆلۆجیای رەسمی، بەدوورو دریژی رەخنەی ئاراستە کراوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەهەندێ کتێبی ئەنترۆپۆلۆجیدا نووسراوە، نەك نموونەیناشرینی، بەلکو بەپێچەوانەوە، پەیکەری جوانی بووە."(٩٥)

ووتارەکەی شەوکەت عەزیز بەگ-یش کەمامۆستای ئەنترۆپۆلۆجیایە لەکۆلیجی پزیشکی، بەمجۆرەیە:

" کەوابێ دەلێین ئاسیا مەلبەندو کوانووی براکیسەفالەکانە. ئەمانە جۆرە مرۆڤی ئادەمیزادی ئالپین. تورکیش لەم جۆرەیە. بەپێی دوا تێگەیشتن، ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان بەنەژادی زەردەوە نیە کەخۆی لەبنەرەتدا دوورە لەوەی بە رەگەزێك دابنرێت هەروەها دەلێین زانست بەمیتۆد پیادە دەکرێت. زانست بەرهەمی میتۆدە. نابێ پشت بەقەناعەتەکانی ئەوکەسە ببەستین کەئەو میتۆدەی پیادە کردووە، بەلکو پێویستە ئەو میتۆدە وەرگرینو پشت بەو لێکۆلینەوانە ببەستین کەبەدەستو مێشکی خۆمان ئەنجامی دەدەین. بەندە کە بە ئانادۆلدا سورامەوە، تووشی رەگەزی چەندە جوانو ساف (پاك)و بەبەرهەمی تورك بووم! ئەو پیاوانەی ئەنجامم دان، کاراکتەرە ئەنترۆپۆلۆجیەکان، ئەم قەناعەتمیان گۆری بۆ ئیمانێکی پتەو. لەبنەرەتدا تورکی ئەمرۆ، پەیوەستە بەو رەگەزەوە کە (ئالپ برۆجا) ناوی ناوە جالتەو لەسەردەمی بەرلە مێژوودا، شارستانیتیی هێناوە بۆ خۆرئاوا. وەکو بایۆلۆجیستێك (بایۆلۆجی کارێك) دەلێم، جۆرێکە لەجۆرەکانی ئادەمیزاد کە ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ پێشکەوتنی مادیو مەعنەویو، خاوەنی پەیکەرو گۆشتو کەللەسەرو هەوێنێکی کاملە. دیسان رێگەم بدەن بلێم ئەو پیاوە مەزنەی بەهۆی کاراکتەرە بێ کەموکوریەکانیەوە، بناغەی هەموو ئەم پێشکەوتنانە بووەو مرۆڤی لە خورافەو زنجیرەکان رزگار کردووە زەمینەی پێشکەوتنێکی بی سنووری بۆ ئێوە ئامادە کردووە. شۆرشێکی ئەوتۆی بەرپاکردووە کەئێمە و نەوەی ئێمەی شاهیدی ئەم شۆرشە، هەمیشە بەرەو پێشەوە دەچین." (چەپلەی بەردەوام)(٩٦)

---

(٩٥)*Birinci Turk Tarih Kongresi, s.46-47*

(٩٦)*a.g.e. ,s.49-50*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکو بینرا ووتاربێژ شەوکەت عەزیز بەگ، پاش ئەوەی دەڵێت "زانست بەمیتۆد پیادە دەکرێت. زانست بەرهەمی میتۆدە"، هێشتا یەك دوو رستە تێناپەڕێت، هەڵوێستە تەواو دوور لەمیتۆدی زانستییەکانی یەك یەك ڕیز دەکات. یەکەمیان ئەمەیە "گۆڕانی قەناعەتی بۆ ئیمانیکی پتەو". ئەمە لەکاتێکدایە کەزانست قەناعەتی وای تیدا نیە بگاتە پلەی ئیمانیکی پتەو. قەناعەتیکی لەو جۆرە تەنها لە ئاییندا دەبێتو پەیوەستە بەبروا ئایینییەکانەوە.

هەڵوێستی نازانستی دووەم، بریتیە لە رووکردنە "رزگارکەری مەزن"و راگەیاندنی ئەوەی وەکو تاکە پیوەری راستی قبول کراوە.

ئەم هەڵوێستانە کە پیچەوانەی چەمکی میتۆدی زانستی دەکەونەوە، لەرووی ناوەرۆکیشەوە لەزانست بەدوورن. پیکەنیناوین. شەوکەت عەزیز بەگ دەڵێت (جالتە)ییەکان کەبەهیندو جیرمانی ناسراون، لەراستیدا تورك بوون، بەم شێوەیەش هەموو ئەو گروپە مرۆیی و زمانی و کولتووریانەی بەهیندۆ ئەورووپی و هیندو جیرمانی و ئاری ناسراون، رەتدەکاتەوە. بەنەبوو لە قەڵەمیان دەدات. دەیەوێ بڵیت باپیرانی ئەورووپاییەکانی ئەمرۆ تورك بوونو لەمەشەوە ئەورووپاییەکانیش تورکن.

شەوکەت عەزیز بەگ لەو کۆنفرانسەشیدا کەلە کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا لەژێر ناوی "ئەنترۆپۆلۆجیای تورکەکان"دا پیشکەشی کردووە، ئاوا دەڵیت:

" ئادەمیزادی ئالپی ئەو جۆرە ئادەمیزادەیە کە براکیسەفالە، لووت باریکە، باڵای مام ناوەندی یاخود کەلەگەتترە، گەنم رەنگە یاخود رەنگی زەردیکی تیرە، چیاییە. یەکیك لەم کەللەسەرانەی لەبەردەمتاندا دامناوە، یەکیکە لەو شەش کەللە سەرەی سالی رابوردوو مۆزەخانەی زانستە سروشتیەکانی ڤیەننا، بەدیاری ناردبوونی بۆ ئەنستیتۆی ئەنترۆپۆلۆجیای تورك. کەللە سەرەکانی تریش لەسالی رابوردووەوە، لەلایەن وەزارەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەعاریف و ناوخۆوە لە گۆرستانەکانی ئانادۆلدا دۆزراونەتەوە. یەکیکیان هی (ئاکسەرای)و ئەویتریشیان هی دەوروبەری (ئالا شەهر)ە. سییەمیشیان لەلایەن مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیاوە نیردراوە. ئەم کەللەسەرە لەکاتی دروستکردنی ریگەی ئەنقەرەدا دۆزراوەتەوە ئیستا ئیوە ئەو چوار کەللەسەرە دەبینن کەلەنیوان نزیکەی دووهەزار کەللەسەری پۆلین کراوی تاقیگەکەمدا (لابراتور) بەریکەوت هەلم بژاردوون.

هەر یەکە لەمانە، نموونەی بەردەست کەوتووی ئەو گروپە مرۆڤەن کە پیٚیان دەلین ئالپی. ئەم کەللەسەرانە خۆیان، نەك من، پیتان دەلین هی کوین و هی کین.)) (چەپلە)[٩٧]

" کاتیك یەکەمین لیکۆلینەوە ئەنترۆپۆلۆجیەکانی خۆم لەسالی ١٩٢٩ دەست پیکرد، کەللەی ٢٥ ژنی تورك و ٢٥ پیاوی تورکم پیوا. ویستم تیکرا (معدل)ی ئەم پیوانانە لەگەل پیوانەی کەللەی فەرەنسیەکاندا بەراورد بکەم. ئەمرۆ لەفەرەنسادا ئادەمیزادی باکووری، ئادەمیزادی دەریای سپی، ئادەمیزادی ئالپی دەژی."[٩٨]

شەوکەت عەزیز بەگ، پاشتر پیوانەکانی ئەم دووگروپە بەیەك دەگریت. پاش ئەم بەیەك گرتنە رایدەگەیەنیٚ کەهەردوو گروپەکە هەمان تایبەتمەندی ئەنترۆپۆلۆجی‌یان هەیەو دەلیت:

" بالایەکی سەروو مام ناوەندی، کەللەیەکی براکیسەفال، لووتیکی باریك و دریژ. گویچکەکانی لەقەبارەی مام ناوەندیدان. سیمای مەغۆلی نیە. ئەم جۆرە ئادەمیزادە کەپیٚی دەلین ئەورووپایی هەمان جۆری ئادەمیزادی ئالپی‌یە. هیچ جیاوازیەك نیە. بەلام ئیستا پیویستە پرسیاریك لەخۆمان، واتە لەو لیکۆلەرەوەو تویژەرەوە تورکانە بکەین کە لە وولاتەکانی تورکدا کاردەکەن: ئەو جۆرە ئادەمیزادەی پیٚی دەلین ئەورووپایی لەکویوە هاتووە؟

---

[٩٧] *a.g.e. ,s.276*

[٩٨] *Dr. Sevket Aziz Bey, Turklerin Antropolojisi, a.g.e. ,s.276*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایا ئەو بە ئەوروپاوە پەیوەست دەکەن؟ یاخود ئەوروپا بەوەوە؟ بایەکسەر وەلامی بی دوو دلی ی ئەم پرسیارە بدەینەوەو بلیین، ئەوروپای براکیسە فال بەئیمەوە پەیوەستە." (چەپلە)[99]

د.شەوکەت عەزیز بەگی مامۆستای ئەنترۆپۆلۆجیا، پاش ئەوەی جاریکی تر "بێ دوودلی"و "بە میتۆدە زانستیەکان" نیشانی دەدات کە ئەوروپا تورکە، هەولدەدات کەمیکی تر بەلگەو بەلگەنامە بۆ بانگەشەکانی بهینیتەوە.

" بەریزینە، ئەگەر یارمەتیم بدەن، ئیستا خیزانیکی تورکتان نیشان دەدەم. ژن و پیاویکی گەنج و منداله ووردیلەکانیان کە بەریکەوت دۆزیومنەوە و هیناومن. بانیشانتان بدەم.

عەبدوللاو ژنەکەی و منداڵەکانیانتان پیشکەش دەکەم کەخەلکی گوندی (باغلوم)ن و دەکەویتە باکووری ئەنقەرەوە. ئەوە ئادەمیزادی براکیسەفالی خاوەن لووتی باریك و دریژ، ئەوە ئەو ئادەمیزادە چیاییە پاکەی لە کتیبە ئەنترۆپۆلۆجیەکاندا بەو کاراکتەرانە وەسف کراوە. (چەپلە) عەبدوللا خاوەنی چاوی کال و سمیلیکی زەردی تیری کالتر لە رەنگی گەنم و پیستیکی سپی یە. بەلام ئەوە منداڵەکانی، ئەم ساوا قژ زەردی ئالتونیە، لەرەگەزی تورکە. (چەپلە) ئەوە ئادەمیزادی ئالپ، ئەو ئادەمیزادەی لە ئاسیای ناوەراستەوە هاتووە. (چەپلە) ئەو ئادەمیزادەی پەیوەستە بە ئەژدادی ئیمەوە.

بەریزینە، ئەو رۆلە تورکەی سەرەرای ئەوەی چەندین سەدەیە بیریارەکانمان، رووناکبیرو لیکۆلەرەوەکانمان کە کویرانە پەیرەوی لەخۆرئاوا دەکەن، پشت گویان خستووە، سەرەرای ئەوەش بیدەنگ بەلام بەشیوەیەکی زۆر جیگەی هیوا بەرەو ئایندە هەنگاو دەنی و دریژە پیدەری رەگەزی تورک و نەوەی تورکە. بروانیە گوندنشینی تورکی ئانادۆل، کەسەرەرای پشتگوێ خرانی چەندین سەدە، هیشتا بێ هیچ گومانیك تواناکان و وریایی و بلیمەتیە بە بەرەکەتەکەی لەناو نەچوون و، رووناکبیرانی ئەمرۆ و ئیمەش ناچارین سەرنجی بدەینێ و تیبینی بکەین و گرنگی پێ بدەین. (چەپلە)

ئیستا رووی دەمم دەکەمە تۆ، ئەی ئیرادەی قارەمان و پیاوی گەورە:

---

[99]*Sevket Aziz Bey, a.g.e. , s.277*

ئەم جۆرە ئۆرگانیزمە بێ عەیبە، چەندین سەدەیە بەپشت گوێ خراوی ماوەتەوە. تۆ بەئیرادەی ژیان ئەو شاریگانەت ئامادە کردو ئامادەیان دەکەیت کە ئەم جۆری ئۆرگانیزمو رەگەزە، بەرەو دەریایەکی مەعنەوی دەبەن بۆ پاکردنەوە. تۆ ئەو کانالانەت کردەوە بۆ ئازاد کردنی پیویستی و ئارەزووەکانی ئەم ئۆرگانیزمە، کەچەندین سەدەیە زیندانی کراونو لەناهوشیاریدا (لاشعور) فرێ دراونو رەنگە هیشتا ئیمە نەمانتوانیبێ دەرکیان پێ بکەین.

ئەی قارەمان ، ئیرادەی رەسەنو مەزن، ئەی پیاوی گەورە، بەناوی زانستی تورکو بیریاری تورکەوە، بەگەرمی و پێ زانینەوە، سلاوت لێ دەکەم." (چەپلەی بەردەوام)[100]

لیرەدا پیمان باشە ئاماژە بەخالیك بکەین، کە بە لامانەوە زۆر سەرنج راکیشە. ئەویش ئەمەیە: خاوەن کۆنفرانس، د. شەوکەت عەزیز بەگی پسپۆری ئەنترۆپۆلۆجیا، بیجگە لە زانیاری کتیبەکان، سێ جۆر بەلگە بۆ ئیدیعاکانی دینیتەوە. یەکەمیان چواردانە کەللەسەر. ئەمانە یەك بەیەك لەسەر میز دادەنرینو نیشانی هەموو خاوەن کۆنفرانسو ووتاربیژو گویگرەکانی کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك دەدرین. دووەمیان خیزانیکی سێ کەسی کەبە ریکەوت دۆزراونەتەوەو هینراون بۆ کۆنگرە. ژنو میرد و مندالەکەیان. ئەمانیش یەك بەیەك دەهینرینە سەر شانۆو روونکردنەوەی تایبەتیان لەسەر

---

[100] *Sevket Aziz Bey, a.g.e. ,s.277-278*

*هەروەها بروانە: شەوکەت عەزیز کانسو، میژووی ئەنستیتۆی ئەنترۆپۆلۆجی تورك، چاپخانەی مەعاریف، ئەستەموول ١٩٤٠، ل ١-٣٤؛ نەبیلە ئیلبارس، چەند لیکۆلینەوەیەك لەسەر توانا جەستەییەکانی قوتابیانی سەرەتایی ئەنقەرە، لیکۆلینەوە ئەنترۆپۆلۆجیو ئەتنۆلۆجیەکان، کاری سالانەی DTCF . ١٩٤٠-١٩٤١، ئەستەموول ١٩٤١، ل ٥٢٩-٥٤١؛ شەوکەت عەزیز کانسو، موعینە ئاتاسایان، لیکۆلینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجی نوێ لەسەر میژووی رەگەزی ئانادۆل، (هەژدەهەمین کۆنگرەی نیو نەتەوەیی ئەنترۆپۆلۆجیا و ئارکیۆلۆجیای بەر لەمیژوو، ئەستەموول-ئەنقەرە، ١٨-٢٥ی ئەیلولی ١٩٣٩)، ئەنقەرە ١٩٣٩، ل ١٠-١٧. هەروەها بروانە ئەو بەیاننامانەی ترکە لە (کتیبی بەیاننامەکان)دا بلاوکراونەتەوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێ. سێیەمیشیان، قسەکانی "ئیرادەی رەسەن‌و قارەمان" ، "ئیرادەی مەزن" ، " پیاوی گەورە"یە.

ئامادە بوونی خودی "ئیرادەی مەزن" لەناو گویگرانی کۆنگرەکەداو چاودیری‌کردنی بۆ کۆنگرەکە. بەم شیوەیە "گوندنشینی چەندین سەدە پشت گوی‌خراوی تورك"، لەگەل چوار کەللەسەرەکەدا، بەچوونە بەردەم"ئەنجومەنیکی زانستی"ی ئاوا گەورە، ئابلوقەی"پشت گوی‌خران"ی دەشکاند.

**لە گۆڤاری ئەنترۆپۆلۆجیای تورکیدا کە لە مانگی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٢٥ ەوە لەلایەن دەزگای ئەنترۆپۆلۆجی تورکیەوە(سالی ١٩٢٥ دامەزراوە) بلاوکراوەتەوە، ئەم لیکۆلینەوانە بلاوکراونەتەوە:**

| | |
|---|---|
| نورەدین بەگ | بەیەك گرتنەوەی بەراوردکاریانەی رەگەزی |
| نەجکەت ئەومەر بەگ* | تورکی دانیشتووی ئەستەموول، |
| ماوچەت | گۆڤاری ئەنترۆپۆلۆجیای تورکی (*TAM*)، |
| سورەییا بەگ | ژمارە ٢، مارتی ١٩٢٦، زانکۆ |
| ئیسماعیل حەقی بەگ | کۆنستانتینۆپۆل، ل ١-١٨ |
| | ژمارە ٣، ئەیلولی ١٩٢٦، ل ١-٣٨ |
| | ژمارە ٤، مارتی ١٩٢٧، ل ٩-١٩ |
| نورەدین بەگ | چەند سەرنجیك لەسەر ئەنترۆپۆلۆجیای رەگەزی تورك، |
| نەشئەت عومەر بەگ | *TAM*، ٥-٢١، ژمارە ٥، تشرینی یەکەمی |

* *پیدەچی لەتۆمارکردنی ناونیشانی بابەتەکان‌و نووسەرەکانیاندا، هەلەی چاپی زۆری تیدابیت. بۆنموونە رەنگە ئەم ناوە(نەجکەت ئەومەر بەگ Necket Eumer Beg) لەراستیدا (نەشئەت عومەر بەگ Neset Omer Beg) بیت، کەدواتر ناوی هاتووە. هەروەها لەوەدەچی ناونیشانی بابەتەکانیش لەبیرچوون‌و هەلەیان تیدابیت. جگە لەوەی روون نیە کام بابەتە هی کام نووسەرەیە. ئەم تیکەلاوی‌یە لەدەقە تورکیەکەدا بەردەوامە تادەگاتە ناوی(ئەوگەنە پیتارد). واتە هەموو ئەو بەشەی جەدوەلەکە، کە لە لاپەرە ٩٨ی دەقە تورکیەکەدا هاتووە. بەلام لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی ترمان لەبەر دەستدا نیە بۆ راستکردنەوە، یاخود دلنیابوون لە راستی ناونیشان‌و ناوەکان، وەکو خۆیان نووسیماننەوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سورەییا بەگ ١٩٢٧

م. بۆچەت ژمارە ٦، مارتی ١٩٢٨، ل ٥-١٤

حەمزە بەگ ژمارە ٧، مارتی ١٩٢٩، ل ٦-١٢

ئەوگەنە پیتارد :خویندنەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجیانەی تورکەکانی ئاسیای بچووك، بنەچەی رەگەزی تورك، *TAM* ژمارە ٨، ئەیلولی ١٩٢٩، ل ٥-٢٥ (لەم لیکۆلینەوەیەدا گوتراوە: تورك براکیسە فالە، رۆمو ئەرمەنو کورد دۆلیکیسە فالن)

د. شەوکەت عەزیز : پرۆگناتیسمای* گشتیو پرۆگناتیسمای کەللەسەری تورك، *TAM*، ژمارە ٩، مارتی ١٩٣٠، ل ٥-١٤.

*د. شەوکەت عەزیز* : دەروازەیەك بۆ لیکۆلینەوەی کرۆنۆلوجیانەی** حیتییەکان، *TAM*، ژمارە ١٠، ئەیلولی ١٩٣٠، ل ٣-١٧.

لەم لیکۆلینەوەیەدا بەکورتی ئاوا دەگوترێ: "بەتەواوی ئاشکرا نیە کە حیتییەکان لە چ رەگەزیك بوون. بەلام ئەو قەناعەتەی دەلیت سامی نەبوون، گشتییە. لەبەرئەوە دەبیت لە گروپی مرۆیی هیندو ئەوروپی بووبن. ئەو تاقیکردنەوانەی بۆ خویندنەوەی زمانی حیتی ئەنجامدران، دەریان خست کەلەو زمانەدا شیوە زمان (لەهجە)ی جۆر بەجۆر هەبووە." (ل ٤)

---

* *پرۆگناتیسم* **Prognathism** *: زاراوەیەکی لیکدراوی یۆنانیە.* **Pro***: پیشەوە،* **gnathos***: کاکیلە (بەعەرەبی: فك). واتە رادەی بۆ پیشەوە چوون یاخود بەرجەستە بوونی کاکیلە، لە کەللەی سەردا*

** *کرۆنۆلوجیا–Chronology: زانستی پیوانی کات. لیکۆلینەوەی کرۆنۆلوجیانە، واتە لیکۆلینەوە لە دیاردە یاخود رووداویك بەپێی کاتو سەردەم*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەكو بينرا، لەم ليكۆلينەوەيەدا رستەی زانستيانەی وەك "بەتەواوی ئاشكرا نيە كە حيتیيەكان لە چ رەگەزيك بوون"، بەكارهينراوە. راگەيەنراوە كە سامی نەبوونو بۆی هەيە هيندو ئەوروپی بووبن. ئەم ليكۆلينەوەيە كاتيك ئەنجامدراوە كە هيشتا بيرو بۆچوونی وەك تيزی ميژووی توركو تيۆری زمانی خۆر، بەتەواوی نەهاتوونەتە ئاراوە. پاشتر د. شەوكەت عەزيز بەگ واز لەم جۆرە قسانە دينیو هەولدەدات بیسەلمينی حيتیيەكان تورك بوونو لەرەگەزی تورك كەوتوونەتەوە.

*د. شەوكەت عەزيز بەگ* :رەگەزی توركو زمانی تورك،*TAM*،
ژمارە ١٣-١٤، مارت- ئەيلولی ١٩٣٢، ل ٥-٨
*{لەم ژمارەيەی گۆڤارەكەدا مستەفا كەمال بە*
گەورەی (سەركردەی) زانستی تورك ناو دەبريت. }

**لەم ليكۆلينەوەيەشدا بەكورتی ئاوا دەگوتريت:**

"پيادە كردنو دياريكردنو ئاويتەكردنی مەسەلەی توركو زمانی تورك لە روانگەی بايۆ-ئەنترۆپۆلۆجياو سوسيۆ- ئەنترۆپۆلۆجياوە، واتە بەپیی ميتۆدو لەناو چوارچيوەيەكی پۆزەتيفو بابەتيدا، لەلايەن ئەو ئيرادە مەزنو راستگۆيەوە (مستەفا كەمال)، كراوە بە ئايدياليكی زانستيانەی گەرمو پربەرەكەت لەرۆحە راستگۆكاندا. نەوەی ئەمرۆ دەبیو مافی خۆيەتی بەرامبەر خرۆشانو هەلچوونی ئەم شەپۆلە مەعنەويە مەزنەی كولتووری توركيدا بەرەو ئايندە، كەتوانای هەيە نەك رابوردوو بەلكو داهاتووش رووناك بكاتەوە، هەست بەشانازی بكات.

ئيمە لەم چەند ديرەدا دەمانەوی وەكو پسپۆريكی ئەنترۆپۆلۆجی، لەبەرامبەر رەگەزی توركدا، بەشيوەيەكی گشتی چاويك بەمەسەلەی زمانی توركيدا بخشينين.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیزی قوتابخانەی تورکی، واتە تیزی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك سەبارەت بەرەگەزی تورك ئەمەیە: رەگەزی تورك لە پۆلین کردندا دەچیتە خانەی رەگەزی سپییەوە . بەشیوەیەکی ووردتر دەلیین: تورك سەر بە رەگەزی براکیسەفال "واتە کەللە خر"ی ئالپییە.

بەراورد کردنی تورك لەگەل مەغۆلەکان هەلەیە. تورك لقیکە لە رەگەزی ئالپی کەتایبەتمەندیەکی پلە بەرزی بەدەست هیناوە. رەگەزی ئالپی، هیندو ئەوروپایی لە پامیرەوە هیناوە بۆ ئەوروپا.

لە ١٨٥١دا(لاثام)ی ئینگلیزی گوتی ئەو قەومەی بەزمانی هیندو ئەورووپی قسەیان کردووە، لە ئەوروپادا ژیاون نەك ئاسیا. ئەلمانەکان ئەم بۆچوونەیان بەدل بوو. بەپشت بەستن بەم بیرۆکەیە، رایانگەیاند ئەلمانیا نیشتمانی رەگەزی باکوورە. ووشەی(هیندو جیرمان)یان لەجیی زمانە هیندو ئەوروپاییەکان دانا.

بەم شیوەیە بۆچوونە کەمو کورتەکەی(گۆبینۆ)،واتە ئەو قەناعەتو بۆچوونەی دەلیت ئادەمیزادی گەنم رەنگی(رەنگ زەردی تیر) دۆلیکسەفال[*] جۆرە کاملەکەی (پیگەیشتووەکەی) رەگەزی ئادەمیزاد بووە، جاریکیتر زیندوو بۆوە. ئادەمیزادی ئالپ، زمانی تورکیی گواستەوە بۆ ئەوروپا. ئەو ئیرادە مەزنو راستگۆیەی ئەم نەوە تازە پیگەیشتووەی فیرکرد بگەرینەوە بۆ خودی خۆیو بۆخۆیان، خۆیشی لەگەل ئیشکەراندایە.))[**]

د. *سایم عەلی* : بەرەو یەکیتی زمان

١- سەبارەت بە بناغەی رەگەز، *TAM*

ژمارە ١١، مارتی ١٩٣١، ل ٢-٣٥

٢- یەکیتی زمان، ژمارە ١٢، ئەیلولی ١٩٣١، ل١-٦٢، ٦٣-٩٥

---

[*] *دۆلیکیسەفال: زاراوەیەکی فەرەنسییە(dolichocephale) مانای کەللە دریژ دەگەیەنی.*

[**] *رەنگە لەنیوان ئەم دوا رستەیەو رستەی پیشوودا، رستەیتر لەچاپدا پەریبیت. چونکە دوا رستە بەتەواوی دوورە لە وانیپیش خۆی. بەلام لەرووی ئەمانەتەوە بۆ دەقە تورکییەکە، وەکو خۆی نووسیمانەوە*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- تورك لەبەردەم زمانە هیندو ئەوروپپیەکاندا،
ژمارە ١٣-١٤، مارت-ئەیلولی ١٩٣١، ل١٤-٣٦
٤- پاشگر لەزمانە هیندو ئەوروپپیەکانداو پەیوەندیی
لەگەل زمانی تورکیدا، ژمارە ١٥-١٦، مارتی ١٩٣٤،ل٧-٢٤
٥- کیشەی زمانی کەلت-تورکی، ژمارە ١٥-١٦،
مارتی ١٩٣٤، ل٢٥-٤٠
٦- کیشەی زمانی کەلت-تورکی، ژمارە ١٧-١٨،
١٩٣٥، ل٣٥-٥٥

*عەلی سایم دیلەرمە* : یەکیتییەکانی نیوان سیستەمی رۆنانی فرمان
(تصریف الفعل)ی تورکی و زمانە هیندو
ئەوروپیەکاندا،
*TAM*، ژمارە ١٩-٢٢، ئەیلولی ١٩٣٩،
ل ٣٣٦-٣٤٣.

## *V*. ئەو زانیاریە "زانستی" یانەی سەبارەت بە تیزی میژووی تورك هاتنە ئاراوە، لەئەدەبی تورکیدا چۆن رەنگیان دایەوە؟

ئەو دیدو بۆچوونانەی سەبارەت بەتیزی میژووی تورك هاتنە ئاراوە، رەنگدانەوەیەکی گەورەو فراوانیان لە ئەدەبی تورکیدا هەبوو. پیمان وایە پیشکەش کردنی چەند نموونەیەك لەسەر ئەم بابەتە بەسوود دەبی. بەهجەت کەمال(چاغلار) لەشیعری ئەرگە نە کۆن دا، ئاوا دەلیت:

*لە مەزاری دلمدا با بەرخەکەم بباریني*
*دەلیم "گەورەی هەمیشەیی خۆت، تورك بناسە!"*

*تورك نموونەی دەسەلاتی بی سنووری یەزدانە*
*دونیا لەبەر خاتری جوانیی نەژادی تورك دروستکراوە*

*ئەوخوینەی بەدلی تورکدا دیتودەچی خوینی یەزدانە*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ڕەگەزەکانی تر میگەل بوون، تورك شوانیان بوو

لەم سەرتا ئەوسەر، تورك دنیای کیلا و گرت
تورك بەتامەزرۆییەوە خوداکانی پەرست

ئەگەر لەم جیهانەدا چەند تورکیك ناوبانگی هەبی
ئەوا یەزدان لەسەر رووی زەوی هەرئەوانی دەستنیشانکردووە

دلی تورك، میشكو بیری تورك(٣٠) هەزار سالە تەمەنی
مانای خۆشەویستیو بروا هینانی بەدنیا نیشاندا
مرۆڤ چەند لە بەمرۆڤ بووندا دوا دەکەوت
ئەگەر تورکی یەکەم ئەڤیندارو یەکەم بڕواهینو یەکەم نووسەر، نەبووایە

بە پیکدادانو ئیشی بیهودە، تاقە یەك هەنگاو نانریت
مرۆڤایەتی بی تورك، مانای ری رۆیشتنی بیچاو

لەناو سنگماندا، دلمان وەکو گورگیك وایە
هەناومان وەك نیشتمان، شەقار شەقار بووە

ئەی بۆ زکورت! لووراندنت مژدەی خودایە
با تاکە دەنگ هی تۆ بیت، لەناخی زەوییەوە بیت

مژدە شاعیر   مژدە، بروانە پیشەنگی تورك ئاشکرا بوو
بروانە ئیرادەی میللەت   بەرگی خۆی پۆشی

رۆژیك دیت(بۆزکورت) بەرگی مرۆڤ لەبەر دەکات
ئیستا تورك دەشکینی، دەتوینیتەوە، هەلدەگیریتەوە.

(بۆزکورت-گورگە بۆر)لە بۆشایی ناو بەردیکەوە هاتۆتە دەری،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*کویستانەکان تەی دەکا*
*لەو بۆشاییەوە هەموو نیشتمان نیشانی ئیمە دەدات*

*مرۆڤایەتی لەنیو دەچوو ئەگەر تۆ رزگارت نەکردایە*
*تورکی دیرین چاوت روون، تورکی گەورە چاوت روون*

*دەبکرینەوە ئـاسـۆکان، خـۆت لادە چیـای سـەرکـەش*
*تۆش ئەی تورك ببە بە تیشك بەسەر خاکدا پەخش بە*

*ئەی دونیا بە مراز گەیشتی، بەرگی کەسك لەبەرکە*
*وادیسـان دیت خـاوەنە دیرینو ئـاغـا دیرینەکـەت*

*ئەی دیلەکان، ستەملیکراوان، هەناسەیەکی ئاسوودە هەلکیشن*
*نـەرە، نـەرەی تـورکـە، چیـاو بـەردەکـان هـاوار بکـەن*

*وائەم خۆرە بە دلخوازی ئیمە هەلهات*
*با دنیا بکەینە خوانی شادیو ئاهەنگ*(١٠١)

**حسەین حوسنی کللشلی-ش لە شیعری((ئەمە تورکایەتیە))دا، ئاوا دەلیت:**

*ئەمە تورکایەتییە! گورگە بۆریکی ئالتای*
*ئیشارەتیك دەکـا، سوپایـەك ئامـادە دەبی*
*دلو گیـان بـۆ تورکـایەتـی دیتـە جـۆش*
*ئـەسـپـی یـەکبـوون تـاو دەدری*

*قـۆینلوویەك دەچیتـە چیـن، دەبـی بەخـان*
*دیـواری چیـن دەبـەزینی دەبیتە سـەروەر*
*دەست دەگری بەسەر رووباری سەوزو زەرد دا (مەبەست رووبارەکانی چینە)*
*دەبی بە ئیمپراتۆر، فەرمان بەهەموو چین دەدات*

(١٠١) *Behcet Kemal (caglar) Ergenekon, UIKu, Sayi 1, Subat 1933, S.11-13.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـوره تــورك پـێیــەك بـخـاتــە ئــەفـغـانــەوە
بەگەکانی دەست لەپایەی خۆیان هەڵدەگرن بۆ سولتان
سولتانێك ئەگەر کەمێك بڕوات، درێژی پێنج ڕووبار دەبڕێت
هندستان ڕێگای(گەنج)ی بۆ دەکاتەوە

بەگێکی تورك نـاوی ئەسپەکەی بدات
ئەسپی ماندوو لە ئێران دەحەسێتەوە
تۆزێك بەتوندی جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشی، سمکۆڵان دەکات
هەمووان بۆی دەچەمێنەوەو بە(شا)ی دەزانن

کـوره تــورکێـك لە(ئــاراڵ)ەوە بکەوێتــە ڕێ
بــەسەدانی مێگــەلــەکــەی لــە(ئۆراڵ) تێدەپەڕن
سێو فرۆشێك سێوێك هەڵدا بەرەو وولاتی فارس
کەوانێك بەرز دەبێتەوەو تیر دەگەیەنێتە پاریسەوە

تورکێکی بچووك(منداڵ) خۆی فڕێ داتە ناو ئاسۆی سۆمەرەوە
مرواری دەکاتە گەردنی ئەکەدیەکان
کە لەگەڵ کەشی مام ناوەندیدا ڕاهات
لە دارستانی خورمادا ئاسك لە ئامێز دەگرێ

ئەمە تورکایەتیە! لەگۆمی وانەوە جارێك
جارێکی ترلە دارستانی(ئەهلات)*دا. دەوڵەتێك دادەمەزرێنی
ئەگەر کەموکوڕی‌یەك لە ژێر داری(ئەهلات) داهەبێ
ئاوی دیجلە بەشی ئەسپەکەی ناکات

ئەمە تورکایەتیە! ئەگەر هیلاکەی نزم بێتـەوە (مەبەست هیلالی سـەر ئـالای تورکیایە)

* ئەهلات: جۆرە درەختێکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*مستەفا کەمالیك پەیدا دەبی‌و تاو دەدا*
*دوژمنان تیك دەشکینی، تورك کۆدەکاتەوە*
*بەرزیان دەکاتەوەو بەرەو پیش دەیانبا*[102]

***(مامۆستا احمد محمد اسماعیل ئەم شیعرەی کردووە بە کوردی)***

**گومان لەوەدا نیە لیکچوونیکی زۆر لەنیوان ئەم شیعرانەو، ووتارو نووسینەکانی پرۆفیسۆرە پەرلەمانتارەکانی ئەندامی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورکیی سەر بەخانەی تورکیدا هەیە، لیرەشەوە لیکچوونیکی زۆر لەنیوان ئەم شیعرانەو شیعرەکانی زیاگوکئالپدا هەیە، جیگەی سەرنجە کە شیعرەکەی بەهجەت کەمال، هەمان ناوی شیعرەکەی زیاکۆکئالپی هەیە (ئەرگەنە کۆن).**

**لەبەرهەمە شانۆییەکانیشدا، دەبینین هەمان ئەو بابەتانە دووبارە بوونەتەوە. فاروق نازیف(چاملیبەل) لە شانۆنامەی شیعریی (ئاکن–هیرش)و(ئۆزیورت–نیشتمانی رەسەن)دا کە سالی ١٩٣٢ نووسیونی، هەروەها لە شانۆنامەی قارەمان دا کە سالی ١٩٣٣ نووسیویتی، مەسەلەی (کۆچکردن لە ئاسیای ناوەراستەوە)ی کردۆتە هەوین.**[103] **بەهەمان شیوە یاشار نەبی (نایر) لەشانۆنامەی مەتە (١٩٣٢)و رۆلەکانی شۆرش (١٩٣٣)دا، بەهجەت کەمال چاغلار لە شانۆنامە شیعریەکانی شوان (١٩٣٤)، ئاتیللا (١٩٣٥)، دیسان هەمان بابەتیان باسکردووە.**[104] **ئاکا گووندووز لە ئەستیرەی شین (١٩٣٢)، دووانەکان (١٩٣٢)، قارەمانی سپی (١٩٣٣)و نیوە عوسمان (١٩٣٣)دا، رەشاد نوری لە سەربەخۆیی (١٩٣٢)دا، ناهید سری لە ئاگر دا (١٩٣٣)، کازم نامی لە هوشیاربوونەوەدا (١٩٣٢)، خالید فەخری لە داستانی دە سال دا ١٩٣٣، ئەحمەد نوری لەدادگای شەرعیدا (١٩٣٢)، دیسان ئەو جۆرە بابەتانەیان**

---

[102]*Huseyin Husnu, Turk Iuktur Bu! UIKu, Sayi. 7, Agustos 1933, S.28-29.*

[103]*Ismail Habib Sevuk, a.g.e., s.353-356.*

[104]*Esmail Habib Sevuk, a.g.e. ,s.418-419*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردۆتە هەوین. (یەنی تورک– *Yeni Turk* ، ژمارە ١١–١٤، تشرینی یەکەمی ١٩٣٣، ل١٠٨٢–١٠٨٧)

ئەم کتیبانە لەلایەن سکرتاریەتی کۆمەلەی گەلی کۆماری‌یەوە (*CHF*)، دەنیردرین بۆ خانەکانی گەل‌و داوا دەکریت بخرینە سەر شانۆ. ئەو زنجیرە نووسراوە گشتیانەی کە (*CHF* ) بۆ ریکخستنەکانی خۆی ناردووە، بەشی هەرە زۆریان لەو بابەتەن.[١٠٥]

## *VI*–رەخنە لەتیزی میژووی تورك

لە سالی ١٩٣٠دا، ئەو کاتەی تیزی میژووی تورك هینرایە گۆری، ئەو کەس‌و دەزگایانەی لیکۆلینەوەو تویژینەوەی جدی دەکەن، بە "پیکەنین"ەوە پیشوازی‌یان لی کرد. رایانگەیاند کە نابی بەناوی زانستەوە کاری ئەوەندە ناجدی ئەنجام بدریت. دەکری ئەو رەخنانە بەم شیوەیە کورت بکرینەوە:

*١–لەئاسیای ناوەراستدا رووداویك نەبووە ناوی ووشك بوونی دەریای ناوەوە بووبیت. ووشك بوونی ئاسیای ناوەراست ، رووداویکە لە سەدەکانی دوای زاییندا هاتۆتە ئاراوە . بۆ سەردەمی بەر لە میژوو، ناتوانین باسی رووداوی لەو جۆرە بکەین.*

*٢–نیشتەجی بوونی ئەو ناوچەیەی پی‌ی دەگوتری ئاسیای ناوەراست، لەسەردەمەکانی بەر لە میژوودا، سەلمینراو نیە . وەك چۆن ئەو ناوچانە ناتوانن ناوەندی کولتوور بووبن، ئاواش باسی کۆچکردن لەویوە بۆ دەوروبەر ناکریت.*

---

[١٠٥] *بۆ نموونە بروانە: بەیاننامە گشتیەکانی نووسینگەی گشتی (سکرتاریەتی) CHF بۆ ریکخراوەکانی کۆمەلە، لە کانوونی دووەمی ١٩٢٤ەوە، تا کۆتایی حوزەیرانی ١٩٢٤، بەرگی ٤، چاپخانەی حاکمیەتی میللیە، ١٩٢٤، ل ٤٢.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣-تــورك هاورەگــەزی مــەغۆل و تونگوزەکانــە. رەگــەزی تــورك هیــچ پەیوەندیــەکی لەگــەڵ هینــدو ئــەوروپی و قەومــە ئاریــەکاندا نیــە. زمــانی تورکیش زمانیکی هیندو ئەوروپی نیەو یەکیکە لە زمانە ئۆراڵ-ئالتاییەکان.

٤-مەحالە تورك شارستانیتی بۆ چین و هنـد بردبیـت. کۆنـی تـورك لـە میژوودا، دەگەڕیتەوە بۆ سەدەی دووەمی پیش زایین. واتە دەگاتە (هیۆنگ-نو)و (سیەن-پی)یەکان . ئەمە لەکاتیکدایە کە لە هەزارەی سێیەمی پیش زایینەوە، لەچین و هیندستانیش،کولتوورو شارستانیتی هەیە. نووسین هەیە

٥-سۆمەری و حیتی و قەومەکانی تری ئاسیای نزیك، هیچ پەیوەندیەکیان لەگـەڵ تورکـدا نیـە. بەشـیك لەمانــە سـامی و بەشـیکیان قـەومی ئـارین. بەشیکیشیان بەتەواوی قەومی ناوچەیین. ئەو زمانەش کەئەمانە قسەیان پێ کـردووە، هیـچ پەیوەندیـەکی بـەزمانی تورکیـەوە نیـە. هـەر لەبنـەڕەتدا ئـەو دەولەتانـەی پیـش گـۆك تورکـەکان (سـەدەی شەشـەم و حەوتـەمی زایینـی)، هـەموو ئـەو دەولەتانـەی لـە دەشـتاییەکاندا پیکـهاتوون-بـێ ئـەوەی تەنانـەت چەند ووشەیەك لەو زمانەی پێی دواون، بەجێ بیلـن- لەسـەر شانۆی میژوو نەماون و رۆیشتوون.

٦-هاتنی تورکەکان بۆ ئاسیای نزیك و ئانادۆل ریکەوتی سەدەی دەیەم و یانزەهەمی دەکات. پیش ئەمە جێ پێی تورك لە ئاسیای نزیك و ئانادۆلدا نیە.

٧-دانیشــتوانی ئــەمرۆی ئــەوروپا بــە ریشــە ئــەوروپایین. ریشــەیان دەگەڕیتــەوە بـۆ ئـیران و پـەنجاب. گرتنـی ئـەوروپا لەلایـەن هـون و مـەغۆل و تورکەکانــەوە کەریشـەیان دەگەڕیتــەوە بـۆ ئاسـیای ناوەراسـت، لـە سـەدەی پینجەم و شەشەمدا روویداوە.

٨-لـە قەڵەمدانی ئاسیای ناوەراست بە نیشتمانی رەگەزی براکیسـەفال و دانانی کورتـی کەللە سەریش وەکو نیشانەیەکی رەگەزی، شتیکی کەیفیـیە (بـە ئـارەزوو دانـراوە). چونکـە گەلــە ناتورکـەکانی ئـەوروپا، ئالزاسـەکان، باڤاریەکان و بریتۆنەکانیش براکیسەفالن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## VII. کۆنگرەی دووەمی مێژووی تورك

بەلام هیچ یەكیك لەم بیرۆكەو دیدوبۆچوونانە، لە دووەمین كۆنگرەی مێژووی توركدا كە لە ٢٠-٢٥ی ئەیلولی ١٩٣٧دا لەئەستەموول بەسترا، بەباری سەرنج وەرنەگیراون. وەكو كۆنگرەی یەكەم، دیسان بە شەوق و حەماسەتەوە داكۆكی لە تیزی مێژووی تورك كراوە. ئەمجارە پسپۆری بیگانەش بۆ كۆنگرە بانگهیشت كراون. لەم كۆنگرەیەدا:

"تیزی مێژووی تورك بە لیكۆلینەوەو هەلكۆلینە نویكان رۆژ بە رۆژ بەهیزبووە، گەلیك مەسەلەی نویٚ خراونەتە بەردەمی جیهانی زانست بۆ لیكۆلینەوەو گفتوگۆ لەسەر كردن."[١٠٦]

لە كۆنگرەكەدا زوو زوو باسی ئەوە كراوە كە حیتی و سۆمەریەكان تورك بوون، شارستانیتییەكانی میسۆپۆتامیا، ئانادۆل، میسر، ئیجە، كریت، دەریای سپی و شارستانیتی چین و هند لەلایەن توركەكانەوە دروستكراون وپەرەیان پیدراوە.[١٠٧] لەم كۆنگرەیەدا هەندیٚ ئیدیعای تازە پیشكەشكراون

[١٠٦] ***Ikinci Turk Tarih Kongresi,*** *(Istanbul, 20-25 Eylul 1937) Kongre Calismalari ve Kongreye Sunulan Tebligler, TTK, Istanbul 1943, s. XXXVII*

[١٠٧] *ئەوگەنە پیتارد، ووتاری كردنەوەی كۆنگرە بەناوی ئامادە بووە بیگانەكانەوە، ل ٥-٧؛ خاتوو ئافەت ئینان، چالاكی ئاركیۆلۆجی دەزگای مێژووی تورك، ل ٨-٩؛ حامید زوبیر كۆشای، ئەنجامە بەدەست هاتووەكان لەو هەلكولینانەی دەزگای مێژووی تورك لە (ئالاجا خۆیووك) ئەنجامی داون، ل ٢١-٣٢؛ شەوكەت عەزیز كانسو، دۆزینەوەی نویٚ لەسەردەمی بەر لە مێژووی ئەنقەرەو دەوروبەریدا، ل٣٥-٤٨؛ ئەوگەنە پیتارد، پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆجیەكانی نیوان ئاسیاو ئەوروپا لە چاخی بەردینی نویدا، ل ٦٥-٨٤؛ ئیبراهیم نەجمی دیلمەن، نرخ و جیگەی تیۆری زمانی خۆر لەناو تیزی مێژووی توركدا، ل ٨٥-٩٨.*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

يوسف زيا ئۆزەر، سوباریەکانو دوا بیردۆزە ئارکیۆلۆجیەکان، ل ١١٥-١٢٥؛ عەبدولقادر ئینان، روونکردنەوەی دۆخی ئەسپەکان لە روانگەی ریو شوینی دفن کردنەوە لای تورکەکان، بەپی‌ی هەلکۆلینەکانی (پازریك) لە ئالتای، ل ١٤٢-١٥١؛ ڤۆن دەرئۆستن، هەزارەی سێیەمی پیش زایین لە ئانادۆلدا، ل ١٥١-١٥٦؛ گوتەر بۆك، میژوو نووسین لای حیتی‌یەکان،ل ١٧٧-١٨١؛ عارف لوتفی مانسەل، مەسەلەی (ئاکا)کان لە میژووی ئیجەدا، ل ١٨١-٢١١؛ براندەستن، دۆخی ئیستای مەسەلەی ئەتروسك، ل ٢١١-٢١٩؛ حەسەن رەشید تانکوت، سەبارەت بە پەیوەندیە زمانی و رەگەزیەکان، ل٢٢١-٢٢٣؛ کەریم ئەریم، سەبارەت بەبناغەو ماهیەتی بیرکاری (ریاضيات) لای سۆمەریەکان، ل ٢٤٣-٢٧٠؛ ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی، جێ پەنجەکانی کولتووری تورکی لەسەر نیوە دوورگەی عەرەب بەر لە ئیسلام، بەپێی سەرچاوە خۆرهەلاتیەکان، ل ٢٨٠-٢٨٩؛ گەزا فەهەر، کولتووری تورکۆ-بولغار، مەجارو میللەتانی خزمیان، کاریگەریی کولتووری تورکی لەسەر ئەوروپا،ل ٢٩٠-٣٢٠، رەشید رەحمەتی ئارات، تۆماری میژوو لای تورك، ل ٣٢٩-٣٣٧؛ ئیرنیست ڤۆن ئاستەر، تورك لە میژووی فەلسەفەدا، ل ٣٣٦-٣٧٥؛ مارگریتا دیللە نباخ، بەلگەنامەکانی میژووی ئەنترۆپۆلۆجی تورکەکان، ل ٣٧٦-٣٨٣؛ بۆسیرت، دۆزینەوەی هونەری چاپ، ل ٤٢١-٤٣٨؛ شەوکەت عەزیز کانسو، لیکۆلینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆجی لەسەر تورکە سەلجوقیەکانو ئەنجامەکانی ئەو لیکۆلینەوەیە، ل ٤٤٠-٤٥٦؛ هینری ڤ. ڤالۆیس، میژووی رەگەزەکانی خۆرئاوای ئاسیا، ل ٤٥٦-٤٨٣؛ هینری ئا. ئالفۆلدی، جووت پاشایی لای تورکەکان، ل٥٠٧-٥١٩؛ کۆنت زیجی (یاخود زیکی)، سەبارەت بەبنەچەی قەومی مەجار، ل ٥٦٩-٥٧٧؛ ت. ژ. ئارنێ، سەرژمیرو میژووی خیلەکانی دەشتی تورکمانو پەیوەندیەکانی لەگەل ئانادۆلدا، ل ٦٠٣-٦٠٧؛ ه.ه. سایمان، قوتابخانەی تورکی لە میژووی بیرکاریدا، ل ٦٢٥-٦٣٤؛ و. کیپەرس، تورکایەتی رەسەنو ئیندۆ جیرمانی رەسەن لە بەرامبەر لیکۆلینەوەی میژوویی جیهانگیرو زانینی خەلکدا، ل ٦٤٥-٦٦٥؛ ه. شیل، زانستی بەلگەنامە کۆنەکان، ل ٦٦٦-٦٧٣؛ سەبری ئاتا یۆلو، رەنگ سووریی تورك، ل ٦٩٧-٧٠٥؛ سەفوەت ئەنگین، بەراوردکردنی سیستەمی ئایینی حیتیو گریکی ل ٧٧٤-٧٩٤؛ سی. بوش (C.Bosch)، ئانادۆل لە میژوودا، ل ٨٠١-٨١١؛ نەوزاد ئایاس، تورکو یاسای سروشت، ل ٨١٧-٨٦٣؛ فاتین گۆکمەن، دەزگا (مؤسسە)و رۆژ ژمیر لای تورکە کۆنەکان، ل ٨٣٣-٨٤١؛ سەعدی ئیرماك، چەند لیکۆلینەوەیەك سەبارەت بە بایۆلۆجیای رەگەزی تورك، کۆمەلەی خوین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کەلە کۆنگرەی یەکەمدا باس نەکراون. بۆ نموونە پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی لە دوو ووتاریدا کە لە کۆنگرەی دووەمی میژووی تورکدا پیشکەشی کردوون، لەسەر ئەم ئیدیعایانە راوەستاوە. پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی دەلیت:**

**" سەبارەت بەجێ پەنجەکانی کولتووری تورکی لەنیوە دورگەی عەرەبدا کە لانکەی ئیسلامە، بەرلە هاتنی ئایینی ئیسلام، هیچ شتیك نەنووسراوە، ئەم بابەتە کە پەیوەندی بە جیهانی زانستەوە گەلیك زۆرە، تا ئەمرۆ لەژیر پەردەدا ماوەتەوە.))[١٠٨]**

**پاشان ئەو پەردەیە بەم شیوەیە لادەدات:**

---

*(گروپی خوین)و پەنجە مۆر (بصمە)، ل ٨٤١-٨٤٥؛ نورەدین ئۆنور، تویژینەوەیەك لەسەر بنەچەی رەگەزی تورك لە روانگەی کۆمەلەی خوینەوە، ل ٨٤٥-٨٥١؛ ش. ئاککایا، کاریگەری زمانی سۆمەری لەسەر زمانی بابلی، ل ٨٥١-٨٥٨؛ رەمزی ئۆغوز ئارك، سەبارەت بە پرۆتۆ حیتی‌یەکان (حیتی‌یە سەرەتاییەکان)، ل ٨٦٣-٨٧٤؛ پرالتی، ئایینی عیسایی لای تورکەکان، ل ٨٨٧-٨٩٥؛ ئا. ڤۆن گاباین، پەیوەندیەکانی نیوان هون-تورك، ل ٨٩٥-٩١١؛ ت. هـ. بالتاجی ئۆغلو، خیلە تورکەکانی دەوروبەری ئەدرەمیت، ل ٩٢٣-٩٣٨؛ کامیل کەپەجی ئۆغلو، وەرزش لای تورکەکان، ل ٩٣٩-٩٤٨؛ ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی، پیغەمبەر و تورکەکان ، ل ١٠١٣-١٠٤٤؛ و. براندشتاین، ئەو نووسینەی لە (لیمنی)دا دۆزراوەتەوە، لە رووی زمانەوە باشترین بەلگەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەتروسکەکان لە ئانادۆلەوە هاتوون ، ل ١٠٥١-١٠٦٢؛ سەدری مەقسودی ئارسال، رۆلی رەگەزی تورك لە پیشکەوتنی چەمکی دەولەت و حقوق و دەزگاکاندا بە دریژایی میژووی مرۆڤایەتی، ل ١٠٦٢-١٠٩٣؛ ل. دیلۆپۆرتێ، پەیوەندیە سیاسی و کولتووریەکانی حیتی (هاتتی)یەکان لەگەل میسۆپۆتامیای خواروودا، ل ١٠٩٣-١١٠٣*

[١٠٨] ***Ismail Hakki Izmirli, Sark Kaynaklarina Gore Musulmanliktan Evvel Turk Kulturunun Arab Yarimadasinda Izleri, Ikinci Turk Tarih Kongresi, s. 280.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" هەردوو خیلی ئەوس‌و خەزرەج لە شاری سۆمەری میسۆپۆتامیاوە چوونەتە یەمەن کە شارستانیتی سۆمەری تیدا بلاوبۆتەوە، لەویوە کۆچیان کردووە بۆ مەدینە. لەو کولتووری تورکی لە خودی خۆیاندا دەبینریّ، وا دەردەکەویّ تورك بووبن. بۆی هەیە ئەوس لە (ئوس–Us : واتە جوان)ەوەو خەزرەجیش لە (خەزەر)ەوە کرابیت بەعەرەبی. لەراستیدا ، لە زمانی عەرەبیدا ئەوس بەمانای گورگ‌و خەزرەجیش بەمانای شیر دیت. بەلیّ، هەرچەندە (ئوز Uz : عەقل) لە (ئۆغوز Oguz )ەوە هاتووە، بەلام عەرەبەکان کە داتاشراوەکانی ئەم ووشەیە نازانن یاخود بیریان لیّ نەکردۆتەوە، نەریتی گورگ–یان بیر دەکەویتەوەو مانای (گورگ)ی پیّ دەبەخشن."

" یەکیك لە خیزانەکانی (ژنەکانی) پیغەمبەر تورکە.

بەپیّی قسەی (تاریخ الخامس)، ئەو (ماریە)یەی (مقەوەس)ی پاشای میسر ناردویتی بۆ پیغەمبەر، کچیکی تورکە. ئەوانەی لەگەل ماریەدا هاتبوون‌و ناویان زانراوە، بریتین لە (شیرین)ی خوشکی و (ماغبوردا)ی برای. بەمجۆرەش ژن‌و ژن خوشك‌و ژن برایەکی پیغەمبەر تورکن. (مقوس) لەنامەکەیدا رایدەگەیەنیت کە ماریەو شیرین پایەیەکی بەرزیان لەناو قیبتی‌یەکاندا هەبووە. ئیبراهیم لەم کچە تورکە جوانە بووە، پیغەمبەر زۆری پیّ خۆش بووە. ئەمەیە ئەو تاقە کورەی لە سەردەمی پیغەمبەرایەتیدا لە دایك بووە. ئەم رۆلە تورکە ١٨–٢٢ مانگ ژیاوەو پاشان مردووە. پیغەمبەر بەمە زۆر دلگران بووە."

" پیغەمبەر لە ژیر گومەزیکی تورکیدا خودا پەرستی کردووە . پیغەمبەر لە ناوەراستی مانگی رەمەزانیکدا ماوەی دە شەوو دە رۆژی تەواو لە ژیر گومەزیکی تورکیدا خەریکی پەرستنی خودای خۆی بووە. سەبارەت بەم گومەزە تورکی‌یە، زانیاری دوورو دریژم دەست نەکەوت."[١٠٩]

---

[١٠٩] *Ismail Hakki Izmirli, a.g.e. , s.281*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرۆفیسـۆر ئیسـماعیل حـەقی ئیزمـیرلی پاشـتر دەلیـت: " پیغەمبـەر فەرمووده‌ی نیه زه‌مـی تورك بكـات"، "لـەقورئاندا تـورك بەوەسـفكراوی نـاوی هاتووه"، "لەقورئاندا ووشـەی توركی هەیـه"، " پیغەمبـەر دەسـتدریژی كردنـە سـەرتوركی قه‌ده‌غـە كـردووه"، "پیغەمبـەر نامەیـەكی بـەتوركی نووسـیوه"[١١٠] وبـەم شـیوەیەش هـەولدەدات ئیدیعاكـانی خـۆی بسـەلمینیت. لەهـەمان كـاتدا، پـاش ئـەوەی( بەربـەر)ە كـانیش وەكـو تـورك نیشـان دەدات،[١١١] سـەلاحەدینی ئـەییوبیش وەكـو فەرمانرەوایـەكی تـورك پیشـكەش دەكات.[١١٢] دیدو بۆچوونەكانیشی لەبارەی توركەوە، بەم شیوەیە باس دەكات

" توركیـك بەتەنـها خـۆی ئوممەتیكـە. بـەكورتی ئەگـەر هـیزی فـارس وعیراقی عەجەم و عیراقی عەرەب وبیگانـەكان لەیـەك كەسدا كۆبیتـەوە، ئـەو كەسە ناتوانی ببیته هاوتاو هاوشانی توركەكە."[١١٣]

" توركەكان كه خاوەنی كولتووریكی بالابوون، بیئەوەی دنیا ئاگای لی بیـت( دنیـا بیخەبـەر بـوو)، كۆمـەلیك بـیردۆزی زانستیوفەلسـەفییان كـردە مولكـی جیهانی زانسـت. لـەم بارەیـەوە بەلگـەی گـەلیك زۆرمـان هەیـە. بـەلام لەبەرئەوەی بابەتەكەمان باسی ئەو مرۆڤانە نیە كەفاكتـەری هـەموو كولتـووری ئیسلام بوون، لیرەدا راناوەستم. سەرەنجام دەلیم(ئەوە باپیرانی ئیمە، ئادەی نموونەیەكی تری لەو بابەتە بیننەوە)و كۆتایی بەقسەكانم دینم."[١١٤]

وەكو بینرا پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی بە ئارەزووی خۆیو بی ئەوە پشت بـەهیچ بەلگەیـەك ببەسـتی، سـۆمەریەكان بـەتورك دەزانـی. پـاش

---

[١١٠] *a.g.m.,s.282-289*
[١١١] *a.g.m.,s.284*
[١١٢] *a.g.m.,s.285*
[١١٣] *a.g.m.,s.285*
[١١٤] *a.g.m.,s.289*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەش خیلی ئەوس وخەزرەج وادابینێ کەلە میسۆپۆتامیاوە کەوتوونە ڕێو هاتوون بۆیەمەن، یەمەنیش وەکو یەکیك لەو ناوچانە تەماشا دەکات، کەشارستانیتی تورکی پیدا بلاوبۆتەوە. بەم شیوەیە باسی تورك بوونی خیلی ئەوس وخەزرەج (عەرەبەکانی یەمەن) بگرە لەوەش زیاتر تورك بوونی پیغەمبەر دەکات. هەموو ئەمانە بەتەواوی رەفتاری زەینی، خودیو کەیفین( بەئارەزووی خۆی)و لەسەر هیچ بناغەیەکی بابەتی رانەوەستاون. تەنها راگەیاندنیکی قەناعەتە خودیەکانن. ئەو سنگ دەرپەراندنەش بەرامبەر میژوونووس و ئارکیۆلۆجیستە ئەوروپاییەکان لەکۆتایی قسەکاندا، بەو قسەیەی کەدەلیت "ئەوە باپیرانی ئیمە، ئادەی نموونەیەکی تری لەو بابەتە بیننەوە"، ئەنجامیکی سروشتی ئەم هەلویستەیە.

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی دووەمیدا بەناوی "پیغەمبەرو تورکەکان" کەپیشکەشی کۆنگرەی دووەمی میژووی تورکی کردووە، دیسان داکۆکی لەهەمان ئەوبیرو بۆچوونانە دەکات.[١١٥]پرۆفیسۆر ئیزمیرلی لەم کۆنفرانسە "زانستی"یەی دووەمیدا، بیجگە لە پیغەمبەر، باس لەوە دەکات کە جوولەکەکانی نەوەی ئیسرائیلیش تورکن ولە"نەژادی تورك"ەوە هاتوون:

" تورکەکان کەچەندین سەدە رابەری موسولمانان بوون، چ جۆرە پەیوەندیەکیان لەگەل پیغەمبەری ئیسلامدا هەیە، ئەم پەیوەندیە دەمانگەیەنیتە کوێ؟ سەبارەت بەم بابەتە کە تا ئیستا لێی نەکۆلراوەتەوە، هەندێ خالی شاراوە، بە بەلگەنامەی بەهیزو ئەنجامە سەرنج راکیشەکانیانەوە، بۆ کۆنگرەی میژووی تورك روون دەکەمەوە."[١١٦]پاشان ئەو بابەتە باسکراوانەش بەم شیوەیە کورت دەکاتەوە:

---

[١١٥] *Ismail Hakki Izmirli, Peygember ve Turkler, a.g.e.,s.1013-1044*

[١١٦] *a.g.e.,s.1013*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" ١- ئەگەرێکی زۆر گەورە هەیە کەپێغەمبەر لەڕووی نەژادەوە تورك بووبێت.

٢- هەردوو خێڵی ئەوس وخەزرەجیش تورك بوون ولەڕەگەزی تورکەوە هاتوون.

٣- لەنێوان ئەسحابەکانی پێغەمبەردا سێ تورك هەیە ناسرا بن.

٤- پێغەمبەر لە رەمەزاندا لەژێر چەتر( چادر)ێکی تورکیدا خودا پەرستی کردووە.

٥- پێغەمبەر نامەیەکی تورکی نووسیوە.

٦- پێغەمبەر فەرموودەی لەسەر تورك هەیە.

٧- لەقورئاندا ووشەی تورکی هەیە.

٨- موبارەك ئۆغلو کە زانایەکی پایەبەرزو ناسراوی تورکە، لەپلەی ئەسحابە دایە.

٩- ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە، تورکەو ئایدیۆلۆجیاکەی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای تورکیدا هاوئاهەنگە.

١٠- ئیمامی ئەعزەم مافی حاکمێتی داوە بەژنان، پێی وابووە قورئان بریتیە لەمانا."[١١٧]

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئیزمیرلی، بەمجۆرە دەیسەلمێنێ کەپێغەمبەر لەڕەگەزی تورك بووە:

" بەشێوەیەکی گشتی بەپێی نووسینەکانی نووسەرانی خۆرهەلاّت، پێغەمبەر نەوەی عەدنانەو عەرەبی موستەعرەبە( ئەوانە لە بنەچەدا عەرەب نەبوون وبوون بەعەرەب). لە ڕووی رەگەزو خێڵەوە عەرەب نیە. باپیرە گەورەی پێغەمبەر، ئیبراهیمی پێغەمبەرە. ئیبراهیم لەعابیرە( ئاڤار)ەوە کەیەکێکە لەباپیرانی، عیبری‌یە. لەعیبری‌یەکانیشەوە کەلە( سام)ن، سامی‌یە.

ئەو قسەو باسانەی لەسەر باپیرانی ئیبراهیم کراون ودەیگەیەننە سام، پشت بەهیچ لێکۆڵینەوەیەك نابەستن. یەکەمجار چی گوترابێت، ئەوقسانە دووبارە کراونەتەوە. ئەگەر ئەم قسانە بەووردی شیبکرێنەوە، زیاتر

[١١٧] *a.g.m.,s.1013*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەردەکەوێ کە ئیبراهیم نەوەی سام نیە، بەڵکو نەوەی یافەسە کەبەباوکی تارك–ەکانی دەزانن.))

" شاری ئور، کەمانای قەلاّ دەگەیەنێو لەتورکیدا وەرگێڕدراوە بۆ خەندەق، ناوەندی شارستانێتی سۆمەر بووەو شارێکی تورکیە. ئیبراهیمیش ئالەم شارە تورکەدا لەدایك بووە بەکورتی ئەگەر ناوی(تارەك) لەگەڵ تاریق وتورك دا،(ئازەر) لەگەڵ خەزەرو حەساردا،(ئووبور) لەگەڵ ئامورداو(عابیر) لەگەڵ ئاڤاردا لەبەرچاو بگیرێن، ئیبراهیم کەلەشارێکی تورکدا لەدایك بووەو زاوای خاقانێکی تورك بووە، تورك دەردەچێت. ئیتر عەدەنییەکان کەنەوەی ئیسماعیلن ولەگەڵ ئەوانیشدا پێغەمبەر، جوولەکەکان کەنەوەی ئیسرائیلن ولەگەڵ ئەوانیشدا پێغەمبەرەکانیان، هەموویان لەڕووی رەگەزەوە دەبن بە تورك."[١١٨]

پرۆفیسۆر ئیزمیرلی لەکۆنفرانسی دووەمیشیدا، بەم شێوەیە باسی ئەوە دەکات کەبۆی هەیە خێڵی ئەوس وخەزرەجیش لەرەگەزی تورك بووبن:

" ئەوس وخەزرەج کوڕی (فەهتان– قەحتان)ی یەمەنن ئەوس وخەزرەج لەیەك باوکن وبرای یەکن. قەحتانی باپیریان لەمیسۆپۆتامیاوە، لەدەوروبەری بابلەوە، واتە لەشاری سۆمەرەوە هاتووە بۆ یەمەن، ئەو شارەی شارستانیتی سۆمەری تیدا بلاوبۆتەوە. لەکاتیکدا زمانی خۆی سوریانی بووە، بووە بەعەرەبی. یەکەم کەسیش کەبەعەرەبی قسەی کردووە یەعروب–ی کوری قەحتانە. بەپێی ئەوەی قەحتان بەزمانیك قسەی کردووە کەلقیکی زمانە ئارامیەکانەو زمانی قەومەکەی بووەو، خۆیشی لەدیاری سۆمەرەوە کۆچی کردووە بۆ شاریك کە شارستانیتی سۆمەری تیدا بلاوبۆتەوە، بیگومان کورەکانیشی، واتە(عەرەبی عەریبە) لەرووی ریشەو نەژادەوە عەرەبن و، بۆی هەیە عەرەبە پاکەکانیش(خالص) تورك بوبن."[١١٩]

پرۆفیسۆر ئیزمیرلی، سەبارەت بەنامە تورکییەکەش ئاوا دەلیت:

" شەمسەدین مەرجانی کە یەکیکە لە زانا گەورەکانی شاری کازان و لە ١٣٠٦ی کۆچیدا وەفاتی کردووە، کتیبیکی نووسیوە ناوی (مستفاد

---

[١١٨] *a.g.m.,s.1013-1015*

[١١٩] *a.g.m.,s.1015*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

الاخبار)ە. مەرجانی لەم کتێبەیدا، باسی(عمیر بن اوس الاسلمی)* لەکتێبی (أسد الغابە فی معرفە الصحابە)ی(ابن الاثیر ١١٦٠-١٢٣٣)ەوە کەتایبەتە بەئەسحابەکانی پێغەمبەر، بەم جۆرە دەکات بەتورکی: بەپێی ئەوەی کە(ابن الاثیر)لە (أسد الغابە)کەیدا لەسەر باسی (عمیر بن اوس الاسلمی) نووسیویێتی، عومەیر لەگەڵ دەستەیەك لەعەشیرەتەکەیدا هات بۆلای پێغەمبەر. پێغەمبەر نامەیەکی تورکیی بۆنووسی. (راوی) قسەکانی ناو نووسراوەکەی بۆ عومەیر باسکرد. بەڵام ئەوانەی نامەکەیان گێڕایەوە، بەووشەی عەرەبی گێڕایانەوە. نامەکەیان گۆڕی. بەم گۆڕینە هەڵەی تێکەوت. لەبەر ئەوە، ئێمە پەشیمان بووینەوە لەوەی دەقەکەی بێنینەوە."[١٢٠]

بیروڕای پرۆفیسۆر ئیزمیرلی سەبارەت بەم نامەیە، کە وەکو گێڕانەوەیەك (ریوایەت) باسی کراوە، بەم جۆرەیە:

" ئەم نامەیە بۆ عومەیرو (بەنی ئەسلەم) نەنووسراوە. بەڵکو بۆ گەلی تورك نووسراوە. لە دیاری عەرەب وشام ورۆمدا، بوونی تورك مەعلوم نیە. چین و(خەتا)ش دوورن. ڕەنگە بۆ تورکەکانی بولغاریاو خەزەر نووسرابێت. چونکە ماوەیەکی زۆر بەرلە دەرکەوتنی ئیسلام، عەرەبەکان هاتوونەتە ئەم ناوە وەك لە قسەکانی(أسد الغابە)وە دەرکەوت،تورکی زان ونامەنووس بەتورکی،لەحوزووری پێغەمبەردا هەبووە. ڕەنگە ئەم نامەیە بۆ یەکێك لەو تورکانە نووسرابێت کەلەوسەردەمانەدا، لە ناوچەکانی نزیك حیجازدا بووبن، وەکو حیتییەکانی ئانادۆڵ."[١٢١]

لێرەدا پرۆفیسۆر ئیزمیرلی، تکایەکیش لەو ئەنجومەنە دەکات کە لە کۆنگرەی دووەمی مێژووی تورکدا ووتار دەخوێننەوەو چاودێری کۆنگرەکە دەکەن. بەوانەی گوێیان لێگرتووە دەڵێت: "تکا دەکەم ئەگەر لەشام یاخود لەناوچە نزیکترەکاندا حیتیو سۆمەری هەن، بۆم ڕاست بکەنەوە"[١٢٢].

---

* لەدەقەکەدا نووسراوە(عمیر بن افس)

[١٢٠] *a.g.m.,s.1017*
[١٢١] *a.g.m.,s.1017*
[١٢٢] *a.g.m. , s. 1017*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو قسەیەش کە لەبارەی تورك بوونی ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفەو، هاو ئاهەنگی ئایدیۆلۆجیاکەی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای تورکیدا کراوە، ئەمەیە:

" ئیمامی ئەعزەم لەڕووی رەگەزەوە تورکە.(زۆتا)ی باپیرەی(نوعمانی کوڕی سابیت) ، خەڵکی شاری کابولە. کابول، وەکو لە(جامع التواریخ)دا راگەیەنراوە، یەکێکە لە بەناوبانگترین شارەکانی تورك. بەپێی قسەی(معجم البلدان) شارێکە کە تورکە(خەلاج) ەکان تێیدا نیشتەجێ بوون. بەگوتەی (مروج الذهب): لە کابولو (بووست)و(بو خاچ)دا، (خەلاچ) و(دۆکوز ئۆغوز)ەکان هەبوون.

لەڕاستیدا کەسانێکیش هەن کە کوڕی زۆتایان بەخەڵکی ناوچەی ئەوبەری رووبار(ماوراء النهر) ی وەکو(تیرمیز)، یا خەڵکی(ئەنبار)و(نەسە) ی خۆراسان، یاخود بەخەڵکی شاری وەکو بابلی سەر بە وڵاتی سۆمەریان داناوە. هەموو ئەمانە وڵاتی تورکن."

" حساب نەکردنی * قورئانیش بەوەی بریتی بێت لەمانا، بەتەواوی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای تورکیدا دەگونجێ. دەبینین کە ئەوەی لە کۆماری تورکیدا هەیە، واتە ڕێگەدان بەژنان بۆ ئەوەی ببنە حاکم، خوێندنەوەی بانگو سەلا بەتورکیو، خوتبەی جومعە بەتورکی، لەگەڵ مەزهەبی ئەبو حەنیفەدا دەگونجێ. ئایا هێشتا گومان لە تورك بوونی ئەبو حەنیفە دەمێنێ؟"[١٢٣]

هەموو ئەم ئیدیعایانە، بەهەڵوێستی زۆر جدییەوە، لەبەردەمی ئەو"کۆمەڵە زانستی" یەدا ڕاگەیەنراون، کەلە ئەوروپاوە هاتووە. پرۆفیسۆر ئیزمیرلی، جگە لەوەی کۆششێکی زۆر دەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ پێغەمبەر، کوڕانی ئیسماعیل، کوڕانی ئیسرائیلو ئیمامی ئەعزەم تورك بوون، ناشتوانێ خۆی لەهەڵەی جدی سەبارەت بە سەردەمەکانی مێژووو ناوچەی کاریگەربوونی شارستانێتیو کولتووره جۆربەجۆرەکان، قوتار بکات. بۆنموونە وادەزانێ

---

** لە لاپەڕە(١١٠) ی دەقە تورکیەکەدا، کەباسی ئەم قسەیەی ئیزمیر لی کراوە، دەڵێت: (( پێی وابووە قورئان بریتیە لەمانا)) واتە بە پێچەوانەوە. دیارە یەکێکیان هەڵەی چاپە زیاتر لەوە دەچێت ئەم دەقەی ئێرە هەڵەبێتو ئەوی لاپەڕە (١١٠) راست بێت.*

[١٢٣] ***a.g.m. , s. 1020-1026***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆمەریەکان کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینـدا لە میسـۆپۆتامیادا ژیـاون، هەروەها حیتی‌یەکان کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا لە ئانادۆڵ ژیـاون، لەسـاڵانی سـەدەی شەشـەمی زایینیشـدا هێشـتا هـەر لـەو ناوچانـە دەژیـن‌و هـەرماون. لـەم ڕووەوە لافـی ئـەوە لێـدەدات کـە ڕەنگـە ئـەو نامـە تورکیـەی دەگێڕنـەوە پێغەمبـەر نووسـیویێتی، بـۆ "تورکـە سـۆمەری‌و حیتی‌یـەکان" نووسرابێت. هەروەها دەڵێت کولتوورو شارستانێتی سۆمەر تا(یەمەن) یش گەیشتووە.ئەمەش مەحاڵە.

کەوابێ لێرەدا لـەپاڵ بـەتورك نیشـاندان‌و هـەوڵدان بـۆ سـەلماندنی تـورك بوونـی پێغەمبـەرو نـەوەکانی ئیسـماعیل بـەپێی ئـارەزوو، هەڵـەی گـەورەی تریش لەئارادایە کە شیاوی بەخشین نین. هەموو ئەمانە بریتین لە ئەنجامی حەتمی دوورکەوتنەوە لە میتۆدی زانستی‌و هەوڵدان بۆ بەرزکردنـەوەو پشت ڕاستکردنی ئایدیۆلۆجیای ڕەسمی دەوڵەت بەهەر نرخێك بێت.

لێرەدا ئەوەش لە بیربکرێت کە گریمانەی دوو–سێ قۆناغی پیادە کراوە، کە هەڵەو چەوتی‌یان ئاشکراو ڕوونە. بۆنموونە سۆمەریەکان بـەتورك لەقەڵـەم دەدرێن‌و باسی تورکە سۆمەریەکان دەکرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە گریمانەی تورك بوونی سۆمەریەکان، گریمانەیەکی هەڵەیە. لە قۆناغی دووەمدا باسـی کۆچکردنی خێڵێك دەکرێت، لە سۆمەرەوە بۆ یەمەن. لەبەر ئەوەش کە خێڵەکە لە وڵاتی سۆمەرەوە ڕۆیشتووەو یەمەنیش یەکێك بـووە لەناوچـەکانی ژێـر کاریگەریی شارستانێتی سۆمەر، بۆی هەیە ئەم خێڵەش سەر بەڕەگەزی تورك بووبێـت. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە ئـەو گریمانەیـەش کـە یەمـەن بـە بەشـێك لەناوچـەی ژێرکاریگـەری شارسـتانێتی دادەنرێـت، ڕاسـت نیـە. لـەقۆناغی سێهەمیشدا پەیوەندیەك لەنێوان تیرەیەکی خێڵەکەی یەمەن‌و شاری مەدینەدا دروست دەکرێ‌و هەوڵدەدرێ بسەلمێنرێ کە خێڵەکەی مەدینەش تورك بووە. وەکو بینرا، لەسەر گریمانەیەك کە ئاشکرایە بەتـەواوی هەڵەیـە، گریمانەیـەکی تری نوێ بنیاتدەنرێت. جگە لەو گریمانەیـەی کـە بناغـەی گریمانـەی دووەمە، خودی ئەوی دووەمیش هەڵەیە. بـەڵام پرۆفیسـۆری "زانسـتکار"، پـەیتا پـەیتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵە دەكات، بەڕاستیش لە قەڵەمیان دەدات، بەم جۆرەش زانیاریی بەسیپلەو چوارپلە، بەرهەمدینی.

لەكۆنگرەی دووەمی مێژووی توركدا، پرۆفیسۆر ئەوگەنە پیتارد ئیدیعا دەكات كە(پارس) ەكانیش تورك بوون. بەم شێوەیە:

" لەبەر ئەوە دەتوانین وای دابنێین و بیهێنینە پێش چاوی خۆمان كە مرۆڤە براكیسەفالەكانی ئەمرۆی ئانادۆڵ، خەڵكی ڕەسەنی ئەم پارچەیەی ئاسیان، واتە ئەو مرۆڤانەی لەهەمان ناوچەی فراواندا نیشتەجێن، كە باپیرانیان داگیریان كردووە. ئەمرۆ ئەم قەومانە ناوی جیاجیایان هەڵگرتووە. لەتوركستاندا ناویان توركمانە. لەئێراندا پارسە. لە ئانادۆڵدا توركە. بەڵام لەڕووی ڕەگەزەوە دەتوانین زۆربەجوانی بیهێنینە پێش چاوی خۆمان كەلە هەمان بنەچەوە هاتوون، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەك بناغە بەپێی پرنسیپی لە(هۆ-سبب) ەوە بە(ئەنجام-نتیجە) گەیشتن، دەتوانری ئەم براكیسەفالە دێرینانەی ئانادۆڵ كە باپیرانی حیتییەكانن، بەباپیرانی توركەكانیش حساب بكرێن."[١٢٤]

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی كۆنگرەی دووەمی مێژووی تورك لە چاو كۆنگرەی یەكەمدا، بریتیە لە دەستدانە لێكۆڵینەوە لەسەر بابەتی "گروپی خوێنی توركەكان". وەكو دەركەوت، لە كۆنگرەی یەكەمی مێژووی توركدا، زیاتر گرنگی بە بونیادی ئەنترۆپۆلۆجیای فیزیكی دراوە: شێوەی كەللە سەر، ڕەنگی چاو،قژ، لووت، ئێسكەكان و هتد. بەڵام لەم كۆنگرەیەدا ، دوو ڕاگەیاندن لەسەر بابەتی گروپی خوێن پێشكەش كراوە و گفتوگۆیان لەسەر كراوە. لە هەمان كاتدا گرنگی بە پەنجە مۆر (بصمە)ش دراوە[١٢٥]

گرنگترین لایەنی لێكچوونیش لە نێوان كۆنگرەی یەكەمی مێژووی تورك و كۆنگرەی دووەمدا، بریتیە لە ڕێكخستنی ستایشنامە بۆ مستەفا كەماڵ، لە

---

[١٢٤] <u>Eugene Pitard</u>, *Neolitik Devrinde Kucuk Asya ile Avrupa Arasinda Antropolojik Munasebetler, a.g.e. , s. 72-73*

[١٢٥] <u>Sadi Irmak</u>, *Turk Irkinin. Biolojisine Dair Arastirmalar, Kan Gruplari ve Parmak Izleri, a.g.e. , s. 841-845;* <u>Nurettin Onur</u>, *Kan Gruplari Bakimindan Turk irkinin Mensei Hakkinda Bir Etut, a.g.e. , s.845-851*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆتایی کۆنفرانس و گفتوگۆکاندا زوو زوو باسی بلیمەتی و ئیرادەی مەزنی مستەفا کەمال کراوە، باسی شەیدایی بۆ مستەفا کەمال کراوەو جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە قسەو فەرمانەکانی ئەو گەورەترین ڕاستین. دەتوانین ئەم جۆرە شەیدایی و ستایشانە، لەهەر هەموو ووتارو نووسینەکاندا بدۆزینەوە.(١٢٦) تایبەتمەندی هاوبەشی ئەم ووتارانە بریتیە لە قبوڵکردنی قسەو نووسینەکانی مستەفا کەمال دەقاو دەق وەك خۆیان، بێ ئەوەی هیچ ڕەخنەیەکیان ئاڕاستە

---

(١٢٦) ***<u>Ikinci Turk Tarih Kongresi</u>*, s. XXXII vd. Ayrica bk. Kongreyi Acis Konusmalari, S. XL III-L III, Turk Tarih Kurumu Baskani Hasan**

***Edebiyat Fakultesi Dekanlarinin ve yabanci profesorler adina, Eugene***
***18***
***<u>Muzeffer Goker</u>, Turk Tarih Kurumunun Ilim ve Idari Faaliyeti, s.20; <u>Ibrahim Necmi Dilmen</u>, Turk Tarih Tezinde Gunes-Dil Teorisinin Yeri ve Degeri, s.98; <u>Yusuf Ziya Ozer</u>, Son Arkeolojik Nazariyeler ve Subarlar, s.125; <u>Abdulkadir Inan</u>***
***Vaziyetini, Turklerin Defin Marasimi Bakimindan Izah, s. 151; <u>Kerim Erim</u>, Sumer Riyaziyesinin Esas ve Mahiyetine Dair, s. 270; O. Menghin Milattan 3.000***
***Tesiri, s. 350; <u>Fuad Koprulu</u>, Orta Zaman Turk Hukuki Muesseseleri, s. 418; <u>Afet Inan</u>, Turk- Osmanli Tarihinin Karakteristik Noktalarina Bir Bakis, s. -756, s. 764-765; <u>Saffet Engin</u>, Eti ve Grek Dini Sistemlerinin Mukayasesi, s. 774-776, s. 793; <u>Hamit Sadi Selen</u>, 16. Asrinda Yapilmis Anadolu Atlasi, Nasuh Menazilli, s.817; <u>Fatih Gokmen</u> Eski Turk Ierde Heyet Ve. Takvim, S. 833, S. 841***
***Hiristiyanlik, s. 887, s. 895; <u>Kamil Kepecioglu</u>, Turklerde Spor, s. 947-948; <u>Hifzi Veldet Velidedeoglu</u>, Turk Kadininin Hukuki Vaziyeti (Tarihte ve Yeni Turk Hukukunda), s. 995; <u>Cemil Birsel</u>, Lozan Anlasmasi, s. 996-997; <u>Sadri Maksudi Arsal</u>, Beseriyet Tarihnde Devlet ve Hukuk Mefhumu ve Muesseselerinin Inkisafinda Turk Irkinin Rolu, s. 1075-1081***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بكريت. بريتيه له قبولكردنى ئەو قسەو نووسينانە ، وەكو بيروراو فكريك كە بەهيچ جۆريك گومانيان لى ناكريت، ناتوانرێ گومانيان لى بكريتو، رەخنەكردنيان مەحالە. ئەم هەلويستەش دۆگماتيزميكى خەست دەگەيەنێ، چ لاى خاوەن قسەو، چ لاى ئەوانەش كە قسەكە وەك خۆى قبولدەكەن.

جيگەى خۆيەتى باسى هەنديك ليكچوون لە نيوان ئەو ووتارانەدا بكەين، كەبەلامانەوە سەرنج راكيش بوون. بۆ نموونە پرۆفيسۆر گارستانگ باسى حكومەتە حيتىيەكان، جەنگە پرشكۆكانى (مورشيل)و سەركەوتنەكانى دەكاتو دەليت:

" جەنگەكانى مورشيل گەليك شتى زياترمان لەم بارەيەوە فير دەكات. ئەمانە بليمەتيەكى عەسكەرى ئەوتۆ نيشاندەدەن كە لە سەردەمى ئەمرۆماندا، تەنها لە پيشەواى توركەكاندا دەبينريت، ئەويش بەشيوەيەكى بالاتر."[١٢٧]

بەم شيوەيە لە ليكچوونى "بليمەتيە عەسكەريەكان"ەوە دەست پيدەكاتو جاريكى تر دەيسەلمينێ حيتىيەكان تورك بوون. هەروەها دروشمى "توركيك هەموو دنيا دينى"كە قسەى مستەفا كەمالە، "پرۆفيسۆرى زانستكار" وەكو خۆى قبولى كردووەو هەولى پشت راستكردنى داوە. "پرۆفيسۆرى زانستكار" كە دەليت:

" توركيك بەتەنها خۆى ئوممەتيكە. بەكورتى ئەگەر هيزى فارس و عيراقى عەجەمو عيراقى عەرەبو بيگانەكان لەيەك كەسدا كۆبيتەوە، ئەو كەسە ناتوانێ ببيتە هاوتاو هاوشانى توركەكە."

ئامانجى ئەوەيە جاريكى تر راستى ئەو دروشمە بسەلمينيت. هەروەها كاتيك بەرەو رووى كۆمەلى بيگانەكانى بەشدار بوو لەكۆنگرەكەدا دەليت:

" ئەوە باپيرانى ئيمە، ئادەى نموونەيەكى ترى لەو بابەتە بيننەوە"

بيجگە لە هەولدان بۆ سەلماندنى ئەو دروشمە، هيچ ئامانجيكى ترى نيە. ئەمە لەكاتيكدايە كە بوارى زانستو بوارى دروشم، زۆر لەيەكترجيان . دروشم بەرهەمى ئايديۆلۆجيايە. سەرەراى هەموو ئەمانە، جيگەى خۆيەتى باسى خاليك بكەين كە لە روانگەى پيكهاتنى ئايديۆلۆجياى رەسمى دەولەتەوە

---

[١٢٧] *J. Garstang, a.g.e. , Muharip Eti Hukumdarlarnin Stratejisi, s. 50-51*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگـە. ئـەویش بریتیـە لـە بـەتورك دانـانی سـۆمەری و حیتـی و قەومـە هاوشیوەکانیان ، واتە هەموو ئەو قەومانەی لە میژوودا، لـە میسـۆپۆتامیاو ئانادۆلدا ژیاون. بریتیە لە داواکردنی ئەوەی کە هەموو کەسیك بزانی و تێ بگات کە تورك بوونی ئەو قەومانە سەلمینراوە. داواکردنی ئەوەیە کە هەمووان بزانن ئەمە تاکە راستی‌یە، مەحالە بیرو بوچوونیك بەدەر لەم بیرو بۆچوونە دابریژریت. کەئەمەش سەری گرت، هەموو ئەو شتانەی حیتی‌یەکان و قەومە هاوشیوەکانیان لەسەر ریگەی کولتوورو شارستانیتی بەرهـەمیان هینـاون و پـەرەیان پیـداون، دەبنـە مولکـی تـورك و وەکـو ئـامرازیك بـۆ بەرزکردنـەوەی تورکایەتی بەکاردەهینرین.

ئەم خالـە پیویستی بەگرنگی پیدان و لەسـەر وەستان هەیـە. چونکە لـە رۆژی ئەمرۆماندا، ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت کە دەلیت "گەلیك نیە ناوی کـورد بیـت، هـەمووان تورکـن"، دیسـان لەهـەمان دیـدو بۆچوونـەوە دەسـت پیدەکات. هەموو سامانە میژوویی، زمانی، کولتووری و فۆلکلۆریەکانی کورد دەکرینـە مولکـی تـورك و وەکو ئـامرازیك بـۆ بەرزکردنـەوەی تورکایـەتی بـەکار دەهینـرین. بۆنموونە سـەلاحەدینی ئـەییوبی کـە وەکـو سـەرکردەیەکی کـورد ناسـراوە، وەکـو تـورك نیشـان دەدری، سەرکەوتنەکانیشـی لەشـەری خـاچ پەرسـتاندا دەکریتـە مولکـی تورکایـەتی. بەهـەمان شـیوە، بەرهەمـە فۆلکلۆریـەکانی کـورد لـەناو تورکیـا و دەرەوەی تورکیـادا، وەکـو فولکلـۆری تورکی پیشکەش دەکرین. ئەمەیە ئەنجامی سروشتی قبول نەکردنی فاکتی کورد و بـەتورك لـە قەلـەمدانی کـورد. بیگومـان "بـەتورك لـە قەلـەمدانی" ئـەو قەومانەی لە هەزارەی چوارەمی پیش زاییندا لە میسۆپۆتامیا و ئەو قەومانەی لـە هـەزارەی دووەمـی پیـش زاییـندا لـە ئانـادۆل ژیـاون، لەگـەل "بـە تـورك حسابکردنی" نەتـەوەی کـورد دا کەئـەمرۆ لـە خۆرهـەلاتی ناوەراسـتدا دەژیـن، رووداوی لەیـەك جیـاوازن. بـەلام گومـان لـەوەدا نیـە کـە بەرهـەمی هـەمان ئایدیۆلۆجیـای رەسمـی دەولـەتن. یـاخود گومـانی تیـدا نیـە کـە دوو فـاکتی میژوویـین کـە لـە رەهـەندی کـات و شـویندا، بـۆ سـەلماندنی راسـتی‌ی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت بەکار دەهینرین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزیکەی ٢٥٠ شارو شارۆچکە بروسکەی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرەی دووەمی میژووی تورك ناردووە. لەو بروسکانەدا کەشارو شارۆچکەو ناحیە جۆر بەجۆرەکان، والیو قایمقامو بەریوەبەری ناحیەکان، سەرۆکی ریکخراوی شارو شارۆچکەو خانەکانی کۆمەڵەی گەلی کۆماری(*CHF*)، سەرۆکی خانەکانی گەل، سەرۆکی شارەوانیەکان، موفەتیشی گشتیو سەرۆکی مانگی سوورو سەرۆکی ژووری بازرگانیەکان ناردوویانە، هیوای سەرکەوتنیان بۆ کۆنگرەکە خواستووە. لەشوینی وەك وان، ئورفە، سیلڤان، سیرت، پولومور، پاتنۆس، موش، ماردین، مادەن، لیجە، خۆزات، هنسی، هەکاری، ئەلەشکیرت، ئەلازیغ، دیار بەکر، بتلیس، بیسمیل، باسکیلو بایەزیدەوە، والیەکان، قایمقامەکان، سەرۆکی خانەکانی گەلو سەرۆکی شارەوانیەکان، ویرای هیوای سەرکەوتن خواستن، رایانگەیاندووە کە هەموو تواناکانی خۆیان دەخەنە گەر لە پیناوی بلاوکردنەوەی ئەو بیروبۆچوونانەدا کە لە کۆنگرەکەدا دینە بەرهەم.

### *VIII*. سەرکەوتنی یەکجارەکیی "تیزی میژووی تورك"

پرۆفیسۆر شەمسەدین گوونالتای نوینەری شاری سیواس و ئەندامی دەزگای میژووی تورك، سەبارەت بە تیزی میژووی تورك ئاوا دەلیت:

" حەوت سال لەمەوبەر ، ئەو کاتەی تیزی میژووی تورك هینرایە ئاراوە، هەندی کەسی خاوەن زانیاری سنووردار کە ناویان بە میژوونووس رۆیشتبوو، بە پشت بەستن بەو بەرماوەی ئەو زانیاریانەی لەو کتیبانەوە کۆیان کردبۆوە کەبە پیی تیگەیشتنی بیگانەکان نووسراون، دەستیان کردبوو بەرەخنە گرتنی بی بناغە. کاتیك کەلە ئەنقەرەوە دەچووم بۆ ئەستەموول، بۆ پیشکەشکردنی کۆنفرانس لەسەر تیزی میژووی تورك، تووشی کۆمەلیك بووم کە بیجگە لە چەند کەسیکیان، ئەوانی تر لەو بابەتە بوون. شۆرشی مەزنی تورك لەهەموو هەنگاویکیدا رەخنە تالەکانی ئەو جۆرە کەسانەی بەرگوی کەوتووە، بەلام لەبەر ئەوەی هەمیشە شایەتی ئەوە بووین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ئەو کەسانە هەمیشە لە بەرامبەر درەوشانەوەی کارە ئەنجامدراوەکەدا[129] بەشەوارە کەوتوون، دەمانزانی ئەم رەخنانە لە تیزی میژووی تورك، کە پشت بە هیچ زانیاریەك نابەستن، ئەنجامەکەیان ئەوەیە خاوەنەکانیان تووشی شەرمەزاری دەکەن. لەبەرئەوە بەخوینساردیەوە گویمان لە رەخنە بێبناغەکانی دەگرت.

لە راستیدا ئەگەر نەزانی بەبیانوو حساب بکریت، دەبێ ناحەقی خەلکی داماوی لەو جۆرە نەگرین. چونکە لەسەردەمی ئیمپراتۆریدا (مەبەست سەردەمی عوسمانییە)، تورك لەژێر باری بالا دەستی بیگانەدا نالاندویتی، هەموو مافەکانی خراوەتە ژێر پیوە، کۆنی تورك تەنها گەرینراوەتەوە بۆ شەش سەد سالو هەولدراوە میژووی پیشتری فەرامۆش بکریت. هەرچی شتیك مایەی شەرەفو شانازی بووبیت کراوە بەمولکی خەلکی ناتورکی ئیمپراتۆریەکە لەدەوروبەریکی ئاوادا، کرانەوەی ئاسۆیەکی بەتەواوی نوێ لەبەردەمی ئەو کەسانەدا کە زانیاریەکی ئیجگار تەسکیان هەیە، ئایا سروشتی نیە تووشی سەرسامی بن، قسەی نیوە ناچلو بگرە گالتە جاریش بکەن؟ لەم حالەدا نابێ تورەیان کەینو بیانرەنجینین، بەلکو دەبی وورده وورده چاوە بەشەوارە کەوتووەکانیان بەو پرشنگانە رابینین کەلەو ئاسۆ نوێیەوە دەدرەوشینەوە. کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورك ئەم ئەرکەی بەشیوەیەکی جوانو بیگەرد بەجێ گەیاند."[130]

" لەکۆنگرەکەدا تیزی میژووی تورك، کەبلیمەتی بێ وینەی تورك لەناو تاریکایی سەدەکاندا دۆزیبوویەوەو دەری هینابوو، بەیاریدەی هەمان ئەو پرشنگە درەوشاوانەی خودی بلیمەتی تورك بلاوی دەکردەوە ، بە

---

(129) *ئەو ((درەوشانەوە))یەی لیرەدا باسی دەکریت، چەمکی میژووی دەهەزار سالەیە. ئەو تیگەیشتنەیە کەکورتەکەی بریتیە لەوەی: پاش لیکۆلینەوە سەلمینراوە ریشەی هەموو شارستانیتییەکان دەگەریتەوە بۆ ئاسیای ناوەراستو لەلایەن تورکەکانیشەوە دامەزراون.*

(130) *Semsettin Gunaltay, Turk Tarih Tezi Hakkinda Intikatlarin Mahiyeti ve Tezin Kati Zeferi, Belleten, 1938, Sayi 7-8, s. 337-338*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشتیوانی بناغەو میتۆدەکان روونکرایەوەو تیبینی لەسەردرا. بواردرا بەکەلله رەقەکان و ئەوانەی بەتیگەیشتنی چەوت تووشی لادان بوون، بەئازادی لەبەردەمی کۆنگرەدا رەخنەکانی خۆیان بلین.(١٣١) چییان ویست گوتیان. بەلام هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو رەخنانەی هیچ بناغەیەکی زانستییان نەبوو، زۆر ئاسان بوو. رەخنەکان، بەدووبارە بەرجەستە کردنەوەی نرخی زانستیانەی تیزی میژووی تورك كۆتاییان پێ هات."

" یەکەمین کۆنگرەی میژوو، بەسەرکەوتنی تیزی میژوو لەناوەوەی وولاتدا بەئەنجام گەیشتبوو. دووەمین کۆنگرەی میژووی تورك بواری رەخساند بۆ روونکردنەوەی تیزەکە لەبەردەم زاناکانی جیهانداو پیشکەشکردنی بۆ رەخنە زانستییەکانیان. کۆنگرەی دووەم لە شیوەیەکی پرشنگدارتردا کۆتایی پێهات. تاج خرایە سەر سەری تیزی میژووی تورك. زانا خاوەن بریارە گەورەکان بە پیزانینەوە پیشوازییان لەو لیکۆلینەوانە کرد کەلەم مەیدانە تازە کراوەیەدا ئەنجامدراون ئیتر تیزی میژووی تورك سەرکەوتنی یەکجارەکیی بەدەست هینابوو."(١٣٢)

پرۆفیسۆر شەمسەدین گوونالتای هەرچەندە ووشەی وەکو زانست، نرخیکی زانستی، رەخنەی زانستی و میتۆد بەکاردینێ، بەلام میتۆدەکەی زۆر لە میتۆدی زانستیەوە دوورەو ئەو چەمکانەش کە بەکاریان دینێ، زۆر دوورن لەوەی چەمکی زانستی بن. چەمکی وەك "درەوشانەوەی کارە ئەنجامدراوەکە"، "سەرسورمان" ، "نەزانی بە بیانوو حساب کردن" ، "رەنجاندن" ، "ئازاردان" و "راهینانی چاو" هەندێ لەو ووشانەن کە سەلیقەی خۆیو قەناعەتە خودیەکانی خۆی رادەگەیەنن. جگە لەوە هەلویستی وەرگیراو بەرامبەر بە میژوونووسو پسپۆرە ئەوروپاییەکانیش

---

*(١٣١) گوتمان بیجگە لە راگەیاندنەکەی ئاڤرام گالانتی بەگ، هیچ راگەیاندنیکی تر لەسەر ئەو بابەتە لەئارادا نەبووە. هەمووان هەمان دیدو بۆچوونیان دووبارە کردۆتەوە. ئەوەشمان گوت کە هیچ وەلامیکی راگەیاندنە حەوت لاپەرەییەکەی ئاڤرام گالانتی بەگ نەدراوەتەوە، کە رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمی نەبووە.*

(١٣٢) *Semsettin Gunaltay, a.g.m. , s.338*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیگـەی سـەرنجە. ئەگـەر کەسـیکی ئـەوروپایی تـیزی میـژووی تـورك، واتـە ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت بەراست بزانیت، باسی لەوە دەکریت کە چەند زانایـەکی گـەورەو خـاوەن زانیاریـیە. دەلیـن "فلانـە زانـای گـەورە تەنانـەت فلانە زانای گەورەش ئەمە بەراست دەزانیٚ" و، دەیانەویٚ بیکەن بە پالپشتیك بۆ بیروراکانی خۆیان. هەر کەسیکیش دژی ئەم تیزە، واتە دژی تیزی میژووی تـورك رابووەسـتیٚ و بلیـت هیـچ بناغـەیەکی زانسـتیانەی نیـە، پـیٚی دەگوتـریٚ کەسـیکی "نـەزان، داماو". دەگوتـریٚ "هـەر لـە بنـەرەتدا کەسـانی نـەزان و بـیٚ زانست و داماو، هیچ شتیك لە درەوشانەوەی ئەم خۆرە تیٚ ناگەن".

پرۆفیسـۆر شەمسـەدین گوونالتـای، پـاش ئـەوەی لـە نووسـینە باسـکراوەکەیدا لـە دەروازەیـەکی ئـاواوە دەچیتـە نـاو باسـەکەیەوە، ئینجا ئـەو رەخنانـەی لـە تـیزی میـژووی تـورك گـیراون، ریـز دەکـات و هـەولدەدات یـەك بەیەکی ئیدیعاکانی تیزی میژووی تورك بسەلمینیٚ. لە میانـەی قسـەکانیدا بـە ووشـەی حەماسـی و داسـتان ئـامیز، رووداوی ووشـك بوونـەوەی ئاسـیای ناوەراسـت دەگیریتـەوەو دەلیـت ئاسـیای ناوەراسـت نیشـتمانی دایکـیی تورکەکانە. دیسان هەولدەدات بەووشەو قسەی لەوجۆرە باسی ئەوە بکات کە نیشتمانی دایکیی براکیسە فالەکان ئاسیای ناوەراستەو تورکیش لەرەگەزی سپی و براکیسە فالە.[133] یەکیکیش لەو بابەتانەی پرۆفیسۆر گوونالتای زۆر بـە دریـژی لەسـەریان راوەسـتاوە، بریتیـە لـەوەی "حیتـی و سـۆمەری و هـەموو قەومـەکانی تـری ئاسیای نزیـك لـە ئاسیای ناوەراسـتەوە هـاتوون؛ هـەموویان تورکـن. هـەر ئـەمانیش کولتـوورو شارسـتانیتی تورکیـان لـە ئاسـیای ناوەراستەوە هینـاوە بـۆ میسـۆپۆتامیاو ئانـادۆل، واتـە ئاسـیای نزیـك."[134] هـەروەها پـەیوەندی لـە نیـوان براکیسـەفالەکانی میسـرو ئاسـیای ناوەراسـتدا، واتە لە نیوان میسری تورکەکاندا دروست دەکات.[135]

---

[133] *Semsettin Gunaltay, a.g.m. ,s. 339-358*

[134] *Semsettin Gunaltay, a.g.m. ,s. 358-362*

[135] *Semsettin Gunaltay, a.g.m. ,s. 362-365*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## IX. پشكنينى ئەنترۆپۆمەترى* توركى

**لە سالى ١٩٣٧دا، پشكنينيكى ئەنترۆپۆمەترى بەرفراوان ئەنجامدراوە. لەم پشـــكنينەدا هـــەولدراوە تايبەتمەنديـــە رەگەزيـــەكانى تـــورك‌و بونيـــادە ئەنترۆپۆلۆجيەكانى، بەووردترين شيوە بپيوريت.**

**" لە سالى ١٩٣٧دا پشكنينيكى ئەنترۆپۆلۆجى بەرفراوان ، بەفەرمانى پيشەواى ئەبەدى (ئاتاتورك) ئەنجامدراوە. ئەم پشكنينە كە نزيكەى ٦٤٠٠٠ هاووڵاتى ژن‌و پياوى گرتۆتەوە، لە مانگەكانى تەمووز، ئاب، ئەيلول‌و تشرينى يەكەمى ١٩٣٧دا بەردەوام بووەو لەلايەن ١٠ تيپەوە (دە تيمەوە) لە ١٠ ناوچەدا ئەنجامدراوە.**

**لە خوارەوە، ژمارەى ئەو كەسانەى پشكنينەكە گرتنيەوە، تۆمار كراوە:**

| | |
|---|---|
| ١-ناوچەى تراكيا | ٦٠٠٠ پشكنين |
| ٢-ناوچەى بورسە، بيلەجيك | ٦٠٠٠ پشكنين |
| ٣-ناوچەى چەنەقەلعە، بالك ئەسير، مانيسا | ٦٠٠٠ پشكنين |
| ٤-ناوچەى ئيجە | ٦٠٠٠ پشكنين |
| ٥-ناوچەى ئەسكى شەهر، ئەفيون، بوردور، كوتاهيە، ئسپارتە، ئەنتاليا | ٦٠٠٠ پشكنين |
| ٦-ناوچەى ئانادۆلى ناوەراست | ٨٠٠٠ پشكنين |
| ٧-ناوچەى خۆرئاواى دەرياى رەش | ٦٠٠٠ پشكنين |
| ٨-ناوچەى باشوور | ٦٠٠٠ پشكنين |
| ٩-ناوچەى يەكەمى خۆرهەلات | ٧٠٠٠ پشكنين |
| ١٠-ناوچەى دووەمى خۆرهەلات | ٧٠٠٠ پشكنين |

---

* *ئەنترۆپۆمەترى Antropometry : لقيكە لە لقەكانى ئەنترۆپۆلۆجيا و لە پيوانەكانى جەستەى مرۆڤ دەكۆليتەوە (دريژى‌و پانى كەللە سەر، لووت، بالا، هتد).*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو فەرمانبەرانەی بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکە بەکارهێنران، بریتی بوون لە دوکتۆرە عەسکەری و مەدەنییەکان، فەرمانبەرانی تەندروستی و بەشێکیشیان مامۆستای پەروەردەی لەش "التربیە البدنیە" بوون"[١٣٦]

پرۆفیسۆر د. ئافەت ئینان–یش لەکتێبێکدا کەلە ژێر ناوی __ئانادۆل نیشتمانی رەگەزی تورک__ دا بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بە پشکنینی ئەنترۆپۆلۆجی تورکی ئاوا دەڵێت:

" **مەبەستم لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە تورکیە بۆ چاپ، ئەمەیە:**

پێشکەش کردنی ئەو مادەیەی لەسەر کورتەی مێژوو و رەگەزی نیشتمانەکەمان، توانیومە کۆیبکەمەوە. کاتێك کە ئەو پشکنینە بەرفراوانەم دەهێنایە پێش چاوی خۆم، بەپێی ئەو تەجروبەیەی لە وەرگرتنی پێوانەکانی دووسەد ژندا هەمبوو، دەمزانی لە توانای خۆمدا نیە. لەبەر ئەوە پێشنیارم کرد ئەنجامدانی ئەم کارە بە تیپێکی حکومەت بسپێردریو، __بەفەرمانی ئاتاتورکیش کەوتەکار__."[١٣٧]

پرۆفیسۆر ئافەت ئینان، لەزمانی پرۆفیسۆر پیتاردەوە، بەم شێوەیە باسی گرنگیدانی ئاتاتورك بە لێکۆڵینەوە لە (بەرلەمێژوو– *Prehistory*)و ئەنترۆپۆلۆجیا دەکات:

" ئارەزووی بەتینی ئاتاتورك بۆ باش ناسینی بنەچەی رەگەزی تورك تا ئەو جێیەی دەکرێت، هانی پێشەوای میللەتیدا، بەخێرایی حەز لە مەسەلە ئەتنی و رەگەزییەکان بکات. لەوپەری دنیاوە زۆربەی جار بیرلەوە دەکەمەوە کە ئاخۆ سەرۆك دەولەتێکیتر هەیە ئەوەندەی ئاتاتورك حەزیکی __ئاگرین__و ئەوەندەی ئەو حەزیکی زانستیانەی دینامکیی تیدابیت."[١٣٨]

---

[١٣٦] *Sevket Aziz Kansu, __Turk Antropoloji Enistitusu Tarihcesi__, Maarif Matbaasi , 1940, s. 20-21*

[١٣٧] *Afet Inan, __Turkiye Halkinin Antropolojik Karakterleri ve Turkiye Tarihi, Turk Irkinin Vatani Anadolu__ , (64000 Kisi Uzerinde Yapilan Anket) , TTK, Ankara 1947, s. 1 , Ayrica bk. s. 67*

[١٣٨] *Afet Inan , a.g.e, s. 9-10*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرۆفیسـۆر ئینـان لـەم کتیبـەیدا هـەولدەدات بیسـەلمینیت هـەموو رەگەزەکانو هەموو ئەو قەومانەی لە ئانادۆلدا هـاتوونو رۆیشـتوون، تـورك بـوون. کۆشـش دەکـات بـە بـەراوردکردنی هەلکۆلینـە ئەنترۆپۆلۆجیـەکانو ئەنجامەکانیان لەناوچە جیاجیاکانی ئانـادۆلدا، لەگـەل ئـەو زانیاریانـەی کـە پشـکنینە ئەنترۆپۆمەتریـە تورکیـەکان بەدەسـتیان هینـاون، ئـەو بۆچوونانـە بسەلمینیت.

" تورکیا لە میـژوودا زۆر کۆنـە. ئـەو پەیکـەرو یادگاریـە میژووییانـەی لەسـەر خاکەکـەی بـە پیـوە راوەسـتاون، ئـەو پاشماوانـەی لـەژیر خـاکدا ماونەتەوە، شایەتی بۆ ئەو میژووە دەدەن.

لەناو رەوتی میـژوودا، چەندین فەرمانرەوایی سیاسیو دەولـەت لـەژیر نـاوی جۆربـەجۆردا هـەبوون. ناوەکـە هەرچیـەك بووبیـت، زۆربـەی خـەلك نەگۆراون.

لەسەردەمە میژووییەکاندا، پـر جوولـەترین رووداوەکـان لەسـەر ئـەم خاکـە روویانداوە. بووە بەشانۆی هاتنو چوونـی شـەپۆلی کۆچکردنـی قەومـەکانو ریگەی بۆ سەرکەوتنی گەورە خۆش کردووە. بەلام سەرەرای هەموو ئەمانە، ئەم خاکی تورکە، ئەو خەلکەی بەم پشکنینە جۆری رەگەزیمان دیاری کرد، توانیویانە پەیوەندی نزیکی خۆیان لەگەل باپیرانیاندا، کە هەمان کاراکتەری رەگەزییان بووە، بپاریزن."[١٣٩]

پرۆفیسۆر د. ئافەت ئینانیش وەکو پرۆفیسۆر د. شەوکەت عەزیز کانسو، رایدەگەیـەنی کـە بـۆ پشـکنینی ئـەنترۆپۆلۆجی تورکـی، تورکیـا بەسـەر دە ناوچەدا دابەشکراوەو لە جیبەجیکردنی پشکنینەکەشدا دوکتۆری مەدەنیو عەسـکەری بـەکارهینراون. دوکتـۆری مـەدەنی بـۆ ناوچـەی ١و٢و٣و٤و٧و، دوکتـۆری عەسکەریش بۆ ناوچەی ٥و٦و٨و١٠ نـیردراون. یەکسـەر نـاردنی دوکتۆری عەسکەری بۆ ناوچە کورنشینەکان، یاخود بۆ ئەو ناوچانەی بەپیی یاساکانی بەزۆر نیشتەجیکردنی کورد، کوردەکانی بۆ راگویـزراوە، سـەرنج رادەکیشیت.[١٤٠]

---

[١٣٩] *Afet Inan , a.g.e, s. 24, s. 56, s. 57-60*

[١٤٠] *Afet Inan , a.g.e, s. 75*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرۆفیسـۆر ئافـەت ئینـان سـەبارەت بـەو لیکۆلینــەوە ئەنترۆپۆمەتریانــەی لەسەر ٦٤٠٠٠ ژن و پیاوی تورك ئەنجامدراون، ئاوا دەلیت:

"   ئــەو مــادە ئەنترۆپۆلۆجیانــەی لــە ئـــەنجامی ئـــەم پشـــکنینانەدا کۆکراونەتـەوە، نـەك هـەر لەیـەك رووەوە، بەلکو لـە گـەلیك لایەنـەوە بـە کـەلکی لیکۆلینـەوەو روونکردنـەوە دیـن. ئەنترۆپۆلوگـەکان(زاناکـانی ئـەنترۆپۆلوجیا) دەتوانن سالانیکی دوورو دریژ کار لەسەر ئەم مادانە بکەن. من لـەم کتیبـەمدا، تەنها هەندیك ئەنجامی گشتیم لەو بەلگەنامە دەولەمەندانە، بەکافی زانی.

ویسـتم بـە کاراکتـەرە مۆرفۆلۆجی‌یـەکان* ، کـە لـە دیـاریکردنی رەگــەزدا زۆرترین بەکارهینانیان هەیە، هەندیك حالـەتی وەسفی دەست نیشان بکـەم. بەم شیوەیە یەك لەدوای یەك ئەو بابەتانە دەبینین. بالا، ئیسك، لیك چوون؛ کرانـەوەی دەسـتەکان، قورسـایی لـەش، پیوانـەکانی سـەر، پـانی ناوچـەوان، لیکچوونی کەللە، بەرزی سەر، لیکچوونی دریـژی، هـەندیك لـە کاراکتـەرەکانی سـیما(روو)، پیوانــەکانی لـووت و لیکچوونــی لـووت، شـیوەی لووت و چـاو، پشتەوەی کەللە سەر، پیست، رەنگی قژو چاو.

دەمـەوی ئـەو خالانــەش رابگەیــەنم کەهــەموو ئـەم لیکۆلینەوانـە، چــەند لیکۆلینەوەی ئەنترۆپۆلۆجین، ئەوەندەش لە رووی سۆسیۆلۆجی و میژووییەوە بابەتی گرنگن."[١٤١]

پرۆفیسـۆر د. ئافـەت ئینـان لـەم لیکۆلینەوەیـەیدا، زوو زوو چــەمکی وەکــو"بــالای تورکــەکانی ئانــادۆل"،"پیوانــەکانی بــالای تورکــەکان"، "تیکـرا(معـدل) ی بـالای تـورك"، "بـالای پیـاوی تـورك"،"بـالای ژنـانی تـورك"،"جیـاوازی سـیکس(جنـس) لای تورکــەکان"،"لیکچوونــی ئیســکە پەیکـەری تـورك"،"قورسـایی جەسـتەی تـورك"، "پیوانـەی سـەری پیـاوانی تـورك"،"لیکچوونــی کەللــە ســەری تورکــەکانی ئانــادۆل"،"تورکــەکانی بولغارســتان"،"تورکــەکانی ئــەوروپا"،"تورکــەکانی رومــەلی"،"تورکــی

---

* *مۆرفۆلۆجیا Morphology: لقیکە لە لقەکانی زیندەوەرزانی(علم الاحیاء)، لەشیوەو بونیادی جەستەیی بوونەوەران دەکۆلیتەوە.*

[١٤١]*Afet Inan , a.g.e, s. 78-79*



کتیبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

قیرغیز"،"فراوانیی ناوچەوانی تورك": "درێژی سەری تورکەکانی ئانادۆڵ"، "بەرزی لووتی تورکەکانی ئانادۆڵ"، فراوانی لووت لای تورکەکانی ئانادۆڵ"،"چاوی تورکەکان"،"چالآیی چاو لای تورك"،"ڕەنگی چاوی تورکەکانی ئانادۆڵ" و "ڕەنگی پێستی تورك" بەکاردێنێ.[١٤٢]

خاوەنی لێکۆڵینەوەکە، بەم شێوەیە ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە گەورەیە ڕادەگەیەنێ:

" لە کۆتایی کتێبەکەمدا، دەمەوێ چەند خاڵێکی بنەڕەتی رابگەیەنم. ئەمڕۆ لە نووسینەوەی مێژووی گشتیدا، شیکردنەوەی زانستیانەی مەسەلەی ڕەگەزو ڕیزکردنی قەومەکان بەوپێیە، بووە بە عادەت. بەم پشکنینەو شیکردنەوەکانی، ئەمڕۆ بە پشتیوانی بەڵگەی مادیو بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی، جیاکاریو دیاریکردنێکی نوێ بۆ دانیشتوانی ئانادۆڵ لە جیهانی ئەنترۆپۆلۆجیدا کراوە. بەم شێوەیەش جێگەی ڕاستەقینەی تورك لە لیستەی ئەنترۆپۆمەتری نێونەتەوەییدا، دەسنیشان کراوە.

ویستمان کاتێك کە ناوی عەشیرەتە جیاجیاکانی تورك دێت، یەکێتی ڕەگەزی تورك بەرجەستە بکەین تەنانەت ئەگەر لەژێر ناوی جیاوازیشدا بێت. بەتایبەت کەلەو لێکۆڵینەوانەدا کە پێش ئەم پشکنینە کراون، بەپێی ناوی هەندێ عەشیرەت( بۆ نموونە وەکو لازو کورد)، کۆمەڵێك ژمارەو ئامار پێشکەشکراون. ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو ناوانە ناوچەی جوگرافی دەنوێنن، بەو جۆرە دامانناون. لەم بەراورد کردنانەدا دەرکەوتووە کە یەکێتی ڕەگەز لە تورکیادا هەیە."[١٤٣]

---

[١٤٢] *Afet Inan , a.g.e, s. 80-81*

[١٤٣] *ئافەت ئینان ، هەمان سەرچاوە، ل ١٨١ . ئەو لێکۆڵینەوەیەی پرۆفیسۆر د. ئافەت ئینان باسی دەکات، لێکۆڵینەوەیەکە لە ساڵی ١٩٢٠دا لەلایەن پرۆفیسۆر پیتارد-ەوە بڵاوکراوەتەوە. پرۆفیسۆر ئینان لە لاپەڕە ١٥٠ی کتێبەکەیدا، دوو تابلۆ(خشتە) لە پرۆفیسۆر پیتارد-ەوە، وەردەگرێو وەك خۆیان(بێدەسکاری) بەکاریان دێنێ.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"لایەرەیــەکی تــری ئــەم پشــکنینەش بریتیــە لــەوەی یــەکیك لــە ئامانجــە زانستیەکانی دامەزراندنی دەزگای میژووی تورك–ی هیناوەتەدی.

ئەو حوکمانەی لە کۆنگرەی یەکەمی میژووی توركدا بەپشتیوانی هەندیك بەلگــە دران، بــەو ژمــارەو روونکردنەوانــەی لــەم کتیبــەماندا هــاتوون، پشتیوانییان لی دەکریت."[144]

---

*((بۆ بەراوردکردن لەگـەل دانیشـتوانی تـری جیـهاندا، هـەندیك توانایيمـان(امکـان) لەبەردەسـتدایە. ئەوانـەی پـەیوەندیان بـە ئیمــەوە دەبـیو سـەرنجمان رادەکیشـن، ئەوانەن کە لە رووی جوگرافیەوە لیمان نزیکن. هەندیك ژمارە کە تایبەتە بە خەلکی ئاسیای نزیكو لە کتیبەکەی پیتاردەوە وەرمـان گرتـوون، لـە خـوارەوە پیشـکەش دەکەین.*

| | | | |
|---|---|---|---|
| سرب | ٥٠ ملم ٩٢ | جوولەکە | ٥٠ ملم ٨١ |
| رۆمان | ٥١ ملم ٣٨ | تاتار | ٥٣ ملم ٠٢ |
| ئەلبان | ٥١ ملم ٣٥ | گاگاووز | ٥٣ملم ١٥ |
| بولگار | ٥١ ملم ٩٣ | لاز | ٥٤ ملم٣٤ |
| گریك | ٥٢ ملم ٣٠ | ئەرمەن | ٥٥ ملم١٧ |
| تورك | ٥٢ ملم ٤٨ | کورد | ٥٥ ملم ٨٦ |

*لەم پۆلین کردنەدا هەندیك قەوم دەبینیـن کـە ئاسـیایی بوونیـان ئاشـکرایە لەگـەل هـەندیك قـەومی تـردا کـە ئـەمرۆ بـە ئـەوروپایی دەناسـرینو لـە ئاسـیاوە هـاتوون. (رۆمـان، رۆم–گریـك، ئـەلبان، بولگـار) ئەگـەر دوو برگـەی تـری ئـەم تابلۆیـە پیکـەوە بەراورد بکەین، دەبینین بەرزیی لووتی ئەوروپاییەکان کەمترە لەهی ئاسیاییەکان. ببینە سەر فراوانی لووت، ئەم فراوانیە بەپیی زیادبوونی لە هەمان ئەو قەومانەدا، بەم شیوەیە ریزدەکریت:*

| | | | |
|---|---|---|---|
| جوولەکە | ٣٥ ملم ١٥ | سرب | ٣٦ ملم ٣٠ |
| ئەلبان | ٣٥ ملم ٣٠ | گاگاووز | ٣٦ ملم ٣٥ |
| ئەلمان | ٣٥ ملم ٣٧ | تورك | ٣٦ ملم ٦٣ |
| رۆمان | ٣٥ ملم ٣٧ | بولگار | ٣٦ ملم ٦٧ |
| کورد | ٣٥ ملم ٥٠ | لاز | ٣٦ ملم ٨٧ |
| گریك | ٣٥ ملم ٩٠ | تاتار | ٣٧ ملم ٤٤ |
| ئەرمەن | ٣٦ ملم ٢١ | | |

***(Afet Inan, a.g.e. , s. 150, Ayrica bk. S.110, s.155)***

[١٤٤] ***Afet Inan, a.g.e. , s. 181***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامانج و ئەنجامی ئەم پشکنینە گەورەو گرانە، یەکیکە . واتە سەلماندنی ئەو دیدو بۆچوونانەی لە کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا هینراونەتە پیشێ. ئامانجی لیکۆلینەوەکە ئەمەیە، ئەنجامەکەشی هەر ئەمەیە. واتە راستیی هەموو ئەو دیدوبۆچوونانەی سەلماندووە کەلە کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا هینراونەتە پیشێ. وەکو زانرا کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورک لەسەر ئەو تیزە راوەستاوە کە دەلیت: نیشتمانی دایکیی تورک ئاسیای ناوەراستە، لەئەنجامی بێ ئاویو ووشك بوونەوەی دەریادا، تورکەکان بەهەر چوارلای جیهاندا بلاوبوونەوە. دیسان لەچوارچیوەی ئەم تیزەدا لافی ئەوە لیدراوەو سەلمینراوە کە: هەموو شارستانیتیو کولتووره دیرینەکان لە لایەن تورکەکانەوە دامەزرینراونو پەرەیان پیدراوە، دیارە لەناو ئەمانەشدا دامەزرینەرانی شارستانیتییەکانی ئانادۆلو میسۆپۆتامیا، لیرەشەوە سۆمەرییو حیتییەکان تورك بوون. بیگومان سنووردارکردنی ناوچەی لیکۆلینەوەکە تەنها بە ئانادۆل، مانای خۆی هەیە. ئەو لیکۆلینەوە ئەنترۆپۆمەتریانەی لەسەر ٦٤٠٠٠ کەس ئەنجامدراون، بۆ نموونە نیشانیانداوە ئەو تایبەتمەندیە فیزیکییانەی لە (هەکاری)دا هەن، دەقاودەق لە (مانیسا)شدا هەنو، ئەمەش نیشانی داوە کە هەمووان هەر تورکن.

ئەم لیکۆلینەوەیە، لەبەرئەوەی پانتایی جێبەجێ کردنو قەبارەو پارەی تێ چووی گەورە بووە، سیمای لیکۆلینەوەیەکی جدی هەیە.

پرۆفیسۆر ئافەت ئینان دەلیت کوردەکان عەشیرەتیکن. یەکیك لە عەشیرەتەکانی تورك. رایدەگەیەنێ لەبەر ئەوەی ووشەی (کورد) ناوچەیەکی جوگرافی نیشاندەدات، بەکاری هیناوە. ئەگەر کوردەکان دانیشتووی خۆرهەلاتی ئانادۆلو باکووری عیراقو سووریاو خۆرئاوای ئیرانن، ئەم ناوچەیی بوونە چی دەگەیەنێ؟ ئایا ئەوە دەگەیەنێ کە عەشیرەتیکن لە عەشیرەتەکانی تورك؟

وەکو بینرا ئامانجی ئەم لیکۆلینەوەیە بریتیە لە پشت راستکردنی ئەنجامە لەپیشەوە دانراوەکانو گەران بەدوای بەرگیکی زانستیدا بۆ ئەو ئەنجامانە، هەروەها بەلگە هینانەوە بۆ ئەو ئیدیعایانەی هینراونەتە ئاراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەبنەرەتدا، وەکو هەردوو پرۆفیسۆری ئەنترۆپۆلۆجی و میژوو بەشانازیو ستایشەوە دەلین، بەفەرمانی ئاتا تورك لیکۆلینەوە کە دەستی پێ کردووە. واتە ئەو مستەفا کەمالەی کە ناویان ناوە "ئیرادەی مەزن"، "بلیمەتی دەگمەن"، "مەزنترین تورك"، "پەیکەری شکۆمەندی راستی"، ئەمری فەرمووە "لیکۆلینەوەیەك بکریت کەبیسەلمینێ، ئەوەی لە ئانادۆلدا دەژی تورکە"، لەسەر ئەم فەرموودەیە پرۆفیسۆرەکان قۆلیان لی هەلمالیوەو "بە میتۆدی زانستی) ئەم فەرموودەیەیان سەلماندووە. پانتایی مەیدانی لیکۆلینەوەکە، ژمارەی پشکنینە مەیدانیەکان، جی بەجێ کەرانی و گەورەیی دارایی تەرخان کراوە، بۆ ئەوەیە نیشانی بدەن لیکۆلینەوەکە "چەند جدی"، "چەند زانستی"، "چەند پرشنگدار"و"چەند درەوشاوە"بووە. بۆ "پرشنگدانەوە"و "درەوشانەوە"یە.

" گەرانە ئەنترۆپۆمەتریە مەیدانی‌یەکە، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٣٧ەوە تا تشرینی یەکەمی ١٩٣٧ دریژەی کیشاوە.

٦٤٠٠٠ ئانکیت* کۆکراونەتەوەو تەسلیمی بەریوەبەرایەتی ئامارکراون بۆ پۆلین کردنو ئاویتە کردنیان.

(جەلال بایار)ی سەرەك وەزیری ئەوکاتە، <u>بە فەرمانی ئاتاتورك</u>، لەلایەن حکومەتەوە یارمەتی پیویستی پیشکەشی بەریوەبەرایەتی گشتی ئامار کردووە."(١٤٥)

سەبارەت بەو لیکۆلینەوە ئەنترۆپۆمەتریانەی لەسەر ٦٤٠٠٠ کەس ئەنجامدراون، بیجگە لە کتیبو ووتارە ناوبراوەکەی پرۆفیسۆر ئافەت ئینان، بلاوکراوەیەکی تریش هەیە. ئەم بلاوکراوەیە لەلایەن بەریوەبەرایەتی گشتی ئامارەوە بلاوکراوەتەوە.(١٤٦)

---

* *ئانکیت– enquete: لیستە یاخود مۆدیلی ئەو پرسیارو وەلامانەی لە لیکۆلینەوەی مەیدانیدا بەکار دەهینریت.*

(١٤٥) ***Afet Inan, Turkiye Halkinin Antropolojik Karakterleri Uzerinde Buyuk Anket ve Umumi Neticelei, <u>Belleten</u>, TTTK,Sayi 13, 1940,s. 39-51.***

(١٤٦) ***<u>Turkiye Antropometri Anketi</u> , 1937, Istatistik Umum Mudurlugu, Ankara 1940, Yayin No. 151***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم سەردەمەدا لیکۆلینەوەی تریش کراون کە دەیسەلمینن هەموو ئەوانەی لە ئانادۆلدا دەژین تورکن.[١٤٧] هەروەها لیکۆلینەوە لەسەر پەیوەندیە خوینییەکانی دانیشتوانی ئانادۆل کراوەو هەولدراوە لەم ریگەیەشەوە تورک بوونی هەمووان بسەلمینریت.[١٤٨]

## X.کۆنگرەی سێیەم و چوارەمی میژووی تورك

کۆنگرەی سێیەمی میژووی تورك لە نیوان ١٥-٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣دا لە ئەنقەرە بەسترا. ئەو ئارەزووو ویستو قەناعەتە خودیانەی لە کۆنگرەکانی پیشوودا باسکرابوون، لەم کۆنگرەیەشدا باسکرانەوە. پرۆفیسۆر شەمسەدین گوونالتای، نوینەری شاری سیواس و سەرۆکی دەزگای میژووی تورك، لە ووتاری کردنەوەدا ئاوا دەلیت:

" تورك رەگەزیکی زۆر کۆنە، تابەرەو دواوە بگەرێینەوە، رابوردووی فراوان و بەربلاوتر دەبیت. میژووە بەهەیبەتەکەشی ، کە نە کات بەشی دەکات و نە شوین دەیگریت، هەر هەموو قەومە کۆنەکان لە ئامیز دەگریت. دەتوانرێ بگوتری کەسەر تاپای میژووی ئاسیا، میژووی پر لە قارەمانیتیی تورکە. ئەگەر میژووی تورك نەبیت، بەدواداچوونی میژووی ئەفەریقا و ئەوروپا مەحالە. لە سەردەمە تاریکەکانی رابوردووەوە، سەدە بە سەدە کاتی

---

(١٤٧) ***Sevket Aziz Kansu, Turk Antropolojy Tarihcesi**, a.g.e., Muine Atasayan, Anadolunun Irk Tarihi Uzerinde Antropolojik Yeni Bir Tetkik, **Tebliqler Kitabi**, Ankara 1939, s. 10-16; Said Irmak, Anadolu Yureklerinin Antropolojisne dair Tetkikler, **Tebliqler Kitabi**, s. 75-82; Kemal Gungor, Yorukler ve Antropometrik Tetkikler Uzerinde Ilk Bir Not, **Tebliqler Kitabi** , s. 83-89*

(١٤٨) *Said Irmak, Turk Irkinin Biolojisine Dair Arastirmalar, Kan Gruplar ve Parmak Izleri, **Ikinci Turk Tarih Kongresi**, s. 841-845; Nurettin Onur, Kan Gruplari Bakimindan Turk Irkinin Mensei Hakkinda Bir Etut, **Ikinci Turk Tarih Kongresi**, s. 845-851*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وا هــەبووە کەلــە هــەر چــوارلای جیــهانی کۆنــدا تەنــها سمکۆڵانــی ســـوارە جـەنگاوەرەکانی تـورك دەنگی داوەتـەوە، لەکەنارەکانی هوانگ-هـو، ڕووبـاری سندو گـانژ، فورات و تونا و قزل ئیرمـاق و سـاکاریادا، لـەدلتای نیلـدا، تەنـها دەنگی فەرمانڕەوای تورك بیستراوە، لەهەموو ئەم وولاَتانەدا ناو بەناو و لێرەو لەوێ پەیکەرو شوێنەوارە مەزنەکانی کولتووری تورکی دامەزرێنراون.

بـەلاَم تـا دوێنــێ ئـەم گرنگیـیـەی مێژووەکـەمان لای خۆمـان نـەزانرا بـوو. ڕابوردوومـان پشـتگوێ دەخـرا، تەمـەنێکی شـەش سـەد سـاڵی بـە مێژوومـان دەدرا، یاخود کەمێك زیـاتر، تادەگاتـە سـەلجوقیەکان بەکافی دەزانـرا. ڕیشـەی سـەرەکی و مێـژووی بـەر فـراوان و پڕشـکۆو سـەرکەوتنمان نـەدەزانراو قبـوڵ نەدەکرا.

ئەمـە لـە کاتێکدایـە کە مێژووی تـورك بوون و تەمەنێکە لـە ڕابوردووی بـێ سـەرەتا وە بـەرەو داهـاتووی بـێ کۆتـایی دەڕوات، هـەندێك جـار بـەگوڕو بەخوڕوهەندێك جاریش سست و لەسەرخۆ، بەلاَم بەردەوام و بێ وەستان بەرەو پێش دەچێت. مێژووی عوسمانی و مێـژووی سـەلجوقی، تەنـها لاپـەڕە نـین، بـەڵکو هەریەکـەیان ئەڵقەیـەکی زنجـیرەی ئـەم بـوون و تەمەنـەن، لاپـەڕەی شکۆمەندو مایەی شانازی، بەلاَم دیاریکراوی مێژووی مەزن و پڕ لەسەروەری تورکن.

مێژووەکـــەمان کـــە گـــەورەیی ڕەگەزەکـــەمان ڕوونـــاك دەکاتـــەوە، ئەگـــەر بەشێوەیەکی یەکپارچە وەرنەگیرێت، بێ کۆتـایی بوونـی سـەرچاوەی ووزەی نەتەوەییمان دەرکیی پێ ناکرێت و خودێتی ڕاستەقینەمان نادۆزرێتـەوە. ئـەو حاڵەی کە تا دوێنێش وابووە.

(ئاتا)ی مـەزن، کـە بـە بلیمـەتیی دەرەوشـاوەی خـۆی ئاسـۆی ڕوانینمـانی فراوان کردو هـەورە ڕەشـەکانی ڕەواندەوە، وەکو هـەموو کەموکوڕیـەکانی تـر، هەسـتی بەمەشـیان کـرد. لەگـەڵ دروسـتکردنی دەزگـای مێـژووی تورکـدا، بەرنامەیەکی بەرفراوانی داڕشت. سەرچاوەی ئەو جۆش و خرۆش و ووزەیـەی ئاشکرا کرد کە ڕۆڵەکانی تورك هەمیشە پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی وەکو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میللەتێکی سەربەخۆو باڵا بژین، واتە ئەو مێژووە بەرفراوان و بێ پایانەی لە پشت ئاسۆوە شارابۆوە.

بەبەکارهێنانی میتۆدی زانستی، بەلأم بەخۆ قوتارکردن لە دەسەلأتی فکری بێگانە کە ئابلۆقەی زیرەکی دەدات و بەلەناوبردنی پێش داوەریە بیانیەکان کە مێشك خاودەکەنەوە، هێنانە کایەی ئەم سەرچاوە بەخورِو دەولەمەندەی کردە ئامانجێکی پیرۆز بۆ رۆلەکانی تورك.

ڕێگەکەمان سەخت و ناهەموار بوو. هەندێك نووسەر لەژێر کارتێکردنی پێش داوەریی کەڵەکەبووی چەندین سەدەدا، بوونەتە دوژمنی سەرسەختی تورك و کەیفیان بەوە دێت لاپەڕە پڕ لەشەرەف و شکۆمەندیەکانی مێژووی تورك ڕەش بکەنەوە، بەو قوڕاوەی بڵاوی دەکەنەوە ڕێگای بەردەممان دادەپۆشن و ئەو چاڵانەی بۆیان هەڵکەندووین وەکو ڕێگری لەلابردن نەهاتوو دەردەکەون.

ئەمانە لە لانکە (نیشتمان)و ڕەگەزی تورکەوە دەستیان پێکردووەو بەو شێواندنانەی بەدەستی ئەنقەست کردوویانە، سیمایەکی تەواو جیاوازیان بە مێژووی میللیمان بەخشیوە، شەرەف و شانازیو سەرکەوتنەکانی تورکیان کردووە بەموڵکی خەڵکی ترو بەهیچ جۆرێك نەیانویستووە دان بەشوناسی نەتەوەیی ڕاستەقینەی میللەتێکی خاوەن کەللەسەری براکیسەفال و زمانی پاشگرلکاو (التصاقی)* ی وەکو؟ میللەتی تورکدا بنێن، کە دوو–سێ هەزار ساڵ پێش زایین لەوپەڕی (دەریای قەزوین) ەوە هاتووەو یەکەمین مەشخەڵی شارستانێتی مرۆڤایەتیی لە خۆرهەلأتی نزیکدا هەڵگیرساندووە.

ئەمڕۆ ئێمە ڕووبەڕووی ئەرکی بێ‌شومار دەبینەوە، وەکو: ڕاستکردنەوەی شێواندنەکانیان بە پشتیوانی بەڵگەنامەکان، ڕزگارکردنی شەرەف و مافە زەوتکراوەکان، شوناسی ڕاستەقینەی ئەو قەومانەی ویستراوە تورك بوونیان لەبیربکرێ و نکوڵی لێبکرێ بەپێی بناغە زانستیەکان دەربخەین، پووچەڵکردنەوەی ئەو قسە دروستکراوو هەڵبەستراوانەی میراتی چەندین

---

* *زمانی پاشگرلکاو: ئەو زمانەی لە داتاشینی وشەدا بەزیادکردنی پاشگر، ڕەگی وشەکە ناگۆڕێ و وەکو خۆی دەمێنێتەوە. وەکو زمانی تورکی و مەجاری*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەدەن، ڕاسـتکردنەوەی ناحەقیـەکان. پێشـەوای نەتـەوەییمان(مەبەسـت عیسـمەت ئینۆنۆیـە)، بەهـەمان خۆشەویسـتی و گرنگـی پێدانـی (ئاتـا)مـان، دەزگاکەمان دەپارێزێت. بەڕێنماییە بەپیت و بەرهەمەکانی ڕێگامان بۆ ڕووناك دەکاتەوە، شەوق و جەسارەتمان بەهێز دەکات."[١٤٩]

هـەرچی ئـەو ووتارەشـە کـە لەلایـەن حەسـەن عـەلی یوجـەل-ی وەزیـری مەعاریف و سەرۆکی کۆنگرەوە خوێنراوەتەوە، بەم شێوەیە:

" پـاش مردنـی ئاتـاتورك، ئێمـە بـەو هەسـتەوە لـەدەوری پێشـەوای نەتـەوەییمان ئینۆنـۆ کۆبووینـەوە، کـە سـەمبولێکی بـەمرۆڤ بـووی ئایدیـالی نەتەوەییمانە. هەڵەیە ئەگەر یەکێتی نەتـەوەیی تەنها لـە هەستەکانی ئەمڕۆدا ببینین کـاتێك کـە گوتـرا شارسـتانێتی سـۆمەر شارسـتانێتی‌یەکی تۆرانـی بووە، ئەگەر بڕوا بەو زانایانە ناهێنین کە لەو ڕاستیە یاخی دەبن، مانای ئەم بڕوانەهێنانە تەنها ئەو مانایە دەبەخشێ کە بڕوا بەوشتە ناهێنین کە حەقیقەت نیە."[١٥٠]

لەم کۆنگرەیەشدا قسەکانی پێشـەوای مـەزن غـازی مستەفا کـەمال و پێشـەوای نەتـەوەیی عیسـمەت ئینۆنۆ، وەکـو خـودی ڕاسـتی و ((حەقیقـەت)) مامەڵـەیان لەگەڵ کراوە. لەو ووتارانەشدا کـە لـەکۆنگرەی چوارەمـی مێـژووی تـورك[١٥١] و کۆنگرەکانی دواتردا خوێنراونەتەوە، دەتوانین دووبـارە بوونـەوەی هـەمان ئـەو دیدو بۆ چوونانە ببینین.

---

*[١٤٩] <u>کۆنگرەی سێیەمی مێژووی تورك</u>، ١٥-٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣، ئەنقەرە ١٩٤٣، TTK، ل ٢-٤. لێرەدا پرۆفیسـۆر شەمسـەدین گوونالتـای سـەرۆکی دەزگـای زمـانی تورکـی و نوێنـەری سـیواس، باسـی تێکۆشـان لـە پێنـاوی ((شـەرەف و مافـە زەوتکراوەکان)) دا دەکات. دەبێ خوێنـەر سـەرنجی ئـەوە بدات کـە هەرلـەم کاتـەدا، هـەوڵ و تەقەللایـەکی نائاسـایی دەدرێـت بـۆ زەوتکردنـی مافـە نەتـەوەیی و دیموکراتیەکانی کورد.*

*[١٥٠] a.g.e. , s. 8-9*

*[١٥١] Dorduncu Turk Tarih Kongresi , 10-14 Kasim 1948 , TTK, Ankara 1952 , s. 1-18.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بــــــــــەشـــــــــی دووەم
# لێکۆڵینەوە زمانەوانی‌یەکان
# (تیۆری زمانی خۆر)

## I-(( تورك بوونی ئاری‌یەکان ))

لەوکاتەدا کەهەوڵی دارشتن و پەرەپێدانی "تیزی مێژووی تورك" دەدرا، دیدو بۆچوونەکانی تایبەت بە زمانی تورکیش دادەرێژران و پەرەیان پێدەدرا. بۆ نموونە هەوڵدەدرا بسەلمێنرێ ریشەی زمانە ئاری‌یەکان کە پێشیان دەگوترێ هیندۆ ئەوروپی، تورکی‌یەو هیچ زمانێکی ئاری نیە لە دەرەوەی زمانی تورکی. خاتوو ئافەت ئینان لە ووتەکەی خۆیدا لەکۆنگرەی یەکەمی مێژووی تورکدا، ئاوا دەڵێت:

" بەپێی ئەو فەرهەنگی زمانە جۆراوجۆرانەی بەردەستم کەوتوون، ووشەی (ئاری) کە ئەوروپاییەکان زۆریان بە دڵە، ووشەیەکی تورکی‌یە.

لەپاڵ ئەم زانیاریە(قاموسی) یەدا، دەمەوێ تێبینی‌یەکی بچووکی (گۆبینۆ) بهێنمەوە لە کتێبی (تاقیکردنەوەیەك لەسەر نایەکسانی لەنێوان رەگەزەکاندا) ساڵی ١٨٥٣. تێبینی‌یەکە دەقاودەق ئەمەیە:

ئێرانیەکان یەکەمین ووڵاتی لە دایك بوونی خۆیان بە ناوچەیەك دەزانی لە دەوروبەری سەرچاوەکانی رووباری سەیحون و جەیحون لە باکووری خۆرهەڵات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم وولاتەدا، کە خۆرهەلاتیەکان پیٖیان گوتووە تۆران‌و تائیستا بەهەلە وا زانراوە تەنها نیشتەجیٖی میللەتانی رەگەزی زەرد بووە، لە سەردەمە میژوویەکاندا گەلیك میللەتی ئاری لیٖ بووە:

وشەی ئار، لەهەموو شوینیك دوای لقە جۆربەجۆرەکانی ئەو رەگەزە کەوت کە (لە ئاسیای ناوەراستەوە دەرچوون)و، هەمیشە بیرو هۆشی داگیر کردن.

یۆنانیەکان زۆر بەباشی ئەم ووشەیەیان پاراست‌و لە جیٖی خۆیدا بەکاریان هینا، واتە بەمانای: پیاوی شایانی ریز، خاوەندی جەنگ، قارەمان، پالەوان. ووشەی ئار-*Ar*،ئیر-*ir* یاخود ئەر-*er*، لەووشەی ئەلمانی‌و لاتینی‌یەکانیشدا دەبینین.

پەیوەندی ووشەی ئاری لەگەل (ئەر-*er*)* دا دیارو لەبەرچاوە. خویندنەوەی ئەم ووشەیەش بەشیوەی ئار-*ar* یاخود ئیر-*ir* هیچ لە مەسەلەکە ناگۆریت. ووشەی (ئەر)یش وەکو(ئاری) لە قاموسی هیچ یەکیك لەو زمانانەدا نیە کە قەومەکانی ئەمرۆ بەکاریان دینن. ئەم ووشەیە تەنها لە زمانی تورکیدا هەیە.

قەناعەتم وایە دەتوانین لە بونیادی ئەو زمانانەدا کە پیٖیان دەلین ئاری، پتر بۆ ریشەکانی زمانی تورکی بگەریین، وەك لەو چەند ووشە کەمە فارسی‌و هندی‌یە. ئەو لەمەوە دەست دەکەویت، بەهەموو باریك مایەی سەرسورمان دەبیت. روونکردنەوەی ئەم مەسەلە گەورەیە، تەنها لەمامۆستا پایە بەرزەکانی تورك چاوەریٖ دەکریت."[١]

ووتەکەی خاتوو ئافەت، سەرە دەزوویەکی گرنگە سەبارەت بەو تویژینەوەو لیکۆلینەوانەی لەو سەردەمەدا لەسەر بابەتی زمانی تورکی ئەنجامدەدران یاخود بریار بوو ئەنجام بدرین. بیگومان دەبوو ئەو تویژینەوە زمانەوانیانە لەگەل دیدو بۆچوونەکانی میژووی تورکدا بگونجین،کە لافی ئەوە

* *ووشەی(er-ئەر) لەزمانی تورکیدا بەم مانایانە بەکاردیت: سەرباز،قارەمان، پالەوان، نیر، پیاو، زوو هتد.*

[1] ***Afet Hanim, Tarihten Evvel ve Tarihin Fecrinde, Birinci Turk Tarih Kongresi, s. 39-40***



کتیٖبخانەی دیجیتالیٖ
www.rabari.org

لیدەدات هەموو شارستانیتی‌یە دیرینەکانی جیهان لەلایەن تورکەکانەوە دامەزراون‌و هەموویان بەتورك دادەنیت. دەبوو بلین ریشەی هەموو زمانەکانی جیهان تورکی بووەو هەموویان لەزمانی تورکی کەوتوونەتەوە. لەبەرئەوە لە جیّی خۆیدا دەبیّ ئەگەر لەم ووتارە وەکو رینمایەك تیّ بگەین.

خاتوو ئافەت دەلیت دەبی لەو زمانانەدا کە پی‌یان دەگوترێ ئاری، بۆ رەگی زمانی تورکی بگەریین‌و دەلیت ئەمە کاریکی شیاوە. رایشی دەگەیەنێ کەئەو حەقیقەتەی لەمەوە دەردەچیت دەبیتە "مایەی سەرسورمان". ئیتر لەدوای ئەم ووتارەوە، گەرانی "مامۆستا پایە بەرزەکانی تورك بەدوای ریشەکانی زمانی تورکی لەناو زمانە هیندو ئەوروپاییەکاندا" چرو بەرفراوان دەبیت.

لە کۆنگرەی یەکەمی میژووی تورکدا ، ووتەی لەم جۆرە لەلایەن ووتاربیژی تریشەوە پیشکەشکراوە. ووتارەکانی سامیح رەفعەت بەگ لەم روانگەیەوە جیگەی سەرنجن. سامیح رەفعەت بەگ دوو کۆنفرانسی سەرەکی لەکۆنگرەکەدا پیشکەش کردووە. لە کۆنفرانسی یەکەمدا پەیوەندییەکانی زمانی تورکی‌و زمانەکانی تری کردۆتە بابەتی باسەکەی.[2] سامیح رەفعەت بەگ لەم ووتارەیدا بەدوای رەگەکانی زمانی تورکیدا گەراوە، لەو زمانانەدا کە لە ئاسیاو ئەفەریقاو ئەوروپاو ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەم کیشوەرانەدا بەکار دەهینرین. هەولی داوە پەیوەندی دروست بکات لە نیوان زمانی تورکی و ئەو زمانانەدا کە لە میسۆپۆتامیا،میسر،باکووری ئەفەریقا، نیمچە دورگەی ئیبەریك، ئەوروپای ناوەراست‌و خۆرهەلاتی ناوەراستدا قسەیان پی دەکریت. پاش راگەیاندنی ئەوەش کە میدی‌و ئیرانیەکانیش بنەچەیان تورك بووە، دەلیت زمانە ئاریەکان ریشەیان تورکی بووە.[3]

سامیح رەفعەت بەگ ووتاری دووەمی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەو رەخنە حەوت لاپەرەییەی ئاڤرام گالانتی بەگ لەسەر کتیبی <u>هیلە گشتیەکانی</u>

---

[2] *Samih Rifat Bey, Turkce ve Diger Lisanlar Arasindaki Irtibatlar, <u>Birinci Turk Tarih Kongresi</u>, s. 52-78*

[3] *Samih Rifat Bey, a.g.e. , s. 70-78*

*uzerine yaplan tartismalar hakkinda bk. a.g.e. , s.79-93*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میـژووی تـورك نووسـیویتی، یـاخود راسـتتر ئـەو راپۆرتـەی بیروبۆچوونـــەکانی لەسەر کتیبەکە لـەخۆی دەگریـت.[٤] وەکو پیشتریش گوتمان، ئاڤرام گالانتی بەگ راپۆرتیکی پیشکەش کردووە کە بە شیوەیەکی گشتی رەخنـە لـە تیزی میـژووی تـورك دەگریـت. سـامیح رەفعـەت بـەگ کۆنفرانســیکی لەســەر ئــەم خویندنــەوە حــەوت لاپەرەییــە پیشکەشــکردووە، کــە ٣٠ لاپــەرە دەگریتـــەوە. خویندنەوەکانی ئاڤرام گالانتی بەگی کردۆتـەوەو هـەولی داوە راسـتی تـیزی میژووی تورك بسەلمینیت.

"   ..باسی میژووی میسرو سۆمەر دەکەین. وادەردەکەوی ئاڤرام گالانتی بەگ کەمامۆستای میژووی قەومەکانی خۆرهەلاتەو رەخنـە لـەم بەشـەی میـژوو دەگریـت، پـی‌ی وابیـت ئـەو قەومانـەی کەشارسـتانیتی میسـریان بنیـات نـاوە بەشیوەیەکی رەهـا سـامی بوون. ئـەم قەناعەتـە لـەکۆنترین نەریتـە باوەکانـەوە گەیشـتووە بـەو. بـەپی‌ی ئـەو نەریتانـە، ووشـەگەلی بـابل، کـەلدە، ئەکـەد وەکـو لـە(عـەهدی عـەتیق–تـەورات)دا هـاتووە، سـامی بـوون دەنوینـــن. هەریـــەکیك لەنووسـەرانی خۆرئـاوا باسـی ئـەو پەیوەندیـە زمـانی و شارسـتانیانە بکـات کـە میسـرو بـابل پیکـەوە دەبەســتنەوە، یەکسـەر مامۆسـتا بەریزەکـەمان پەنجـەی دریـژ دەکـا و وپیمـان دەلـی ئـەو قسـەیەی کـەدەلیت ئەوانـەی چـوون بـۆ میسـر کولتووری تورکی‌یان هەلگرتبوو، لەگەل فکری ئەم نووسەرەدا ریك ناکەویت. بـەلام برۆن سـەیری هـەموو ئـەو کتیبانـە بکـەن کـە لـە نیـو ســەدە لەمەوبـەرەوە نووسـراون. تەنها سـەیری پیرسـتی ناوەرۆکـەکانیان بکـەن. نیشـانەکانی ئـەم بابەتـە گرنگـەیان تیـدا دەدۆزنـەوە. ئـەو نووســەرانە تۆماریـــان کــردووەو سەلماندوویانە کە ئەو خۆرهەلاتی‌یانەی لە(عـەهدی عـەتیق)دا باسـی هاتنیـان بۆ (سەننار) کراوە، راستەو راست تورك بوون، یاخود ئەوان گوتەنی لەخیزانی تۆران بوون"[٥].

ئاڤرام گالانتی بەگ بـەم شـیوەیە بنەچـەی ووشـەی ئـاری، ئاریـان، لیـك دەداتەوە:

---

[٤] *Avram Galanti Bey, a.g.e. , s. 445-451*

[٥] *Samih Rifat Bey. a.g.e.s. 453.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"  .چوارده سەدە بەرلە  زایین، لە وولاتی میتاندا، خواوەندی بە بنەچە ئیرانیش لەگەل خواوەندە ناوچەییەکاندا دەپەرستران. بیگومان خیزانی فەرمانرەوای ئەم وولاتە ئاری بوون. لە میتاندا ئارییەکان بە(هارری) ناو دەبران، واتە بە دوو (ر). لە نووسینەکانی دارادا لە (سوسا)، ئاری بە(هارریە)، واتە بەدوو (ر) نووسراوە".

*(Cilt2. 456. Not 455. Meyer)*

"سەرەنجام هاریە بووە بە ئاریە. ئاریەن شیوە فەرهەنگییەکەی ئەم ووشەیەیە. ئاری، مانای (گەورە–سەروەر) و(نەجیب) دەگەیەنی.

ئەگەر ووشەیەك هەبیت کە لە رووی دەنگو ماناوە لە هاریە بچیت، ووشەی (هیر)ی ئەلمانییە کە مانای (سەروەر–گەورە) و(نەجیب) دەگەیەنی."[٦]

وەلامی سامیح رەفعەت بەگ بۆ ئەم  لایەنەی لیکدانەوەکەی ئاڤرام گالانتی بەگ، ئەمەیە:

"  .پیشتر لەناوەراستەکانی ووتارەکەماندا باسی (هارری)یەکانمان کردووە. لەو لیکۆلینەوەیەدا کە(هرۆزنی) و(فۆررەر) پیکەوە لەسەر  ئەم قەومە کردوویانە، بەپیی پیویست سەلماندوویانە تورك بوونو بەزمانیك قسەیان کردووە کەزۆر لەتورکییەوە نزیك بووە. ئەوەی کە(مایەر) مانای ئەمرۆی (هاریە) دەخاتە ریزی ئارییەکانەوە، لەسەر بناغەی لیکۆلینەوەیەکی جدی بنیات نەنراوە    وەکو چەندین جار لەم کۆنگرەیەدا دووبارە کرایەوە، لەزمانی تورکی کۆندا کەپیتی (قوولایی قورگ)ی تیدا نیە*، تا لە خۆرئاوا نزیك بینەوە، ئەو ووشانەی بەپیتی دەنگدار دەست پیدەکەن، پیشگری (ها) یاخود (هە)یان دەچیتە سەر. ئەمە ئەنجامی کارتیکردنیکی ناوچەییو فیزیۆلۆجییە. ئەو دەنگە تورکییانەی لەسەر شیوەی (ئە)و (ئەی)ن، لە دیالیکتی خۆرئاوادا بوون بە(هەی). تورکەکانی خۆرئاوا بە ووشەی (ئەلبەت)ی عەرەبی دەلین (هەلبەت). لەبەرئەوەی ئەم گۆرانەی لە دیالیکتە جیاجیاو زمانە جیا  جیاکاندا بەسەر برگەی دەنگداری سەرەتای ووشەکاندا دیت بەپیی ریسایەکی

---

[٦] *Avram Galanti Bey. a.g.e,s. 451.*

* *مەبەست لەو پیتانەیە کە لە کاتی ئاخاوتندا لە قوولایی قورگەوە دینە دەری. وەکو ع،ق،ح.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ریك‌وپیكه، راست نیه ووشه‌ی(ئاری) له (هارری) جیا بكه‌ینه‌وه. ئه‌و قسه‌یه‌ی ئاڤرام گالانتی به‌گ كه ده‌لیت ئاریا وشه‌یه‌كه زمانه فه‌ره‌نگی‌یه‌كان دروستیان كردووه، لیكدانه‌وه‌یه‌كی كه‌موكورته. ووشه‌ی ئاریا و ئاریانا، ٦ سه‌ده پیش زایین هاتوونه‌ته ئاسیاو ئه‌وروپاوه. ره‌چه‌له‌كی هه‌موو ووشه‌كانی ئاریا و ئاری ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر (ئه‌ر– *er*)ی توركی. چونكه هیچ یه‌كیك له‌و زمانانه‌ی ئه‌م ووشه‌یه‌یان تیدایه، ئه‌سلیكی هاوبه‌شی وه‌كو (ئه‌رره *erre*)ی تیدانیه كه مانای (ئه‌ر: پیاو، نیر، سه‌رباز، قاره‌مان )،(ئه‌ركه‌ك *erkek*: پیاو، نیر) یاخود (جنین–نطفه) ده‌گه‌یه‌نیت. له‌هه‌موو زمانه ئاری‌یه‌كاندا، ئه‌و ووشانه‌ی خزمایه‌تیان له‌گه‌ل ووشه‌ی ئاری‌و ئاریا دا هه‌یه، له‌شیوه‌ی ناوی تاكه بی گیانیكدا(اسم جامد) ماون. ئه‌گه‌ر ئاڤرام گالانتی به‌گ كاری زمانه‌وانی به‌جی بیلی بۆ پسپۆران، زۆر باشتر ده‌بیت."

پاش هه‌ولدان بۆ دۆزینه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیه‌كی له‌وجۆره له‌نیوان ووشه‌ی(ئاری)و ووشه‌ی (ئه‌ر) دا، ئیتر به باشی روون ده‌بیته‌وه كه لیكۆلینه‌وه‌و تویژینه‌وه‌كان به‌چ ئاراسته‌یه‌ك په‌ره ده‌سینن‌و به‌چ ئاراسته‌یه‌ك په‌ره‌یان پیده‌دریت. تیۆری زمانی خۆر له‌ئه‌نجامی تیگه‌یشتنیكی له‌و جۆره‌دا هینراوه‌ته ئاراوه.

## *II*. ئه‌نجومه‌نی لیكۆلینه‌وه‌ی زمانی توركی و ئه‌ندامه نوینه‌ره‌كانی ( په‌رله‌مانتاره‌كان )

هاوته‌ریب له‌گه‌ل ئه‌نجومه‌نی لیكۆلینه‌وه‌ی میژوویی تورك–دا، له ١٢ی ته‌مووزی ١٩٣٢دا، ئه‌نجومه‌نی لیكۆلینه‌وه‌ی زمانی توركی–ش دامه‌زراوه. ئامانجی ئه‌نجومه‌نی لیكۆلینه‌وه‌ی زمانی توركی، لیكۆلینه‌وه كردنه له‌سه‌ر بونیادی زمانی توركی، په‌یوه‌ندی‌ی له‌گه‌ل زمانه‌كانی تردا‌و، په‌ره‌سه‌ندنی زمانی توركی له میژوودا. ئه‌نجومه‌نی لیكۆلینه‌وه‌ی زمانی توركی، دواتر ناوی بووه به "ده‌زگای لیكۆلینه‌وه‌ی زمانی توركی"و دواتریش "ده‌زگای زمانی توركی"[٨]

---

[٨] *Vecihe Hatiboglu, Olumsuz Ataturk Ve Dil Devrimi, 108. TDK Ankara 1973,s. 30-32; Agah Sirri Levend, Turk Dilinde Gelisme Sadelesme*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامانی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی زمانی تورکی–ش وەکو ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژوویی تورك، بریتی بوون لە نوینەرانی پەرلەمان(پەرلەمانتاران). کە ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی زمانیتورکی(ئەل زت) لە ١٢ی تەموزی ١٩٣٢دا دامەزرینرا، سامیح رەفعەتی نوینەری شاری چەنەقەلعە، کرا بە سەرۆکی. نووسەرە گشتیەکەی رەوشەن ئەشرەف(ئوونایدن)ی نوینەری(کوتاهیە) بوو. ئەندامەکانی بریتی بوون لە جەلال ساحیر(ئەرۆزان)و یەعقوب قەدری (قەرە عوسمان ئۆغلو) کە نوینەری زۆنگولداغو مانیسیا بوون. کەسانی وەك: سامیح رەفعەت، رەوشەن ئەشرەف (ئوونایدن)، جەلال ساحیر (ئەرۆزان)، یەعقوب قەدری (قەرە عوسمان ئۆغلو)، بەسیم ئا تا لای، ئەحمەد جەواد(ئەمرە)، حەسەن عەلی(یووجەل)، ئیبراهیم نەجمی (دیلمەن)، سەفوەت ئاریکان، عەلی جانب (یۆنتەم)، حەسەن رەشید(تانکوت)، نایم نازم(ئۆنات)، رەفعەت ئوولگەن، و عیزەت عولوی(ئایکوت) کە لە ماوەی جیاجیادا لە ئەنجومەنی ناوەندی (ئەل زت)دا کاریان کردووە، لەهەمان کاتدا ئەندامی پەرلەمان بوون. بۆ نموونە هەر یانزە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی کەلە کۆنگرەی دووەمی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی زمانی تورکیدا پیکهینرا، ئەندامی پەرلەمانیش بوون. بەم شیوەیە، کاریگەری کۆمەلەی گەلی کۆماری(*CHF*)و سەرۆکە گشتیەکەی لەسەر دەزگاکە مسۆگەر دەکرا. وەکو زانراوە لەو سەردەمەدا و بەپیّی پەیرەوو پرۆگرامی (*CHF*)، نوینەران لە لایەن خودی سەرۆکی گشتی(*CHF*)وە دادەنران. لەبەرئەوەی لەبەشی تایبەت بە تیزی میژووی تورکدا ئەم پەیوەندیانەمان باسکرد، لیرەدا بەپیویستی نازانین دووبارەی بکەینەوە.

---

***<u>Evreleri,</u> TDK, 3. bs., Ankara 1972, s. 408-409; Rusen Esreg , Turk Dili Tetkik Cemiyeti Nasil Kuruldu?, Ulku, Sayi 8, Eylul 1933, s. 81-97***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### *III*.فاکتی سێیەم: تیۆری زمانی خۆر

تیۆری زمانی خۆر لە کۆنگرەی سێیەمی زمانی تورکیدا هێنراوەتە پێشێ. هەرچی ووتارو کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی زمانی تورکیشە، لەسەر ئاستیکی فراوان سیفەتی زەمینە سازکردن بۆ تیۆری زمانی خۆریان هەلگرتووە.

#### ١-کۆنگرەی یەکەمی زمانی تورکی

کۆنگرەی یەکەمی زمانی تورکی، لە نیوان ٢٦ی ئەیلول-٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢دا لە ئەستەموول بەستراوە. بەرنامەی کاری کۆنگرەکە، کە نووسەری گشتی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی زمانی تورکی ئامادەی کردووە، "بیجگە لە وینە گرتنیکی چۆنیەتی بیرکردنەوەی مستەفا کەمال،هیچی تر نیە".[٩] لەم بارەیەوە، پرۆفیسۆر د. وەجیهە خەتیب ئۆغلو ئاوا دەلیت:

" ئا تا تورك لەو کۆبوونەوە تایبەتانەدا کە پیش کۆنگرەو ئیوارەی رۆژانی کۆنگرە ئەنجامدەدران، ئەنجامی لیکۆلینەوەو بیروراکانی خۆی لەسەر بابەتە گرنگەکان، بۆ ئەو کەسانە روون دەکردەوە کە بروای پییان بوو و متمانەی پێ دەکردن، هەولی دەدا بەو بەلگەو سەرچاوانەی لەبەردەستیدا بوون، قەناعەت بەوانیش بینێ و رۆشنیان کاتەوە. ئەوانیش لە کۆنگرەکاندا، لە حوزووری خۆیدا، بە ئیمانیکی بەهیزەوە لە بەرامبەر هەموو تەوژمیکی پیچەوانەدا، داکۆکییان لەو بیرورایانە دەکردو بووبوون بە قسەکەری ئاتاتورك. لەکۆنگرەی یەکەمی تورکیدا، ماندووترین قسەکەری ئاتا تورك، (سامیح رەفعەت)ی سەرۆکی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورك بوو. هەریەکە لە ئیسماعیل موشتاق ماکۆیان، ئیبراهیم نەجمی دیلمەن، رەوشەن ئەشرەف ئۆونایدن و فالح رفقی ئاتای، لەقسەکەرەکانی ئاتا تورك بوون.

---

[٩] ***Birinci Turk Dil Kurultayi Muzakere Zabitlari,* Maarif Vekaleti, Devlet Matbaasi, Istanbul 1932, s. 471**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــە هــــەموو ووتارەكــــانی ئـــەو رۆژەی ســــامیح رەفعەتــــەوە، دەتوانــــین دیدوبۆچوونە سەرەكیەكانی ئاتاتورك سەبارەت بەزمانەكانی جیهانو زمانی توركی بزانین. لە راستیدا لە كۆنگرەی یەكەمی زمانی توركیدا، ئاتاتورك لە ریگــەی قســـەكەرەكانیەوە هـــەموو بنـــەماكانی زمانـــەوانیی روونكردۆتـــەوە. بابەتـەكانی كۆنگـرەی یەكـەمی زمـانی توركـی و روونكردنـــەوەی بنـــەماكانی زمانەوانی لە لایەن ئاتاتوركەوە، لەو رووەوە گرنگییان هەیە كە بەپێی دوا لیكۆلینەوەكان سەرەتای بیروراكانی ئاتاتورك لەسەر زمانەوانی دەگەریتەوە بۆ جەنگی یەكەمی جیهان."[١٠]

رەوشـەن ئەشـرەف ئوونـایدن–یش لە كتیبـی بیرەوەریـەكانی ئاتـا تـوركو دەزگاكانی زمانومیژوودا، دیدو بۆچوونی لەو بابەتە باس دەكات. رەوشـەن ئەشـرەف ئوونـایدن بەكورتی ئاوا دەلیـت: لـە سـالانی سـیدا ووشـەی وەكـو سۆمەر، ئەكەد، بابل، میتـان،حیتـی،Sippililuyuma*،باسك، برۆتـەنو كەلت لـە زمانی ئاتاتورك نەدەكەوتنە خوارەوە. دەیویست لەناو شوینو كاتدا بەدوای توركـدا بگـەریو بیدۆزیتـەوە، پایـە بـەرزیو رەسـەنایەتی و خودیتـی تـورك بســـەلمینێ. تـیزی میـژووی تـوركو تیـــۆری زمـــانی خـــۆر بەرهـــەمی ئـــەم بیروبۆچوونەن. ئاتاتورك لەسـەر هـەر یـەكیك لـەم بابەتانـە ئـەركی تایبـەتی بـەو كەسانە دەسپارد كە دەگەیشـتنە سـەر خـوانو سـفرەكەی. ئـەم ئەركانـە كـە پەیوەندیان بەزمانی توركو میژووی توركەوە هەبوو، لەسـەر خوانی ئاتـاتورك بەجدی گفتوگۆیان لەسەر دەكرا.

رەوشەن ئەشرەف ئوونایدن، هەندیك لەو كەسانەی لەسەر خوانی ئاتاتورك كۆدەبوونەوە، بەم شیوەیە ریز دەكات. وەسفی چنـار، رەشید غالب، یوسف زیـا(ئۆزەر)، ئەحمەد ئاغا ئۆغلو، یوسف ئاكچۆرا، حیكمەت بـایور، حەسـەن

[١٠] *Vecihe Hatiboglu, a.g.e. , s. 34-35*

* *لـە گـەلیك سـەرچاوەو لای گـەلیك دۆسـتی شـارەزای میـژووی كـۆن، سـۆراخـی ئـەم ناوەم كرد، بەلام داخەكەم هیچ زانیاریەكم دەست نەكەوت. بۆیە تەنـها وەكـو خـۆی نووسیومەتەوە.*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەمیل (چامبەل)، ئافەت ئینان، توفیق ئاك بییك، رەوشەن ئەشرەف(ئوونایدن)، یونس نادی.[11]

پرۆفیسۆر خەتیب ئۆغلو ئاشكرای دەكات كە ئەوانەی لە كۆنگرەی یەكەمی زمانی توركیدا قسەیان كردووە، قسەكەری مستەفا كەمال بوون‌و بیروراكانی ئەویان راگەیاندووە. لەووتارەكانیشدا رادەگەیەنرێ كە زمانی سۆمەری‌و حیتی‌یەكان توركی بووە، زمانی توركی تەنها سەرچاوەی زمانە ئۆرال-ئالتاییەكان نەبووە، بەلكو سەرچاوەی زمانە هیندو ئەورووپی‌و سامیەكانیش بووە، كۆنترین‌و بالاترین زمان، زمانی توركی‌یە. لەو ووتارانەدا دەستەواژەی وەك "سۆمەریەكان كە باوكی توركن"و"حیتی‌یەكانی باپیرمان" بۆ سۆمەری‌و حیتی‌یەكان بەكاردەهینرین. بەئاری‌یەكانیش دەگوتری "تورك كە باوكی ئاری‌یەكانە".

رەوشەن ئەشرەف ئوونایدن لەو بیرەوەری‌یانەیدا كە باسمان كرد، كە دەلیت ووشەگەلی وەك سومەر حیتی، بابل، باسك‌و كەلت لە زمانی ئاتاتورك نەدەكەوتنە خوارێ، دەیەوێ باسی ئەو بیروڕایانەی سەرەوە بكات.

<u>ئەو ووتارە سەرەكیانەی لە كۆنگرەی یەكەمی زمانی توركیدا خوینراونەتەوە، ئەمانەن:</u>

**سامیح رەفعەت بەگ:**
**بەراوردكردنی توركی لەگەڵ زمانە ئاری‌و سامیەكاندا** ٢١-٦٥

**د.سایم بەگ:**
**زمانی توركی زمانیكی هیندو ئەوروپیە** ٧١-٨١

**ئەحمەد جەواد بەگ:**

---

[11] *Rusen Esref Unaydin, <u>Ataturk, Dil Ve Tarih Kurumlari, Hatiralar</u>, TDK, Ankara, S. 51-60, 61-65.*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەراوردکردنی زمانی سۆمەر لەگەڵ زمانی
خۆماندا، لە روانگەی فۆنەتیك،
مۆرفۆلۆجی، فەرهەنگ‌و ریزمانەوە ٨١-٩٤

ئاگۆپ مارتایان ئەفەندی:
چەند بەراوردیك لە نیوان زمانەکانی
تورکی، سۆمەری، هیندو ئەوروپیدا ٩٤-١٠٥

محەمەد سەفوەت بەگ:
کۆنیی زمانی تورکی، پەیوەندی
تورکی لەگەڵ زمانە ئاری‌یەکاندا ١١٠-١٢٤

حەقی نەزیهی بەگ:
پەیوەندی‌و نزیکایەتی زمانی تورکی
لەگەڵ زمانکانی تردا، تاییە تمەندی
مەعنەوی تورکی، زمانی هیندو ئەوروپی ١٢٩-١٤٩

رایف پاشازادە فوئاد بەگ:
جیابوونەوەی زمانەکان، دەولەمەندیی
زمانەکەمان، زاراوەو گرنگی زمانی خەلك،
پاشگر، یەکیتی لە نیوان تورکی‌و زمانە
هیندو ئەوروپاییەکاندا، جیاوازیەکان،
بەراورد لە رووی دەنگەوە ٢١٥-٢٣٢

حسەین جاهید بەگ:
پیویستیی کۆلینەوە لە نزیکایەتی نیوان
زمانەکەمان‌و زمانە هیندو ئەوروپییەکان ٢٣٣

یوسف زیا بەگ:
بەراورد لەگەڵ زمانە بیگانەکاندا چۆن دەکری؟ ٢٤٨-٢٤٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگترین تایبەتمەندی کۆنگرەی یەکەمی زمانی تورکی ئەمەیە: زمانی تورکی لەگەل زمانەکانی تردا بەراورد کراوەو سەلمینراوە کە سەرچاوەی هەموو زمانەکان بووە، پیش ئەوەی هیشتا تەنانەت لەناو خودی خۆیدا بەباشی لێی کۆلرابیتەوەو پەرەسەندنی میژوویی روونکرابیتەوە. هەرلە بنەرەتدا ناتوانین بلیین تورکەکان ئەو زمانانەشیان بەباشی زانیوە کە لەگەل تورکیدا بەراوردیان کردوون. بۆنموونە زمانی سۆمەریو حیتی لەوانەن. لەئەنجامی ئەمەدا بەراوردەکان بەپێی قەناعەتی خودیو ویستو ئارەزوو ئەنجام دەدرین نەك بەپێی بەلگەی بابەتیو دۆزینەوە. لەبریارەکانی کۆتایی کۆنگرەشدا، پیشنیار ناکریت کۆلینەوە لەسەر بابەتی وەکو بونیادی زمانی تورکی، ریشەکانی، پاشگرەکانیو پەرەسەندنی میژوویی زمانەکە بکریت. پیشنیار دەکریت "زمانی تورکی لەگەل زمانی کۆنی وەك سۆمەریو حیتیدا، هەروەها لەگەل زمانە سامیو هیندو ئەوروپییەکاندا بەراورد بکریت". پیشنیار دەکریت بسەلمینریت کە زمانی تورکی سەرچاوەی هەموو زمانەکانی جیهان بووە.[١٢]

لەهەمان کاتدا سەبارەت بەو زمانە تورکییەی کە لافی ئەوە لیدەدرا سەرچاوەی هەموو زمانەکانی جیهانە، سەرچاوەی زمانە سامییەکان؛ بۆنموونە عەرەبییشە، باسی ئەم فاکتانەش باس دەکران:

" چەند سەیرە لە کاتیکدا کە یاسا ریزمانیەکانی عەرەبی دەیانویست یاساکانی ریزمانی تورکی لەناوبەرن،مندالانی بیگەردی تورك زمانی عەرەبییان زیندوو دەکردەوەو فەرهەنگ و داتاشینی ووشەیان بۆ دادەنا. پاشتر بالاترین فکرو نووسەر لەناو رۆلەکانی تورکدا هەلدەکەوتن. ئەگەر ئیسماعیل حامات نەبووایە، زمانی عەرەبی لەناو کۆمەلیك خەلکی بیابانە لماویەکاندا دەمایەوەو دەبوو بەزمانیکی پەرت وبلاوو کۆنەکراوە. سەدان هەزار عەرەبی نووسی زانا هەموویان تورکن. زمانی عەرەبی ماوەی ١٣٠٠سال بووە بە بەلا بۆ زمانی تورکیو ووشە تورکیەکان بوونەتە پاشکۆی ووشە عەرەبیەکان. دواجار هیچ شتیك ئەوەندەی ئاخاوتن بەتورکییەکی خاوین

---

[١٢] ***Birinci Turk Dil Kurultayi*, Muzakere Zabitlari, s.456**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مایەی بیزاریو نارەحەتی نیە. تورك کە مرۆڤیکی هەرە زینـدووی جیهانـە، نەیدەتوانی بەوە رازی بیت کەخودیتی خۆی لەگەل زمانەکەیدا پیکەوە لـە دەست بدات."[١٣]

لەم ووتارەدا ئەو دژایەتی، هەست بەبچووکی کردن وکاردانەوە بەرامبەر بەم هەست بـە بچووکـی کردنـەی بەسـەر هـەموو کۆنگرەکـاندا زال بـووە، بەشیوەیەکی روون وئاشکرا دەردەکەویت. لەکاتیکدا کە لـە کۆنگرەکاندا لافی ئـەوە لیدەدریـت زمـانی تورکـی سـەرچاوەی هـەموو زمانـەکانی جیهانـە، سـەرچاوەی زمانـە هینـدو ئـەوروپیو حـامی-سـامی‌یەکانە بەعەرەبیشـەوە، کـەچی باسـی پرۆسـەی لەدەسـتدانی خودیتـی کۆمەلگـەی تورکـیو مەترسیەکانی ئەم پرۆسەیە دەکریٚ، لەژیر کاریگەری زمانی عەرەبیدا.

یەکیك لـەگرنگترین تایبەتمەندیـەکانی کۆنگـرەی یەکـەمی زمـانی تورکـی بریتیە لە ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆکۆنگرەکە لەهەر چوارلای تورکیاوە. ریکخراوەکانی شارو شارۆچکەو، ناوچەو ناحیەکانی کۆمەلەی گەلی کۆماری (*CHF*)، والی، قایمقـام، بەریوەبـەری ناحیـە، بەریوەبـەری شـارەوانیەکان، موختارەکان، ژوورەکانی بازرگانی، ژوورەکانی بازرگانیو پیشەسازیو هتد، بروسـکەی پیرۆزباییـان بـۆ کۆنگرەکـە نـاردووەو هیـوای سـەرکەوتنیان بـۆ خواسـتووە. ئـەم بروسـکانە کـە لـە کۆنگرەکـەدا لـەنیوان چەپلـە ریزانـی ئامادەبووواندا خوینراونەتەوە، لەو کتیبەشدا کە کۆنووسەکانی کۆنگرەکەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، چاپکراون.[١٤] ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرە لەشـوین ودەزگـای جۆربـەجۆرەوە، لـەکۆنگرەکانی دواتریشـدا هـەر بەردەوام بووە.[١٥]

---

[١٣] ***Birinci Turk Dil Kurultayi,*** ***Seref Beyin Konusmasi, s.250-251***

[١٤] ***Birinci Turk Dil Kurultayi***, ***s.475-492***

[١٥] ***Ornegin bk. Ikinci Turk Dil Kurultayi, Turk Dili, Sayi 8, Eylul 1934, s.114-162.***

*لیرەدا دەردەکەویٚ کەلە نزیکەی ٢٠٠٠ شوینەوە بروسکەی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی دووەم نیردراوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### ٢- کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکی

ئـەو تامــەزرۆییو ئارەزوانــەی لــەکۆنگرەی یەکــەمدا راگەیــەنرا بــوون، لـەکۆنگرەی دووەمـی زمـانی تورکیشـدا کـە لـەنیوان ١٨-٢٢ی ئـابی ١٩٣٤دا لەئەستەموول بەسترا، دووبارە کرانەوە. ئەم تامەزرۆییو ئارەزووانە، پتر وەکو کاردانەوەیەك بەرامبەر سووکایەتی کردن بەزمانی تورکی لەدایك دەبن. کازم پاشا، سەرۆکی ئەنجومەنی گەورەی میللەتی تورکیا، کەیەکێك لە ووتارەکانی کردنەوەی کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکی‌ی خویندۆتەوە، بەم شیوەیە باسی ئەو کاردانەوەیە دەکات:

" وەك چۆن یـەکیتی زمـان تەندروسـتترین بناغـەی یـەك بـوون ویـەکیتی فکرە، ئاواش وەکو چاویلکـەی بەشـەوارە نەکـەوتن وایـە. لەبەرئەوەیـە نـەژادی ئیمە کاروباری ئەوەندە زمانی لەپیشەوە راگرتووە.

وەکــو زانــراوە تــورك نــەژادەکان لــەماوەی هــەزاران ســالدا لەئاســیای ناوەراستەوە بەرەو ناوچەی دۆنشاکەکان وهەریمەکانی خۆرهەلات- خۆرئاواو کـەنارە گەرمـەکان رۆیشـتوون وبلاوبوونەتـەوەو نیشـتەجێ بوون و، بەتیشـکی کولتــوور هــەموو گــەردوونیان ئــاوەدان کردۆتــەوە. بــەلام هــەموو تورکــە کۆچەرەکان، لەو ناوچانەدا کە چوونـە نـاوی، گۆرانـی جۆربـەجۆریان بەسـەردا هـات. ئـەوەندەی کـە زۆربـەیان تەنانـەت زمـانی خۆیـان لـەبیر چـۆوە. تورکـە کۆچـەرەکان کـەوورده وورده لـەخودیتی رەسـەنی خۆشـیان دوور کەوتنــەوە، ئەمرۆ پەیوەندیان بەزمانی تورکی‌یەوە، تەنها لەو نیشانەو ریشە زمانی‌یانەدا دەبیـنرێ کـە بـە دەوروبـەری خۆیـاندا بلاویـان کردنــەوە. لــەو شوینانەشــدا کەنەتـەوەی تورك و تـورك نـەژادەکان توانیبوویـان زمـان و خودیتـی رەسـەنی خۆیان بپاریزن، لەهەزاران سال لەمەوبەرەوە، گوشارو زۆرلیکردنی سیاسی‌و ئایینی جۆراوجۆر بواری نەدان کار لەسەر زمانی رەسەنی خۆیان بکەن وبەرەو پیشـی بـەرن. دەزگـا سیاسـی‌و ئایینی‌یـەکانی ئـەو سـەردەمانەش، نـەك هـەر کاریـان بـۆ بـەرەو پیـش بردنـی زمـانی تورکـی نـەکرد، بـەلکو بەپیچەوانـەوە،

---

*Ucuncu Turk Dil Kurultayi, Dorduncu Turk Dil Kurultayi, s.27-29, 42-57.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچیان لەدەست هات کردیان بۆ ئەوەی کرۆك وناوەرۆکە بەنرخەکەی تیك بدەن."[16]

ئیبراهیم نەجمی بەگی نووسەری گشتیی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی زمانی تورکی، سەبارەت بەو لیکۆلینەوانەی دەبێ لەسەر زمانی تورکی بکرین وئەو تیزانەی پیویستە بسەلمینرین، ئاوا دەلیت:

" **ئەو راپۆرتی کارەی کۆنگرە بریاری لەسەر داوەو جیٚبەجیٚکردنی سپاردووە بە لیژنەی گشتیی ناوەند کە کۆنگرە خۆی هەلی بژاردووە، ئەمەیە:**

دەبێ زمانی تورکی هەم لەگەل زمانە کۆنەکانی وەك سۆمەریو حیتیداو هەم لەگەل ئەو زمانانەدا کەپیٚیان دەگوترێ هیندۆ ئەورووپی، بەراورد بکریت رۆژ بەرۆژ زیاتر دەردەکەوی کە ئەو سەرچاوەیەی زمانە هیندۆ ئەورووپییەکانی لیوە هەلقولاوەو سەرەرای گەرانیکی زۆر تا ئیستا نەدۆزراوەتەوە، زمانی تورکییە.

گەران بەدوای ریشە رەسەنەکانی زمانی تورکی لەناو زمانی عەرەبیشدا بەردەوامە."[17]

ئەم ووتارە لە روانگەی نیشاندانی ئەو بیرو بۆچوونەوە گرنگە، کە بەسەر کۆنگرەکانی زمانی تورکیدا زال بووە. ئەو کەسانەی ئاراستەی کۆنگرە دیاری دەکەن، ویستو ئارەزووەکانی خۆیان وەك((بیرورا-تیۆری)) پیشکەش دەکەنو داوای سەلماندنی دەکەن. ئەمەش شیوە بیرکردنەوەیەکە کە لە فاکتەکان دابراوەو پشت بەفاکتەکان نابەستی. میتۆدی زانستی هەرگیز پەیوەندی خۆی لەگەل فاکتو پەیوەندیە فاکتیەکاندا ناپچریت. لەکاتی بنیاتنانی گریمانەو تیۆریەکاندا بیت یاخود لەکاتی تاقیکردنەوەیاندا، هەمیشە فاکتەکان لەبەرچاو دەگریت. لە میتۆدی زانستیدا ویستو ئارەزووی کەسەکان ناخرینە شوینی راستی کۆنکریتیو راستیە بابەتیەکان.

---

[16] *Ikinci Turk Dil Kurultayi, __Turk Dili,__ Sayi 8, Eylul 1934, Turk Dili Tetkik Cemiyeti Bulteni, s.10-11.*

[17] *Ikinci Turk Dil Kurultayi , __Turk Dili__ , Sayi 8, s. 17-19*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ووتارە گرنگانەی لە کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکیدا خوێنراونەتەوەو ئەو تیزە گرنگانەی هێنراونەتە پێشی، ئەمانەن:

**یوسف زیا بەگ:**
**سامییەکان تورانین**[١٨] **١٩ و دواتر**

**ئەحمەد جەواد بەگ:**
**کاراکتەرە بونیادیەکانی زمانی تورکی و بەراوردکردنی**
**تورکی لەگەل زمانە ئۆرال- ئالتاییەکاندا**[١٩] **٥٣-٥٢**

**د. شەوکەت عەزیز بەگ:**
**زمانی هیندو ئەوروپی زمانی تورکییە** **٦٥-٦٤**

**حەقی نەزیهی بەگ:**
**بنەچەی تورك و زمانی تورکی** **٧٣**

**تیزەکەی تەحسین عومەر:**
**چەند رووونکردنەوەیەك لەسەر ووشە**
**تورکیەکان لە زمانی کۆنی مایادا لە مەکسیك**[٢٠]

**تیزەکەی نایم حازم ئۆنات:**
**نزیکایەتی زمانی تورکی لەگەل زمانە**
**سامییەکاندا**[٢١]

---

[١٨]*Ayrica bk. Yusuf Ziya Ozer, Ural-Altay Dilleri ile Turkcenin Munasebeti, Turk Dili, Sayi 12 Haziran 1935, Turk Dili Tetkik Cemiyeti Bulteni, s. 53-72*

[١٩]*Ayrica bk. Ahmet Cevat*
*ile Mukayesesi, Turk Dili, Sayi ll, Mayis 1935, TDTCB s. 2-120*

[٢٠]*Ikinci Turk Dil Kurultayi, Turk Dili, Sayi 12, Haziran 1935, TDTCB, S. 89-91*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ووتارەی سایم عەلی بەگ لە کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکیدا خویندویتیەوە، لە روانگەی نیشاندانی کەش و هەوای گشتی ووتارو تیزەکانی کۆنگرەکەوە گرنگە. ئەم ووتارە لەلایەن کۆنگرەوە بەم شیوەیە کورت دەکریتەوە:

" ئەوەی هینایە پیشی کە زۆربەی پیشگرەکان* و هەندی لەو پاشگرانەی لە زمانە هیندو ئەوروپیەکاندا بەکاردین، لە تورکیدا لە شیوەی ووشەی تەواودا هەن و پاش ئەوەی نیشانی داوە کە پاشگری (*co*–کۆ) لە ووشەی (*Komak*: دانان، خستنە سەر، کارتیکردن )ی تورکی‌یەوە، پاشگری (*AD*)لە وشەی(*ADAMAK*:قوربانی کردن)و(*AD*–ئاد)ی خۆمانەوە کە مانای(ناو) دەگەیەنی، پاشگری (*DIS*) لە ووشەی (*DIS*:دەرەوە)ی تورکیەوە هاتوون و بەم شیوەیەش لە ناو چەپلە ریزاندا، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە کۆنترین زمان زمانی تورکی‌یە."[٢٢]

لەم ووتارەدا هەولدەدریت لە ریگەی ئەو"پاشگر"و"پیشگر" انەوە کە لە تورکی و زمانە هیندو ئەوروپاییەکاندا بەکاردەهینرین، بسەلمینریت کە هەردوو کۆمەلە زمانیەکە(خیزانە زمانیەکە) لەیەك دەچن و لەمەشەوە زمانی تورکی سەرچاوەی زمانە هیندو ئەوروپیەکان بووە. ئاشکرایە ئەم سەلماندنە، پیویستی بەزۆر لە خۆکردنیکی چەند گەورە هەبووە. دیارە کاتیك کە ویست و ئارەزووی کەسەکان بخرینە جیی راستیە کۆنکریتی و پەیوەندیە فاکتی‌یەکان، بیجگە لە زۆر لەخۆکردن هیچ ریگەیەکی تر نامینیتەوە.

لە کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکیدا لەو زمانناسە بیگانانەش کە لە کۆنگرەکەدا ئامادەن داوا دەکریت، تیزەکانی تایبەت بە زمانی تورکی ببەنەوە

---

[٢١]*Ikinci Turk Dil Kurultayi, __Turk Dili__, Sayi 14, Ilk Kanun 1935, s. 1-103*

* *لە چاپە تورکیەکەدا ووشەی (Ornek) هاتووە، واتە: نموونە. بەلام لەو رووەوە کە بابەتی باسەکە ریزمان و بە تایبەت پاشگرە، پیدەچی ئەو ووشەیەش (onek) بیت کە مانای پیشگر دەگەیەنی، نەك (Ornek).*

[٢٢]*Ikinci Turk Dil Kurultayi, __Turk Dili__, Sayi 8, Eylul 1934, s. 53-54*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ وولاتی خۆیانو بۆ دەوروبەری خۆیانی باس بکەن، بەمەش سوود بە زانست بگەیەنن. بەم شیوەیە:

"  یەکیك لە هیواو داوا بنەرەتیەکانی زانستی زمانی تورکی ئەوەیە، ئەو زماننناسە ئەلمانیو پۆلەندیو سۆڤیتییانەی لە کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکیدا بەشدارن، لە وولاتی خۆیانداو لە ئۆرگانەکانی ئەو قوتابخانە زانستیانەدا کە کاریان تیدا دەکەنو تایبەتن بە زانستی زمان، ئەو راستییە رابگەیەننو بینووسن کە چیتر زمانی تورکی وەکو زمانیکی جیاواز لە زمانە هیندو ئەوروپیەکان ناخوینریتەوە، لەنیوان زمانی تورکیو زمانە هیندو ئەوروپیەکاندا جیاوازی ریژەییو قۆناغی هەیەو ناکری باسی جیاوازیەکی ریشەیی بکریت. گومانیشمان لەوە نیە، ئەو زانایانە، کە لیرەدا ئازادانە قەناعەتەکانی خۆیان راگەیاندووە، خۆیان لەم ئەرکە زانستیە نادزنەوە."[٢٣]

سەرەرای هەموو ئەمانە ناتوانین بلیین زاناو مامۆستا زماننناسە بیگانەکان ئەم ئیدیعایانەی تیۆری زمانی تورکیان بەجدی گرتووە. لە بنەرەتدا ئەو مامۆستاو زانایانەی بانگهیشت کراون بۆ کۆنگرەکان، هەر بەشداریشیان لەو جۆرە گفتوگۆیانەدا نەکردووە.

### ٣-کۆنگرەی سییەمی زمانی تورکی
### (راگەیاندنی تیۆری زمانی-خۆر)

ئەو تیزو بیرورایانەی لە کۆنگرەی یەکەمو دووەمی زمانی تورکیدا هینرا بوونە پیشی، لە کۆنگرەی سییەمی زمانی تورکیدا، لەشیوەیەکی سیستەماتیکداو وەکو تیۆری زمانی تورکی راگەیەنراون. بەم تیۆریە دەگوتریت "تیۆری زمانی خۆر".

کۆنگرەی سییەمی زمانی تورکی لە نیوان ٢٤ی ئاب  ٣١ی ئابی ١٩٣٦ دا لە ئەستەموول بەستراوە. لە پیشەکی ئەو کتیبەدا کە کۆنووسی

---

[٢٣] *Ikinci Turk Dil Kurultayi, Turk Dili, Sayi 8, s. 92*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گفتوگۆكانی كۆنگرەی تیدا كۆكراوەتەوە، بەم شیوەیە باسی شیوەی كارو ئامانجی كۆنگرەكە دەكریت:

" تەوەری ئەم كۆنگرەیە، (تیۆری زمانی خۆر) بووە، كە قوتابخانەیەكی زمانەوانی سەرتاپا نوییەو بلیمەتیی تورك خستوویەتیە بەردەمی زانستی زمان. لەم رووەوە گرنگی كۆنگرەكە تەنها لە سنووری ولاتیك و زمانیكدا نامینیتەوە، بەلكو بۆی هەیە بەشیوەیەكی بەربلاو هەموو جیهانی بەرهەمهینی زانین بگریتەوە.

ئامادە بوونی ١٥ زانای زمانیش لە ١١ ولاتەوە كە بەبانگهیشتی دەزگای زمانی توركی هاتوون، ئەم گرنگییەی پترکردووەو رەهەندیكی نیونەتەوەیی بە كۆنگرەكە بەخشیوە.

لەو رۆژەوە كە دیدو روانینی پیرۆزی رابەری پایەبەرز كامال ئاتاتورك لەسەر زمانی توركی گیرساوەتەوە، هەنگاوەكانی زانستی زمانی توركی چەند خیراتر بوون ئەوەندەش پر ناوەرۆك و پر مانابوون.

ئەوە تەنها كامال ئاتاتورك بووە بیری لەوە كردۆتەوە كە پاش تیگەیشتن لە نرخ و بەهاكانی زمانی توركی بە میژووو تەنانەت بەر لە میژووشیەوە، لیی بكۆلیتەوەو بەم شیوەیەش بیگەیەنیتە ئاستی ئامرازیكی دەربرینی بە ئاهەنگ و جوان كە بەباشترین شیوە شارستانیتی ئەمرۆ و سبەینی–ش وەرگریت. هەر ئەویش بووە ئەم پرنسیپەی كردووە بە بناغەی كاركردن.

دەزگای زمانی توركی كە لەسەر ئەم پرنسیپە بالایە دەست بەكاربووە، لە گەلیك بواردا كاری كردووە، وەكو: كۆكردنەوەو خستنەبەر دەستی گەنجینەی زمانی توركی لە زاری خەلك و هەموو فەرهەنگەكانی زمان و كتیبەكانی ترەوە، ئاشكرا كردنی پایەی بەرزی زمانی توركی لە نیو زمانەكانی جیهاندا بە پشت بەستن بەم گەنجینەیەو ئەو لیكۆلینەوانەی لەسەر زانستی زمان كراون، هەروەها دەرخستنی ئەو راستیەی كە زمانی توركی سەرچاوەی گشتیی زمانە هیندو ئەورووپیی و زمانە سامییەكان بووە."[٢٤]

---

[٢٤] *Ucuncu Turk Dil Kurultayi 1936 Tezler Muzakere Zabitlari*, ***Devlet Basimevi , Iatanbul 1937, s. III-IV.***



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەفوەت ئاریکان-یش کە وەزیری کولتووری ئەو کاتەو سەرۆکی دەزگای زمانی تورکی بووە، هەمان ئەو بیروڕایانە دەلیتەوە. ڕایدەگەیەنی کە زمانی تورکی تەنها سەرچاوەی زمانە ئوراڵ- ئالتاییەکان نەبووە، بەلکو سەرچاوەی زمانە هیندو ئەورووپایی و حامی- سامیەکانیش بووە.[٢٥]

ئەو ووتارەش کە بەباشترین شیوە ڕوونی دەکاتەوە کە ئامانجی "تیۆری زمانی خۆر" کە هۆی سەرەکی بەستنی کۆنگرەکە بووە، چی‌یەو چۆن دانراوە، ئەو ووتارەیە کە لەلایەن ئیبراهیم نەجمی دیلمەن-ی سکرتیری گشتی دەزگای زمانی تورکی‌یەوە خوینراوەتەوە. ئیبراهیم نەجمی دیلمەن ئاوا دەلیت:

" تیزی میژووی تورك کە لەلایەن دەزگای میژوویی تورکەوە بە هیزیکی گەورەوە داهینرابوو دەیسەلماند کە کولتووری چاخی بەردینی جیهان مولکی نەژادی تورکی ئاسیای ناوەڕاست بووە، ئەم کولتوورە لە ڕیگەی کۆچکردنی جۆربەجۆرەوە بە خۆرهەلاتی ئاسیا، ئەمەریکا، هند، بانی ئیران، دەشتەکانی میسۆپۆتامیا، ئاسیای نزیك، فینیقیە، میسرو باکووری ئەفەریقادا بلاوبۆتەوە، لە کەنارەکانی ڤۆلگاو ئۆرالەوە بە کەنارەکانی ڕەن، تونا، ڤیستوول و کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتلەسدا بلاوبۆتەوە.(چەپلە) کەوابی دەبوو لە لیکۆلینەوەی زماندا لەم دۆزراوە نوی‌یانەوە دەست پی‌بکری و تویژینەوە لەسەر زمانی کولتووری تورکی بکریت کە لەگەل ئەو تورکە کۆچەرانەدا کە بۆ یەکەمین جار بە جیهاندا بلاوبوونەوەو شارستانیتی‌یان لەگەل خۆیاندا برد، لە هەموو شوینیك گەرای داناوە.

دەزگای زمانی تورکی کە ڕووبەڕووی ئەم ئەرکە بوو بۆوەو ئیلهامی لە بلیمەتی‌ی بەرزی میللەتی تورکەوە وەردەگرت، لە کۆتاییەکانی سالی ڕابوردوودا دۆزینەوەیەکی نوی‌ی هینایە سەر شانۆی کارکردنی ئاکادیمی

*لەم کۆنگرەیەدا ناونانی ئاتاتورك بە کامال ئاتاتورك سەرنج ڕادەکیشی. ووشەی کەمال-Kemal، هاو ئاهەنگ لەگەل(بەپی‌ی) تیۆری زمانی خۆر دا گۆڕدراوە بۆ کامال KAMAL.*

[٢٥] ***Ucuncu Turk Dil Kurultayi,* S.3.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر زمان کە مایەی شانازی میژووی خۆیو میللەتەکەیەتی. بەم دۆزینەوە نوییە دەلیین (تیۆری زمانی-خۆر)."[٢٦]

لە زمانی کولتووره بالاکانی ئەمرۆی ئەوروپادا، واتە لە فەرەنسیو ئینگلیزیو ئەلمانی یاخود گریکیو لاتینیدا کەدەلین لە روویەکەوە سەرچاوەی ئەو زمانانە بوون، کاتیك کەباسی ئەتیمۆلۆجیای* ووشەکان دەکرا، بەروونی دەردەکەوت کە رووبەرووی کیشەیەك بووینەتەوە: لە فەرهەنگە ئەتیمۆلۆجیەکاندا لە بەرامبەر گەلیك ووشەدا نووسراوە (ئەتیمۆلوجیاکەی تاریكو نەزانراوە). ئەم کیشەیە کە چارەسەرکردنی پیویستە دەتوانری زۆر بەئاسانی بە زمانی تورکی روون بکریتەوە."[٢٧]

وەکو بینرا تیۆری زمانی خۆر هاوتەریب لەگەل تیزی میژووی تورکدا بنیات نراوەو پەرەی پیدراوە. بە پیی تیزی میژووی تورك، سەرچاوەی هەموو شارستانیتییەکانی جیهان ئاسیای ناوەراستە. شارستانیتی لە ئاسیای ناوەراستەوەو لەلایەن تورکەکانەوە بلاوکراوەتەوە. بەو پییەش کە تورك دروستکەرو هەلگری هەموو شارستانیتییەکان بووە، زۆر سروشتییە زمانی تورکیش سەرچاوەی هەموو زمانەکانی جیهان بووبیت. تیۆری زمانی خۆر بۆ بەجیگەیاندنی ئەم پیویستیە دانراوە.

ئەوەندە بروا بەو تیزە هینراوە کە دەلیت هەموو زمانەکانی جیهان لە زمانی تورکییەوە کەوتوونەتەوە، کە گوتراوە رەگی ووشەی وەکو ئەلەکتریك، دینامۆ، مەترو گرام-یش تورکییە. ئیبراهیم نەجمی دیلمەن لەم بارەیەوە ئاوا دەلیت:

" ووشەی وەکو (ئەلەکتریك، دینامۆ، مەتر، گرام) کە ریشەیان تورکییەو مولکی هاوبەشی جیهانی کولتوورن، دەبی وەکو خۆیان وەربگیرین."[٢٨]

---

[٢٦] *Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s. 8-9*

* *ئەتیمۆلۆجیا Etymology : کۆلینەوە لەریشەو میژووی ووشە.*

[٢٧] *Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s. 10*

[٢٨] *Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s. 22*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیبراهیم نەجمی دیلمەنی سکرتێری گشتی دەزگای زمانی تورکی، لە ووتاری "هیلە گشتیەکانی تیۆری زمانی خۆر"یشیدا، سەبارەت بە بەلگە مێژوویی زمانەوانیەکانی تیۆرەکە ئاوا دەلێت:

" بیینە سەر ئەو باسەی کام زمانە تاك دەنگییە سەرچاوە بووە بۆ هەموو کولتووررو زمانەکانی تر، تیزی زمانی تورکی لەو باوەرەدایە کە ئەو زمانە زمانی بنەرەتی و رەسەنی تورکییە. ئەم باوەرە دوو بەلگەی هەیە، یەکەمیان مێژوویی و ئەویتریان زمانەوانی.

**١-بەلگەی مێژوویی:** مێژوو دەیسەلمینی کە نەژادی بالای مرۆڤ لەناو تورکە براکیسەفالەکانی ئاسیای ناوەراستدا لە دایك بووەو بە کۆچکردنی ئەوانیش، بە ئەوروپا و ئەفەریقا و ئەمەریکادا، هەروەها بە ئۆقیانووسیادا بلاوبۆتەوە. هەروەها دەردەکەوی کەئەمانە بۆ هەر کوییەك چووبن، لەچاو مرۆڤی دۆلی کیسەفالی ئەفەریقایی ئەو ناوچانەدا،لە ئاستیکی بەرزی پیگەیشتندا بوون.

فاکتیکی کۆمەلایەتی هەیە کە تائەمرۆش بەرچاو دەکەوی. نەژادی بالا لە هەرکوییەکەوە بۆ ناو گەلیك هاتبی، ووشەکانی ئەو نەژادە بالایەش هەر لەویوە هاتوون. لەژیر کارتیکردنی نەژادی ئیسلامدا گەلیك ووشەی عەرەب و فارس کەنەدەزانرا لە بنەرەتدا لە تورکیەوە هاتوون، هاتنە ناو زمانی تورکییەوە بیئەوەی شیوەو دارشتنیان بگۆریت. هەروەها پاش ئەوەی لە ریگەی فەرەنساوە پیشەسازیو کولتووری ئەوروپا هاتنە ناو وولاتەوە، گەلیك لەو ووشانەی بە فەرەنسی ناسراون تیکەلاوی زمانەکەمان بوون. هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی ئەو یاسا کۆمەلایەتیەی سەرەوەدا هاتوونەتە ئاراوە.

کاتیکیش کە تورکە براکیسەفالەکانی ئاسیای ناوەراست، کە لەرووی کولتوورەوە لە ئاستیکی بالادا بوون، بەسەر رووی زەویدا بلاوبوونەوەو لەگەل خۆیاندا کولتووری بالای خۆیان برد بۆ دۆلی کیسەفالەکان، مەحالە ووشە نویکانی زادەی ئەم کولتوورەیان پی نەبەخشیبن. بیرۆکە کولتووریەکانی ژیانی نویی جیهان، کە بەرهەمی بلاوبوونەوەی ئەم کولتوورە براکیسەفالە بوون، بە زمانی ئەو میللەتەو ئەو ناوچەیە بوون کە بۆ یەکەمجار کولتوورەکەیان خولقاند. بەو شیوەیەش بەهەموو زمانەکاندا بلاوبۆتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کولتووری تورکی لە نیوان کولتووری هەموو ئەو میللەتانەدا هاوبەشە کە میژوو بۆ یەکەمجار ناسیونی، بۆیە مەحالە جی پەنجەکانی ئەو کولتوورە لە زمانی ئەو میللەتانەشدا نەدۆزرینەوە.

بەپشت بەستن ئابەم هیلە گشتیانەی میژوو، دەسەلمی کە تورکی سەرچاوەی گشتی هەموو زمانەکانی جیهان بووە.

**٢- بەلگەی زمانەوانی:** ئەگەر دەرەنجامەکانی ئەو تویژینەوانەی تا ئیستا لە بواری زماندا کراون بەباری سەرنج وەربگیرین، دەبینری ئەنجامی هەموو ئەو تویژینەوانەی کە حسابیان بۆ زمانی تورکی نەکردووە، کەموکورتو نیوە ناچل ماوەتەوە. زماناسەکانی ئەوروپا کە پتر لە سەد سال بەدوای سەرچاوەی گشتیو ریشە سەرەتاییەکانی زمانەکانی خۆیاندا دەگەرین، ئەمەشیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. دەلین گوایە زمانە هیندو ئەوروپاییەکان یەکەمین زمانی گشتین، بەلام ئەگەر کۆمەلیك لە ریشەکانی ئەو زمانانە لەگەل زمانی تورکیدا بەراورد بکرین، دەبینریّ ئەوانە بەزیندویی لەناو تورکیدا هەن. ئەم مەسەلەیە کافییە بۆ ئەوەی بیسەلمینین، ریشەی زمانە هیندو ئەوروپییەکان، کەبە دوایدا دەگەرینو نەدۆزراوەتەوە، بریتیە لەزمانی تورکی.

لەگەل ئەوەشدا کە تویژینەوە لەسەر زمانە سامییەکان کەمترە، بەلام ئەوانەش کە هەن لەبەرئەوەی بەراوردیان لەگەل زمانی تورکیدا نەکردووە، نەیانتوانیوە بگەنە ئەنجامیکی تەواو. ئەمە لە کاتیکدایە کە بەراورد کردنی زمانە سامییەکان لەگەل ریشەکانی زمانی تورکیدا، دەری خستووە ئەو زمانانەش لەتورکییەوە کەوتوونەتەوە.

دەتوانین بەتەجروبەو لەرووی کردەکیشەوە بەلگەیەکی سێیەم بخەینە سەر ئەو دووانەی سەرەوە. ئەویش ئەمەیە: لەو شیکردنەوەو لیکدانەوەنەدا کە تا ئەمرۆ ماوەی ١٠ مانگە ئەنجامدراون، ئەگەر لە ریشەی ئەو ووشانە بکۆلریتەوە کە لەخیزانە زمانیەکانی تورکیو هیندو ئەوروپیو سامیدا هاومانان یاخود مانایان لیك نزیکە، دەردەکەوێ کە نەك هەر ئەم دوو ریشە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەرەتی و گشتیەیان، بەلکو بونیادو پاشگرو پیکهینەرەکانیشیان هاوتاو بەرامبەرن."[٢٩]

وەکو دەرکەوت،

"تیۆری زمانی–خۆر رووناکی‌یەکی سەرەکی‌یە کە نەك هەر میژووی زمانی مرۆڤ، بەلکو هەموو میژووی فکر رووناك دەکاتەوە. ئاسۆیەکی سەرتاپا نوێیە کە رووناکی دەخاتە سەر میژووی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجیش."[٣٠]

لەم ووتارانەوە بەروونی دەردەکەوێ کەتیۆری زمانی خۆر لەلایەن مستەفا کەمالەوەو هاوتەریب لەگەل تیزی میژووی تورکدا داریژراوەو پەرەی پیدراوە. تیۆری‌یەك نیە لەسەر بناغەی فاکتەکان دانرا بیت. تیۆریەکە ویست و تامەزرۆیی و ئارەزووەکان رادەگەیەنیت.[٣١] جیگەی فاکتەری "خۆر"یش لە

---

[٢٩] *Ibrahim Necmi Dilmen, Gunes-Dil Teorisinin Ana Hatlari, Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s. 64-65*

[٣٠] *Naim Onat, Gunes-Dil Teorisine Gore Turkce-Arabca Kasilastirmalari, Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s.152*

[٣١] *لیرەدا مەبەست روونکردنەوەی تیۆری زمانی خۆر نیە. هەولدانە بۆ تیگەیشتن لەوەی ئەم تیۆریە چۆن و بە چ مەبەستیك داریژراوەو باسکراوە، بە بەکارهینانی کام ئامرازانە هەولدراوە خەلکی پیّ رازی بکەن. سەبارەت بەتیۆری زمانی خۆر، بروانە:*
*Hasan Resit Tankut, Gunes-Dil Teorisine Gore Dil Tetkikleri,Birinci Kitap, Turk Dil Bilgisine Giris, DTCF,Devlet Basimevi, Istanbul 1936, s. 3-73; Ibrahim Necmi Dilmen, Turk Dil Bilgisi Dersleri, Ikinci Kism,Dilin Fonetik Kurulusu ve Gunes-Dil Analiz Metodu, DTCF, Devlet Basimevi, Istanbul 1936, s. 3-166; Semsettin Gunaltay, Hasan Resit Tankut, Dil ve Tarih Tezlerimiz Hakkinda Gerekli Bazi Izahat, TDK, Devlet Basimevi, Istanbul 1938, s. 27-68; Vecihe Hatiboglu, Cumhuriyetin 50. Yilind Olumsuz Ataturk ve Dil Devrimi, TDK, Ankara 1973, s. 55-58; Vecihe Hatiboglu, Ataturk ve Turk Dili, TDK, Ankara 1963, s. 148; Rusen Esref Unaydin, Ataturk, Dil ve Terih Kurumlari, Hatiratlar, TDK, Ankara 1954, s. 61-65; Afet Inan, Ataturk Hakkinda Hatiralar, Belgeler, 2. bs, Is Bankasi Yayini, Ankara 1968, s. 190-242; Omer Asim Aksoy, Gunes-Dil*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**تیۆری زمانی-خۆردا بریتیە لەوەی "خۆر سەرچاوەی هەموو مانا گشتیەکانە لەمیشکی مرۆڤدا".[٣٢]**

---

*Teorisini Yanlis Anlayanlar, __Cumhuriyetin, 50. Yilinda, Ozlestirme__ Durdurulamaz, TDK, Ankara 1973, s. 33-45; Ayrica bk. , __Turk Dili__, Kasim 1967; Falih Rifki Atay, Ataturk ve __Dil, Turk Dili__, Sayi 3, Aralik 1951; Ayrica bk. , Hikmet Dizdaroglu, __Dilcilere Saygi__, TDK, Ankara 1966, s. 7-10; __Dil Devriminin 30. Yili, TDK__, Ankara 1962, s. 28-35; Hikmet Bayur, Ataturk ve Dil Devrimi, __Dil Devrimi Uzerine__, TDK, Ankara 1967, s. 26-37; Ibrahim Necmi Dilmen, Turk Tarih Tezinde Gunes-Dil Teorisinin Yeri ve Degeri, __Ikinci Turk Tarih Kongresi__, s. 85-98; Seffet Engin, Eti ve Grek Dini Sistemlerinin Mukayesesi, __Ikinci Turk Tarih Kongresi__, s. 774-772; Agah Sirri Levend, __Turk Dilinde Gelisme ve Sadelesme Evreleri__, s. 433-445; Arin Engin, __Ataturkculuk Savasimizda Avrupa Kulturu Nedir Ne Degildir?__ , Ataturkculuk Kultur Yayinlari, Sayi 16, Ataturkkent (Istanbul) Siralar Basimevi, 1960, s. 43-81*

*[٣٢] (( هەر میژوو نووسیك كە بەقوولی لەباوەری مرۆڤاكان كۆلیبیتەوە. دەبینێ لەمیسۆپۆتامیا، میسر، هندی كۆن، ئیرانی كۆن، ئەمەریكای كۆن وبەكورتی لەهەموو شوین و وولاتیكی جیهاندا، خۆرو مانگ وئەستیرە پەرستراون. جابۆیە پرنسیپی یەكەمی تیۆری زمانی توركی لەم حەقیقەتەوە ئیلهام وەردەگریو، پێی وایە یەكەمین جار، زمانی یەكەمین كولتوور لەریشەیەكەوە هاتووە كە تایبەت بووە بەخۆر. دەكرێ ماناو چەمكەكانی خۆر لە ٦ گروپدا كۆبكرینەوە*

*١-__خودی خۆر__: مانگ، ئەستیرە، هەسارەو (الفجر القطبی) وەكو نموونەو هاوشیوەكانی خۆر لە ئاسمان؛ لەشیوەی زیادە رەویشدا (مبالغە): بناغە، خاوەن، خودا،گەورە (سەروەر). وەكو سیفەتیش: بلندی، گەورەیی، زۆری، تواناو هیز.*

*٢-__ئەو تیشكەی (رووناكیەی) خۆر دەینیرێ__: وەكو سیفەت: رووناكی، درەوشانەوە؛ وەكو چەمكیكی دامالراو(مجرد): زیرەكی، تایبەتمەندی، نور.*

*٣-__ئەو گەرمی یەی خۆر دەیبەخشێ__: نموونەی دیاری لەسەر زەوی: ئاگر؛ وەكو سیفەت: گەرمی؛ وەكو چەمكی دامالراو: خۆشەویستی، هەست، هەژان.*

*٤-__لەو جوولەیەوە كەوا دەردەكەوێ خۆر لەخۆرهەلاتەوە بۆ خۆرئاوا بیكات__: جوولە، دریژبوونەوە (امتداد)، كات، دووری. بەگۆرینی ئەم مانایەش بۆ چەمكیكی*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داماڵراوتر: رەهەند؛ وەك ئەو بوونەوەرانەش کەبەهۆی رووناك کردنەوەی خۆرەوە دەبینرین: شوین، زەوی، خاك. وەك بەرهەمی خاك: خواردەمەنی، بەروبووم؛ بەشیوەی داماڵراویش: ژیان، گەورەبوون، زۆربوون، پەرەسەندن(کامل بوون).

٥-بەپێی ئەو رەنگە جۆراوجۆرانەی لە ئەنجامی پیچەوانە کردنەوەی تیشکی خۆردا لە شتەکاندا دەردەکەون: رەنگ؛ وەکو وەسف: رەنگ گرتن؛ وەکو یەکیك لەو مادانەی تیشکی خۆر بواری بینینی دەرەخسینی یاخود لە شیوەی باراندا لە ئاسمان دیتە خوارێو وەکو بەخشینیك لەلایەن خۆرەوە دەردەکەوێ: ئاو.

٦-لەو دەنگەوە کەلەژێر کاریگەری هەسارەدا یاخود لەئەنجامی شەیدایی‌و توانەوە لەخۆردا، دروست دەبیت( لای مرۆڤ دروست دەبیت): دەنگ، ووشە.

خۆر سەرچاوەی سەرەکی هەموو ئەو مانا گشتیانەیە لەمیشکی مرۆڤدا. پرنسیپی یەکەمی تیۆری زمانی- خۆر لەم حەقیقەتەوە ئیلهام وەردەگرێ‌و پێی وایە یەکەمین جار، زمانی یەکەمین کولتوور لەریشەیەکەوە هاتووە کەتایبەت بووە بەخۆر.

خۆر کە سەرچاوەی هەموو بوونیکە، ئەگەر وەکو قودرەتیکی باڵا وەربگیریت، سروشتی‌یە هەموو چەمکە گشتیە کۆنکریتی‌و داماڵراوەکانیش لەم سەرچاوەیەوە بکەونەوە. مرۆڤ کە خۆر بەسەرچاوەی هەموو بوونیك وهەموو بەهایەك دەزانێ، لەپاڵ ئەم چەمکە گشتیانەدا، بوونی خۆیشی لەگەڵ خۆردا یەکخستووەو چەمکی (خودیتی)یشی بەهەمان بنەماوە بەستۆتەوە.

هەرچی بانگەشەی سەرەکی تیۆری زمانی- خۆریشە، بریتیە لەوەی ریشەکانی زمانی تورکی سەرچاوە بوون بۆ زمانی هەموو کولتوورەکان.

لەراستیدا تیۆری زمان-ی‌تورك پاش ئەوەی خۆر وەکو چەمکی گشتی‌و سەرەکی زمانی مرۆڤ (کەپشت بەهەست وئیدراك دەبەستێ)وەرگرتووەو هەموو چەمکەکانی بەوەوە (واتە بەچەمکی خۆرەوە) بەستۆتەوە، تویژینەوەی لەسەر ئەو ناوەش کردووە کەلەسەرەتادا دراوە بەخۆرو پاشان مانای هەموو چەمکەکانی تریشی لەخۆی گرتووە.

بەو پێیەی کەناتوانین لەو سەردەمانەدا کەهیشتا مرۆڤ لەگیانەوەران جیانەبووبۆوە، ئەو هاوارە تیکەل وپیکەل ونائاشکرایەی لەگەل جوولەکانی دەستیدا بەزمانی مرۆڤ لەقەلەم بدەین، دەبێ یەکەمین دەنگ پاش ئەوەی مرۆڤ بەتەواوی دەرکی بەخۆر کردووە، دەنگی (ئاغ-ag)بوو بیت. واتە ئەم دەنگەی شیوەی (ئاغ/ ئاك: سپی ag/ak)ی وەرگرتووە کەلەزمانی تورکیدا هەیە. ووشەی داتاشراوی وەك (ئاغ/ ئار/ مەك/ Ag/ ar/ mak)،(ئاك/ ئار/ مەك- Ak/ ar/ mak)، ئەم نیشانانەیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خالیکی تریش کە پیویستی بە لەسەر وەستان هەیە، بریتیە لە پشت بەستن بەتیزی میژووی تورك بۆ سەلماندنی تیۆری زمانی خۆر. ئەمە خویندنەوەی تیزی میژووی تورکە وەکو راستیەکی سەلمینراو، گومان هەلنەگرو رەگ داکوتاو. لەمەوە، تیۆری زمانی خۆر وەکو کارکردیکی تیزی میژووی تورك باس دەکریت. لەبەرئەوەی تیزی میژووی تورك بەراست و سەلمینراو دانراوە، تیۆری زمانی خۆریش بەراست دادەنریت. لەم رووەوە تیۆری زمانی خۆر تەنها پەیوەندی بەرەگەزی تورکەوە نیە، بەلکو پەیوەستە بەهەموو مرۆڤایەتیەوە. بەوتیشکە دەزانریت کەنەك هەر میژووی زمانی مرۆڤایەتی، بەلکو هەموو میژووی فکریش رووناك دەکاتەوەو دەیگیریتەوە. نەك هەر زمان، بەلکو پەیوەست دەکریت بە سایکۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجیاشەوە. ئەو تیزانەش کە لە کۆنگرەی سێیەمی زمانی تورکیدا بەرەو راگەیاندنی تیۆری زمانی– خۆر باسکراون وداکۆکییان لی کراوەو گفتوگۆیان لەسەرکراوە، ئەمانەن:

| | | |
|---|---|---|
| ١-یوسف زیائۆزەر: | خۆر لەروانگەی ئایین وشارستانیتیەوە | ٣٧-٥٠ |
| ٢-ئیبراهیم نەجمی دیلمەن: | هیلە گشتیەکانی تیۆری زمانی-خۆر | ٥٦-٧٢ |
| ٣-وەجیهە قلیج ئۆغلو: ( خەتیب ئۆغلو ) | ووشەی( ئاتا : باوك )، ( قسەی مندال نیە ) | ٦٤-٦٩ |
| ٤-حەسەن رەشید تانکوت: | لیکۆلینەوە پالیۆسۆسیۆلۆجیەکانی زمان( سۆسیۆلوجیای چاخی بەردین ) بەمیتۆدی پانکرۆنیك، لە روانگەی تیۆری زمانی خۆرەوە | ٩٥-١٣٩ |
| ٥-سەباحەت تورخان: | لیکۆلینەوە توپۆنومیەکانی زمان لە روانگەی تیۆری زمانی-خۆرەوە | ١٤٠-١٤٦ |
| ٦-نایم ئۆنات: | بەراوردکردنی تورکیو عەرەبی بە پێی | ١٥١-١٨٩ |

---

*هەلدەگرت.)) (ئیبراهیم نەجمی دیلمەن، هیلە گشتیەکانی تیۆری زمانی– خۆر، کۆنگرەی سێیەمی زمانی تورکی، ل ٥٦–٧٢؛ وەجیهە خەتیب ئۆغلو، ئاتاتورکی نەمرو شۆرشی زمان، ل ٥٥– ٥٨).*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| | تیۆری زمانی خۆر | |
| ٧-ئەحمەد جەواد ئەمرە: | زاراوە ناسیو تیۆری زمانی-خۆر | ١٩٠ |
| ٨-ئا-ئینان: | (K-V) یاسای کولتوور | ٢٠٩-٢١٢ |
| ٩-ئیسماعیل موشتاق: ماکۆیان | میتۆدی راڤە کردنی تیۆری زمانی-خۆر | ٢١٠-٢٢٣ |
| ١٠-ئاگۆپ دیلاچار: | ئەنترۆپۆلۆجیای زمانی-خۆر | ٢٢٩-٢٦٠ |
| ١١-ئەحمەد عەلی ئاگاکای: | هەندێك لە تایبە تمەندیەکانی زمانی گریکی لەبەرامبەر تیۆری زمانی خۆردا | ٢٦١-٢٧٣ |
| ١٢-حامی دانشمەند: | زمانی ئاماژەو راناوی نەناسراو | ٢٧٤-٢٨٤ |

***ئەو تیزو راپۆرتانەش کە نیردراون بۆکۆنگرەی سێیەمی زمانی تورکی، بەلام دەرفەتی گفتوگۆ لەسەرکردنیان نەبووە، ئەمانەن:***

| | |
|---|---|
| ١-موزەفەر محیالدین دال قلیچ: | کۆلینەوە لەتیۆری زمانی خۆر لە روانگەی ئەو رەخنانەوە کەلە بنەماکانی دەگیرین |
| ٢-ئی. حەقی جەندەی: | پیادە کردنی تیۆری زمانی-خۆر بەسەر میژوودا |
| ٣-سەفوەت ئەنگین: | ماهیەتی زمانی حیتیو پەیوەندیەکانی لەگەل گروپی زمانی ئورال- ئالتاییدا |
| ٤-عیسمەت ۆلوکات: | وانەی ریزمان و نموونە کردەکیەکانی، بە پێی تیۆری زمانی-خۆر |
| ٥-شەرەف ئەرگەنەکۆن: | زمانی تورکی یەکەمین زمانی کولتوورە |
| ٦-سەفوەت تونا: | ئەو ووشە تورکیانەی چوونەتە زمانەکانی خۆرئاواوە |
| ٧-کازم ن. دورو: | لەخۆری خوداوە بۆ خۆری زمان |

٨-باها ئاریکان: کاریگەریی زمانی تورکی لەسەر زمانەکانی جیهان و زمانی ئەتروسك[٣٣]

---

[٣٣] *Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s.XXXI, s.34-35*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـەم ووتارانەشـدا رادەگەیـەنرێ کـە خـۆر شـتیکە (خودایەکـە)، نـەك هـەر کۆمەلی تورکی ئاسیای ناوەراست، بەلکو هەموو ئەو تورکانەش پەرستوویانە کە لەویوە بەجیهاندا بلاوبوونـەوە. باس وبانگەشـەی ئـەوە دەکریت کە ناوی وەك ئاتون، ڤۆدان، بیل(بەل)و ئیل ئۆدین، کەناوی خوداکانی میسر، جیرمان، سـۆمەر، ئەکـەد وئەسـکەندیناڤیا بـوون، هـەر هـەموویان ووشـەی بەرەگـەز تورکین.[٣٤]

لـەکۆنگرەی سـێیەمی زمانی تورکیدا، لـە راپۆرتـی "تیـۆری زمـانی-خـۆرو بەراوردکردنی زمان"یشدا، ئەم بیروریایانە دووبارە دەکرینەوە:

" هەموو ئەو زانا بیگانانەی لە لیژنەکەدا بوون، کۆکن لەسەر ئەوەی تا کۆلینەوەیەکی قوول و بنـەرەتی لەسـەر زمانی تورکـی نـەکریت، تویژینـەوەی زمانـە هینـدو ئـەوروپیو حـامی-سـامییەکان و، لیکۆلینـەوە زمانەوانیـەکان بەگشتی کەم وکورت دەبن."[٣٥]

لیژنەکە بەم راپۆرتـەی خـۆی دەیـەوێ بلیـت. زانـاو پسـپۆرە بیگانـەکانی زمـانیش تیـۆری زمـانی خـۆر قبـول دەکـەن. لـە راسـتیدا زانـا بیگانـەکان لەکۆنگرەی سێیەمی زمانی تورکیدا، هیچ قسەیەکیان لەسەر تیۆری زمـانی خـۆر نـەکردووە. تـەنیا ووتـاری پیاهـەلدان و سـتایش کردنـی ئاتاتورکیـان پیشکەش کردووە.[٣٦]

## *IV*. چەند نموونەیەك لەو نووسینانەی بە پێی تیۆری زمانی- خۆر نووسراون.

ژمارەیەکی زۆر نووسین لەسـەرو بـەپیی تیـۆری زمـانی- خـۆر نووسـراون. پیشبرکێی جۆربەجۆر لەسەر ئەو بابەتانە ریکخراوە. لیرەدا چەند نموونەیـەك

[٣٤] ***Ucuncu Turk Dil Kurultayi**, s.40 vd.*
[٣٥] ***Ucuncu Turk Dil Kurultayi**, s. 342*
[٣٦] ***Ucuncu Turk Dil Kurultayi**, s. 278-328*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو نووسینانەی بەپێی تیۆری زمانی خۆر نووسراون، هەروەها لەو پێشبڕکێیانەش کەلەسەر ئەم بابەتە ڕێکخراون، پێشکەش دەکەین.

**نموونەی یەکەم:**

چەند پرسیارو وەلامیکی پرۆفیسۆر ئیبراهیم نەجمی دیلمەن(نوینەری بوردور)، لەسەر تیۆری زمانی خۆر.[٣٧]

ئامانجی بنەرەتی گەورەی تیۆری زمانی خۆر، بریتیە لە سەلماندنی ئەوەی کە زمانی تورکی سەرچاوەی گشتی بووە بۆ زمانەکانی سەر ڕووی زەوی.ئەو زمانەی قسەی پیدەکریت و پێی دەنووسریت، لەو ووشانە پیك دیت کە خەلك دەیانزانن و بەکاریان دینن و لە ماناکانیان دەگەن.لە زمانی ئاخاوتن و زیندووی ئەمرۆدا ووشەی وەکو( *Nite*، *Kacan*، *Kangi* ) جێیان نەبۆتەوە، کەهیچ گومانیك نیە لەوەی تورکین. کەوابێ سەلماندنی تورکی بوونی ووشەیەك کەوا دەزانری عەرەبی یا فارسی یاخود فەرەنسی‌یەو خەلکیش پێی ئاشنانین(واتە نایزانن)، مانای ئەوە نیە دەبێ لەزمانی ئاخاوتن و نووسیندا وەربگیریت. بۆ نیشاندانی ئەم مەسەلەیە، هینانەوەی چەند نموونەیەك بەسوود دەبی .

**١-ووشەی (*Soley*)**: ئاشکرایە ئەم ووشەیە، کە لە فەرەنسیدا بەشیوەی ***(Soleil)*** دەنووسریت مانای ((خۆر)) دەگەیەنێ . ئەم ووشەیە لەلاتینیدا لە(*Sol*) ەوە دیت. مانای((ڕووناکی و سەرچاوەی جوولە)) دەگەیەنێ. لە دیالیکتی یاقوتی‌ی تورکیشدا ووشەی(سلای *Silay*)هەیە. پیتی(*S* ) لە دیالیکتی یاقوتیدا، دەگۆریت بۆ(*y*) لەدیالیکتەکانی تردا. کەوابێ بەئاسانی دەردەکەوی لەریشەی(ئی-*iy*)یەوە هاتووە کەمانای ڕووناکی دەگەیەنێ.

---

[٣٧] *Ibrahim Necmi Dilmen, Gunes-Dil Teorisi Uzerinde Birkac Sual ve Cevaplari, Ulku, Sayi 39, Mayis 1936, s. 178-183; Ulus, 24 Kanunevvel. 1935; Ulus,Kanunisani 1936; Ayrisa bk: Ibrahim Necmi Dilmen, Gunes-Dil Teorisinin Ana Kanunlare ve Analiz Yollari, Ulku, Sayi 38, Nisan 1936,s. 88-95*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر ئەم بناغەیە دەرکەوتووە کە ووشەی(*Soley*) لەریشەی تورکیەوە هاتووە. لە ژمارەی رۆژی ١٩٣٥/١٢/٢٤ ی (ئولوس:نەتەوە-*Ulus*)دا، لیکۆلینەوەیەکی ئەتیمۆلۆجی زۆر بەنرخ بلاوکراوەتەوەو سەلمینراوە کە ووشەکە لە بنەرەتدا لە زمانی تورکی‌یەوە هاتووە.

لەگەل ئەوەشدا، تا ووشەی(*Gunes*-خۆر) وەستابێ، کە خەلکی تورك پێی راهاتوون، کەس لەمەودوا ووشەی(*Soley*)بەکارناهینیت. بەلام سەلماندنی ئەوەی کە ئەم(*Sol*)ە لەتورکیەوە هاتووە، دەرخستنی حەقیقەتیکی گەورەی زمان و زانستەو لەمەشەوە ئەنجامی گەلیك گرنگ دەکەویتەوە.

٢-**ووشەی ئەلەکتریك:** دیسان ووشەی(*Yaltirik*) لەتورکیدا هەیە کە لە ریشەی(*ay*)یەوە دیت و مانای رووناکی دەگەیەنێ. لەشیکردنەوەی ئەتیمۆلۆجیانەی(ئەلەکتریك)ەوە دەردەکەوێ کە لەگەل ئەو ووشەیەدا هەمان بونیادی هەیە. لە ژمارەی (١٩٣٦/١/١٩)ی(ئولوس)دا، سەلمینراوە ئەم ووشەیەش لە ریشەی تورکیەوە هاتووە.

ووشەی(ئەلەکتریك) لەوولاتی ئیمەشدا، ووشەیەکە هەموو کەس دەیزانێ و بەکاری دینی. ئا لەبەر ئەمەیە پیویستە ئەم ووشەیە وەکو ووشەیەکی تورکی لە فەرهەنگی تورکیدا وەربگیریت.

دەبینین لە مەسەلەی قبولکردنی ووشەیەکدا تەنها شیکردنەوەی و هینانی ووشەکە لەریشەی تورکیەوە کافی نیە. چونکە بەبروای ئیمە زمانە هیندو ئەورووپی و سامیەکان بە گشتی لە رەگی تورکیەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەلام فەرهەنگی زمانی ئاخاوتن و نووسینی تورکیا، تەنها ئەو ووشانە لە ئامیز دەگریت کە لە تورکیادا بەکاردەهینرین و دەنووسرین، یاخود بەکارهینان و نووسینیان بەپیویست دەزانرێ، نەك هەموو ئەو ووشانەی لە ریشەی تورکیەوە هاتوون.

وەکو لەم نووسینەدا بینرا، پرۆفیسۆر ئیبراهیم نەجمی دیلمەن-ی سەرۆکی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی زمانی تورکی و نوینەری(بوردور)، ووشەی وەك(Kacan, Kangi) کە بە ریشە تورکین، وەلاوە دەنێ و بەهەندیان ناگرێ، کەچی خۆی بە ووشەی وەکو (*Soley* و ئەلەکتریك)ەوە ماندوو دەکات و هەول



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدات ووشــەی فەرەنســی وەکــو(ئەلــەکتریك) لــە فەرهــەنگی زمــانی‌تورکیدا وەربگیریت. ئەمە کۆشش کردنـە بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە ریشـەی زمـانی فەرەنسیش هــەر تورکی‌یـە . لـە راسـتیدا ئـەم کۆششـە ریگـە لەگەرانـەوە بـۆ سەرچاوەکانی زمان‌و کولتووری تورکی دەگریت. هەر لەم سالانەدا، لەکاتیکدا کە بانگەشـەی ئـەوە دەکرا هـەموو کولتـوورو شارسـتانیتی‌یەکان لـە ئاسـیای ناوەراستدا دروست بوون‌و لـە لایـەن تورکەکانـەوە بلاوکراونـەتـەوە، مۆسـیقای میللـی تورکـی، لەبەرئـەوەی بـە سـووك‌و بـی‌نرخ دەزانـرا، لـە رادیـۆوە قەدەغـە دەکـراو. مۆســیقای کلاســیکی خۆرئــاوایی بلاودەکرایــەوە، چونکــە هــەموو میللەتـە "خـاوەن کولتــوور"و "شارسـتانی"یـەکانی خۆرئـاوا، گوێیـان لـە مۆسیقای کلاسیکی خۆرئاوایی دەگرت، نەك مۆسیقای میللی تورکی[٣٨]

<u>نموونەی دووەم</u>

بەرامبـەری تورکـی بـۆ ووشـەی تـەژێ و تـەژێ تـەواو (جیـب‌و جیـب تمـام)، سینوس‌و کوسینوس–ە.[٣٩]

لە سکرتاریەتی گشتی دەزگای زمانی تورکیەوە،

ئەم ئیوارەیـە مـاوەی ئـەو پیشبرکێیەی لـە ١٩٣٧/٣/٢٩دا بـۆ دۆزینـەوەی ووشەی تورکی بۆ <u>(تەژێ)</u> و<u>(تەژێ تەواو)</u> راگەیەنرا بوو، تەواو بووە.

سـەدان وەلام وەرگیرا. لـە زۆربەیاندا خـالی راسـت هـەبوو . سوپاسـی ئـەم گرنگی پیدانە بە سوودو زۆر جدی‌یە دەکەین. لە خوارەوە ، ئەو نووسینەی بە راسـتترین نووسـین قبـول کـراوە، وەکـو خـۆی تۆمـار دەکـەین. ئـەو وینـەو هیلکاریانـەی تایبـەتن بـەم نووسینە، لـە رۆژنامـەی <u>ئولوس</u> دا بلاودەکەینـەوە. ئەو خەلاتەی بۆ پیشبرکی کە دانرابوو ، بەناوی خاوەنەکانی ئەم نووسینەوە، لە (بانکی ئیش)دا دانراوە.

حەسـەن رەشـید تـانکوت بـە نوینەرایـەتی گشـتی دەزگـای زمـانی تورکـی *TDK*،

بۆ سکرتاریەتی گشتی *TDK*،

---

[٣٨]*Kemal Tahir, Yol Ayrimi, 2. bs.Sander Yayinlari, Istanbul 1973, S.81*

[٣٩]*<u>Aydin Tarihi</u>, Sayi 41, Mayis 1937, s. 19-21*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ووشەی توركی بۆ (تەژێ–جیب) و (تەژێ تەواو–جیب تمام) بریتیە لە (سینوس) و (كۆسینوس).

روونكردنەوەكەی بە كورتی ئەمەیە: ووشەی (*Sinmek*) لە دیالیكتی یاقوتیدا، بەتەنها ووشەی (*sin*) مانای (*cokmek*: هەرەس هینان، نزم بوونەوە، رووخان) و(*cekilmek*: كشانەوە، بچووك بوونەوە ) دەگەیەنێ. (پیتكارسكی)* ووشەی (*sunec*) و شیوەكانی تری(*Sinus- Sins- Sinis*) كە ئەمرۆ لە ئانادۆلدا بەمانای لاستیكی(نەرم) بەكاردەهینرین، داتاشراوەكانی (*sinmek*)ن. (*singir*) كە مانای شاراوە، دزەكردوو، دەزوو یا پەت دەگەیەنێ (پیتكارسكی)، هەروەها (*Sinir*: دەمار–عصب) كە شتیكی لاستیكی‌یە، هەر هەموویان لەو رەگەوە داتاشراون.

ئەگەر ئەو پیتە دەنگدارەی لە سەرەتای شیوە ئەتیمۆلۆجیەكەی ووشەی (*Sinmek*)دا هەیە، لە شوینی خۆی دانریت، ووشەكە شیوەی (*esnemek, esinmek*) وەردەگریت. مانای ئەمەش بریتیە لە (نەرمی، لاستیكی بوون). (*esnemek*) , (*sinmek*) لەبنەرەتدا هەمان ووشەن.

هەموو دنیا دەزانێ، كەوان كۆنترین چەكی توركەكانە. توركەكان بە ژێی كەوانەكانیان گوتووە (سینووغ–*Sinug*) ، (سینووس–*Sinus*). چونكە ژێ لاستیكی‌یە. بۆ هاویشتنی تیر، لە ناوەراستەوە رادەكیشرێ‌و دەچەمینریتەوە. لای زمانەوانە توركەكان ئاشكرایە كە پیتی (*G*) دەگۆرێ بۆ (ج–*C* ، س–*S* ، ش–*S*) و هاوشیوەكانیان. كەوان لەگەل ژێ–كەیدا، بیجگە لەوەی شیوەی چەماوەیەك بیت لەگەل ژێ كەیدا، هیچی تر نیە. لەبەرئەوەیە بەو (لا)یەی كە دەبیتە ژێی سیگۆشەیەكی پیكهاتوو لە ژێی چەماوەیەك لەگەل دوولای تردا كە نیوە تیرەی چەماوەكەن، گوتراوە (سینوس).

كۆسینوس لە واژەی ئاویتەی (كۆ– سینوس) دروستكراوە. سینوس دەزانین. ببینە سەر كۆ: ئەم ووشەیە لە توركیدا مانای هاوریژەو هاوئاهەنگە. (رادۆلف، كتیبی دووەم، دیالیكتی تەكەڤووت)

---

* *هیچ پەراویزو روونكردنەوەیەك لەسەر ئەم ناوە لەدەقە توركیەكەدا نیە، رەنگە ناوی نووسەریك یاخود دانەری فەرهەنگی زمان یاخود بیت‌و مانای ووشەكان لەو وەرگیرابیت.*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سینوس‌و ئەو لایەی ناوی نراوە (کۆسینوس)، ئاهەنگ‌و پەیوەندیەکی نەگۆڕیان لەنیواندا هەیە. لە راستیدا کە (سینوس) لە کەوانیکدا هەبیت، کۆسینوس جیگەی نابیتەوە. ئەو کاتەی تیر خرایە ناوەراستی کەوانەوەو بەرەو دواوە راکیشرا،کۆسینوس دەست بە دروست بوون دەکات.

برگەی (کۆ)ی کۆسینۆس، لە فەرهەنگی ئەتیمۆلۆجیای زمان–ی لاتینیدا نیە. فەرهەنگی گەورەی ویبستەر– *Webster* ی ئینگلیزی، بۆ روونکردنەوەی (کۆ– *co*) دەنووسی لە (*Compelementis Sinus*)ەوە هاتووە کەمانای تەواوکەری سینوس دەگەیەنیٚ. ئەمە لە حالیکدایە کەوەکو گوتمان ووشەی (کۆ–*Co*) ، برگەی یەکەمی ووشەی (*Complement*) نیە. ووشەیەکی سەربەخۆی تورکی‌یە. ئەگەر لە ریٚی نزیك کردنەوەوە دەسکاری کردنی ووشەکە پیویست بووایە، راستتر وا بوو قبول بکریت کە (*Co*) نزیکایەتیەکی تەواوی لەگەل ووشەکانی (*Kansu*،*Komsu*: هاوسیٚ) دا هەیە پتر لە (*complement*). لە راستیدا سینوس‌و کۆسینوس ئەو دوولایەن کە دوو لای گۆشەیەکی وەستاو پیك دینن‌و پەیوەندی هاوسیٚیەتی تەواو و هاوئاهەنگیان لە نیواندایە. لەگەل ریزی بی پایانماندا.

***کۆلیجی زمان‌و جوگرافیا و میژووی ئەنقەرە***
***فەهمی گوڤەن، وەجیهە قلیج ئۆغلو، حسەین ئاری تورك***
***لە تویژەرەوەکانی تورکۆلۆجی***

ئەگەر ئەوەمان لە بیربیت کە یەکیك لە براوەکانی ئەم پیشبرکیٚیە، واتە وەجیهە قلیج ئۆغلو (پرۆفیسۆر د. وەجیهە قلیج ئۆغلو)، ئەمرۆ پرۆفیسۆری زمانی تورکی‌یە لە کۆلیجی زمان‌و میژوو وجوگرافیا و ئەندامی دەستەی بەریوەبەری دەزگای زمانی تورکی‌یە، باشتر تیدەگەین کە بە چ شیوەیەك هانی "زانست)) خوازی دەدریٚ‌و کام جۆرە زانیاریانە بە ((زانست)) لە قەلەم دەدرین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٧- پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمال،
## تاکە پیوەری ((راستی))و حەقیقەت

لە کۆنگرەکانی زمانی تورکیشدا، وەکو کۆنگرەکانی میژووی تورك، هەرگیز فاکتەکان وەکو پیوەری راستیو حەقیقەت بەباری سەرنج وەرنەگیراون. راستیو حەقیقەت تاکە یەك پیوەریان هەیە. ئەویش مستەفا کەمالە. لە کۆنگرەی سێیەمی زمانی تورکیدا، ناوی (کەمال *Kemal*)یش بەپێی تیۆری زمانی خۆر گۆردراوەو کراوە بە (کامال *KAMAL*) ئاتاتورك.

**با چەند نموونەیەك لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کامال ئاتاتورك وەکو تاکە پیوەری راستیو حەقیقەت، پیشکەش بکەین:**

" بەلگە بۆ سەلماندنی تیۆری زمانی خۆر گەلیك زۆرە بەلام بەهێزترین بەلگە لەو کەسەوە کە خۆری وەکو سەرچاوەی زمان نیشاندایین، لە خودی خۆرەوە، لە (خۆرەکەی خۆمان)ەوە وەردەگرین کە هەرگیز خۆرگیرانی بە خۆیەوە نەدیوە"[٤٠]

" ئاتاتورك بریقەدارترین پرشنگی ئەو نورە ئاسمانییەیە کە بەسەر رووی زەویدا پەخش دەبیتەوە، هەر ئەویش گەنجینەیەکی دەگمەنی حەقیقەتە بۆ میللەتی تورك.( چەپلەی بەهێز) هەر بەرکەوتنیکی (لمس) کەمخایەن، چەندین راستی لەو–دا دەدۆزیتەوە، لە میشکی ئەودا ئاگریك هەیە. ئاگریك کەوەك هەلدەگیرسیو دەسووتیو هەلدەچی لەبەرئەوە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لەبەردەمی ئاگرو بلیمەتیەکی گەورەی ئاگر خولقیندا بچەمیینەوەو لە ناخی دلەوە سوپاسو پیزانی بی پایانمان عەرزبکەین." (چەپلە)[٤١]

---

[٤٠] *Ahmet Ali Agakay, Gunes-Dil Teorisi Karsisinda Grek Dilinin Bazi Hususiyetleri, Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s. 273*

[٤١] *Yusuf Ziya Ozer, Din ve Medeniyet Bakimindan Gunes, Ucuncu, Turk Dil Kurultayi, s. 48*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" لەسەردەمی ئەمرۆماندا، ئەو میللەتانەی دەیانەوی بژین، بەتوندی میژووی خۆیانو زمانی خۆیان کە رەنگدانەوەی هەموو شتیکی میژووەکەیانە، لە ئامیز دەگرن. زانستی زمان، دوورترینو تاریکترین سووچەکانی میژوو رووناك دەکاتەوە لەبەردەمی تیشکەکانی زیرەکیی تورکی مەزندا، کە لە هەموو مەسەلەیەکدا وەکو خۆر وابووە بۆمان، بەریزەوە کورنوش دەبەم."[٤٢]

" ئاتاتورك، ئاتاتورك سویندمان بۆ تۆ خواردووە (سویند خۆری تۆین) خوینمان لە سەرچاوەی خۆری تۆوە دیت."[٤٣]

" لەرۆژیکدا کە میللەتی تورك، ئەو میللەتەی رەسەنترین، بەتواناترین، بەکارترینو فیداکارترین میللەتی سەر زەوییە، لەسەر لیواری مەرگ راوەستابوو، میژوو سەرکردەیەکی پایە بەرزی بەم میللەتە میژوو خولقینە بەخشی. (چەپلە)

رزگارکەرە مەزنەکەمان، بوونی ئیمەی لەو لیوارە قوتارکرد." (چەپلە)

" لەورۆژەوە ریکەوتنیك لە نیوان میللەتو ئەم رۆلە رەسەنەیدا هەیە.

سەرۆکی مەزن هەموو بوونی خۆی بۆ بەرەوپیش بردنی کاروباری رزگاریو بەرزکردنەوەی میللەتی تورکو، گەیاندنی بە ئاستی بالای شارستانی، تەرخان کردووە، میللەتی تورکی پایە بەرزیش سویندی خواردووە، بەرەو رزگاربوون لە هەموو تاریکیەکان، بیترس دوای ئەو رینیشاندەرە مەزنە بکەویت کە تامردن پیشرەوایەتی دەکات.))[٤٤]

" ئەم زمانە، زمانی غازییە کە رەسەنترینو بالاترین بەهاو بوونی نویی تورکە (چەپلە)، ساغترین(تەندروستترین)و زیندووترینو کۆنترین زمانە."[٤٥]

---

[٤٢] *Ucuncu Dil Kurultayi* 6-7

[٤٣] *Ahmet Cevat Emre, Terminoloji ve Gunes-Dil Teorisi, Ucuncu Turk Dil Kurultayi, s. 201*

[٤٤] *Ikinci Turk Dil Kurultayi, Turk Dil Yetkik Cemiyeti Reisi ve Maarif* 8

[٤٥] *Hakki Nezihi Bey, Turkcenin Diger Dillerle Alaka ve Munasebeti, Birinci Turk Dil Kurultayi, s. 139*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"  بەریزەوە سلاو لە سەرۆکی خاوەن شکۆی کۆماری تورکیا و سەرۆکی بلیمەتی جیهانی زانستی تورکی دەکەم."[٤٦]

وەکو لەم ووتارەو نووسینانەوە بەروونی دەردەکەوی، مستەفا کەمال و قسەکانی وەك تاکە پیوەری حەقیقەت و راستی و، پیوەری تاقانە وەردەگیرین. هیچ حەقیقەت و راستیەك بەدەر لەمە قبول ناکریت. بەم شیوەیە ویست و ئارەزووەکانی مستەفا کەمال، بیرۆکەکانی، ئەو بیرورایانەی ئەو دەیەوی بسەلمینرین، وەکو راستی و حەقیقەت حسابیان بۆ دەکریت. ئەم بیرۆکەو بیرورایانە دەخرینە جیگەی راستی‌یە بابەتی و راستی‌یە کۆنکریتی‌یەکان. ئەمەش هەلویستیکە، بەهیچ جۆریك لەگەل بیری زانستیدا ناگونجیت. چونکە لە میتۆدی زانستیدا کەسەکان، بەریوەبەرانی دەولەت، ناتوانن ویست و ئارەزووەکانیان، بیروراکانیان، ئەو شتانەی بە حەزی ئەوان بی "دەبی ببن"، بخەنە شوینی راستیە بابەتیەکان و راستی‌یە کۆنکریتیەکان. ئەگەر وانەبی بەتەواوی لە بواری میتۆدی زانستی دوور دەکەونەوەو دەچنە بواری ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەتەوە. بەمجۆرە ئەم کۆنگرانەش، واتە کۆنگرەکانی میژووی تورك و کۆنگرەکانی زمانی تورکیش تەنها کوششیکن بۆ پیاهەلدانی مستەفا کەمال و پشت راستکردنی بیروبۆچوونەکانی. لەبەر ئەوەی بیرو بۆچوونیکە کە ویست و ئارەزوو دەخاتە شوینی فاکتەکان، چاری نیە جگە لەوەی لەهەولی سەلماندنەکانیدا پەنا بەریتە بەر زۆر لەخۆکردن. پاشتر هەندی نووسەر باسی ئەم زۆر لەخۆکردنانەیان کردووە.

بۆ نموونە فالیح رفقی ئاتای لە ووتاریکدا کە لە پەنجاکاندا نووسیویتی، ئاوا دەلیت:

"  یەکسەر هۆی باوەشکردنی ئاتاتورك بەبیرۆکەی زمان و میژوودا و، بەجی‌هیشتنی میراتی خۆی بۆ دەزگاکانی زمان و میژوو، بەرچاوتان دەکەوی. بۆ ئەوەی تورك بەکەسیتی خۆی و بەوەی کە دەتوانی لە دەرەوەی جیهانی

---

[٤٦] *__Birinci Turk Dil Kurultayi__* *14*, *__Birinci Turk Dil Kurultayi__*, *s. 247*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆرهەلات– ئیسلام کۆمەلگەیەکی شارستانی بنیات بنی، بروابهینی، دەبوو باوەر بە زمانو میژووی خۆی بکات. ئاتاتورك لە پیناوی ئەوەدا کە میللەتەکەی لە هەستی خۆ بەکەم زانین رزگار بکات، سلی لەوەش نەکردۆتەوە کە جارجار زیادە رەوترین ئیدیعاکانی میژوونووسو زمانەوانەکان قبول بکات.

ئاتاتورك پیی لەسەر خالیك زۆر دادەگرت. دەبوو روون بکریتەوە کە ئەو ووشانە لە زمانی تورکیدا دەمیننەوە، لە بنەرەتدا تورکین. یەکیك لەو مەسەلە دەگمەنانەی لەگەل ئاتاتورکدا لەسەریان ریك نەدەکەوتین، ئەمەبوو. من لەو باوەرەدا بووم ووشە بیگانەکان هیچ زیانیك بە نەتەوەیی بوونی زمانیك ناگەیەنن.هەرگیز گومان لەوەنەبوو کە تورکی دەبیتە یەکیك لە زمانە سەربەخۆکان. هەر لەبەر ئەوەشە دەلیم زۆرکردن لەیاسا سروشتیەکانی* زانستی زمان، بیسوود بوو. لەبەر ئەم روونکردنەوە بەزۆر دروستکراوانە، من نرخم بۆ ئەو تیۆری زمانی خۆرەی ئەو باوەشی پیداکردبوو، دانەدەنا."[٤٧]

ئامانجی سەرەکی تیۆری زمانی– خۆریش، وەکو تیزی میژووی تورك، بریتیە لە بنیاتنانی پایە سەرەکیەکانی ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت. هەولدانە بۆ وورەدانە بەر نەتەوەی تورك کە گوایە چەندین سەدە پشت گوی خراوەو بەچاوی سووك تەماشای کراوە. هەولدانە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نەتەوەی تورك، نەتەوەیەکی‌ی "چەند رەسەنو بالاو دیرینو رەگ داکوتاوە". لە کۆنگرەی یەکەمی زمانی تورکیدا، ئەو ووتارەی** بە ناوی کۆنگرەوە

---

* *لە دەقە تورکیەکەدا (batii) نوسراوە کە هیچ مانایەك ناگەیەنیت. دیارە هەلەی چاپەو راستەکە یان (bati: سەخت، لەسەرخۆ)، یاخود(tabii: طبیعي، سروشتی)یە. دیارە ئەوەی دووەمیان زیاتر لەگەل مانای رستەکەدا دەگونجیت.*

[٤٧] ***Falih Rifki Atay, Ataturk ve Dil, Turk Dili, Sayi 3, Aralik 1951, s. 7-10***

** *دواتر لە پەراویزی ژمارە (٤٨) دا کە ئاماژە بە سەرچاوەی ئەم ووتارە دەکات، نووسراوە کۆنگرەی دووەم. هەروەها کە نووسەر لەچەند دیری دوای دەقە وەرگیراوەکەدا باسی ئەم ووتارە دەکات، دیسان دەلیت لە کۆنگرەی دووەمدا بووە، نەك یەکەم. بروانە پەراویزی خوارەوە:*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خویندراوەتەوە، یاخود راستتر، بریاری کۆنگرە،  لە روانگەی راگەیاندنی ئەو هەستانەوە گرنگە.

"   لە هەموو ووشەیەکی تورکی پەتیدا، رابوردووی تورک دەژی. ئیمە کەئەو ووشانە دەبیستین، وا هەست دەکەین گویمان لە  دەنگی باپیرانمانە، لە ناو گۆرەکانیانەوە بانگهیشتمان دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە مەزنانەی خۆیان ئەنجامیان داون."[٤٨]

ئەم ووتارە کە بەناوی کۆنگرەوە خویندراوەتەوە، پیویستی بە لەسەر وەستانیکی وورد هەیە. دەبی قسەیەکی وەك "   واهەست دەکەین گویمان لەدەنگی باپیرانمانە، لەناو گۆرەکانیانەوە بانگمان دەکەن و بانگهیشتمان دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە مەزنانەی خۆیان  ئەنجامیان داون"، چ مانایەك بگەیەنی؟ وەکو زانراوە بەپیی تیزی میژووی تورك، سەرچاوەی شارستانیتی لە ئاسیای ناوەراستە. لانکەی یەکەمی کولتووری  بالا لە جیهاندا، نیشتمانی یەکەمی تورکەکانە لە ئاسیای ناوەراست و، دامەزرینەران و دروستکەران و پەرەپیدەرانی شارستانیتی و بلاوکراوەکانیشی بە جیهاندا، تورکەکانن. هەموو شارستانیتی‌یە کۆنەکانی جیهان لەلایەن تورکەکانەوە دامەزراون. تیۆری زمانی- خۆریش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو شارستانیتی و کولتوورانە، لە ریگەی زمانی تورکی‌یەوە بلاوبوونەتەوە و پەرەیان سەندووە، لەریگەی زمانی تورکیشەوە هینراونەتە سەر زمان (راگەیەنراون). بۆیە لە کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکیدا، تامەزرۆیی بۆ دووبارە  ئەنجامدانەوەی ئەو کارانەی لە کۆنەوە لەلایەن باپیرانەوە ئەنجامدراون و، گەیاندنی دووبارەی گەیاندنی شارستانیتی بە جیهان و، بەجی‌گەیاندنی ئەرکی بە شارستانی کردنی جیهان، باس دەکرین. ئەم تامەزرۆییە لە کۆنگرەکانی دواتریشدا باسکراوە. بۆ نموونە لە کۆنگرەی چوارەمی زمانی  تورکیدا ئیسماعیل حەقی بالتاجی ئۆغلو، ئاوا دەلیت:

"   ئیستا باشتر دەنگی تورك دەبیستم.
ئەی تورك بروات بە خۆت بی!

---

[٤٨]*Ikinci Turk Dil Kurultayi, Turk Dilli, Sayi 8, TDTCB, s. 105*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی تـورك مەوەسـتە بخولقینـە!" (دەنگـی: براڤـۆ، چەپڵـەی بەهێز)[٤٩]

لـە کۆنگـرەی پێنجـەمی زمـانی تورکیشـدا، لـە شـیعرێکدا کـە مامۆسـتا مەلاحـەت سـەزەنەر نووسـیویەتیو خوێندویتیـەوە، بـاس لـەوە دەکرێـت کـە "زمانی تورکی، زمانی رەسـەنی خودایـە"، لـەم رووەشـەوە "لەهـەموو زمـانێك بەرزترە".[٥٠] هەر لەم بارەیەوە، لە ووتارێکدا کە لە کۆنگرەی دووەمی زمانی تورکیدا بە ناوی (سوپا– جیش) ەوە خوێندراوەتەوە، ئاوا دەگوترێ:

" دوا ووشـەمان: داوای سـوپای کۆمـاری تـورك ئەوەیـە بـەرێوەبردنو کاروباری لەشکری بە زمانی تورکیو فەرمانو سەرکردایەتی بە زمانی تورکی بێت. سوپای تورك دەیەوێ چەند بەدڵو بەخوێن تورکە، ئەوەندەش بەزمان تورك بێت. لەو شەرەدا کە سەرکردەکەمان بۆ رزگارکردنی زمانە رەسـەنەکەمان لە دەسەڵاتی بێگانەو، دەرکردنی بێگانە لە زمانەکەشماندا هەڵی گیرساندووە، سەرکەوتن مسۆگەرە." چەپڵەی توندو بەردەوام[٥١]

بیرو بۆچوونـەکانی تـیزی مێـژووی تـوركو تیـۆری زمـانی خـۆر ئـەوەندە وورەی گوێگرانـی کۆنگرەی بەرزکردۆتـەوە کـە لـە کۆنگـرەی یەکـەمی زمـانی تورکیدا ئـەندامانی کۆنگرەکە داوایـان کـردووە لـە راپۆرتـی ئـەو لیژنەیـەدا کـە کۆنگـرە بۆ لێکۆڵینـەوەی "پـەیوەندی زمـانی تورکـی لەگـەڵ زمانـەکانی تـردا" دایمـەزراندووە، دەبـێ لەسـەدا سـەد رسـتەیەکی وەکـو "زمـانی تورکـی سەرچاوەی زمانەکانی تر بووە"، هەبێت.[٥٢]

---

[٤٩] *__Dorduncu Turk Dil Kurultayi,__ 10 Agustos- 12 Agustos 1942, Ankara, 1943 99*

[٥٠] *__Besinci Turk Dil Kurultayi,__ 26 Kasim-30 Kasim 1945, Birlesmler, Tutanaklar, Tezler, Cumhuriyet Basimevi, Istanbul 1946, Melahat Sezener Tarafindan yapilan konusma, s. 154*

[٥١] *__IKinci Turk Dil Kurultayi, Turk Dili,__ Sayi 8, TDTCB, s. 87*

[٥٢] *__Birinci Turk Dil Kurultayi,__ . 438*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لەم میانەدا، ژمارەیەکی زۆریەکی زۆر بلاوکراوە لەبارەی تیۆری زمانی خۆرەوە دەرچوون. دەتوانین ئەو بلاوکراوانە بەم شیوەیە ریز بکەین:**

**ئەحمەد جەواد ئەمرە:** **بەراوردکردنی تورکی لەگەل زمانی هیندو ئەورو پیدا، دەزگای زمانی تورکی (*TDK*)، ئەنقەرە ۱۹۳٤**

**نایم ئۆنات:** **پەیوەندی زمانی تورکی لەگەل زمانە سامیەکاندا، *TDK*، ئەنقەرە ۱۹۳٤**

**ئیبراهیم نەجمی دیلمەن:** **هیلە گشتیەکانی تیۆری زمانی خۆر، *TDK*، ئەنقەرە ۱۹۳٦**

**حەسەن رەشید تانکوت:** **لیکۆلینەوە سۆسیۆلۆجیەکانی زمان بە میتۆدی پانکرۆنیك، لە روانگەی تیۆری زمانی خۆرەوە، *TDK*، ئەنقەرە ۱۹۳٦**

**نایم ئۆنات:** **بەراوردکردنی تورکیو عەرەبی بە پێی تیۆری زمانی خۆر، ئەنقەرە ۱۹۳٦**

**ئا. ئینان:** **تیکستی وانەکان بە پێی تیۆری زمانی خۆر، *TDK*، ئەنقەرە ۱۹۳٦**

**حامی دانشمەند:** **یەکیتی رەچەلەکی تورك و هیندو ئەوروپاییەکان، ۲ بەرگ، چاپخانەی دەولەت، ئەستەموول ۱۹۳۵-۱۹۳٦**

### *VI*. ئەو زمانەی خیلە ناشارستانیەکان قسەی پیدەکەن پیویست نیە

لە کۆنگرەی یەکەمی زمانی تورکیدا، لەلایەکەوە باسی کۆنیو بەرزیی زمانی تورکی دەکریتو داکۆکی لەوە دەکریت کە زمانی تورکی هەموو زمانەکانە، لەلایەکی تریشەوە ئەوە ئاشکرا دەکریت کە کۆنگرەکە تەنها خۆی بە زمانە بالاکانو زمانی نەتەوە خاوەن شارستانیەکانەوە خەریك کردووەو خۆی بەو زمانانەوە ماندوو ناکات کە "خیلە ناشارستانیەکان" قسەیان پیدەکەن. جەلال ساهیر بەگ لەم بارەیەوە ئاوا دەلیت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"  بیگومان ئەو زمانانەی خیلە ناشارستانیەکان قسەیان پی دەکەن، پیویست نین."[٥٣]

لە کۆنووسەکانی کۆنگرەکەوە دەردەکەویت کە خیلە "ناشارستانی"یەکان کوردەکانن و ئەو زمانەش کە "لەلایەن خیلە ناشارستانیەکانەوە قسەی پیدەکریّ و لەبەر ئەوەش بی نرخە"، زمانی کوردی‌یە.

لە کۆنگرەکانی زمانی تورکیشدا وەکو کۆنگرەکانی میژووی تورك، لە کاتیکدا زوو زوو ئەوە دووبارە دەکریتەوە کە "هەموو کەس تورکە، لەبەرئەوەش قەومیك نیە ناوی کورد بیت"، بەلام جار جارو بەکردەوە سووکایەتی بە کورد دەکریّ و بەچاوی سووك تەماشای دەکریت. بۆ نموونە س. فەتحی گۆکچایلی لە کۆنگرەی چوارەمی زمانی تورکیدا ئاوا دەلیت:

"  هەر چەندە دیالیکتەکانی ئاڤار، گەچەن،، لەزگی، کوموك، نۆگای، قیرغیز، تاجیك، ئۆزبەك– باشکرت، ئۆستیاك، ڤۆتیاكو تەپتەر هەموویان تورکین، بەلام بەهۆی جیاوازی بچووك بچووکەوە، ئەمرۆ ئەگەری لیك تیگەیشتن لە نیوان ئەم زمانە جیاوازانەدا زۆر سەخت بووە. بەلام پەیوەندیە ئایینی‌یەکان و یەکیتی داب و نەریتی نەتەوەیی، توانیویانە تورك بوونیان بپاریزن.

ئەم تورکانە کە هەموویان لەیەك خیزانەوە (لەیەك  خیلەوە) کەوتوونەتەوە، ئەگەر دیالیکتەکانیان یەکگرتوو بووایە، بەتەنها ناوی تورکی تورکستان و تورکی قەوقازیان لی دەنرا. پارچە پارچە نەدەبوون بۆ ئەو هەموو خیلە. لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا کوردو لازو چەرکەزەکان کە بە رەچەلەك کوردن، ئازادی زمانیان پیدرابوو، ئەگەر لە سەردەمی ئیمەشدا لە ژیر کاریگەری ئەو سەربەستی زمانەدا بهیلرانایەوە، دانە دواوەیەك بۆ یەکپارچەیی زمانەکەمان تۆمار دەکرا.

هەرچەندە جیاوازیەکی دیالیکتی‌ی بچووك لە نیوان شیوە زمانەکانی دەریای رەش، ئایدن، خۆرهەلات، باشوور،کاستامۆنو، ئانادۆلی ناوەراستدا هەیە، بەلام دەبیّ هەموویان بگۆردرین بۆ شیوەی ئەستەموولی."[٥٤]

---

[٥٣] *__Birinci Turk Dil Kurultayi,__ s. 438*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم قسانە دەرکەوتەیەکی ئاشکرای ئەو نازانستی بوونو بێ میتۆدیو دژایەتیە بنەرەتیانەن کە هەم لە کۆنگرەکانی میژووی تورکو هەم لە کۆنگرەکانی زمانی تورکیدا بەرچاو دەکەون. سەبارەت بە کوردەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا دەلین "کوردەکان هەرچەندە لە بنەرەتدا خۆیان تورکن، ئازادی زمانیان پیدرابوو". ئەگەر لە بنەرەتدا تورك بن، چی لەوە سروشتی ترە زمانیان سەربەست بیت؟

دژایەتی دووەم کە لەم ووتارەدا بەر چاو دەکەوی، قەدەغەکردنی زمانی "کوردە بەبنەچە تورکەکان"ە پاش دامەزراندنی کۆمار. بۆچی زمانی ئەم کۆمەلە، کە لە بنەرەتدا تورکن، قەدەغەکراوە. دژایەتییەکی تریش لەم رستەیەوە دەکەویتەوە: "هەرچەندە جیاوازیەکی دیالیکتیی بچووك لە نیوان شیوە زمانەکانی دەریای رەش، ئایدن، خۆرهەلات، باشوور، کاستامۆنوو ئانادۆلی ناوەراستدا هەیە، بەلام دەبی هەموویان بگۆردرین بۆ شیوەی ئەستەموولی". لەلایەکەوە رادەگەیەنری کە کورد لە بنەرەتدا تورکە بەلام زمانی قەدەغەکراوە، لەلایەکی ترەوە رادەگەیەنری کە "جیاوازیەکی دیالیکتیی بچووك" لە نیوان زمانی خۆرهەلات (واتە کوردی)و بۆ نموونە زاری کاستامۆنوو ئایدندا هەیە. ئایا "جیاوازیەکی دیالیکتی بچووك" پیویستی بەوە هەیە ئەو زمانە قەدەغە بکرێو ریگە لە ئاخاوتنو نووسین بەو زمانە بگیریت؟ لە نیوان شیوەی ئەستەمووليو شیوەی کاستامونوشدا ئەوەندە جیاوازی دیالیکتی هەیە. ئایا زاری کاستامونوش قەدەغە دەکریت؟

وەکو بینرا لەم پاراگرافە بچووکەدا، سی دژایەتی گەورە هەیە. دوو رستەی یەك لە دوای یەك لەگەل یەکتردا دژو ناکۆکن. هۆی سەرەکی ئەم دژایەتییەش، بیجگە لە رەتکردنەوەی راستیە بابەتیو راستیە کۆنکریتییەکان، هیچی ترنیە.

هەرچی جیگەی زمانی کوردیشە لە نیوان زمانەکانی جیهاندا، بەروونی لەم تابلۆیەی خوارەوەدا دەبینریت:

---

(٥٤) *S. Fethi Gokcayli, Dil Inkilabi Programi ve Gramerin Dildeki Onemi,* ***Dorduncu Turk Dil Kurultayi****, s. 299*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکری زمانەکانی جیهان لە چوار گروپ (خیزانە زمان)ی سەرەکیدا کۆبکرینەوە.

لەم نیوانەدا زمانی کورد دەکەویتە ناو گروپی (زمانە رۆنانکارەکان)ەوە، واتە زمانە هیندو ئەوروپاییەکان.[55]

**I گروپی زمانە رۆنانکارەکان (اللغات التصريفيه)*، زمانە هیندو ئەوروپییەکان.**

**ا-زمانە منگەکان**

**(ئەو زمانانەی دەنگی مەلاشوو بەکاردینن)**

١-زمانە جیرمانیەکان.

٢-زمانە سلاڤی و بالتیکییەکان.

٣-زمانە کەلتییەکان.

٤-زمانە ئیتالیەکان.

ا.ئیتالی.

ب.فەرەنسی.

پ.ئینگلیزی.

ت.ئیسپانی.

**ب-زمانە رەوانەکان**

**(ئەوانەی دەنگی مەلاشوو دەگۆرن بۆ دەنگی تیژ)**

١-حیتی

٢-سۆمەری.

٣-یۆنانی.

٤-سانسکریتی.

٥-فارسی.

٦-ئەفغانی.

٧-ئەرمەنی.

٨-کوردی

٩-ئەلبانی.

---

[55] *لە ئامادەکردنی ئەم تابلۆیەدا، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:*

*A. Dilacar, Turk Diline Genel Bir Bakis, TDK, Ankara 1964, s. 2-3; Suheyla Bayrav, Romen Dillerinin Dogusu ve Gelismesi, IUEF, Istanbul 1967, s. 5-11; The Random House Dictionary of the English Language, Ic Kapak.*

* *برای بەریزم کاک شاهۆ سەعید بەراویژ کردن لەگەل کۆمەلیك لە مامۆستا بەریزەکانی زانکۆی سلیمانیدا، زاراوەکانی ئەم خشتەیەیان کردۆتە کوردی.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**II گرووپی زمانە پاشگر نووسینەکان (اللغات الالتصاقية)، زمانە ئۆراڵ-ئالتاییەکان**

ا.ئۆراڵ:
١-یوکاگیر.
٢-ئەسکیۆ-ئالەووت.
٣-سامۆییەد.
٤-فین-ئوگۆر.

ب.ئالتای:
١-تورکی.
٢-مەغۆلی.
٣-مەنچووني.
٤-تونگوزی.
٥-زمانی کۆریا.
٦-ژاپۆنی.

**III گرووپی زمانە رۆنانکارو پاشگرلکینەکان (زمانە سامیەکان)**

ا. زمانە سامی‌یە خۆرهەلاتیەکان (بابل-ئاسور).
ب. زمانە سامی‌یە باکووریەکان (ئاموری-ئارامی).
پ.زمانە سامی‌یە خۆرئاواییەکان (سریانی- کەنعانی -عیبرانی- مۆئابی- فینیقی).
ت. زمانە سامی‌یە باشووریەکان (مایل- سەبا- حەبەش- مەهرە- عەرەبی).

**IV زمانە تاك برگەییەکان (تاك هیجاییەکان)**

ا.چینی.
ب.تەبیتی.

**VII. سوودە کردەکی‌یەکانی تیۆری زمانی خۆر**

یەکیك لە سوودە کردەکی‌یەکانی تیۆری زمانی خۆر، بریتیە لە نەگیرانەوەی ئەو ووشانەی لە زمانە بیگانەکانەوە هاتوونەتە ناو تورکی‌یەوە. تیۆری زمانی خۆر چەندە وەکو تیۆری‌یەکی فەلسەفی یاخود تیۆریەك کە سەرچاوەی زمانەکان ئاشکرا دەکات. پیشکەش کرابیت، لەگەل ئەوەشدا سروشتی‌یە بەکردەوە ئەنجامیکی لەو جۆرەی لی بکەویتەوە. چونکە مادام هەموو زمانەکان لە تورکیەوە کەوتبنەوەو ریشەکانی زمانی تورکی لە هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانەکانی تردا هەبن، کەوابی سروشتیە هەموو ئەو ووشانەی ئەمڕۆ لە تورکیدا هەن، لە هەر زمانیکەوە هاتبن بەتورکی دابنرین. ووتارەکەی ئیبراهیم نەجمی دیلمەن–ی سکرتیری گشتی دەزگای زمانی تورکی، لەم رووەوە مانادارە:

" ووشەی وەکو "ئەلەکتریك، دینامۆ، مەتر، گرام" کە ریشەیان تورکییەو مولکی هاوبەشی جیهانی کولتوورن، دەبی وەکو خۆیان وەربگیرین."[٥٦]

وەکو لەم ووتارەدا بە روونی دەرکەوت، لە ئەنجامی میتۆدە شیکاریەکانی تیۆری زمانی خۆردا، ووشەی وەکو ئەلەکتریك، دینامۆ، مەترو گرام تورکی دەردەچن. لەبەر ئەوە پیویست ناکات ئەم ووشانە لە زمانی تورکی دەربکرین. لەگەل ئەوەشدا، ئیبراهیم نەجمی دیلمەن لە شوینیکی ئەو راپۆرتە کە پیشکەشی کۆنگرەی کردووە، دەلیت:

" دەمەوی پی لەسەر ئەم خالەش دابگرم. ئەوانەی وادەزانن تیۆری زمانی خۆر تەنها کۆششیکە بۆ پاراستنی ئەو ووشە عەرەبیو فەرەنسیو فارسیانەی بەرامبەرەکانیان لە تورکیدا نیە، بەوەی کە بلیین ئەو ووشانە تورکین، لە هەلەو بیئاگاییەکی قوولدان."[٥٧]

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش تووشی دژایەتیەکی بنەرەتیی دەکات لەگەل بیروراکانی سەرەوەیدا. وەکو پرۆفیسۆر وەجیهە خەتیب ئۆغلو و رەوشەن ئەشرەف ئوونایدن گوتوویانە، ئەمانە قسەکەری مستەفا کەمال بوون. ئەم قسەکەرانە لەکاتی بەجی گەیاندنی ئەرکەکانیاندا، نەیانتوانیوە خۆیان لەوە بپاریزن کە زوو زوو بکەونە دژایەتیەوە لەگەل خۆیاندا.

دووەمین سوودی کردەکیی تیۆری زمانی خۆر بریتیە لە بەرزکردنەوەی وورەی رەگەزی تورك کە گوایە لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا

---

[٥٦] *<u>Ucuncu Turk Dil Kurultayi ,</u>* *Konusmasi, s.22*

[٥٧] *<u>Ucuncu Turk Dil Kurultayi</u>* *Konusmasi, s. 13*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سووکایەتی پیکراوەو بەچاوی سووك تەماشای کراوە. سوودی سییەمی، بریتیە لە تیك شکاندنو بن برکردنی هەموو هیوایەك بۆ دەست گرتن بەسەر "کولتووریکی ئاوا پایەبەرزدا، کولتوور شارستانیتییەك کە خۆیان سەرچاوە بوون بۆ خۆیان". دیارە گرنگترینو لەپیشترین سوودەکانی تیۆری زمانی خۆریش، لە ئەستۆگرتنی ئەرکیکی گرنگە لە بە کۆیلەکردنو بە تورك کردنی کورد دا.

### VIII. بە پیی فەرهەنگی زمانی تورکی، کورد چیە؟

لە چاپی چوارەمی ئەو فەرهەنگە تورکیەدا کە لەلایەن دەزگای زمانی تورکیەوە بلاوکراوەتەوە (١٩٣٦)، ووشەی کوردو کوردی بەمجۆرە دەناسینرین:

کورد *Kurt*: ناوی کۆمەلیك لەو تورکانەی کە زۆربەیان زمانی خۆیان گۆریوە، بە فارسییەکی شکاو قسەدەکەنو، لە تورکیاو عیراقو ئیراندا دەژین، یاخود هەرکەسیك کە سەر بەو کۆمەلە بیت.

کوردی *Kurdce*: زمانی کورد. (ل ٤٨١)

**لە چاپی شەشەمی هەمان فەرهەنگیشدا (١٩٧٤)، ووشەی کوردو ووشەی کوردی، بەم شیوەیە باسکراون:**

کورد *Kurt*: ناوی کۆمەلیك یاخود کەسیك لەو کۆمەلەی کە بە رەگەز تورکن، زمانیان گۆریوە، بە فارسییەکی شکاو قسەدەکەن، لە تورکیاو عیراقو ئیراندا دەژین.

کوردی *Kurtce*: زمانی کورد. (ل ٥٣٣)

ئەم هەلویستە هیچ جیاوازیەکی لەگەل ئەو هەلویستەدا نیە کە لە سالانی (١٩٣٠) دا سەری هەلداوە. نکولی لەراستیی کۆنکریتی دەکریت، کۆشش کردن بۆ زانینی راستی بابەتیو پیویست بوونی زانینی راستی بابەتی، بەتەواوی دەخرینە لاوە. لە فەرهەنگی تورکیی دەزگای زمانی تورکیدا باسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە دەکریت کە کوردەکان بە ئەسل تورکن. ئەمە دیدو بۆچوونیکی تەواو کەیفی‌یە. راگەیاندنی قەناعەتیکی خودی‌یە. ئەمە یەکیکە لە ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتە کۆلۆنیالی‌یە کە دژی کوردستان‌و نەتەوەی کورد جی‌بەجی دەکریت. دەزگای وەك دەزگای میژووی تورك‌و دەزگای زمانی تورکی، هەمیشە زانیاری نازانستیانەیان لە مەسەلەی کیشەی نەتەوەی کورد دا، بەرهەمهیناوە. بۆ نەتەوەی کورد، ئەمانە دەزگای کۆلۆنیالین.

لەم فەرهەنگەی دەزگای زمانی تورکیدا، وەکو خالی دووەم داکۆکی لەوە دەکریت کە گوایە ئەم کۆمەلە "بەئەسل تورکە"، پاش تیپەرینی کات زمانی خۆیان گۆریوە. ئەمەش مەحالە دیدو بۆچوونیکی زانستیانە بیت. ئایا ئەو قسەیەی کە دەلیت زمانی خۆیان گۆری‌و فیری "فارسی‌یەکی شکاو" بوون، ئەوە ناگەیەنیت کە لەراستیدا "فارسی‌یەکی شکاو" زمان‌و کولتووریکی گەلیك پیگەیشتوو ترە؟

وەکو خالی سیهەمیش دەگوتری "کۆمەلی کورد" لە تورکیا‌و عیراق‌و ئیراندا دەژین. بەلام باسی دابەشکردنی ئیمپریالیستانەی (لۆزان) ناکریت کە ئەم ئەنجامەی لی‌کەوتۆتەوە. ئەم دابەش بوونە وەکو حەقیقەتیکی ئەبەدی‌و ئەزەلی باس دەکریت.

بیگومان هیچ یەکیك لەمانە ناتوانن هەلویستی زانستیانە بن. ئەمانە هەلویستی کۆلۆنیالیانەن. لەئەنجامی ئەم هەلویستەدا، دەزگای زمانی تورکی لە بەردەمی گەلیك ووشەدا کە لە کوردی‌یەوە هاتوونەتە ناو تورکی‌یەوە‌و تائیستاش بەکار دەهینرین، نیشانەی "فارسی"ی داناوە. ئەمە نیشانی دەدات کە دەزگای زمانی تورکی کارکردیکی گەورەی هەیە لە زەوتکردنی زمان‌و کولتووری کوردیدا. دەزگای زمانی تورکی لە بەرامبەر زمان‌و کولتووری کوردیدا دەزگایەکی کۆلۆنیالی‌یە. بۆ ئەوەی بتوانیت کۆنەپەرستترین‌و کۆکوژترین جۆری "ئیمپریالیزم"ی کولتووری لە جیهاندا جی‌بەجی بکات، لەلایەن دەولەتەوە بە هۆکارو ئامرازی مادی‌و مەعنەوی یارمەتی دەدریت‌و پشتیوانی لی‌دەکریت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ نموونە ووشەگەلی وەکو (*Cerceve*: چواچیوە)،(*Capraz*: چەپ راست)،(*sehba*: سیپا)،(*hosaf*: خۆشاڤ)،(*dusman*: دوژمن)،(*serkes*: سەرکیش)،(*herkes*: هەرکەس)،(*carsaf*: چەرچەف)،(*manda*: مانگا)،(*sarhos*: سەرخۆش)،(*anababa*: دایك‌و باوك)،(*pece*: پەچە)،(*zingil*: ؟ )،(*peynir*: پەنیر)،(*pillav*: پلاو)،(*zebun*: زەبوون)،(*aga*:ئاغا)،(*Tursu*: ترشی، ترشیات) کە بەریشەو بونیات کوردین‌و لە زمانی تورکیدا بەکار دەهینرین، لە بەرامبەر بەشیکیاندا نیشانەی (فارسی)و لە بەرامبەر بەشیکی زۆر کەمیشیاندا نیشانەی (عەرەبی) دانراوە. لە بەردەمی ووشەگەلی وەکو (*capraz*، *manda*، *aga*) یشدا هیچ نیشانەیەك دانەنراوە. بەم پی‌یەش بە تورکی لەقەلەم دراون. وەکو بینرا ووشە کوردیەکان قبولکراون، بەلام بە فارسی یا عەرەبی یاخود تورکی حسابکراون. بەمجۆرە بە بەکارهینانی سیاسەتی کۆلۆنیالی‌و رەگەز پەرستانە هەولدەدری بوونی کورد بشاردریتەوە. (سەبارەت ئەتیمۆلۆجیای ووشەکانی سەرەوە، بروانە:

***<u>Devrimci Dogu Kultur Ocaklari Dava Dosyasi I</u>, Komal Yayinlari, Ankara 1975, s. 183-187)***

ئەو دەزگایانەی لە بابەتی دەزگای زمانی تورکی، نەك هەرشەرم لەم هەلویستانەیان ناکەن، بەلکو شانازیان پیوە دەکەن. بەلام کاتیك ئەو کوردانەی ئەسلیان بە تورك لە قەلەم دەدریت لە چلەی زستاندا لە دەست بۆمبای ناپالم‌و گازی ژەهراوی‌و فرۆکەی میك‌و تانك‌و هەزارو یەك جۆرە زولم‌و ئەشکەنجە رادەکەن‌و گەورەو بچووك دینە سەر سنوورو داوای مافی پەنابەری لە دەولەتی تورك دەکەن، بیدەنگ دەبن‌و چرکەیان لیوە نایەت. دەقاودەق دەبنە هاوبەشی هەلویستە کۆلۆنیالیەکانی بۆرجوازی میلیتاری خۆیان. چەپلە بۆ هەلویستی دەولەتی خۆیان دەکوتن کە مافی پەنابەری‌ی بەژنان‌و مندالان نەداوە. بەلام لە مەسەلەی قوبرسدا، دۆخەکە بە هیچ جۆریك بەوجۆرە نیە. بەتەواوی وەکو بۆجوازیە میلیتاری‌و کۆلۆنیالیەکەی خۆیان، ئەدەبیاتی "زولمی ماکاریوس"* دووبارە دەکەنەوە.

---

* *ماکاریوس: سەرۆکی حکومەتی یەکگرتووی (قوبرس)بوو. لە هاوینی سالی ١٩٧٤دا ئەفسەرەکانی لایەنگری یۆنان کودەتایەکیان کردو لەسەر کار لایان دا.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی سێیەم

## پێشهاتەکانی سیاسەتی ناوخۆی تورکیاو پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ وولاتانی دەرەوەدا، لەکاتی دارشتن‌و پەرەپێدانی تیزی مێژووی تورك‌و تیۆری زمانی-خۆردا

گرنگترین مەرجی تاووتوی کردنی هەرفاکتێك بە پێی میتۆدیکی زانستی، بریتیە لە تاووتوی کردنی ئەو فاکتە لەگەڵ فاکتەکانی تردا پێکەوەو، هەولدانە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە لە رەهەندی کات‌و شویندا. بەم شیوەیە بواری تێگەیشتن لە کاریگەری فاکتی تاووتوی کراو لەسەر ئەوانەی تر، یاخود هی ئەوان لەسەر ئەم بە شیوەیەکی یەکپارچەو جیا نەکراوە، دەرەخسیت. دیسان لە ریی ئەم پرۆسەیەوە بواری تێگەیشتن لە پەیوەندیە ناوەکی‌و دەرەکیەکان‌و، گۆران‌و دژایەتیەکانی فاکتەکان‌و پەیوەندیە فاکتیەکان دەرەخسیت. لە کۆتایی هەموو ئەمانەدا، دەتوانری زانیاریەکی کۆنکریتی‌و یەکپارچە سەبارەت بە بونیادی کۆمەلگەو ئاراستەی گۆرانەکانی ئەو بونیادە بەدەست بهینریت. کەوابی تیزی مێژووی تورك یاخود تیۆری زمانی خۆر بە دابراوی لە فاکتەکانی تر، یان دامالراو لەو فاکتانە تاووتوی ناکریت.

---

*تورکیا ئەمەی کردە بیانوو و لە ناوەراستی تەمووزی ١٩٧٤ هیزە عەسکەریەکانی لە دورگەکەدا دابەزاندو بەشە تورك نشینەکەی داگیر کرد.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــه مانگــەكانی هــاوینی ســالی ١٩٣٠ دا، لەناوچــە جۆراوجۆرەكــانی كوردستاندا شۆڕش‌و بەرخۆدان هەیە. لە كوردستانی باشووردا، كورد دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە شەردایە. ئەم میـژووە، میـژووی خۆئامادەكردنی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی‌یە بۆ كۆتایی هینان بە ئینتیداب لە عیراقدا. لەم كاتەدا كوردەكانیش داوای ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستانی باشوور دەكەن. ئینگلیزەكان ئەو داوایە رەتدەكەنەوە. رایدەگەیەنن كە كوردستانی باشوور بەستراوەتەوە بە رژیمی پاشایەتی بەغداوە. كوردەكان ئەمە قبول ناكەن. لەسەر ئەمەش هیزەكانی سوپای ئینگلیز، دەست دەدەنە كردەوەیەكی سەربازی‌ی توندوتیژ لە كوردستانی عیراقدا.

سەربازەكانی رژیمی پاشایەتی عەرەبی‌ی دەسكردی خۆشیان وەكو یارمەتیەك لەگەل خۆیاندا دەبەن. لە مانگەكانی هاوینی سالی ١٩٣٠دا، لە كوردستانی باشووردا شەر بەوپەری توندو تیژی‌یەوە بەردەوام دەبی. لە راستیدا ئەم شەرە، بەردەوامی ئەو شەرەیە كە كورد لە سالی (١٩١٩)وە، لە پیناوی ئازادی‌و مافە نەتەوەییەكانیدا دریژەی پیداوە.

لە هەمان ماوەی میژوویيدا، كوردەكان لە ئیران بە سەركردایەتی سمكۆ ئازادی‌و مافە((نەتەوەیی))یەكانی كورد ((ئۆتۆنۆمی)) بۆ كوردستان لە حكومەتی ئیران دەكەن. بەلام لە ناوەراستەكانی مانگی تەموزی ١٩٣٠دا، سمكۆ دەكەویتە بۆسەی حكومەتی ئیرانەوەو ((نامەردانە)) دەكوژریت.

دیسان لە هەمان ماوەی میژوویيدا، كوردەكان لە ئاگری‌و زیلان ئازادی ومافە نەتەوەیی‌و دیموكراتیەكانیان لە حكومەتی توركیا داوا دەكەن. حكومەتی تورك بە هاوكاری لەگەل حكومەتەكانی ئیران، ئینگلیزو فەرەنسادا، ئەم داوایانە لە خویندا دەخنكینی. بەلام بەرخۆدانی ئاگری لە مانگەكانی مایس، حوزەیران، تەموز، ئاب‌و ئەیلولی سالی ١٩٣٠دا، بەوپەری توندوتیژی‌یەوە بەردەوام دەبی. لەهەمان ماوەدا، لە سووریای ژیر ئینتیدابی فەرەنسادا، ئیدارەی فەرەنسی كورد دەخاتە ژیر گوشاریكی قورسەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەل كوردی ناو وولاتەكانی تردا دروست نەكەن‌و یارمەتی‌یان نەدەن. ئەو كوردانەش كە لەدەست زولم‌و ستەمی سوپای ئینگلیزو سوپاكانی توركیاو ئیران رادەكەن‌و دەیانەوی پەنا بەرنە بەر

یەکیتی سۆڤیت، مافی پەنابەرییان نادریتیو بگرە پەنابەرەکان بەر شالاوی پەلاماریش دەکەون.

پاش سالانی ١٩٣٠، کۆبوونەوەی جۆربەجۆرو لە شوینی جیاجیا لە نیوان سەرەك وەزیرانی تورکیاو عیراقو ئیران، وەزیرانی دەرەوەی ئیران، عیراق، ئینگلتەرە، فەرەنساو تورکیا، کۆمیسیۆنی سنووری تورکیا– ئیران– یەکیتی سۆڤیت، تورکیا– ئیران، تورکیا– ئینگلتەرەو تورکیا– سووریا (فەرەنسا)دا ئەنجامدراون. لە هەموو ئەم دیدارو کۆبوونەوانەدا کەلە نیوان تورکیا، ئیران، عیراق، سووریاو فەرەنسادا ئەنجامدراون، کورد وەکو دوژمنی هاوبەش ناودیر کراوە. بۆ بەرەنگاری کردنی ئەم دوژمنە هاوبەشە، هاوکاری ئایدیۆلۆجیو سیاسیو عەسکەرییان کردووەو پیکەوە پیلانی ئامادەکراویان جێ بە جێ کردووە. لە خویندا خنکاندنی مافە نەتەوەییو دیموکراتیەکانی کورد، نەبەخشینی مافی پەنابەری بەو کوردانەی لەسەر سنوورەکان کەوتبوونە بەر پەلاماری ٤–٥ سوپا، کرانەوەی بواری سنوور بەزاندن بۆ سوپاکانو دریژەدان بەپەلامار بۆ سەر کورد، هیرشو پەلاماری هاوکاتی ٤–٥ سوپا بۆ سەر کورد، پەلاماردانی ژنو مندال و پیرو خەلکی مەدەنی، سووتاندنی گوندو خانووبەرە، بەرهەمو دانەویلە، دارستانو ئاژەل، راگواستنو دادگایی کردنەکان، هەرهەموویان بەرەنجامی ئەو سیاسەتانەن کەبەهاوبەشی داریژراونو جیبەجیکراون. پشکنینی رۆژنامەی (میللیەت)و رۆژنامەکانی تری ئەو سەردەمە، ئەم بارودۆخە زۆر بەروونی دەردەخات.

لە لیکۆلینەوەی ململانیی ئیمپریالی لەسەر دابەشکردنی کوردستانو لیکۆلینەوەی ریکەوتننامەی لۆزاندا، هەموو ئەمانە بە دوورو دریژیو بەبەلگە نامەکانەوە تاووتویێ دەکەین. لیرەدا تەنها بە وەرگرتنی دەقیکی بچووك لە یەکیك لەو بەلگەنامانە واز دینین. ریدڤان بەی ئۆغلو خەسرەو گەرەدە، بالیۆزی نوێو تازە دامەزراوی تورکیا لە تاران، لە دیداریکیدا کە لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٣٠دا لەگەل رەزا پەهلەویی شای ئیراندا سازکراوە، ئاوا دەلیت:

(( لە وەلامی (شا)دا، پاش سوپاسکردنی هەستی نەجیبو دۆستانەیو، ئەو سۆزو خۆشەویستیەی بەرامبەر (غازی– مستەفا کەمال)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشانی دا، چوومە سەر مەسەلە بنەرەتیەکە. واتە باسی ئەو چالاکی‌یە عەسکەری‌یە هاوبەشەم کرد کە پێویستە دژی یاخی‌و چەتە کوردەکانی چیای ئاگری‌و سەر سنوور بکرێت. ئاماژەم بەوە کرد کە بەرێزیان فەرماندەی گشتی سوپای ئێران‌و سەربازێکی لێهاتوون‌و گوتم: لەو رووەوە کە ئامانجی هەموو شەرەکان لەناو بردنی دوژمنە، لە ناوچەی سنووردا هێزەکانمان ناچارن بۆ لەناوبردنی ئەو دەستەی چەتانەی بەبەردەمیاندا دەکشینەوە، خێراو بەتوندی دوایان کەون، لەبەرئەوە لەکاتی چالاکیەکاندا نابێ مەسەلەی (سنوور بەزاندن). بهێنریتە ئاراوە، هەروەها گرنگی سیاسی‌و سوودە عەسکەریەکانی چالاکی عەسکەری هاوبەشم دژی ئەو چەتانەی ئاسایشی هەردوولا تێک دەدەن‌و لەسەر سنوور قاچاخچیتی‌و تالانچیتی دەکەن‌و پەیوەندی دۆستانەمان لێ تێک دەدەن، روون کردەوە.))[1]

وەکو بینرا، لەم دیدارەدا کورد وەکو دوژمنێکی هاوبەش باس دەکرێت کە پێویستە بە سیاسەتی هاوبەش تێک بشکێنرێ‌و لەناو ببرێت. سیاسەتە هاوبەشەکانی پێش ئەم بەروارەو پاش ئەم بەروارەش، بەروونی نیشانی دەدەن کە ئەو کردەوانە چۆن جێ بە جێ کراون، چۆن خەباتی هاوبەش دژی ((دوژمنی هاوبەش)) کراوەو کام ئەنجامانەش لەمانە کەوتوونەتەوە. ئاشکرایە کە چی کراوە بۆ سرینەوەی ناوی کوردو کوردستان لە زمان‌و مێژوودا، ((چۆن هیواکانی کوردستان لە چیای ئاگریدا لە گۆرنران))، ئەم کردەوانەش چۆن بەشانازی‌یەوەو وەکو نموونەی قارەمانیتی‌و موعجیزە باسکراون.

یەکێك لە گرنگترین رووداوەکانی سیاسەتی ناوخۆی سالی ١٩٣٠، دامەزراندن‌و داخرانی کۆمەلەی کۆماری سەربەست (*Serbest Cumhuriyet Firkasi*)ە. کۆمەلەی سەربەست (سەربەست فیرقە) بەفەرمانی سەرۆکی گشتی کۆمەلەی گەلی کۆماری (*CHF*)و سەرەك کۆمار غازی مستەفا کەمال، لەلایەن فەتحی بەگ (ئۆکیار)ەوە دامەزراوە، کە یەکێکە لەنزیکترین پیاوەکانی مستەفا

---

*(1)Ridvanbeyoglu Husrev Gerede, Siyasi Hatiralarim I. Iran, 1930-1934,Istanbul 1952, s.69*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کەمال خۆی. پاش ئەوەی دەرکەوتووە خەریکە دەبێ بەچاوگیکی ئۆپۆزسیۆن کە سنوورەکانی خۆی دەبەزینێ و لە قەبارەی فەتحی بەگ-یش گەورەتر دەبی، بەفەرمانی سەرۆکی گشتی *CHF*، سەرەك کۆمار غازی مستەفا کەمال داخراوە. هەرچەندە پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمال سەرۆکی گشتیی کۆمەلەی گەلی کۆماری (*CHF*) بووە، بەلام وەك سەرۆکی مەعنەویی کۆمەلەی سەربەست-یش حسابی بۆ کراوە.**

**بەپێی ریکەوتنی پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمال‌و فەتحی بەگ، لە ١٢ی ئابی ١٩٣٠دا، دامەزراندنی کۆمەلەی سەربەست راگەیەنراوە. لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠یشدا، فەتحی بەگ رایگەیاندووە کە کۆمەلەکەی هەلوەشاندۆتەوە.[٢]**

**پاش ئەوەی کۆمەلەی سەربەست هەلوەشاندنەوەی خۆی راگەیاندووە، هەموو چاوگەکانی ئۆپۆزسیۆن تیك شکینراون‌و هەولدراوە سیستەمی پیشەوایەتی (سیستەمی تاکە پیشەوا)، سیستەمیکی تۆتالیتەر بەهەموو دامو دەزگاکانیەوە جیگەی خۆی بگریت. دامەزراندن‌و هەلوەشاندنەوەی کۆمەلەی سەربەست، لە سەردەمیکدا کە بەرخۆدانەکانی کورد لەوپەری بەرفراوانیدا بوون، سەرنج راکیشە. لە سالی ١٩٢٥دا، راستەوخۆ پاش شۆرش‌و بەرخۆدانەکانی کوردو بەکارهینانی سوپا، <u>یاسای تەقریری سکون</u> دەرچوو و هەولدرا هەموو ناوەندەکانی ئۆپۆزسیۆن تیك بشکینرین‌و بیدەنگ بکرین. شۆرش‌و بەرخۆدانەکانی کورد کرانە بیانووو گوشار خرایە سەر ((چەپ)). لەو باوەرەداین لە سالی ١٩٣٠شدا وەکو سالی ١٩٢٥، پەیوەندیەکی نزیك هەیە لە نیوان شۆرش‌و بەرخۆدانەکانی کوردو، دامەزراندنی رژیمی تۆتالیتەردا، دامەزراندنی رژیمی پیشەوایەتی بە هەموو دامو دەزگاکانیەوە. وەك چۆن لە سالی ١٩٢٥دا بانگەشەی ئەوە دەکرا کە کۆمەلەی**

---

*[٢] لە لیکۆلینەوەی تایبەت بە پرۆگرامی گەلی کۆماریدا، بە شیوەیەکی دوورو دریژتر لەسەر کۆمەلەی سەربەست رادەوەستین. سەبارەت بەدیوی ئەودیوی کۆمەلەی سەربەست بروانە:*

***Kemal Tahir, <u>Yol Ayrimi,</u> Sander Yayinlari, 2. bs, Istanbul 1973, Birinci Bolum***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشکەوتنخوازی کۆماری هانی شۆڕش و بەرخۆدانەکانی کوردی داوە، ئاواش لە سالی ١٩٣٠دا بانگەشەی ئەوە کراوە کە پەیوەندیەکی لەو جۆرە لە نیوان کۆمەلەی سەربەست و بەرخۆدانەکانی کورددا هەیە. لەو لیکۆلینەوانەدا کە تایبەت دەبن بە: ململانێی ئیمپریالی لەسەر دابەشکردنی کوردستان، لۆزان و پەیمانی نەتەوەیی (میساقی میللی)، پەیرەوو پرۆگرامی *CHF*، بە دریژی لەسەر ئەم بابەتانە رادەوەستین. بۆ نموونە یەکیك لەو بابەتانەی کە لە سالانی ١٩٣٠دا زۆرترین گرنگی پیدراوە و زۆرترین گفتوگۆی لەسەر کراوە، سیاسەتی شەمەندەفەرە، کە ئەویش زۆر لە نزیکەوە پەیوەندی بە شۆڕش و بەرخۆدانەکانی کوردەوە هەیە . شەمەندەفەر بە پلەی یەکەم بۆ ناردنی سەربازو جبەخانە بۆ ((خۆرهەلات)) خواستراوە.

یەکیکی تر لەو فاکتانەی لە روانگەی سیاسەتی ناوخۆی سالی ١٩٣٠یەوە گرنگە، قەیرانی کشتوکالییە. نرخی ئەو مادانەی جووتیار بەرهەمیان دینی (دانەویلە–گەنم، جۆ ،تووتن، لۆکە، فندق هتد) دابەزیوە، نرخی ئەو شتانەش کە دەیانکریت( گاز، خوێ، قوماش، شەکر، هتد) بەرزبۆتەوە.[٣] باجی سەنگینی وەکو باجی ریگاوبان، باجی زەوی و زار، باجی ئاژەل لەسەر شانی جووتیارانە.[٤] دانەویلە بە نرخیکی هەرزان لە گوندنشین دەسەنریت و بە دوو–سێ ئەوەندەی ئەو نرخە دەفرۆشریتەوە بە (بانکی زەراعەت).[٥] ئەمەش بووە بەهۆی دروست بوون و بەهیز بوونی دەلال و سەوداگەران، کە تەنها لە کرین و فرۆشتنی دانەویلەوە ملیۆنان لیرە قازانجیان دەسکەوتووە.

ئەوەش دەزانین کە لەو سەردەمەدا رژیمە فاشیەکانی ئەورووپا بە شیوەیەکی دیار پەرەیان سەندووە و ئەمەش لە نزیکەوە کاری کردۆتە سەر تورکیا . هەموو جۆرە ئۆرگانیکی بلاوکردنەوەی کۆمەلەی گەلی کۆماری (*CHF*)، بەواتایەکی تر هەموو ئۆرگانەکانی بلاوکردنەوەی دەولەت، هەموو رۆژێ چەندین لاپەرەی پر لە ستایش و پیدا هەلگوتن بۆ هیتلەرو مۆسۆلۆنی و

---

*(3)Sevket Resit Hatiboglu, ____________________, Yuksek Ziraat Enistitusu Yayini, Ankara 1936, s. 57-62*

*(٤)a.g.e. , s. 76-83*

*(٥)a.g.e. , s. 110-115*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رژیمەکانیان پڕ دەکەنەوە.[٦] وەکو لەسەرەوە هەموو ئەم مەسەلانە لەو لیکۆلینەوەیەدا کە دیسان لە سەرەوە باسمان کرد، بە شیوەیەکی بەرفراوان تاووتوێ دەکرین. بەلام هەرگیز نابێ ئەوە لە بیر بکریت کە تیزی میژووی تورك و تیۆری زمانی خۆر، لە کەش و هەوایەکی ئاوادا تاووتوێ کراون. چونکە ئەمە مەرجی بەدەست هینانی زانیاریەکی کۆنکریتی و یەکانگیرە.

تیزی میژووی تورك و تیۆری زمانی خۆر، لە گرنگترین لایەنەکانی ئایدیۆلۆجیای کەمالین. یەکەمیان لە لایەن دەزگای میژووی تورك و دووەمیان لە لایەن دەزگای زمانی تورکی‌یەوە داریژراون و پەرەیان پیدراوە. بەم شیوەیە ئایدیۆلۆجیای کەمالی لە ریگەی ئەو دەزگایانەوە، خۆی بە دامودەزگا کردووە و بواری رەگ داکوتان و بەردەوام بوونی دەست کەوتووە. لە بنەرەتدا ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی بە دامودەزگابوون و ئەو دەزگایانەیان دامەزراندووە کە لە ریگەیانەوە رەگ دادەکوتن و بەردەوام دەبن و خۆیان بەسەر کۆمەلگەدا دەسەپینن،گەلیك زیاتر کاریگەر دەبن. ئەمە راستیەکی زانراوە. راستە. کەوابێ هینانە پیشی دید و بۆچوونی وەك تیزی میژووی تورك و تیۆری زمانی خۆر، تا دوا پلە لە نزیکەوە پەیوەندی بە کیشەی نەتەوەی کوردەوە هەیە. ئەمە کاریکە بۆ چارەسەرکردنی ئایدیۆلۆجیانەی ئەو کیشە واقیعی و کۆنکریتی‌یانەی کە کەمالیزم لەسەر ئاستی واقیعی کۆنکریتی چارەسەری نەکردوون.

هەموو ئەمانە، ئەوەش نیشان دەدەن کە هوشیاری نەتەوەیی تورك، لاوازە. لەبەر ئەوەیە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی (رەگەز پەرستی) تورکی، ئەرکی زۆر لەخۆکردنی دەکەویتە سەرشان. ستافی بەریوەبردنی کەمالی، کە دەیانەوێ ((نەتەوایەتی)) بکەن و روونی بکەنەوە، ئەرکی ئەوەیان دەکەویتە سەرشان کە بە زۆر لەخۆکردنیکی گەورە، میژووی دە هەزار سالە بۆ تورك دروست بکەن و بیرو زانینی خۆیان ئاراستەی سەردەمە کونەتاریك و نەزانراوەکانی کۆن بکەن.

---

(٦)*Johannes Glasnek, ______________________________ndasi, Cev. Arif Gelen, Onur Yayinlari, (Tarihsiz), Cag Matbaasi, Ankara, s. 295*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەم شیوەیە هەولی شاردنەوەی کیشە کۆنکریتییەکانی ژیانی واقیعی دەدریٚو کیشەکان لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجی چارەسەر دەکرین.

هەندیك لەو دژایەتیانەی لەم بابەتانەدا هەنو لە خوارەوە باس دەکرین، پیویستیان بە دیاریکردنو شیکارکردن هەیە. لە کۆبوونەوەکانی خانەی تورکیدا لە ئەنقەرە، لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی میژووی تورکدا، لە ووتارەکانی ئەنجومەنی لیکۆلینەوەی زمانی تورکیدا، باس لەوە دەکریت کە ((هەموو کەسیك تورکە، بەختیارە لەوەی تورکە، میللەتیك نیە ناوی کوردو زمانیك نیە ناوی کوردی بیت))، بەلام لە ((خۆرهەلات))، لە ئاگری، زیلان، هەکاری، سامسۆنو تونجەلیدا، کوردەکان لەبەرئەوەی کوردن قەتلو عام دەکرینو رادەگویزرین.

لە ئەنقەرە، لەکۆبوونەوە جۆربەجۆرەکاندا رادەگەیەنریٚ کە گوایە زمانیك نیە ناوی کوردی بیت، بەلام لە((خۆرهەلات)) ئەوانەی بەکوردی قسەدەکەن سزای مادی (پارە)یان بەسەردا دەسەپینریت. لە زیندان توند دەکرین. ئەوانەی بەکوردی قسەدەکەن سزای مادی دەدرین ولەزیندان توند دەکرین، لەپیناوی لەناوبردنی زمانی کوردیدا دریغی لەهیچ کاریك ناکریت، پیاوە ئیداریەکان ((خۆرهەلات))یش بروسکەی پیرۆزبایيو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکانی زمانی تورکيو میژووی تورك دەنیرن و، دەلین بریارەکانتان دەقاودەق جیٚبەجیٚ دەکەین (کوردایەتی لەناودەبەین).

لەئەنقەرە لافی گەورە گەورەی وەکو: ((ئیمە یەکەمین شەری رزگاریمان دژی ئیمپریالیزم بەرپا کرد))، ئیمە بووین بەپیشرەوی هەموو نەتەوە چەوساوەو کۆیلەو ستەم لیکراوەکان، ((چۆن هەلهاتنی خۆر لەئاسۆوە دەبینم، ئاواش لەبەرچاومە کە نەتەوە کۆیلەو ستەم لیکراوەکانی خۆرهەلات یەك بەیەك رادەپەرن))، لیدەدریت، کەچی بە کردەوە کوردستان، بەهاوکاری کردن لەگەل گەورەترین هیزە ئیمپریالیەکانی سەردەمدا، دابەش و پارچە پارچە دەکریت. کۆشش دەکریت بەهاوکاری لەگەل ئیمپریالیزمی ئینگلیزيو فەرەنسیدا، کوردستان دابەش و کۆنترۆل بکریت. هەموو هەولەکانی کورد لەپیناوی مافی چارەی خۆنووسیندا، خەلتانی خوین دەکرین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بــــــــەشـــــــی چـــــــــوارەم

# ئە نجام

## ١-تێزی مێژووی تورك‌و تیۆری زمانی خۆر

پاش ئەوەی تێزی مێژووی تورك‌و تیۆری زمانی خۆر هێنراونەتە ئاراوە، ژمارەیەكی زۆر لێكۆڵینەوەی هاو ئاهەنگ لەگەڵ دیدو بۆچوونەكانی ئەو دوو تێزەدا ئەنجامدراون. ژمارەیەكی زۆر ووتار نووسراون. دەكرێ ئەو لێكۆڵینەوەو ووتارانە بەم شێوەیە ڕیزبكرێن:

*١-شەمسەدین گوونالتای، خۆرهەلاتی نزیك، ئیلام‌و میسۆپۆتامیا لە یەكەمین سەردەمەكانی مێژووی توركدا، دەزگای مێژووی تورك TTK ، ئەنقەرە ١٩٣٧.*

*٢-شەمسەدین گوونالتای، خۆرهەلاتی نزیك ٢، ئاناتۆڵ لە كۆنترین سەردەمەكانەوە تا داگیركردنی لەلایەن هەخامەنشیەكانەوە (ئەخمینییەكان)، TTK ، ئەنقەرە ١٩٤٦.*

*٣-شەمسەدین گوونالتای، خۆرهەلاتی نزیك ٣، سوریا و فەڵەستین، TTK ، ئەنقەرە ١٩٤٧.*

*٤-شەمسەدین گوونالتای، خۆرهەلاتی نزیك ٤، بەشی یەكەم، بەشی دووەم، TTK ، ئەنقەرە ١٩٥١.*



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*٥–شەمسەدین گوونالتای، <u>مێژووی ئێران بەرگی١،</u> TTK ، ئەنقەرە ١٩٤٨ .*

*٦–شەمسەدین گوونالتای، <u>ڕەشنووسی هێڵە گشتیەکانی مێژووی تورك ٢، ژ–٣٣، میسۆپۆتامیا– سۆمەریەکان،</u> ئەستەموول ١٩٤٣، ٢٠٨ ل.*

**لەم کتێبەدا لە بیرچوونەوەی خودێتی لای تورکەکان، بەم شێوەیە باس دەکرێت:**

**"   ئەم گروپە ئەتنیی‌یانە کە بنەچەیان دەگەڕایەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، لە ئەنجامی سروشت‌و توانا ڕەگەزیەکانیان‌و بەرزیی کولتوورەکانیاندا، بوو بوونە توخمی کاراو داهێنەری ئەو کۆمەڵە مرۆییە. بەلأم ئەم توخمەکاراو داهێنەرە لە نیمچە دورگەی عەرەبداو، لەبەر لێشاوی بەردەوامی کۆچەرەکاندا وورده وورده زمانی ڕەسەنی خۆیان لە دەستداوەو لە ئەنجامی توانەوە لەناو زۆربەدا، بە سامی بوون.**

**پاش تێپەڕینی هەزاران ساڵ بەسەر ئەو سەردەمانەدا، دەبینین لەهەمان ناوچەدا هەمان ڕووداو دووبارە بۆتەوە. لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا ئەو تورکانەی هاتن بۆ بەغداو ئاسیای نزیك، هەرچەندە لە سەرەتادا بوونە توخمی فەرمانڕەواو کاراو داهینەری ئیمپراتۆری عوسمانی، بەلام ئەوە ڕاستیەکی مێژوویی زانراوە کە بە تیپەڕینی کات لەناو زۆربەدا توانەوەو ڕۆیشتن. هێزە تورکەکانی سامەرا، ئەمیرولئومەراکانی بەغداو هێزەکانی دواتریشیان، ئەمیرەکانی سەلجوق‌و ئەتابەکیەکان، لە میسۆپۆتامیاو سوریاو فەلەستیندا، <u>لەناو ئەو زۆربەیەدا کە خۆیان فەرمانڕەوایان بوون زمانی ڕەسەنی خۆیان لە دەستداو</u> بوون بە عەرەب. ئایا ئەمە تا ڕادەیەك ڕووداویکی نوی نیە؟" (ل ٥٩)**

*٧– شەمسەدین گوونالتای، مەسەلەی ڕەگەزو نیشتمانی یەکەمی تورکەکان، <u>گۆڤاری سیمیناری مێژوو</u>، کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی ئەستەموول، ئەستەموول ١٩٣٧ .*

*٨–شەمسەدین گوونالتای، <u>خۆرهەلاتی دوورو چینی کۆن‌و هندستان لە یەکەمین سەردەمەکانی مێژووی تورکەوە</u>، کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی ئەستەموول، ئەستەموول ١٩٣٧، ل ٣٠٩ .*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***٩-قەدری کەمال (کۆپ)، خۆرهەلاٌت و باشووری خۆرهەلاٌتی ئانادۆلٌ، فۆلکلۆر، ئەنقەرە ١٩٣٣، چاپخانەی (حاکمیەتی میللیە).***

**لەم کتێبەدا کە دەلٌێت ((پێشکەشە بە سەرەك وەزیری بەناو بانگ و زۆر خۆشەویستمان حەزرەتی عیسمەت پاشا))، بە کورتی ئاوا دەگوترێ:**

**" مێژووی ئەو هەرێمانەی ئەمڕۆ نیوەیان بە تورکی و نیوەکەی تریان بە زمانەکانیتر قسەدەکەن، هەروەها ئەو لێکۆلٌینەوانەی لەو هەرێمانەدا دەیانکەین، دەتوانن گەلێك شتی بە نرخمان فێربکەن.**

***-بۆچی لێرە هەمووان بە تورکی قسە ناکەن؟***

***-بۆچی نیوەی خەلٌکی ئەم هەرێمانە، بە زمانێکی جیاواز لە تورکی قسە دەکەن؟***

***-ئایا لەم نیشتمانە ڕەسەنەی تورکدا، قسەکردن بە زمانی جیاجیا شتێکی ڕاستە؟ تەنها مێژووی ئەو هەرێمانە دەتوانێ وەلاٌمی ئەم پرسیارانەمان بداتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە گرنگی بە مێژوو وناسینی خەلٌکی ویلایەتەکانی خۆرهەلاٌت و باشووری خۆرهەلاٌتی ئانادۆلٌ بدرێت. (ل ٨-٩)***

**هاتن و نیشتەجێبوونی تورك لەم هەرێمانەدا، لانیکەم ٧٠٠٠ سالٌ لەمەوبەرە. کە لەسەرجەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا دەگوترا ویلایەتەکانی خۆرهەلاٌت، بەشێك لە خوێندەواران و خەلٌکی کوردستان-یان بە بیردا دەهات. لەدوا سەردەمەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیشدا، ناوێکی تری ئەم ناوچەیە بوو بە ئەرمەنستان. ئەو سەردەمە بەشێك لە ویلایەتەکانی باشووری خۆرهەلاٌتیش بە کیلیکیە حسابکراوە.**

**کاتێك کە هێرشی قەومە تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو هەرچوارلای جیهان دەستی پێکردووە، سەر زەمینێك هەبووە کە خێلٌ و تیرە تورکەکان لە (ما وراء النهر)ەوە بەرەو باکوورو خۆرئاواو باشوور لەوێ لایان داوەو ناوبەناویش تێیدا نیشتەجێ بوون.**

**خێلٌە تورکەکان، کە لە کەنارەکانی دەریای خەزەرو ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو خۆرئاوا ڕۆیشتوون، لە هەموو سەردەمێکی مێژوودا**



کتێبخانەی دیجیتالٌی
www.rabari.org

بێرەدا تێپەڕیون، جێپێیان لەم ناوچانەدا بەجێ هێشتووە، لێرەوە بە ناوەڕاست و خۆرئاوای ئانادۆڵدا بڵاو بوونەتەوەو ڕۆیشتوون. لەبەر ئەوەشە کە هیچ گومانێك لەوەدا نیە قەومە تورکەکان لە هاتنیاندا بۆ ئانادۆڵ، ئەم هەرێمانەیان کردووە بە نیشتمانی خۆیان، بەکەنارەکانی ڕووباری دیجلەو فوراتدا بڵاو بوونەتەوەو شارستانێتیی باڵایان لەوناوچانە دامەزراندووە.

مێژووی بەجێ هێشتنی نیشتمانی یەکەمی تورکەکان و هاتن و نیشتەجێبوونیان لە ئانادۆڵدا، بە۷۰۰۰ ساڵ دەژمێردرێت.)) (مێژووی تورك، بەرگی یەکەم، ل ۳۰، ل ۹)

"ئەگەری ئەوەی کە ناوی دیجلەو فورات ووشەی ڕەسەنی تورکین و تورکەکان ناویان لەو دوو ڕووبارە نابێت، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە. بەڵام ئێمە ناچینە قووڵایی ئەو مێژووە کۆنەوە، تەنانەت واز لە دۆزینەوەی ئەم دواییانەی پاشماوەی حیتیەکان لە دەوروبەری مەلاتیە دێنین و، جارێ لە سەردەمە نزیکەکانی مێژووی ئەو شارستانێتییانە دەکۆڵێنەوەو هەرچیمان دۆزیەوە، لەگەڵ بیروڕای خۆماندا بە کورتی دەیخەینە بەر دەستی مێژوونووس و خوێنەران." (ل ۱۰)

"خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی ئانادۆڵ، لە مێژووی کۆنی تورکدا، بابەتی شایانی لێکۆڵینەوەن. خێڵە تورکەکان کە لەسەردەمە جۆربەجۆرەکانی مێژوودا لە نیشتمانی یەکەمی خۆیانەوە کەوتوونەتە ڕێ و هاتوون، هەندێك جار بەم ناوچانەدا تێپەڕیون و هەندێك جاریش کردوویانن بە نیشتەجێ و نیشتمانی خۆیان، جێپەنجەی شارستانێتیە هەمەجۆرەکانی مێژووی تورك و پاشماوەی تائەمڕۆ هاتووی ئەو شارستانێتییانەیان لەسەر ئەم خاکە دەوڵەمەند و هەژارە بەجێ هێشتووە.

با هیچ گومانێکمان لەوە نەبێت کە ئەم پارچەیەی نیشتمانە مەزنەکەمان کە بە درێژایی مێژووی تورك ئەم تایبەتمەندیەی بەردەوام بووە، پڕە لە کۆمەڵێك حەقیقەت کە بە نهێنی و داخراوی ماونەتەوەو ئێمە هێشتا پێمان نەزانیون یاخود بەنیوەیی پێمان زانیون، بەڵام دۆزینەوەو ئاشکراکردنیان زۆر پێویستە. گەڕان بەدوای ئەو حەقیقەتانەدا، دۆزینەوەو بڵاوکردنەوەیان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لیرەشـەوە پیشـکەش کردنـی خزمـەتیکی نـوی بـە میللـەتی تـورك، کـاریکی پیویستە.)) (ل ٨)

"  دەبی ئەوە  دووبارە بکەینەوە کە: خەلکی ئەم هەریمانە کە لە رووی نەژادو داب‌و نەریتـەوە <u>تورکـی بی‌خەوشـن</u>، لـە سـایەی ئیـدارەی ویرانکـەرو کەمتەرخەم‌و فەرامۆشکاری سەلتەنەتی عوسمانیدا، چـەندین سـەدە لـە ژیـر دەستی دەرەبەگایەتیدا ئازاریان چەشتووە. لە روانگەی ریکخستنی دەولـەت‌و حکومەتـەوە، سیمای میژوویی‌و ئیدارە کۆنەکانی ویلایەتـەکانی خۆرهـەلات، شیوەیەکی فیودالیانـەیان هەیـە. یاچـەند سـولتان‌و چـەند پاشـایەك بـەریوەیان بردوون، یاخود چەند میرو بەگیك. دەرەبەگەکان ئەم هەریمانەیان کردووە بە پارچـەی جیاجیـا‌و لـە سـەختترین بـارودۆخدا باجیـان لی‌وەرگرتـوون. لـەپال ئەوانیشـدا، مـەلا‌و شـیخەکانیش یارمـەتی‌ی ئـەم راوو روتکردنـەیان داوە‌و چەمکی دەولـەت‌و ئایین لـە دەسـتی دەرەبەگـەکان‌و چینـی رۆحـانیدا (پیـاوانی ئایین)، بوونەتە بەهیزترین‌و ویرانکـەرترین ئامرازی چەوساندنەوە. یـەکیك لـە هۆکارەکـانی دواکـەوتنی ئـەم هەریمانـە، یـاخود یـەکیك لـە سـەرەکی تریـن ئـەو هۆکارانە، ئەمەیە." (ل ١٧)

"ناوی گوند، بینا، نیشتمان، خیزان، کەس، خیل‌وهۆزەکان  تورکی‌یە." (ل ١٨-١٩)

" لـە روانگـەی دەولەمـەند کردنـی میـژووی تـورك‌و فۆلکلـۆری تورکی‌یـەوە، ویلایەتـەکانی خۆرهەلاتیشمان وەکـو ناوچـە تورکیـەکانی‌تر، پـرن لـە مـادەی کولتووری‌ی دەولەمەند    لە ویلایەتەکانی خۆرهەلاتماندا بە تۆوی پیاز دەلین (*kisha*). ناحیەیـەکی قـەزای (تۆرتـوم)ی سـەر بە ویلایـەتی ئـەرزرومیش نـاوی (*kisha*) یە.

کولتــووری تورکــی لــە هــەزاران ســال لەمەوبــەرەوە لــەم ناوچانــەدا نیشتەجی‌بووە، بلاوبۆتەوە‌و پیگەیشتووە. بەلام لەگەل ئەوەشدا زۆربەی خیلە تورکـەکان کـە بـەو وولاتـە پـان‌و بەرینانـەدا بلاوبوونەتـەوە‌و کردوویانـە بـە نیشتمانی خۆیان، گەلیك لە بەهاکانی خۆیان  لە بەرامبەر کولتووری عەرەب‌و کولتووری عەجەمدا کە لە خۆرهەلاتەوە هاتووە، لە دەستداوە." (ل ٣٥)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" گەورەترین حەقیقەت ئەمەیە: ئێمە هەرێمەکانی خۆرهەلاّت و باشووری خۆرهەلاّتی ئانادۆڵ بەو ئەندازەیەی کە شایانی خۆیانە، ناناسین. چونکە هەموو تایبەتمەندیەکانی ئەم ناوچانەمان بە ڕاستترین تێڕوانینەوە نەزانیوە. پێدەچێ لەم بوارەدا هەوڵی شایانی باسمان تاڕادەی نەبوون کەم بێت. پێویستە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان ئەوە بزانین و لە بیری نەکەین کە: ویلایەتەکانی خۆرهەلاّت و باشووری خۆرهەلاّتیشمان وەکو ئانادۆڵی ناوەڕاست و خۆرئاوا، وولاّتێکن کە لە دامەزراندنیەوە لە شێوەی نیشتمانی تورکدا دامەزراوە. باپیرانمان کە یەکەمین دانیشتوانی نیشتمانی ئەمڕۆمان بوون، دەیان هەزار ساڵ لەمەوبەر هاتوونەتە ئەم ناوە (نووسەر لەسەرەتای کتێبەکەیدا باسی ٧٠٠٠ ساڵ دەکات. ئێستا دەڵێت ١٠٠٠٠)، لێرەوە چوون بۆ ناوەڕاست و خۆرئاوای ئانادۆڵ، لەوێوە بە تەراکیا و ناوچەکانی تردا بلاّوبوونەتەوە و، لەسەر ئەم خاکە بناغە تەندروست و هەرگیز نەلەرزیوەکانی کۆماری تورکیای ئەمڕۆیان دامەزراندووە. کۆنترین شوێنەوارەکانی شارستانێتیی تورکی، لەهەر سووچ و کەنارێکی ئەم هەرێمانەدا بەجێماون. بەشێکی زۆریشیان هێشتا لە ژێر خاکدا ماونەتەوە." (ل ٦٤)

١٠-یوسف زیائۆزەر، مێژووی میسر، ئەستەمووڵ ١٩٣٩، ل- ٣٤١. لەم کتێبەدا داکۆکی لەوە دەکرێت کە یەکەمین دانیشتوانی ڕەسەن و ناوچەی میسرو خوداوەندەکانی میسر، لە نەژادی تورکەوە هاتوون. ئاوا دەگوترێت:

"شارستانێتی چاخی بەردینی نوێ و چاخی کانزا (معدن)، لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بە جیهاندا بلاّوبوونەوە. ئەمڕۆش خەریکە بەتەواوی ئەوە قبوڵ دەکرێت، ئەم یەکەمین شارستانێتی‌یەی سەردەمەکانی بەر لە مێژوو، کە بناغەی خۆئامادەکردن بووە بۆ شارستانێتی، لە لایەن ئەو خەڵکەوە هاتووە کە ئاسیای نزیک و ناوچەی ئاووهەوای دەریای سپی‌یان داگیر کردووە. میسری‌یە کۆنەکانیش کەکەس گومانی لە ئاسیایی بوونیان نیە، لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شارستانێتی‌یەوە دێن.

تێگەیشتن لە مێژووو سەرگوروشتەکانی ئەمە (میسر) و دەست نیشانکردنی پەیوەندی و خزمایەتیەکانی لەگەڵ باپیرە دوورەکانماندا، دەقاودەق کۆڵینەوە لە خودی مێژووی تورک دەگەیەنێ. چونکە میسری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەردەمی بەر لە میژوو، میسری ئەو دانیشتوانەیە کە لە ئاسیای ناوەراستەوە هاتوون، یاخود بە واتایەکی تر میسری تورك‌و ئۆرال– ئالتاییەکانە. بۆیە لەم کتیبەدا لە روانگەی ئارکیۆلۆجیاو ئەنترۆپۆلۆجیاو بەتایبەت زمانەوانیەوە، لە پلەی نزیکایەتی‌و خزمایەتی میسریەکان‌و تورکەکانمان کۆلی‌یەوەو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە میسریەکان تیکەلاویك بوون لە تورك‌و خیلە ئۆرال– ئالتاییەکان.

کەسانیك دەبن کە ئەم ئەنجامە بە زیادە رەوی‌و بەرز فرین بزانن. ئەوەی لە بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانەدا بگوترێ، ئەمەیە. هەموو جیهانی زانست قبولیان کردووە کە میسریەکان ئەفەریقایی نەبوون. کەسیش ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەوروپایی بوون. کەس لافی ئەوە لێ نادات. کەواتە گومانی تیدا نیە لە ئاسیاوە هاتوون بۆ میسر. ئەمەش بەلگەی مادیی خۆی هەیە. گەران بەدوای بنەچەی ئەو خەلکەدا لە عەرەبستان، بیهودەیە. چونکە تەنانەت ئەگەر زمانەکەشیان بە خزمایەتی ببریتەوە سەر زمانی عەرەبی، زمانی عەرەبی خۆیشی زمانیکی رەسەن نیە، ئەویش تیکەلاویکە لە زمانە ئۆرال– ئالتاییەکان. مەحالیشە خەلکی باشووری رووسیاو قەوقاز بووبن. چونکە لەسەردەمی بەستەلەکدا، ئەو دەشتەو چیاکانی قەوقاز لەگەل بانی ئیراندا، لە ژیر تویژالی سەهۆلدا بوون. بەجۆریك کە کۆمەلانی مرۆڤ نەیاندەتوانی تیایاندا بژین. کەوابێ تاکە شوینیك کە بتوانرێ وەکو سەرچاوەی بنەرەتی‌ی میسریەکان قبول بکریت، بیجگە لە ئاسیای ناوەراست هیچ شوینیکی تر نیە. سیماو سیفەتە جەستەییەکان‌و زمانەکانیشیان ئەوە نیشاندەدات. لەبەرئەوە، ئەو ئەنجامەی پی‌ی گەیشتووین، نەبە زیادە رەوی دادەنریت، نەبە بەرز فرین. بە پیچەوانەوە، ئەنجامیکی سروشتی‌و مەنتیقی‌ی رەوتی مرۆڤایەتیە.

ئەوانەی لەسەر ئەو ریگە نورانیە دەرۆن کە بلیمەتی‌ی پر بەرهەمی ئاتاتورکی مەزن کردویتی‌یەوە، بیگومان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەنە خودی راستی.)) (ل ٢)

"بە بیرو بۆچوونی ئیمە، وەك چۆن ئەو (نەتەوانە) تورك بوون کە بە نەوەی نام دادەنرین‌و شارستانیتی چاخی بەردینیان هینا بۆ دەوروبەری تەپ لە میسری سەروو، هەروەها ئەوانەی کە شارستانیتی چاخی بەردینیان هیناوە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میسری خواروو، هەر تورك بوون. قوشیەکان (*Kusi*) هەتا ئەمڕۆش وەکو یەکێك لە خێڵە تورکەکان دەژین. لیبیاییەکان، نیبییەکان* لە ناو چوارچێوەی هەمان خێڵدان."(1)

**١١-*یوسف زیا ئۆزەر، لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوە: سامییەکان-تۆرانییەکان، بەرگی ٢، بەشی ١، ئەستەموول ١٩٣٤.***

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لافی ئەوە لێدەدرێت کە ڕیشەی زمانە سامییەکان تورکییەو ئاوا دەگوترێ:

( ئەم لێکۆڵینەوانە بەرهەمی ئەو هوشیاربوونەوە زانستیەن کە غازیی پایە بەرز خوڵقاندویێتی، ئەو غازییەی بڕیاری داوە وەك چۆن بوونی سیاسی تورکی بنیاتناوەو پاراستویێتی، ئاواش بوونی فکریو کولتووری تورك بپارێزێو بەرزی کاتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە شایانێتی. سوپاسو پێزانینو مل کەچی بۆ ئەو بلیمەتە مەزنە، کە شۆڕشە مەعنەویو فکریەکانیشی بە ئەندازەی شۆڕشە مادیو سیاسیەکانی ڕەگی ئەبەدییان داکوتاوە." (ل ٣)

"یەکەم جار کە گوتراوە زمانە سامیو هیندو ئەورووپاییەکان لقێكو دیالێکتێکی تێکەڵو ئاوێتە بوون لە زمانی تۆرانی، خاوەنی ئەم قسەیە بە

---

* *لە دەقە تورکیەکەدا ئەم ناوە بەم شێوەیە نووسراوە:* ***Nbiler***

(1) *بیروڕاکانی پرۆفیسۆر یوسف زیا ئۆزەر-ی نوێنەری ئەسکی شەهر سەبارەت بە خەڵکی میسرو مێژووی میسر، ئەمانەن. لە ساڵی ١٩٥٦دا پرۆفیسۆر د. ئافەت ئینان کتێبێکی نوێی لەسەر بابەتی مێژووی میسر بڵاوکردۆتەوە (شارستانێتیو مێژووی میسری کۆن، دەزگای مێژووی تورك، ئەنقەرە ١٩٥٦، ل ٣٩٥). پرۆفیسۆر د. ئافەت ئینان لەم کتێبەیدا بە هیچ جۆرێك باسی ئەو کتێبەی سەرەوەی پرۆفیسۆر یوسف زیا ئۆزەر ناکات. نە لە پەراوێزو نە لە بیبلۆگرافیاکەشیدا تووشی ناوی پرۆفیسۆر یوسف زیا ئۆزەر نابین. ئەمە لە کاتیکدایە کە لە سالانی ١٩٣٠ و دواتردا، هەردووکیان پیکەوە لەسەر خوانەکانی پیشەوای مەزن مستەفا کەمالو کۆنگرەکانی مێژووی تورکو زمانی تورکیدا، داکۆکییان لەوە دەکرد کە خەلکی ناوچەییو ڕەسەنی میسر تورك بوون.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسێك کە گوناهێکی گەورەی کردبێت، دادەنرا. ئێستا بەتەواوی لەگەڵ ئەم بیروڕایە ڕاهاتووین‌و، ئەوانەش کە بانگەشەی بۆ دەکەن زۆر بوون.
هیوادارم لاوانی تورك کە لە سایەی هاندان‌و پشتیوانی بەرزو ژیانبەخشی غازی مەزندا پێدەگەن، ئەو ڕاستیە مەزنەی کە زمانی تورکی زمانەکان‌و ڕەگەزی تورکیش دایکی میللەتان بووە، بە هەموو جیهان بگەیەنن." (پێشەکی)

هیواداریین ئەو ڕوونکردنەوەو درێژەیەی لە بەرگی یەکەمدا، سەبارەت بەوەی کە ئەسڵ‌و سەرچاوەی قەومە هیندو ئەوروپاییەکان ئۆراڵ– ئالتایی بووەو هەروەها ئەو ڕوونکردنەوەو ووردەکاریانەی سەبارەت بە ناوی ئاری– سامی‌و وەرگێڕانە ئەڵمانیەکەی پێشکەشمان کردن، مەسەلەکەی بەپێی پێویست ڕوون کردبێتەوەو سەلماندبێتی عەرەب قەومێك نیە لە عەرەبستاندا لە دایك بووبێ، بەڵکو یەکێکە لە یەکەمین کاروانەکانی ئەو کۆمەڵە مرۆییەی لە سیبریاو بەرزاییەکانی تۆرانەوە هاتوون. (ل ٣١٤) بەشێك لە بەڵگەکانی ئەم ڕاستیە، ناوی خێڵە عەرەبەکانەو بەشێکی تریشی ڕیشەو ڕێساکانی زمانی عەرەبیە." ( ل ٣١٤)

١٢–*سایم عەلی دیلەرمە، بەرەو یەکێتی زمان، گۆڤاری ئەنترۆپۆلۆجیای تورکی، ژمارە ١٣–١٤، مارت– ئەیلولی ١٩٣٤؛ ژمارە ١٥–١٦، مارتی ١٩٣٤، ژمارە ١٧–١٨، ١٩٣٥، ژمارە ١٩–٢٢** *(ئەم لێکۆڵینەوەیە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدەدرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە ڕیشەی زمانە هیندو ئەوروپیەکان تورکی بووە)*

١٣–*ئیسماعیل حامی دانشمەند، یەکێتی بنەچەی تورك لەگەڵ هیندو ئەوروپاییەکاندا، بەرگی١، ١٩٣٥، بەرگی ٢، ١٩٣٦، چاپخانەی دەوڵەت، ئەستەمووڵ.*

---

* *لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە مانگ‌و ساڵ‌و ژمارەکانی گۆڤارەکە بە هەڵە چاپکراون. بەڵام لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەکمان لەبەر دەستدا نیە بۆ ڕاستکردنەوە، وەکو خۆیان نووسیماننەوە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٤-ئەحمەد جەواد ئەمرە، توركیو ئەو زمانەی سۆمەریەكان قسەیان پێ كردووە، یەنی تورك Yeni Turk، ای تشرینی یەكەمی ١٩٣٢، ل ٤٨-٥٨.

١٥-سەفوەت ئەنگین، دەروازەیەك بۆ: پرنسیپەكانی شۆڕشی كەمالی، مێژووی شارستانێتی توركی مەزنو لێكۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجیانەی، چاپخانەی جمهوریەت، ئەستەموول ١٩٣٨.

١٦-قەدری كەمال، مەسەلەی زمان لە خۆرهەڵاتی ئاناوڵدا، ئولكو Ulku، ژ- ٥، حوزەیرانی ١٩٣٣، ل ٤٠٤-٤٠٧، لەم ووتارەدا ئاوا دەگوترێ:

"وەكو ئامارەكان پێمان دەڵێن، بەشێكی زۆری خەڵكی ئەمڕۆی خۆرهەڵاتو باشووری خۆرهەڵات، بە زمانی جیاواز لە توركیی ڕەسەن قسە دەكەن. ئەم مرۆڤانە كە لە كاتی خۆیدا نزیكەی هەموویان بە توركی قسەیان كردووە وبە پێی بەڵگەنامە مێژووییەكان بێجگە لە تورك سەر بە هیچ نەژادێكی تر نین، هەر چۆنێ بووە زمانی ڕەسەنی خۆیان لە دەستداوەو زمانی بێگانەیان وەرگرتووە.

دانیشتوانی دەوروبەری خۆرهەڵاتو باشووری خۆرهەڵاتی ئاناوڵ، تا چەند سەدەیەك لەمەوبەر، هەر بە توركی ڕەسەن قسەیان دەكرد. ئەمڕۆ لەو ناوچانەدا چەند زمانێك بەكاردەهێنرێن. لە نێوان ئەو زمانانەدا،پاش زمانی توركی، بڵاو ترینیان زمانی كرمانجیو زازاییە. هەردووكیشیان زمانی سەرەتایین. لە ئەنجامی ژمارەیەكی زۆر لەو لێكۆڵینەوانەدا كە ئەنجامدراون، دەردەكەوێت ئەم زمانانە (تێكەڵ) ێكن لە دوو دیالێكتی توركی كە (توركە چیاییەكان) قسەیان پێدەكەن. خێڵێكی توركمان كە لە دۆڵێكی هەكاریدا دەژین، بەخۆیان دەڵێن (كورد)."

١٧-د. ڕەشید غالب، شۆڕشی مێژووی توركو تێزە بێگانەكان، ئولكو، ژمارە ٩، تشرینی یەكەمی ١٩٣٣، ل ١٦٤-١٧٧ (لەم ووتارەدا تێگەیشتنی كەمالیزمو ناسیۆنال سۆسیالیزم-ئایدیۆلۆجیای نازیەكانی ئەڵمانیا- پێكەوە بەراورد دەكرێنو داكۆكی لەوە دەكرێت كە دووەمیان یەكەمیانی لە خۆیدا هەڵگرتووە).



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٨- حسەین نامیق، سەبارەت بە سۆمەریەکان، ئولکو، ژمارە ١٢، کانونی یەکەمی ١٩٣٣، ل ٣٨٦-٣٩٣. (لەم نووسینەدا هەوڵدەدرێت تورك بوونی سۆمەریەکان بسەلمێنرێت.)

١٩- شەوکەت عەزیز، هێزی بایۆداینامیکی و ئەنترۆپۆداینامیکی ی مێژووی تورك و ئاسیا، ئولکو، ژمارە ١٨، ئابی ١٩٣٤، ل ٤١٣-٤١٨.

٢٠- محەمەد سەفوەت، ئیمپراتۆری ی حیتی، کۆنترین شارستانێتی تورك لە ئانادۆڵدا، ئولکو، ژمارە ٢١، تشرینی دووەمی ١٩٣٤، ل ١٦٤-١٧٢.

ئولکو، ژمارە ٢٣، کانوونی دووەمی ١٩٣٥، ل ٣٢٣-٣٢٨.

ئولکو، ژمارە ٢٤، شوباتی ١٩٣٥، ل ٤١٨-٤٢٦.

ئولکو، ژمارە ٢٩، تەمووزی ١٩٣٥، ل ٣٢١-٣٢٣.

(لەم زنجیرە ووتارەدا هەوڵدراوە بسەلمێنرێت کە حیتییەکان تورك بوون.)

٢١- موزەففەر، نەژادی تورك و مێژووی تورك، ئولکو، ژمارە ٢٢، کانونی یەکەمی ١٩٣٤، ل ٢٤٩-٢٥٤.

٢٢- حەسەن رەشید تانکوت، سۆمەر، موهانجۆدارا، خەراپا و زمانی دایك، ئولکو، ژمارە ٣٢، تشرینی یەکەمی ١٩٣٥، ل ٩٠-٩٢. (لەم ووتارەدا هەوڵدەدرێت بسەلمێنرێت سۆمەریەکان تورك بوون.)

٢٣- نافی عاتف کانسو، کۆلێجە نوێکەمان، ئولکو، ژمارە ٢٦، شوباتی ١٩٣٦، ل ٤٠١-٤٠٢. (لەم ووتارەدا، کە بە بۆنەی کرانەوەی کۆلێجی زمان- مێژوو وجوگرافیاوە پێشکەشکراوە، هەوڵدەدرێ تورك بوونی حیتییەکان، سۆمەریەکان، میسرو میسۆپۆتامیا بسەلمێنرێت.)

٢٤- ووتەی سەفوەت ئاریکان،کرانەوەی کۆلێجەکەمان، ئولکو، ژمارە ٣٦، شوباتی ١٩٣٦، ل ٤٠٣-٤٠٥ ( لەم ووتارەدا کە بۆنەی کرانەوەی هەمان کۆلێجەوە پێشکەشکراوە، باسی ئەو کولتوورو شارستانێتییانە دەکرێت کە تورك لە چین و هندستان و میسۆپۆتامیادا دایمەزراندووە.)

٢٥- ئافەت، یەکەمین وانەی خاتوو ئافەت پاش کرانەوەی کۆلێجی نوێ، ئولکو، ژمارە ٣٦، شوباتی ١٩٣٦، ل ٤٠٦-٤٠٩. هەروەها بڕوانە: ئاین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*تاریهی Ayin Tarihi، ژماره ٢٦، شوباتی ١٩٣٦، ل ١٨-٢٣. خاتوو ئافەت لە یەکەمین وانەیدا پاش کرانەوەی کۆلیجی زمان‌و میژوو و جوگرافیا، لە شوینیکدا دەقاو دەق ئاوا دەلیت:*

" دەبێ بلیم سۆمەری‌و حیتی‌یەکان تورك بوون، ئەو شارستانیتی‌یانەش کە لە میسۆپۆتامیاو ئانادۆلدا دایانمەزراندوون، راستەو راست شارستانیتی تورکی بوون. حەقیقەتە هەرگیز نەلەرزیوەکانی میژووی ئیمە لە لایەن زانا بێ لایەنەکانەوە، کە لە نزیکەوە سەرنجی دۆزینەوە میژووییە نویکان دەدەن، بەووردی کۆلینەوەیان لەسەر دەکرێ‌و پشت راستیان دەکەن."[٢]

*٢٦-ئەو کۆنفرانسەی سکرتیری گشتی دەزگای زمانی تورکی‌و نوینەری بوردور، پرۆفیسۆر ئیبراهیم نەجمی دیلمەن لە رادیۆوە بلاوی کردۆتەوە (ئولکو، ژمارە ٤٣، ئەیلولی ١٩٣٦، ل ١٦١-١٦٦). ئەم کۆنفرانسە بە کورتی بەم شیوەیە:*

---

*[٢] لەو کاتەدا کە خاتوو ئافەت‌و ئەوانی تر ووتارەکانیان پیشکەش دەکەن، سەرۆکی گشتی (CHF) وسەرەك کۆمارو پیشەوای مەزن مستەفا کەمالیش لە نیوان گویگراندایە. خاتوو ئافەت لە بیرەوەریەکانیدا کە پاش سالانی ١٩٦٠ بلاوی کردوونەتەوە، ئەم بەشەی ووتارەکەی سەرەوەی واتە ئەوەی ناوی ناوە حەقیقەتە هەرگیز نەلەرزیوەکانی میژووی تورك)، لەو بیرەوەریانەدا نەهیناوەتەوە. بۆ نموونە لە کتیبی چەند بیرەوەری‌و بەلگەنامەیەك لەسەر ئاتاتورك دا (بلاوکراوەی بانکی ئیش، چاپی دووەم، ئەنقەرە ١٩٦٨)، رایدەگەیەنیت دەقی تەواوی ئەو کۆنفرانسەی بلاوکردۆتەوە (ل ٢٣٧-٢٤١). بەلام لە راستیدا بەشی حەقیقەتە هەرگیز نەلەرزیوەکانی میژووی تورك-ی لی دەرهیناوە. ئەمە راستکردنەوەو خۆدەربازکردنیکی بیدەنگ‌و سەنگە، بێ هیچ رەخنە لەخۆگرتنیك. شاردنەوەی عەیبەکانە. بەلام لە راستیدا هیچ شتیك نیە بشاردریتەوە. نازانستی بوون، بێ میتۆدی، دۆگماتیزم، کۆپی کردنەوەو تۆمارکردن‌و، میژوو نووسین بە کرێ، بەو پەری چری‌و فراوانیەوە بەردەوامە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"چوار ساڵ لەمەوبەر لە رۆژیکی وەکو ئەمرۆدا، خۆریکی نوێ لە ئاسۆی بلیمەتیی پیشەوای پایە بەرز ئاتا تورکەوە هەڵهات. رزگارکەری مەزن کە دەیویست بناغەیەکی کولتووری بۆ بوون و بەهای نوێی تورک بنیات بنیت، ریگەکانی کارکردن لەسەر زمان (کۆلینەوە لە زمان)ی بۆ تورک و لاوانی تورک ئاشکرا دەکرد.

دەکرێ کۆنگرەی یەکەمی زمانی تورکی کە لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٣٢دا لە کۆشکی دولمە باخچە بەسترا، بە یەکەمین تیشکی ئەو خۆرە درەوشاوە نوێیە دابنریت کە بەدەوروبەردا بلاوبۆوە. ئەو سەرکردەیەی کە لە ٢٠ی ئابی ١٩٢٨دا بە قبولکردنی ئەلفو بیی نوێی تورکی، یەکەمین قۆناغی بزووتنەوەی کولتووری تورکیی دەست پیکرد، پیش ئەوەی دەست بداتە شۆرشی زمان، خەریکی مەسەلەیەکی گەورەی تر بوو: میژووی تورک.

### میژووی دوینێ و ئەمرۆمان؛

میژووی ئیمە پیش ئەوەی دەستی پیرۆزی ئاتا تورک بیگاتێ، لە نەبوونییەکی مایەی بەزەیی و ئازاردەردا دەبینراو نیشان دەدرا. لەو کتیبە بەناو میژووییانەوە کە لە ئەوروپاوە کرابوونە تورکی، بیجگە لە دایک بوون، چوونە سەر تەخت و مردنی پاشاکان و، بیبلۆگرافیاکانیان، هیچی ترمان نەدەزانی. ئەمانە وەکو ئەوەی پیکەوە ریکەوتبن، هەولیان دەدا وا لە -میللەتی تورک- بگەیەنن کە خاوەنی بوونیکی بی نرخ و نزمە. گوایە سەرەتای هەموو بوونیکی ئیمە بە چوونی گەلیکی چوار سەد خیوەتی بۆ ئانادۆل دەستی پیکردووە. گوایە سەرچاوەی کولتوورو زانستی یۆنانی کۆن و رۆما بوون، لە چاخەکانی ناوەراستدا عەرەب و لە چاخی نویشدا ئەوروپا بووە. گوایە لە رەوتی هەموو ئەم میژووەدا، تورک جگە لە شەرو پەلامار، لیدان و تیک شکاندن هیچی تری نەزانیوە.

### تیزی میژووی تورک،

تیزی میژووی تورک کە بەرهەمی زیرەکی و بلیمەتیی بەرزی ئاتا تورکە، لە بەرامبەر هەموو ئەو بیروبۆچوون و تیروانینە دوور لە راستیانەدا، ریگەیەکی نوێی نیشاندا.بە بەهیزترین بەلگەنامەکانی جیهانی زانست، ئەو راستیە

خرایە بەر چاوی جیهان کە یەکەمین دەستپێکی کولتووری جیهانو یەکەمین پەرەسەندنی، بەدەستی تورک بووە. دوا بەدوای ئەوەی مرۆڤایەتی خۆی لە ژیانی گیانەوەران دەربازکردو، پاش ئەوەی یەکەمین بوونی خۆی لە چاخی بەردینی کۆندا درێژە پیدا، واتە پاش چاخی هەرە کۆنی بەردین، کولتووری نیۆلیتیك، واتە کولتووری چاخی بەردینی نوێ کە دەرگای بۆ یەکەمین دروستکراوەکانی زیرەکی کردەوە، بۆ یەکەمین جار لە میشکی باپیرە براکیسەفالە تورکەکانماندا دامەزرا کە لە کەنارەکانی دەریای ناوەوەی ئاسیای ناوەراستدا نیشتەجێ بوون. دیسان هەر ئەو تورکە براکیسەفالانە بوون کە بۆ یەکەمجار کانزایان دۆزیوەتەوەو بەکاریان هیناوە، لە سایەی ئەمەشدا کولتووریکی نویٚو گرنگیان خولقاندووە. ئەو راستیە کە تورکەکان بە کۆچکردنیان لە ئاسیای ناوەراستەوە بەرەو هەر چوارلای جیهان، کولتووری چاخی بەردینی نویٚو کولتووری چاخی کانزایان بە جیهاندا بلاوکردۆتەوە. نامەوێ ئەوە لە بیر بکەم کە تورکو لاوانی تورك ناچارن دژی ئەوانە تێ بکۆشن کە هیشتا نکولی لەم راستییە دەکەن. بەلام لەوەش دلنیام کە هەرچۆنیك بیت سەرکەوتنی تیزەکەمان، بە رووناکیی ئەو راستیەی کە زیرەکی تورك دروستی کردووە، تازە لەوە دەرچووە کە بشاردریتەوە.

## سەرکردەی پایە بەرزو زمان

تەنها زانستی زمان دەیتوانی ئەم ئەنجامە بەتەواوەتی ئاشکرا بکات ، کە تویژینەوەی بەر لە میژوو پێی گەیشتووەو هەموو رۆژیك بەو راستیانەی جیۆلۆجیاو ئارکیۆلۆجیاو ئەنترۆپۆلۆجیا دەیانهیننە ئاراوە، نرخو گرنگی گەلیك زیاتر پەیدا دەکات. ئالەبەر ئەمەیە کە ئەو کاتەی تیزی میژوو کەوتە سەر ریگای سەرکەوتن، تیروانینە گرنگەکانی سەرکردەی پایە بەرز دووبارە روویان کردەوە زمان.

زمانی تورکی لە حالیکدا بوو کە بە راستی پیویستی بە چاودیری وگرنگی پیدان هەبوو. ئیمپراتۆریی عوسمانی بە دریژایی چەندین سەدە لەو غەفلەتەدا دەژیا کە هەر یەکە لەو شیوانەی زمانی تورکی، کە لە ناوچە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆربەجۆرەکاندا گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، هەریەکەیان وەکو زمانیکی جیاواز بناسیت. ئەو شیوە زمانانەی وەکو خۆیان وەردەگرت و مۆرکی (بیگانە)ی لیدەدان، بەم شیوەیەش لە پیناوی ژیان بەخشین بە زمانی کۆسمۆپۆلیتی و دواکەوتووی بەناو(عوسمانی)دا، بە خۆرایی کاتی تورکی بەفیرۆدا.

(ئاتا تورك) کە بریاری داوە بە کولتووریکی نویّ و مۆدیرن و شایانەوە، داهاتووی درەوشاوەی تورکیش وەکو رابوردووە شکۆدارەکەی بژینیتەوە، دەبوو لە ریگەی فیرکردنی زاناو تورکەکانەوە، بەتایبەتی زمانی تورکی کە خەزینەی کولتووری تورکیە، لەو دۆخە تاریك و تیکەڵ و دواکەوتووە، قوتار بکات. دەبوو زمانی تورکی لە ریگە زانستیەکانەوە قووڵ و بەرفراوان بکریّ، ماهیەتی تەواوەتی و پیگەی لە نیوان زمانەکانی سەر زەویدا دیاری بکریت

## سوپاس و پیزانین بۆ ئاتاتورك:

بەرهەمی هەموو ئەم کارانە، لە بلیمەتیکەوە دیت. ئەو بلیمەتە، ئەو خولقینەرە، ئەو لانکەیە، ئەو سەرەتاو کۆتاییەی تیگەیشتن لی ی ئاسان نیە، جەوهەری راستەقینەی بوونی تورکە. ئەوە ئاتاتورکە کە ئەم گەوهەرەی لەناو رۆحی میللەتدا دۆزیوەتەوەو لە خودی خۆیدا بەرجەستەی کردووە، ئاتا تورك ناوەندو سەرچاوەی هەموو زانیاریەکانمانە.

هاونیشتمانیەکانم،

پیرۆزبایی چوارەمین جەژنی زمانتان لیدەکەم،سوپاسی بیّ پایان و حورمەتی بیّ کۆتایی پیشکەشی سەرکردەی پایە بەرز ئاتا تورك دەکەم، کە ئەو بلیمەتی یەی دۆزیوەتەوە، لە خۆیدا بەرجەستەی کردووەو تورکی گەیاندووە بە رووناکی و هیز."[٣]

---

*[٣] ووتارەکە لە رادیۆوەو راستەوخۆ بۆ میللەتی تورك دەخوینریتەوە. بەلام لە کۆتایی ووتارەکەدا ((ریزو خۆشەویستی )) بۆ ئاتاتورکە نەك بۆ میللەتی تورك. لیرەدا جاریکی تریش سیستەمی تۆتالیتاری و سیستەمی پیشەوایەتی، بە شیوەیەکی کۆنکریتی بەر چاو دەکەون. چونکە پیشەوا چرکەرەوەی تایبەتمەندیە*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***٢٧-شەوکەت عەزیز کانسو، لیکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیانەی حامیت، ئولکو، ژمارە ٥١، مایسی ١٩٣٧، ل ١٨٣-١٨٦.***

***٢٨-د. موقدیم ئایسان، (راویژکاری تەندروستی دەزگای پشکنینی چوارەم)، ئەنترۆپۆلۆجیا چی‌یە؟ پیگەی ئەنترۆپۆلۆجی رەگەزی تورك‌و زمانی تورکی، ئولکو، ژمارە ٦٢، نیسانی ١٩٣٨.***

***٢٩-بەسری گۆجول، ریپیوان بەرەو چین، ئولکو، ژمارە ٨٢، کانونی یەکەمی ١٩٣٩، ل ٣٦٠-٣٦٣.***

***٣٠-کازم نامی دورو، خانەکانی گەل‌و قزل ئەلما، ئولکو، ژمارە ٨٥، مارتی ١٩٤٠، ل ٧-١٠، دوا سێ دیری ئەم ووتارە بەمجۆرەیە:***

" خانەکانی گەل ئەو شوینانەن که بەراستی هەریەکەیان لە نیشتمانی ئازادی تورکدا (قزل ئەلما) بۆ میللەتی ئازادی تورك دەخولقینن. لاوانی تورك! رووبکەنە ئەم شوینانەو بە دوای ریگاکانی گەیشتن بە قزل ئەلمادا بگەرین."

هەروەها بروانە: کازم نامی دورو، پەروەردەی خەلك‌و خانەکانی گەل، ئولکو، ژمارە ٨١، تشرینی دووەمی ١٩٣٩، ل ٢٠٤-٢٠٧.

***٣١-شەوکەت عەزیز کانسو، لە خۆرهەلاتی ئانادۆلدا، ئولکو، ژمارە ٩٥، کانونی یەکەمی ١٩٤٥، ل ٣٨٨-٣٨٩.***

***٣٢-ئەسعەد دەمیرای، نەژادی من، یەنی تورك Yeni Turk، ژمارە ١٠، تەمووزی ١٩٣٣، ل ٣٣٨-٣٣٩. لەم شیعرەدا بە کورتی ئاوا دەگوتریت:***

*باپیرم بەسەر (چین) دا فەرمانرەوا بوو، ملی بە هند کەچ کرد*
*پالەوانیك بوو، میژوو بەحورمەتەوە یادی دەکاتەوە.*
*یادی پر لە شکۆی لە دەمارەکانمدا ئاگر دەکاتەوە*
*باپیرم لەسەر پشتی ئەسپیك ئەوەندە بە ئازادی‌و شادی*

---

*رۆحی‌یەکانی میللەتە. ئەو تایبەتمەندیانەی بە شیوەیەکی کۆنکریتی لە کەسیتی خۆیدا بەر جەستە کردووە. لە لایەکی ترەوە، دانەرو دەست نیشانکەری نوینەران لە پەرلەماندا، خودی پیشەوایە. کەوابێ باشترین ریگە بۆ مسۆگەرکردنی بوونە ئەندامی پەرلەمان لە دەورەی داهاتوودا مەرایی کردنە بۆ پیشەوا. مەرایی کردن، ئەنجامی حەتمی‌ی سیستەمی پیشەوایەتی‌و سیستەمی تۆتالیتاریە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*دەجەنگا، لە ئالتایەوە بەخێرایی بەرەو خۆرئاوا*

*بەرەو شەریکی بێ کۆتایی، بەرەو خۆرئاوای بێپایان*[٤]

***٣٣-مونیر موئەییەد بەکمان، تابلۆکانی شۆڕش، یەنی تورك، ژمارە ١١-١٤، تشرینی یەکەمی ١٩٣٣، ل ٥٣.***

***٣٤-مونیر موئەییەد بەکمان، سەمبولی جەنگەکەمان، ((چەند بەختەوەرە ئەوەی دەلێت تورکم))، یەنی تورك، ژمارە ١٥، تشرینی دووەمی ١٩٣٣، ل ١١٥٩-١١٦٠.***

**ئەم شیعرە بەم شێوەیەیە:**

*جیهان بوو بوو بە یەك چاو یەك گوێ یەك دل*
*چاوەڕێی دەکرد.*
*تورکیش کە ملی بە مێژوو کەچ کردووە، دەیگوت*
*غازی!*
*جەماوەر بوو بوو بە حەماسەتێك عەشقێك ئاگرێك*
*گوێی دەگرت.*
*هەناسەی پانزە سالی بە ئەندازەی ساڵەکان بێ کۆتایی، دەبینرا.*
*-((چەند بەختەوەرە ئەوەی دەڵێت تورکم))*
*لەناوەوەی ئاسیاوە، تا ئەوپەڕی خۆرئاوا*
*دەنگی دایەوە.*
*پاشان ئەم دەنگە، بە پانتایی ئاسماندا بڵاوبۆوە،*
*هەموو زەرەیەکی ئەو خاکەی هەژاند،*
*کە خوێنی تورك تەڕی کردووە.*
*لە بەرامبەر ئاسەوارێکدا کە لە هەوێنی ئایدیال*
*ئیرادە و*
*هێز دروستکراوە،*
*((چەند بەختەوەرە ئەوەی دەڵێت تورکم))*
*ڕاگەیاندنێکی ڕەسەنی غروری منو*

---

[٤] *نووسەری ئەم شیعرە، مامۆستای ئەدەبی دواناوەندیە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*سەمبولی جەنگەکەمە، سەمبولی جەنگەکەم!*[٥]

*٣٥-عەلی رەزا، روانینیك بۆ دەهەمین سالی کۆمار، یەنی تورك، ژمارە ١٦-١٧، کانوونی یەکەمی ١٩٣٣- کانوونی دووەمی ١٩٣٤، ل ١٢٣٣-١٢٣٨.*
*لەم ووتارەدا بە کورتی ئاوا دەگوتری:*

"بەلی رزگاربوون لە بارودۆخی لەو جۆرە تاکە یەك ریگەی هەیە: تورك بوون، میللەتی تورك کە لە میژووی خۆیدا ئەسارەتی بە خۆیەوە نەدیوەو، بە چەندین سەدە بەر لە میژوو هەبووەو دوای میژووش هەردەمینی، خەسلەتیکی هەیە کە لە ئەزەلەوە نەگۆراوەو تائەبەدیش ناگۆریت: ئەویش بریتیە لە خەسلەتی خولقاندنی موعجیزەو بلیمەتەکان لە هەموو سەردەمە تاریكو خالە وەرگەرانەکانی میژوودا. ئەمجارەش هەروا بوو. کاتیك (میللەتی تورك) کەوتە ناو ئەم بارودۆخەی دواییەوە، کە لە جیهاندا وینەی نەبینراوە، بلیمەتیکی خولقاند! مستەفا کەمال!"

*٣٦-عوسمان شەرەفەدین،* چەك کردنی رەگەزیك، *یەنی تورك، ژمارە ٢٣-٢٤، حوزەیران-تەمووزی ١٩٣٤، ل ١٥٥٦- ١٥٥٩، (لەم ووتارەدا هەموو کردەوەکانی هیتلەرو نازیەکان ستایش دەکرینو دەگوتری "با ئیمەش وابکەین").*

---

*[٥] مونیر موئەییەد باکمان-ی نووسەری ئەم شیعرە، مامۆستای ئەدەبی دوا ناوەندیە. سەرۆکی گشتی کۆمەلەی گەلی کۆماری (CHF)و سەرەك کۆمار غازی مستەفا کەمال، یەکەمجار رستەی ((چەند بەختەوەرە ئەوەی دەلیت تورکم))ی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٣دا، واتە لە ووتاری دەیەمین سالرۆژی دامەزراندنی کۆماردا بەکاری هیناوە. لەو سالانەدا لای کوردەکان، گەورەو بچووك، ژنو پیاو، هەژارو دەولەمەند،ئاغا و جووتیاری بیزەوی هتد، هەر هەموو پیکەوە رادەگویزران. رستەی ((چەند بەختەوەرە ئەوەی دەلیت تورکم)) پەیام بوو بۆ کوردەکان. رایدەگەیاند کە ئەوانەی تورك نین، ئەوانەی نابن بە تورك، دەست لە خودیتی کوردەی خۆیان هەلناگرنو نابن بە کۆیلە، ((بەختەوەر)) نابن.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***٣٧-ئەحمەد ئەکرەم کۆسەمیهال، ئەو چاخانەی نیشتمانی یەکەمی تورك کەناری دەریا بوو ، یەنی تورك، ژمارە ٢٩ ، کانوونی دووەمی ١٩٣٥، ل ١٨٣٦-١٨٣٨ .***

***٣٨-خالیدە نوسرەت زۆرلوتونا ، لە چواردە هەزار سال لەمەوبەرەوە، یەنی تورك، ژمارە ٣٣، مایسی ١٩٣٥، ل ٢٠٧٧ . ئەم شیعرە بەم شیوەیەیە :***

*کاتیك کە هەموو دنیا لە تاریکیدا دەژیا*
*باپیری تۆ ئەی تورك، وەکو خۆریك لە ئاسۆوە لە دایك بوو*
*گەلیك زوو، تیشکی شارستانیتی بلاو کردەوە*
*ئەو نەبووایە دنیا بی خۆر دەمایەوە.*
*لە ئاسیای ناوەراستدا بە تیشکی پینج هەزار سال رووناك بۆوە*
*بەلام سەردەمیك هات لەبی ئاویدا سووتا*
*ئەو کاتە شارەکانیتر لە شارستانیتی تیر بوون*
*چونکە باپیرانمان دەستیان کردبوو بە هیرش*
*لە ئاسیادا چینو هند، لە ئانادۆلدا حیتی*
*دەولەتی مەزنی سۆمەر لە میسۆپۆتامیا*
*ئیلام، میسر، دەریای سپی، شارستانیتی رۆما*
*هەریەکەیان جی پەنجەیەکی هیزی تورکن لە سەرسنگی زەوی*
*تورك دەیزانی چیە تامی ژیان بە ئازادی*
*لە چواردە هەزار سال لەمەوبەرەوە، هەر بە بالا دەستی ژیا*
*ناوی (کەمال) میژووە بەهادارەکەی (میژووی تورك) بەرزکردەوە،*
*بەختیارترین میللەت ئیمەین کە (تورام: کەمال)مان بە گەردون بەخشیوە*[٦]

---

[٦] ***نووسەری شیعرەکە، خالیدە نوسرەت زۆرلوتونا ، مامۆستای ئەدەبی دواناوەندیە. ئەگەر سەرنج بدری، شاعیر دەلیت میژووی تورك چواردە هەزار سالیك دەبیت. دەبی***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***٣٩-کازم نامی دورو، کە کۆنگرە تەواو دەبیت، <u>یەنی تورك</u>، ژمارە ٤٥، ئەیلولی ١٩٣٦، ل ٤٧٨-٤٧٩. ئەو شیعرەی شاعیر لەکاتی تەواو بوون (داخران)ی کۆنگرەدا خویندویتیەوە، ئەمەیە:***

*لەو خۆرەوە دەرچوو، تیۆری زمانی خۆر*
*راستترین تیۆری زمانە کە ئیستا بینرا بیت*
*بەم تیۆریە ریگەی بەرەو پیش چوون بۆ تورك کرایەوە*
*بەم تیۆریە، شەرەفی بیپایان دەگات بە تورك[٧]*

***٤٠-ئۆغوز تورك کان، زانستو ئیسماعیل حامی، سەبارەت بە یەکیتی بنەچەی تورك و هیندو ئەوروپاییەکان ١، <u>یەنی تورك</u>، ژمارە ٨٣، تشرینی یەکەمی ١٩٣٩، ل ٤٨٣-٤٨٧. نووسەر لەم ووتارەدا، رەخنە لە ووتارەکەی ئیسماعیل حامی دانشمەند دەگریت کە لە برگەی ژمارە (١٣)دا باسمان کرد. واتە ووتاری <u>یەکیتی بنەچەی تورکەکان و هیندو ئەوروپاییەکان</u>. بانگەشەی ئەوە دەکات کە تورك لە رەگەزی جیرمانی نیەو رەگەزیکی سەربەخۆیە. نووسەر بە کورتی ئاوا دەلیت:***

**" بە رەگەزپەرستەکان دەلین لاسایی کەرەوەی ئەلمان. ئیمەش رەگەزپەرستین. بەلام لاسایکەرەوەی ئەلمان نین. بە پیچەوانەوە، ئیمە فاشیزمی ئەلمانی بەبی ماناترین شت دەزانین. بەلام رەگەز پەرستیەکەی ئیسماعیل حامی، راستەو راست لاسایی کردنەوەی ئەلمانە. کۆششیکی**

---

***خوینەر ئەوەی لە بیر نەچیت، لەو کاتەدا کە شاعیر باسی ژیان بە ئازادی دەکات، دەولەتی تورك بە هاوکاری کردن لەگەل ئیمپریالیزمی ئینگلیزیو فەرەنسیو رژیمی پاشایەتی ئیراندا، هەموو هەولو توانایەکی خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بخاتە ژیر باری ستەمی خۆیەوە.***

***[٧] شیعری باسکراو لەکاتی داخرانی کۆنگرەی سییەمی زمانی تورکیدا (١٩٣٥)، خوینراوەتەوە. شاعیر مامۆستای ئەدەبی دواناوەندیە.***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیجیو بیبناغەیە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە تورك لە خیزانی جیرمانییە. دانشمەند کە لە پووچیو بیمانایی بیردۆزەکانی نۆردیك–ئاریەن تیناگات، دەیەوی وای نیشان بدات کە تورکەکان لە رەگەزی ئەلمانین. کۆششیکی بیهودە."

## *II*. تیروانینی تیزی میژووی تورکو تیۆری زمانی خۆر بۆ کورد

پاش ئەوەی بەرخۆدانەکانی کورد لە نیوان ١٩٢٠–١٩٣٨دا خەلتانی خوین کران و کوردستان بەباشی داگیرکراو، هەموو چاوگەکانی ئۆپۆزسیۆن تیك شکینران، ئەو سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنەی (وەك تورك لیکردن، بەتورك کردن) لەسەر نەتەوەی کورد بەردەوام بوو خیراییو بەرفراوانیەکی گەورەی بە خۆیەوە دی. هەموو ریوشوینیك بۆ کۆیلەکردنی نەتەوەی کوردو لەناوبردنی خودیتی نەتەوەی کورد دانراو خرایە کار. کوردەکان کە لە سالانی ١٩٣٠دا بە دوژمن ناودیر کرابوونو پییان دەگوترا "چەتە"، "جەردە"، "راوو روتکەر"و پییان دەگوترا "پیویست ناکات کوردەکان بە مرۆڤ دابنیین، دەبی وەکو حەیوان رەفتاریان لەگەلدا بکەین"، لەوە بەدواوە بە "تورکی رەسەن، تورکی پاك" ناودیر دەکران. بۆ نموونە بە خەلکی شارەکانی چۆرمو کاستامۆنوو یوزگات دەگوترا تورکو بە خەلکی دیاربەکرو هەکاریو ماردینیش دەگوترا "تورکی رەسەن"، "تورکی پاك". رادەگەیەنرا کە نەتەوەیەك نیە بە کوردو زمانیکیش نیە بە زمانی کوردی ناسرا بیت. وا ئیدیعا دەکرا. پیمان وایە هینانەوەی چەند نموونەیەك لەو لیکۆلینەوانەی لە سالانی چل بەدواوە لەسەر ئەم مەسەلەیە کراون، بەسوود دەبیت. هەر هەموو ئەم لیکۆلینەوانەش تیزی میژووی تورکو تیۆری زمانی خۆریان کردووە بە سەرچاوەی خۆیان. واتە ئەو لیکۆلینەوانەی لە بەشەکانی پیشوودا باسمان کردن.

١–*قەدری پەرك (سەرهەنگی روکن– عقید الرکن)*، *سەردەمە کۆنەکانی باشووری خۆرهەلاتی ئانادۆل*، *خانەی کتیبی (ئینقیلاب)، ئەستەموول ١٩٣٤،*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*ل ٢٤٥-٢٤٦ . سەرهەنگی روکن قەدری پەرك لەو پێشەکیەدا کە لە بەرواری ١٩٤١/١١/١٨ دا بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە، ئاوا دەڵێت:*

" لە شوباتی ١٩٣٨دا، کاتێك بۆ خزمەت کردن لە خۆرهەلات کەوتمە ری، ویستم لە ماوەی مانەوەمدا لەوێ، دەرفەتی کۆڵینەوە لە مێژووی ئەو بەشەی نیشتمانە ئازیزەکەمان لە دەست نەدەم. گرنگی دانی گەورەکانم و هاوریکانم بەو بەرهەمە مێژووییانەی کە پێشتر نووسیبومن، هەروەها شەوق و تامەزرۆیی بێپایانی خۆم بۆ ئەم بابەتە، سەرچاوەی هاندانم بوون.

کاتێك کە خەریکی ئامادەکردنی ئەو پێویستیانە بووم کە دەبوونە بناغەی لێکۆڵینەوەکانم، بەرهەمی تورکیی بەنرخم دەسکەوت. بەلام بەشی زۆریان ناوچەیی و سنووردار بوون. لێکۆڵینەوەی مەیدانیان لەسەر نەکرا بوو وکەموکورت بوون. لەو بەرهەمە فەرەنسی و ئەلمانیانەشدا کە لە ئەوروپاوە دەستم کەوتبوون، تووشی کۆمەلێك ناوی بێگانە بووم کە درابوون بەم ناوچەیەو مایەی سەرسورمان بوون. هێشتا بەرهەمە ئەوروپاییەکان ناوی کوردستان و ئەرمەنستان-یان لەم ناوچەیە دەنا.

ئەوەی مەزنی ئێمە لە خۆرهەلاتدا نەشونمای کردووەو زۆر بووە، سەدان سالیش شالاوی بەرەو خۆرئاوا بردووە. ئەم ناوچەیە کە کەوتۆتە سەر رێی تەوژمی ئەو شالاوانە، یەکەمین ئیستگەی ئێمە بووە. کەوابێ دەبوو ئاسەوارو پاشماوەی کۆن و بە نرخی ئەوەی خۆمان لێرە بدۆزمەوە. دەست نیشانکردنی دۆزراوەکانیشم، ئەرکێکی نەتەوەیی خۆم بوو.

بەناو بەشێکی گەورەی ناوچەکەدا سوورامەوە (هەندێك شوێن چەندین جار). گەلێك فاکتم لە شوێنی خۆیاندا خستە ژێر لێکۆڵینەوەوە. پاشان لە رووی مێژووییەوە سەلماندنم کە ئەم ناوچەیە مولکێکی کۆن و جیانەکراوەی تورك بووە، دانیشتوانیشی بەشێوەیەك کە دەتوانین بڵێین ساف و بێگەردە، لە نەژادی تورکن و، قەومێك نەبووە ناوی کورد بوو بێت، ئەرمەنیەکانیش تەنها لە ئەنجامی کۆچکردندا هاتوونەتە ئێرەو، لە ماوەیەکدا کە لە رووی مێژووییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناتوانین بلێین درێژ بووە، وون بوون. گیروگرفتەکانی نووسینەوەی مێژوو دەزانم. هیوادارم لە کەموکوریەکانم ببوورن."[٨]

٢- *م. شەریف فورات، میژووی ڤارتۆو شارەکانی خۆرهەلات، ئەستەموول ١٩٤٨، چاپخانەی شاکا، ل ٢١٧، چاپی دووەم، بلاوکراوەی وەزارەتی پەروەردە MEBY، ئەنقەرە ١٩٦١، ١٧٦ لاپەرە.*

م. شەریف فورات لە پێشەکیی ئەم کتیبەدا ئاوا دەلێت:

" سولتان سەلیم (یاووس) لە سالی ١٥١٤دا لە دەشتی چالدیراندا سوپای شا ئیسماعیلی تێك شکاند، کە لە شارەکانی خۆرهەلاتمانەوە گەراوەتەوە، بەچاو ساغی ئیدریسی بەتلیسی سەرۆکی خیلە تورکیە شاخاویەکانی خالتی- لۆهۆرتۆی بانگ کردۆتە حوزوری خۆیو، ناوی (بابا کوردی)ی بەخشیوە بە عەشیرەتەکەی (کوورت بابا *Kurt baba*)*، کە سەری گەورەیان بووە. ناوچەی دەرەبەگایەتی تایبەتی بۆ جیاکردوونەتەوەو هانی داون بە ناوی (کورد)ەوە لە بەرامبەر شیعەگەریو شا ئیسماعیلدا سەنگەر بگرن! ئەم خیلانە کە لە چیا بەرزەکانی خۆرهەلاتدا، لە سایەی ئیمتیازیکی ئاواو لە دۆخیکی سەربەخۆدا هەرچییان ویستووە کردوویانە، بەتەواوی لە هەستی یەکیتی نەتەوەییو تورکایەتی دوور کەوتوونەتەوەو بەراستی وایان زانیوە کوردو بابا کوردین.

لە کاتیکدا کەناوی بەشەکانی سەرووی شارەکانی خۆرهەلاتمان لەو نەخشەو میژووانەدا کە پێش سەردەمی سولتان سەلیم یاووس نووسراون، (ئۆرارتۆ) بووە، لە میژووەکانی پاش یاووسدا ناوی کوردستان دراوە بەم نیشتمانەی تورکو ناوی کوردیش بەو خەلکەی لەم ناوچەیەدا دەژین، ئەو

---

[٨] *دەردەکەوێ کە نووسەر بۆ بنیات نانو نووسینەوەی ئایدیۆلۆجیای رەسمیی لەسەر درۆ راوەستاو نیردراوە بۆ ((خۆرهەلات)). ئاشکرا دەبیت کە ئەم کارە یەکیکە لەئەرکە سەرەکیەکانی سەربازو ئەفسەرە تورکەکان.*

* *وشەی (Kurt) لە تورکیدا مانای (گورگ) دەگەیەنی.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوە خەیالیانەی ئەسلو بناغەیان نیە. شارەکانی خۆرهەلاتمان کە لە ژێر باری ئەم ناوە ساختانەدا. دەنالینن،[٩]

لە سەردەمی هەموو پاشاکانی عوسمانیدا، بەرەو بە بیگانە بوون براون، گەلی تورکی ئەم شارانە، کە لە یەکیتی نەتەوەیی تورك دوورخراوەتەوە، لە چەرمە سەریەکەوە بۆ چەرمە سەریەکی تر براون.

سولتان یاووس سەلیم، کە لە سەفەری خۆرهەلات گەراوەتەوە بۆ ئانادۆل، گەلیك خیلی تورکی لە ناوەوەی ئانادۆل هەلکەندووەو ناردوونی بۆ شارەکانی خۆرهەلاتمان، بۆ ئەوەی بابا کوردیەکان لە بەرامبەر شا ئیسماعیلو شیعەگەریتیدا بەهیزو بالا دەست بکات. پاش ئەوەی لەم سەردەمە نزیکەدا خیلە تورکەکان لەم ناوچانەدا نیشتەجی بوون، لەگەل بابا کوردیەکاندا تیکەل بوونو یەکیان گرت، زمانی تورکی رەسەنو بوونی نەتەوەیی خۆیان کردە قوربانی خیلو نازناوی کوردستانو، ناوی (کرمانج)یان وەرگرت." (چاپی دووەم، ل ٩)[١٠]

---

[٩] *لیرەدا بە باشی دەبینریت کە ئایدیۆلۆجیای رەسمی لەسەر درۆ دامەزراو، پشت بە زانیاری چەند پیکەنیناویو بی مانا دەبەستیت. گوایە ((گەلی کورد لە ژیر ناوی کوردستاندا دەنالینی)). بەلام کتیبیکی ئەوەندە پر لە زانیاری بیّ مانـاو پیکەنیناویو پر لە دژایەتی، سەرەك کۆمار پیشەکی بۆ دەنووسیّو پرۆفیسۆرە تورکەکانیش وەکو ((زانستیترین کتیب))،(( جدیترین کتیب))و ((نیشتمان پەروەرترین کتیب)) بە خویندکارەکانی خۆیانی دەناسینن. جگە لەوەش، بۆ راپۆرت نووسەکانی بابی عالی لە ((خۆرهەلات))، سەرچاوەیەکە ناتوانن دەستی لی هەلگرن.*

[١٠] *لیرەدا جاریکی تر زانیاری ئایدیۆلۆجیای رەسمیی پشت بەستوو بە دژایەتیە سازش هەلنەگرەکان، ئاشکرا دەبیت. بە ئیدیعای نووسەر، دوا بەدوای شەری چالدیرانی ١٥١٤، کۆمەلیك خیلی تورك لە ناوەراستی ئانادۆلەوە نیردراون بۆ ((خۆرهەلات)). دیسان بە ئیدیعای نووسەر ئەو کاتەش هیشتا چەمکیك بە ناوی کورد یاخود کوردستان لە ئارادا نیە. چونکە ئەم ((ناز ناوانە)) لە لایەن سولتان سەلیم (یاووس)ەوە بەخشراوە. واتە ئەو کاتە هیشتا خەلك ((تورك))ن. بەلام ئەم*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم کتێبە پێویستی بە لەسەر وەستانێکی زۆر وورد هەیە. چونکە ئەمە زۆر مانادارە. ئەم مانایە لەو نووسینەوە خۆی ئاشکرا دەکات  کە سەر لەشکر جەمال گورسەل، سەرۆکی دەولەتو سەرەك وەزیری ئەو سەردەمە، وەکو (پێشکەش کردن– تقدیم) بۆ چاپی دووەمی  کتێبەکەی نووسیوە، ئەو کاتەی لە سالی ١٩٦١دا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە لە چاپدراوەتەوە. لەو نووسینەدا کە سەر لەشکر جەمال  گورسەل وەکو سەرۆکی دەولەتو سەرەك وەزیر ئیمزای کردووە، داوا  دەکرێت کە نووسینەکانی کتێبی ناوبراو، وەکو تاکە راستی، تاکە  حەقیقەت قبول بکرێنو لەم روانگەیەشەوە بەتایبەت داوا دەکرێت کە هەموو کەسێك ئەم کتێبە بخوێنێتەوە.

ئەگەر ئەم کتێبە تەنها وەکو بیروراکانی شەریف فورات بلاو بکرابایەوە، لەوانە بوو زۆر گرنگ نەبێت. بەلام کە سەرەك کۆمارو سەرەك وەزیری دەولەتیش هەمان بیرو بۆچوونی هەبێت، بمانەویو نەمانەوی دۆخەکە دەگۆرێو نووسینەکان  وەکو بیروڕایەکی رەسمی دەردەکەون. بلاوکردنەوەی کتێبێکی ئاواش کە ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەولەت لە خۆیدا هەلدەگرێت، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، دیسان پرمانایە. سەرۆکی دەولەتو سەرەك وەزیر جەمال گورسەل ئاوا دەلێت:

"    خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە کە ئەمڕۆ وەزارەتی پەروەردە چاپی دووەمی بلاودەکاتەوە، لەلایەن هەموو رووناکبیرانی تورکەوە، سوودی گەورەی دەبێت.چونکە ئەو هاوولاتیانەمان کە لە خۆرهەلاتی ئانادۆلدا دادەنیشن، لەبەر ئەوەی بەزمانێك قسەدەکەن لە تورکی ناچێت وایاندەزانی جیاوازن لە تورکو ئیمەش لەبەر بێئاگاییمان وامان دەزانی، ئەم کتێبە جارێکی تر دەیسەلمێنی ئەوانە تورکیکن ئاو لیل ناکەن. بە بەلگەی زانستیانەی ئەوتۆ کە نکولییان لێ ناکرێت   لە هیچ سەردەمێکی مێژوودا کۆچێکی بێگانە رووی نەداوە کە دانیشتوانی  ئەمڕۆی شارەکانی خۆرهەلاتی

---

*خێلە تورکانە کە لە ناوەراستی ئانادۆلەوە نێردراون، لە ناو ئەو جۆرە ((تورکانە))ی ئەویدا، بوون بە کورد. نازناوی کوردو کوردستانیان قبول کردووە.*

وەکو پاشماوەیەك بەجی هیشتبیت. لەسەر رووی زەوی، هیچ رەگەزیکی خاوەن شوناسی سەربەخۆ نیە، ناوی (کورد)ی لی بنریت. کوردەکان تەنها هاوولاتیمان نین، بەلکو هاورەگەزیشمانن بەلام بەداخەوە، ئیدارەی خراپ و پشتگوی خستن کە چەندین سەدە بەردەوام بوون، هەروەها پیویستیەکانی ژیانی داخراوی خۆشیان، ئەم ئەنجامەی لی کەوتۆتەوە کاتی ئەوە هاتووە هەموو رووناکبیرانی تورك، ئەرکی سەرشانی خۆیان لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا دیاری بکەن. بە تایبەت تورکەکانی خۆرهەلات کە لەژیر کاریگەری ئەو جۆرە پروپاگەندە بی بناغەو ناراستانەو هاوشیوەکانیاندا چاوبەستەکی یان لیکراوەو هەلخەلەتینراون و لە ئەنجامیشدا سەریان لی تیکچووە، پیویستە ئەم کتیبە بخویننەوە، بی خەنە دلیانەوەو بەووردی بیری لیبکەنەوە. چونکە بەرەو رووناکی یان دەبات. بروام وایە بەم شیوەیە ریگای راست و دروست دەدۆزنەوە. زیاگۆك ئالپ،ئەو بیریارە مەزنەی تیشکی زانستی خستە سەر تاریکاییەکانی میژوو، خودیتی میللی خۆمانی نیشانداین و فیری کردین، خەلکی کوی یە؟ ئایا خەلکی ئەو دیاربەکرە نیە کە تەحریکچی و پروپاگەندەچیەکان بە ناوەندی (کوردایەتی)ی دەزانن؟ ئەم راستیە فاکتیکە، بە تەنها خۆی بەئەندازەی نووسینەکانی ئەم کتیبە دەمانخاتە بیرکردنەوەوەو رووناکمان دەکاتەوە " (چاپی دووەم، ل ٣-٤)[١١]

---

*[١١] سەر لەشکر جەمال گورسەل-ی سەرۆکی دەولەت و سەرەك وەزیر کە ئیدیعا دەکات کوردەکان تورکن، لە راستیدا بەم ووتارەی خوارەوەی ئاشکرای دەکات کە هەستیکی دوژمنانەی چەند قوولی بەرامبەر نەتەوەی کورد هەیە:*

*(( ئەگەر تورکە چیاییەکان (کوردەکان) بە زووترین کات نەیەنەوە سەر ری و بە ئاسوودەیی دانەنیشن، سوپا هیچ سل لەوە ناکاتەوە کە شارو گوندەکانیان بۆردومان بکا و لەناویان بەریت. گۆمی خوینیکی ئەوتۆ دەبیت کە خۆشیان و ناوچەکانیشیان لە ناو دەچن.)) (ووتەیەك رۆژنامەی Dagens Nyheter ی ستۆکهۆلم، ١٦ی تشرینی دوومی ١٩٦٠.)*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣-فەخرەدین کرزی ئۆغلو، ریشەی کورد، بەشی یەکەم، ریشەی کوردەکان تیرەکانی ئۆغوزە، بلاوکراوەی یانەی ناساندنی دیاربەکر، ئەنقەرە ١٩٦٣، ل ٣٢.

٤-فەخرەدین کرزی ئۆغلو، ئەو کوردانەی لە هەموو روویەکەوە تورکن، بەشی دووەم، تورك بوونی کوردەکان لە رووی میژووییەوە، خانەی بلاوکردنەوەی چالشکان، ئەنقەرە ١٩٦١، ل ١٣٠.

٥-فەخرەدین کرزی ئۆغلو، ئاران (گەنجە- قەرەباغ)، ناوی "بیستو چواری یەکان" لەگەل "سیو دوویییەکان"دا، هەلکۆلینی(حفریات) "نەتەوە"کانو بنەچەی کورد- ئاراس. کۆنگرەی شەشەمی میژووی تورك، ٢٠-٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١، *TTK*، ئەنقەرە ١٩٦٧، ل ٣٦٣-٤١٣.

٦-فەخرەدین کرزی ئۆغلو، میژووی قارس، بەرگی ١، چاپخانەی ئشل، ئەستەموول ١٩٥٣، ل ٩٦-١٠٢. لەم کتیبەدا رادەگەیەنری کە کاردۆخەکان کورد بوون.

٧-محەمەد ئەرۆز، بنەچەی کوردو بەکورد بوونی تورك، کۆنفرانسەکانی سۆسیۆلۆجیا، کتیبی پینجەم، ١٩٦٤-١٩٦٥، کۆلیجی ئابووری زانکۆی ئەستەموول (*IUIF*)، ل ١٠٦-١٢١.

٨-سالح سان، میژووی کرۆنۆلۆجیانەو روونکردنەوەی موشو خۆرهەلاتی ئانادۆل، بلاوکراوەی کۆلیجی (*Yukselis*: بەرزبوونەوە)ی تایبەت، ئەنقەرە ١٩٦٦، ل ٢٥٦.

٩-عومەر کەمال ئاغار، جوگرافیای تونجەلی- دەرسیم، چاپخانەی تورکیا، ئەستەموول ١٩٤٠، ل ٦٤، (لەم کتیبەدا لە لایەکەوە هەولدەدری تورك بوونی کورد بسەلمینری، لەلایەکی تریشەوە جوینی زۆر ناشرین بە کورد دەدریت.)

١٠-ئەدیب یاووس (والی خانەنشین)، قەومە تورکەکان بە دریژایی میژوو، چاپخانەی کورتولوش، ئەنقەرە ١٩٦٨، ل ٤٢٧-٤٢٨. (لەم کتیبەدا هەولدەدری بسەلمینری کە یۆنانو لاتینو میسر، واتە هەموو گەلانی دەریای سپی لە رەگەزی تورکەوە هاتوون. هەر چەندە ناوی کتیبەکە بریتیە لە قەومە تورکەکان بە دریژایی میژوو، بەلام بەردەوام باسی کورد دەکات.)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***١١- محەمەد ئەرۆز، لیکۆلینەوەیەکی سۆسیۆ- کولتووری سەبارەت بە خۆرهەلاتی ئانادۆل، چاپخانەی بایلان، ئەنقەرە (میژووی لە سەر نیە)، ل ٦٧ .***
***(لەم کتیبەدا دەگوتری نەتەوەیەك نیە ناوی کوردو زمانیکیش نیە ناوی زمانی کورد بیت، هەولی سەلماندنی ئەم قسەیەش دەدریت.)***

***١٢- محەمەد ئەرۆز، تورکایەتیی خۆرهەلاتی ئانادۆل، بلاوکراوەی کولتووری تورکی، ئەستەموول ١٩٧٥، ل ١٧٥ .***

***١٣- محەمەد ئەرۆز، لیکۆلینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی لەسەر ناوی گوندەکانی خۆرهەلاتی ئانادۆل، گۆڤاری میژووی تورك بە بەلگەوە- BTTD، ژمارە ٥٦، مایسی ١٩٧٢، ل ٣٠-٣٢ .***

**بەشی دووەم- *BTTD*، حوزەیرانی ١٩٧٢، ٣٦-٣٨،**
**بەشی سییەم- *BTTD*، تەمووزی ١٩٧٢، ل ٣٢-٣٣،**
**بەشی چوارەم- *BTTD*، ئابی ١٩٧٢، ل ٣٧-٣٩،**
**بەشی پینجەم- *BTTD*، ئەیلولی ١٩٧٢، ل ٣٥-٣٧.**

(لەم زنجیرە ووتارەدا هەولدەدری بسەلمینری کە میللەتیك نیە ناوی کوردو زمانیك نیە ناوی زمانی کوردی بیت. د. محەمەد ئەرۆز لە هەموو نووسینەکانیدا داکۆکی لەم ئیدیعایە دەکات.)

***١٤- مەحمود ریشوان ئۆغلو، خیلەکانی خۆرهەلات و ئیمپریالیزم، بلاوکردنەوەی کولتووری تورکی، ئەستەموول ١٩٧٥، ل ٣٢٣ .***

***١٥- سالح فەتحی گۆکچایلی، خیل و هۆزە بە نەژاد تورکەکان، BTTD، ژمارە ٥٥، نیسانی ١٩٧٢، ل ٣٢-٣٥ (ئامانجی ئەم نووسینە ئەوەیە بی سەلمینیت کە میللەتیك نیە ناوی کوردو زمانیك نیە ناوی کوردی بیت.)***

***١٦- ئارن ئەنگین، لە خەباتی ئاتاتورکچیتیماندا کولتووری ئەوروپا چیە؟ چی نیە؟، بلاوکراوەکانی کولتووری ئاتاتورکچیتی، ژمارە ١٦، چاپخانەی (Siralar)ی شاری ئاتاتورك (ئەستەموول)، ١٩٦٠، ل ٢٨٠ .***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*(لەم کتێبەدا وەك چۆن داکۆکی لەوە دەکرێت کە سەرچاوەی کولتووری شارستانیتی‌یەکانی چین، هند، میسۆپۆتامیا، میسر، ئیجە، لاتین، و ئانادۆل بە ریشە تورکی بووە، ئاواش داکۆکی لەوە دەکرێت کە نەتەوەیەك نیە ناوی کوردی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر پێشنیار لە کتێبەکەدا هەیە، سەبارەت بە چۆنیەتی لەناوبردنی زمانی کوردو کۆیلە کردنی کوردو لەناوبردنی خودیتی کوردی.) نووسەر ئاوا دەڵێت:*

((چۆن دەتوانین یەکپارچەیی تورك دەستەبەر بکەین؟

**میتۆدی بۆتەی تواندنەوە، لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا:**

لە وولاتە دیموکراسیەکاندا، بۆ پێکەوە لکاندنی کەمایەتیەکان و مسۆگەرکردنی یەکیتی نەتەوەیی، لە ڕێگەی یاسا توندو تیژەکانی خوێندنەوە کە پێیان دەگوتری بۆتەی تواندنەوە، لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکاندا دەرسی دیسپلینی نەتەوەیی دادەدەن. لە ئەوروپا و ئەمەریکادا توندو تیژی ئەم قوتابخانانە لەم بارەیەوە و پرنسیپی فێرکردن و گونجاندنی منداڵە بیگانەکان، تاڕادەی سەرسورمان بە دیسپلین و سەرنج ڕاکیشە. بەتایبەتی ئەو میتۆدەی کە لە لیکۆڵینەوەکانی ساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٩ماندا لە ئینگلتەرە بینیمان و پێی دەگوترێ میتۆدی (برۆونی *Browny*)، ڕیسایەکی بی وینەیە بۆ ئێمە کە مایەی بیر لیکردنەوەیە و دەتوانین وەکو خۆی وەری بگرین و پاش ئەوەی بەپێی دۆخی خۆمان گۆڕانی بەسەردا دێنین، پیادەی بکەین.

(میتۆدی برۆونی) کەلە هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئینگلتەرەدا وەکو پایەی سەرەکیی فێرکردنی نەتەوایەتی و دیموکراسی سیاسی پیادە دەکرێت، بەو شێوەیەی لەکاتی لیکۆڵینەوەکانماندا لە ئەوروپا ١٩٤٧-١٩٤٩ بینیومانە، باس دەکەین:

لە قوتابخانەیەکی ئینگلیزیدان لە کۆڵانی (پەمبرتۆن گادرنز)ی لەندەن. ئەو ڕۆژە لیژنەیەکی سێ کەسیی تایبەت کە لە بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنەوە هاتوون، (مەراسیمی برۆونی) بە قوتابیان دەگێرن. ئەمە بەحەوت ڕۆژ جارێك دەکرێت. منداڵان لە ژووره گەورەکەدا کۆکراونەتەوە. لەوبەرەوە ئاڵای ئینگلیز بە وێنەی پاشا ڕازینراوەتەوەو هەڵواسراوە. کاتێك کە منداڵان بەیەك دەنگ سروودی نەتەوەیی دەڵێن، ئاڵای ئینگلیز لە دووڵاوە دەکرێتەوە. پاشان ئەو ڕۆژە منداڵان یەك بەیەك و بە ڕیز لەبەردەمی وێنەی (برۆونی)یەوە بەرەو

وینەی پاشا دەرۆن و لەبەردەمیدا لە ناخی دەروونەوە سویندیك دەخۆن کە بە باشی لەبەریان کردووە. بچووکترین دەنگ نابیسترێ، بچووکترین سستی نابینرێ، تیشکی مات و سووربآوی ژوورەکە خراوەتە سەر وینەی پاشا. ووشەکانی ئەو سویند خواردنە لە دەروونی مندالاندا کاری خۆی دەکا و فرمیسك لە چاوی هەندیکیان دینێ.

(من ئینگلیزم، ئینگلیزیتی لە سەروو هەموو شتیکەوەیە، لە سەروو گیان و مال و کەس و کارمەوەی دادەنیم، کەرامەتی ئینگلیز لە میشکمدا بە زیندوویی رادەگرم. لە پیناوی پاراستن و بەرزبوونەوەیدا هەردەم ئامادەی مردنم من ئینگلیز نەبم هیچ نیم )

پاش ئەم مەراسیمە کە بە ووردی و هاوئاهەنگ لەگەل ئەو ئامانجەدا ریکخراون، بە کۆمەل ئەنجامدەدرین. ئەو سویند خواردنەی کەمیك لەمەوبەر، تاقی دەکریتەوە کە ئایا لەکاتی خۆیدا بەجێ دەگەیەنریت یانە. دیسان بە کۆمەل سروودی نەتەوەیی دەگوتریت. یەکیکیش لە ئەندامانی لیژنەکە نەسیحەتی توند– جوان پیشکەشی مندالان دەکات، یەك دوو سەرگورشتەی نەتەوەیی تەزینەر دەگیریتەوە. دواجار شیر و شەکرلەمە بەسەر مندالاندا دابەش دەکریت.

لە دیدارو گفتوگۆکانمدا لەگەل ئەندامانی لیژنەکە، گوتیان ئەم یاریانە بە چەند مانگ جار دەگۆررین و تازە دەکرینەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی مندالان راکیشن،کۆمەلیك لیژنەو دەزگای تایبەتیش بەتەنها خەریکی ئەم کارەن و بەهەموو قوتابخانەکاندا دەگەرین. باسی ئەوەیان کرد کە ئەم میتۆدە، تاکە میتۆدە بۆ رەگ داکوتینی نەتەوایەتی ئینگلیزی لە دل و دەروونداو یەکیتی و یەکپارچەیی مسۆگەر دەکات، هەموو مندالە بیگانەکانیش بە هۆی میتۆدەوە بوون بە ئینگلیز. تاکە ریگە چارەی ئیمەش لە بەرامبەر رەگەز پەرستی کەمایەتیدا ئەمەیە.)) (ل ۲۷۹)[١٢]

---

*[١٢] ئەم نووسینە بە روونی بۆمان دەگیریتەوە کە ئەو سویندەی دەولەتی تورك هەول دەدات هەموو بەیانیەك بە مندالانی کوردی بلیتەوە، واتە سویندی ((تورکم، راستم، چالاکم، یاسای من ریزگرتنە لە گەورەکانم و پاراستنی بچووکەکانمە. هیواو ئایدیالم*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٧–ئارن ئەنگین، زانستی رابوردووی کولتووری تورکی لە خەباتی ئاتا تورکچیتیماندا، میژووی حیتی، بلاوکراوەکانی کولتووری ئاتاتورکچیتی، ژمارە ١٧، چاپخانەی (Siralar)ی شاری ئاتا تورك (ئەستەموول)، ١٩٦١، ل ٢٢٤.

١٨–ئارن ئەنگین، زانستی رابوردووی کولتووری تورکی لە خەباتی ئاتا تورکچیتیماندا، تورکەکانی سۆمەر، بلاوکراوەکانی کولتووری ئاتا تورکچیتی، ژمارە ٢٤، شاری ئاتا تورك (ئەستەموول)، چاپخانەی (Gun)، ١٩٦٩.

١٩–ئارن ئەنگین، پرۆمیسۆس لە خەباتی ئاتا تورکچیتیدا، خۆرەکانی کولتووری تورکی ئەوروپا چۆن هەلهاتن؟ چۆن درەوشانەوە؟ بلاوکراوەکانی کولتووری ئاتا تورکچیتی، ژمارە ٢٥، شاری ئاتا تورك (ئەستەموول)، چاپخانەی (Gun)، ١٩٦٩، ل ٢٥٦.

لە سەرەتای ئەم کتیبەدا لەژیر ناونیشانی ئایدیۆلۆجیای خۆرە مەزنە تورکەکەمان ئاتاتورك–دا، ئاوا هاتووە: ((ئاتاتورکچی‌یەکان یەك بگرن، لەزنجیرەی عوسمانی– سۆسیالیست زیاتر هیچتان نیە لەدەستی بدەن))

٢٠–ئارن ئەنگین، ئۆرانوس: دەست پیك: ویژدانی نەتەوەیی، ١–تورکە ئەتروسکەکان خولقینەرانی شارستانیتی رۆمای مەزن، ٢–میژووی فکرو کولتووری ئەوروپا، بلاوکراوەکانی کولتووری ئاتاتورکچیتی، ژمارە ٢٨، چاپخانەی (Gun)، ئەستەموول ١٩٧١، ل ٢٧٢.

---

بەرزیو بەرەو پیش چوونە. بوونم بەفیدای بوونی تورك بیت))، لە کیوە وەگیراوە. ئەگەر سەرنج بدریّ نووسەر، بە کۆیلە کردنی نەتەوەکانی ترو دانانی هەموو ریوشوینیك بۆ سەپاندنی کولتووری خۆی بەسەریاندا، بە سروشتی دەزانیت. بەلام ئەوانەی لە بەرامبەر بە کۆیلە بووندا بەرگری دەکەن، دژی سیاسەتە رەگەز پەرستەکان رادەوەستن، دەیانەویّ خودیتی خۆیان بپاریزن، بە (( رەگەز پەرستی کەمایەتی)) وەسف دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم کتێبەدا پاش ئەوەی لەشوێنی جۆراوجۆردا بانگەشەی تورك بوونی کوردەکان دەکرێ‌و هەوڵی سەلماندنی دەدرێ، ڕێگەکانی لەناوبردنی نەتەوەی کوردو بەکۆیلە کردنی کوردیش نیشان دەدرێت. (ل دوو- چوار، شانزە- حەڤدە، ٩-١٥، ٢٨٦)

لەم کتێبەدا ئەو پیرۆزباییانەش بڵاوکراونەتەوە کە بۆ نووسەر نێردراون بۆ ئەو کارانەی لە پێناوی تورکایەتیدا کردوونی. لەناو ئەوانەدا کە پیرۆزباییان لێکردووەو سوپاسیان بۆ ناردووە، ئەم ناوانەی تێدایە: وەزیری دەوڵەت* و یاریدەدەری سەرەك وەزیر سەعدی کۆچاش، نووسەر یەعقوب قەدری قەرە عوسمان ئۆغلو، سەرۆکی گشتی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (*MHP*) ئالپ ئەسلان تورکەش، نووسەر جیهاد بابان، فەرماندەی هێزی دەریایی سەر ئامیرال ئەیجی ئۆغلو، سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەندامی دادگای دەستووری ڕەجائی سەچکین، سکرتێری گشتی دەزگای زمانی تورکی عومەر عاسم ئاکسۆی، سەرۆکی ئەنیستیتوی پزیشکیی سەر بە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی ئەنقەرە پرۆفیسۆر د. فەرەیدون نافیزئۆزلوك، سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوە زەکی کونەرالپ.

٢١-*ئارن ئەنگین، بەیاننامەی ئاتاتورکچیتی لە پەنجاهەمین ساڵرۆژی کۆمارەکەماندا، بڵاوکراوەکانی کولتووری ئاتاتورکچیتی، ژمارە ٢٩، شاری ئاتاتورك (ئەستەموول) ١٩٧٢، ل ١٢٨.*

ئەم کتێبە لەسەر داوای وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ڕۆشنبیری ئامادە کراوە. لە کتێبەکەدا پاش سەلماندنی(!) ئەوەی کە کوردەکان تورکن (ل ٢٦-٣١)، چەند پێشنیارێك پێشکەش دەکرێت سەبارەت بەوەی کە ((ڕێگەی لە ناوبردنی تورك، بریتیە لە ڕاگواستنی و نیشتەجێ‌کردنی تورك لە خۆرهەڵات)) (ل٩). لەم کتێبەشدا وەکو ئەوانی پێشوو، کۆمەڵێك نامەی سوپاس و

---

* *لە دەقە تورکیەکەدا نووسراوە (Devlet Baskani) واتە سەرۆکی دەوڵەت و یاریدەدەری سەرەك وەزیر. بەڵام دەبێ (Devlet Bakani) بێت. چونکە سەرۆکی دەوڵەت سەرەك کۆمارەو لە سەرەك وەزیر گەورەترە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیرۆزبایی لەلایەن کەسیتی و دەزگا رەسمیە جۆر بەجۆرەکانەوە، بلاو کراونەتەوە. هەندیك لە خاوەنەکانی ئەو نامانە، ئەمانەن: سکرتیری گشتی سەرۆکایەتی کۆمار جیهاد ئالپان، نووسەر یەعقوب قەدری قەرە عوسمان ئۆغلو، یاریدەدەری سەرەك وەزیرو وەزیری دەولەت سەعدی کۆچاش، وەزیری رۆشنبیری تەلعەت هالمان، سەرۆکی گشتی (*MHP*) ئالپ ئەسلان تورکەش، سەرەك وەزیری پیشوو سوعاد خەیری ئوورگووپلو، سیناتۆر ئەحمەد یلدز، فەرماندەی هیزی زەمینی فاروق گوورلەر، فەرماندەی هیزی دەریایی ئامیرال جەلال ئەیجی ئۆغلو، فەرماندەی هیزی ئاسمانی سەرلەشکر موحسین باتور، فەرماندەی (اسطول) ئەمیرال کەمال کایاجان، سەرۆکی ئەرکانی هیزی ئاسمانی سەرتیپی یەکەم ئەحمەد دورال، فەرماندەی سوپای یەکەم سەرلەشکر فایەق تورون، فەرماندەیی سییەمی هیزی ئاسمانی، نووسەر جیهاد بابان، ئەندامی دادگای دەستووری رەجائی سەچکین، بە ناوی لیژنەی بەریوەبردنی وەقفی خویندنی تورکییەوە سەرۆك وەهبی کۆچ و جیگری سەرۆك د.نەژاد ئەجزاجی باشی، سەرۆکی لیژنەی بەریوەبردنی وەقفی خویندنی تورکی وەهبی کۆچ، یاریدەدەری سەرۆکی وەقفی خویندنی تورکی د. نەژاد ئەجزاجی باشی، سکرتیری گشتی دەزگای زمانی تورکی عومەر عاسم ئاکسۆی، پرۆفیسۆر د. فەرەیدون نافیز ئوزلوك سەرۆکی ئەنستیتیوی میژووی پزیشکیی سەر بە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی ئەنقەرە، د.مەلاحەت ئۆزگو بەریوەبەری ئەنستیتیو وکورسیی شانۆ لە کۆلیجی زمان و میژوو وجوگرافیا.

د.ئارن ئەنگین لە هەموو کتیبەکانیشیدا، بە ووردی ووریای ئەوە بووە کە جەخت لەسەر ئەوە بکات کە بە فەرموودەی ئاتاتورك کراوە بە ئەندامی دەزگای میژووی تورك (١٩٣٣)و دیسان بە فەرموودەی ئاتاتورك کراوە بە ئەندامی لیژنەی دەرس گوتنەوەو فیرکردنی وەزارەتی پەروەردە (١٩٣٣-١٩٣٥). یەکیك لەو دەقانەی کە زۆرترین جار بەکاری هیناوە، ووتارەکەی ئاتاتورکە بەبۆنەی دەیەمین سالرۆژی کۆمارەوە کە بە رستەی ((چەند بەختەوەرە ئەوەی دەلیت تورکم)) کۆتایی دیت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٢-نەزمی سەڤکەن، کوردەکان، BTTD ، ژمارە ٥، شوباتی ١٩٦٨، ل ٢٧-٣٠.

دووەم کوردەکان، BTTD ژمارە ٦ مارتی ١٩٦٨، ل ٤٤-٦٢.

سێیەم کوردەکان BTTD ژمارە ٧ نیسانی ١٩٦٨، ل ٥٧-٦١.

چوارەم کوردەکان، BTTD ژمارە ٨ مایسی ١٩٦٨، ل ٤٧-٥٢.

پێنجەم کوردەکان، BTTD ژمارە ٩ حوزەیرانی ١٩٦٨، ل ٧٠-٧٦.

شەشەم-کوردەکان، BTTD ژمارە ١٠ تەمووز ١٩٦٨، ل ٦٤-٧١.

حەوتەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١١ ئابی ١٩٦٨، ل ٤٩-٥٩.

هەشتەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٢ ئەیلولی ١٩٦٨، ل ٤٢-٥١.

نۆیەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٣ تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، ل ٤٠-٤٥.

دەیەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٤ تشرینی دووەمی ١٩٦٨، ل ٥٩-٦٥.

یانزەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٥ کانونی یەکەمی ١٩٦٨، ل ٥٤-٥٨.

دوانزەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٦ کانونی دووەمی ١٩٦٩، ل ٣٩-٤٧.

سیانزەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٧ شوباتی ١٩٦٩، ل ٥٠-٥٧.

چواردەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٨ مارتی ١٩٦٩، ل ٦٢-٧٣.

پانزەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ١٩ نیسانی ١٩٦٩، ل ٦٣-٦٦.

شانزەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢٠ مایسی ١٩٦٩،ل ٦٤-٦٨.

حەڤدەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢١ حوزەیرانی ١٩٦٩، ل ٦٢-٦٥.

هەژدەهەم- کوردەکان،BTTD ژمارە ٢٢ تەمووزی ١٩٦٩، ل ٦٣-٦٦.

نۆزدەهەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢٣ ئابی ١٩٦٩، ل ٦٩-٧٣.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*بیستەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢٤ ئەیلولی ١٩٦٩، ل ٣٩-٥٣.*

*بیست و یەکەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٦٩، ل ٧٥-٧٨.*

*بیست و دووەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢٦ تشرینی دووەمی ١٩٦٩، ل ٦٤-٦٨.*

*بیست و سێیەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢٧ کانونی یەکەمی ١٩٦٩، ل ٧٧-٧٨.*

*بیست و چوارەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٢٨ کانونی دووەمی ١٩٦٩، ل ٦٧-٧٠.*

*بیست و پینجەم- کوردەکان، BTTD ژمارە ٣٠ مارتی ١٩٧٠، ل ٧٤-٧٨.*

*بیست و شەشەم- دەرەبەگایەتیە کوردەکان دەرەبەگایەتی ی مەحمودیە، BTTD ژمارە ٣٧، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ل ٤٢-٤٤.*

نەزمی سەڤگەن لەم زنجیرە ووتارەیدا، ئیدیعای دەکات کە کوردەکان تورکن. لەگەل ئەوەشدا بە پشت بەستن بە کتیب و نووسەری وەك شەرەفنامە، نیکیتین، مینۆرسکی، فریچ، زانیاری لەسەر کوردەکان پیشکەش دەکات.

*٢٣-نەزمی سەڤگەن، دیوی ناوەوەی مەسەلەی کورد، ریکەوتنی عیراق- بەرزانی و ئەنجامە چاوەروانکراوەکانی، BTTD، ژمارە ٣١، نیسانی ١٩٣٠.*

دووەم- ژمارە ٣٢ مایسی ١٩٧٠، ل ٥٤-٦١

سییەم- ژمارە ٣٣ حوزەیرانی ١٩٧٠، ل ٥٧-٦٤

چوارەم- ژمارە ٣٤ تەمووزی ١٩٧٠، ل ٦٨-٧٠

پینجەم- ژمارە ٣٥ ئابی ١٩٧٠، ل ٧٥-٧٩

شەشەم- ژمارە ٣٦ ئەیلولی ١٩٧٠، ل ٧٩-٨٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نـەزمی سـەڤگەن لـە زنجیرە ووتـاری دیـوی نـاوەوەی مەسـەلەی کـورد، ریکەوتنی عیراق- بەرزانی و ئەنجامە چاوەروانکراوەکانیدا، ئیدیعا دەکات کە کوردەکان و بەرزانی-ش تورکن، بەلام باسی مەراق و مەترسی خۆی بەرامبەر بە ریکەوتنەکـە دەکات. چـەند پیشـنیاریکیش پیشکەشـی حکومـەتی تـورك دەکـات بـۆ ئـەوەی دەستەوسـان رانەوەسـتێ و هـەولی تیکدانـی ریکەوتنەکـە بدات.

٢٤-*نـەزمی سـەڤگەن، تورکـەکانی کـەرکوك، BTTD ،ژمـارە ٣٨، ١٩٧٠، ل ٨-١٢.*

*بەشی دووەم- ژمارە ٣٩ کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، ل ١٣-١٦*

*بەشی سێیەم-ژمارە ٤٠ کانوونی دووەمی ١٩٧١، ل ٢٤-٢٧*

نەزمی سەڤگەن لەم زنجیرە ووتارەشیدا رایدەگەیەنێ کە کوردەکان تورکن و زمانیك نیە ناوی کوردی بیت. لەگەل ئەوەشدا داوا لە حکومەتی عیراق دەکات کە ئۆتۆنۆمی بە تورکەکانیش بدات، وەکو کوردەکان.

٢٥-*ئەرتوغرول زەکایی ئۆکتە، تورکەکانی دەرەوە و تورکەکانی کەرکوك، BTTD، ژمارە ٣٨، تشرینی دووەمی ١٩٧٠، ل ٢-٣.*

ئەرتوغرول زەکایی ئۆکتە-ی خاوەن و بەریوەبەری بلاوکردنەوەی گۆڤاری میـژووی تـورك بـە بەلگـەوە- BTTD، لـە بـارەی کوردەکـانی عیراقـەوە( واتـە کوردەکانی کوردستانی باشوور) ئاوا دەلیت:

" دەمینیتـەوە سـەر ئـەوەی بلیـین(٨٠٪)ی ئـەو 000 1,100 کەسـەی لـە عیراقدا دەژین و خۆیان بەکورد دەزانن، تورکن. جگە لەوانیش ٩٠٠٠٠٠ تورك هەیـە کـە لـەو پارچەیـەی نیشـتمانی دایکـی خۆیـاندا کـە لـە تورکیـا جیـا کراوەتەوە، لە دۆخی یەکیتی زمان و دین و فکردا دەژین."[١٣]

---

[١٣] *دەبێ بپرسین چ جۆرە یارمەتیەکی ئەم (( تورکانـە))تـان داوە لـە خـەباتی رزگـاری نەتەوەییاندا دژی رەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیزمی بەعس؟ داخستنی سنوور بە رووی*

٢٦-كايهان ساغلامەر، ریپۆرتاجیك لەگەل مەلا مستەفا بەرزانیدا، BTTD، ژمارە ٣٧، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ل ٣٧-٤١.

٢٧-کایـهان سـاغلامەر، ئـەو دوو چەکـەی ریگـە لـە ئاشـتـی خۆرهـەلاتی ناوەراست دەگرن: مەلا مستەفا بەرزانی و یاسر عەرەفات، BTTD، ژمارە ٣٨، تشرینی دووەمی ١٩٧٠، ل ٣٦-٣٩.[١٤]

٢٨-کایـهان سـاغلامەر، عـەرەب و کـورد و، کـەرکوك، BTTD، ژمـارە ٣٩، کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، ل ٣٤-٣٨.

٢٩-نـەجمی ئۆنـور، لـە دامینـی چیاکانـدا چـی لـە گۆرێیـە؟ یـەنی غەزەتـە، ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠-٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠. هەروەها بروانـە: نەجمی ئۆنور، هیچ شتیکی نوێ لە بەرەی خۆرهەلاتدا نیە، پیشکەشە بەیادی پەنجاهـەمین سـالرۆژی کۆمـار، ژمـارە ٢، بلاوکـراوەی BTTD، ئەسـتەموول ١٩٧٢، ل ٤٢٣-٤٧٤.

---

ئەو ژن و پیرو مندالانەدا کە لە دەست بۆمبای ناپالم و گازی ژەهراوی رایان کردبوو و داوای مافی پەنابەرییان دەکرد، چۆن لیك دەدریتـەوە؟ ئایا لـە قوبرسیشدا هـەر بەو جۆرەیـە؟ ئـەم قسـەیەی نووسـەر، بەباشـی نیشـانی دەدات کـە رەگـەز پەرسـتی و کۆلۆنیالیزمی تورکی لە بەردەمی چ دووریانیکی گەورەدایە.

[١٤] ئەم نووسینەی کایهان ساغلامەر پیویستی بە لەسەر وەستانیکی وورد هەیـە. ئەگەر ئەوەمان لە بیر بێ کـە گۆڤاری میـژووی تـورك بـە بەلگـەوە بلاوکراوەیەکە زۆر نزیکـە لـەناوەندە کاریگـەرەکانـەوەو ئەوانـەی هەمیشـە لـە دەسـەلاتدان، واتـە بلاوکراوەیەکە لـە ئەنجومـەنی ئاسایشـی میللی‌یـەوە زۆر نزیکـە، ئەوسا باشـتر لـە گرنگـی ئـەم ووتـارە تیدەگـەین. مانـای وایـە لـە سـەرەتاکانی سـالی ١٩٧١دا، نـاوەندە کاریگـەرەکان خـەباتی گـەلی فەلەسـتینیش بـە مەترسـیەکی گـەورە دەزانـن بـۆ سـەر ئاشتی لە خۆرهـەلاتی ناوەراستدا. لیرەدا نـاوەرۆکی ووشـەی ((ئاشتی)) بە روونـی لەبەر چاواندا یەکالا دەبیتـەوە. ئـەو خـەباتـەی گـەلانی چەوساوە لـە پینـاوی رزگـاری نەتەوەییاندا دەیکەن، بە دژی ((ئاشتی)) لە قەلەم دەدریت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسەر لە کۆتایی ریپۆرتاجەکەیدا دەلیت: "دەبێ بە شیوەیەکی حەتمی ئیمپریالیزمی کولتووری لە خۆرهەلاتدا پیادە بکریت". پیشنیارەکانی بە کورتی بەم شیوەیەن:

" بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە پەیوەندیدارەکان ئامادەیان کردووە، هەر هەموو مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە کوردن. بەهۆی هەلویستی بەریوەبەرانی ناوچەکەوە، بە شیوەیەکی بەردەوام کورد بوونیان لە روویان دەدریتەوەو وەبیریان دەهینریتەوە. با یەکسەر لیرەدا بەپێی ئەو زانیاریانەی لە (فەرمانبەرەکانەوە) کۆم کردوونەتەوە، روونی بکەمەوە کە بێ ویژدانییە ئەگەری وانیشان بدریت کە کوردەکانی ئەو ناوچانەی هیلم بەدەوری سنوورەکانیاندا کیشاوە لە (سووکایەتی پێکردن)دا دەژین. بەلام ئەوەندە هەیە، دەستەیەکی (خائین و بۆگەن) هەیە کە ئەم ناوچەیەو دانیشتوانی ناو ئەم سنوورانە دەچەوسیننەوە. بەلێ. پاش هەموو ئەم رووداوانەو ئەوانەی لەوانەیە روو بدەن (پیویستە چی بکریت)، ئەمەیە مەسەلەی گرنگ. شیکردنەوەی رووداوەکان و بەم شیوەیەش ریگەگرتن لەوانەی رەنگە روو بدەن.

لەم مەسەلەیەشدا سوود لە (رۆلەیەکی پاکی وولات) وەردەگرم کە سالەهای لە شارەکانی خۆرهەلاتدا وەکو (ئیدارییەك) سەرف کردووە. بروانن ئەو بەریوەبەرە (ئیدارییە) لە کۆتایی لیکۆلینەوە راستەکانیدا چۆن ئەو هەنگاوانە ریز دەکات کە پیویستە بنرین.[15]

*١-دەبێ لیکۆلینەوەیەکی بنەرەتی لەسەر ناوچەکە بکریت و دەسەلاتی نا ئاسایی بە تایبەت بدریت بەسەرچاوە دادگەری و ئیدارییەکان.*

*٢-لە ناوبردنی خیلەکان لە ریگەی دامەزراندنی سیستەمیکی سەرتاپا نوێی خویندنەوە، کاری سەرەکییە. ئەمەش تەنها بە زیادکردنی ژمارەی*

---

[15] *پیویستە بە ووردی و بە تایبەت سەرنجی ئەو چەمکانە بدەین کە نووسەر بەکاری هیناون. کەوانەو هیل بە ژیردا هینانەکان هی نووسەرن.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قوتابخانەکانی ناوچەکەو هاوتەریب بەویش (سەفەر بەرکردنیك بۆ خویندن) دەستەبەر دەکریت.

٣-بە زووترین کات دانانی ئەو ریو شوینانەی دەسەلاتی (ئاغا)کان بەسەر خەلکدا دەگەیەنیتە پلەی سفر. ئەگەر بۆ ئەم کارە پیویست بە کردەوەیەکی عەسکەریش بکات،سوودەکانی زۆر زیاتر دەبن لە زیانەکانی.

٤-پیویستە کردەوەکانی کۆماندۆ بە شیوەیەکی نەخشەدارترو یاسایی تر پیادە بکرین. تا ئەو کاتەش کە هەموو ناوچەکە بە ریگەی باش و گونجاو پیکەوە دەبەسترینەوە، دەبێ ئەم کردەوە کۆماندۆییە بەردەوام بیت.[١٦]

٥-بەلەبەر چاو گرتنی داب و نەریت و هەلومەرجەکانی تری ناوچەکە، دەبێ سیستەمیکی گونجاوی هەلبژاردن بدۆزریتەوە و پیادە بکریت.

٦-دەبێ ئیمپریالیزمیکی کولتووری لە هەموو ناوچەکەدا پیادە بکریت. بۆ جێ بە جێ کردنی ئەمەش دەبێ مامۆستای بەتوانا کە کیشەی مووچەو خانووبەرەیان چارەسەر کرابیت، دابمەزرینرین. لەو سیستەمی خویندنەدا کە دەبێ پیادە بکریت، منداڵ بەتەواوی لە خیزان دادەبرینریت. دەبێ پەیوەندی نەوەی تازە پیگەیشتوو لەگەل نەوەی کۆندا بپچرینریت.[١٧]

٧-خزمەتی دەولەت لەناوچەکەدا لەگەل کۆمەلی خەلکدا تیکەلاو دەبیت. کاتیك گوندنشین دەولەت لەپال خۆیدا ببینیێ و خۆی بەپاریزراو ببینیێ،

---

[١٦] خوینەر دەبێ سەرنجی ئەوە بدات کە لە ((خۆرهەلات))دا سیاسەتی ریگاش بۆ ئامانجی دیاریکراو بەریوە دەچیت.

[١٧] خوینەر دەبێ سەرنجی ئەوە بدات کە ئەم کردەوانە گەلیك کۆنە پەرستترو قەتل وعامچیترن لە کردەوەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیو فەرەنسی لەناو کۆلۆنیەکانیاندا. لەو راپۆرتەدا کەلەسالی ١٩٥٢دا لەلایەن پرۆفیسۆرەکانەوە ئامادە کراوە، واتە راپۆرت لەسەر زانکۆی خۆرهەلات (وەزارەتی پەروەردە، ئەستەموول ١٩٥٢)، ئەم بیروړایانە سەبارەت بە(( مامۆستا بەتواناکان)) دەقاودەق هینراونەتەوە. لەقوتابخانە سەرەتاییە ناوخۆییەکانیشدا، هەول دەدرێ بەتەواوی منداڵ لەخیزانەکەی دابرینریت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*خاوەنی کاراکتەریکە کەبەهیچ جۆریك رووناکاتە ئەوانەی دەیانەوێ بەریگەی جۆراوجۆر بیچەوسیننەوە.*

*٨- باشترین تەکبیر کەلەکاتی خۆیدا بەشیوەیەکی خراپ تەجروبە کراوە، (مەسەلەی نیشتەجێکردنە). ئەو مرۆڤانەی کە لە خۆرئاواوە دەهینرین ولەم ناوچەیەدا نیشتەجێ دەکرین، گەورەترین رۆلیان لەگۆرینی ناوچەکەدا* دەبیت.

ئەوەندەی زمانم پیێکراو لەووشە هەلی گرت، هەولم دا باسی ئەو رووداوانەتان بۆبکەم کە لەدامینی چیاکاندا روودەدەن). لیرە بەدواوە، ئەرکی خویندنەوەی ئەم نووسینانەو خزمەتکردنی ئەم وولاتە دەکەویتە سەرشانی ئەوانەی کەئەم کارەیان لەئەستۆی خۆیان گرتووە، بەتایبەتی (رووناکبیران)." (ل ٤٧٢-٤٧٤)

نووسەر (نەجمی ئۆنور)، سەرەرای هەموو ئەم پیشنیارانە، لەوەش دوا نەکەوتووە کەهەول بدات بیسەلمینێو داکۆکی لەوەبکات کەکوردەکان تورکن[١٨]. (ئەم ریپۆرتاجەی نەجمی ئۆنور لەلایەن یانەی کولتووری شۆرشگیری خۆرهەلاتەوە (*DDKO*)، بەتوندی پرۆتیست کراوە. بروانە: بولتەنی یانەی کولتووری شۆرشگیری خۆرهەلات، ژمارە ٦-٧، فایلی دەعوای ( *I-DDKO*، ل٥٤٢-٥٤٤ ، ٥٥٠-٥٥١).

ئەونووسینانەی سەرەوە، تەنها چەند دانەیەکن لەو لیکۆلینەوانەی لەسەر تورك بوونی کورد کراون. لەراستیدا فکری تورکی، زانکۆی تورکی، دادگەری تورکی ئەمەیان وەکو "حەقیقەت"و راستییەك قبول کردووە کەپیویستی

---

*[١٨] ئەم هەلویستە پەیوەستە بەو سیاسەتە نەگۆرەوە کە رەگەز پەرستیو کۆلۆنیالیزمی تورکی بەرامبەر کوردستان هەیەتی، لە سالانی ١٩٣٠ یشدا لە لایەکەوە سوپا بۆ کوردستان دەنیردرا، لە لایەکی ترەوە ووشە وەکو "بەئەسل تورك" زوو زوو بەکار دەهینرا. عەلی کەمالی، میژووی ئەرزنجان، Resmili Ay Matbaasi، ئەستەمووڵ ١٩٣٢، ل١٧٧ و دواتر. عەبدولرەحمان شەریف ئەرزروملی نووسراوەکانی ئەخلات، Hami Matbaasi، ئەستەموول ١٩٣٢، ل٦-٢٣.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەگفتوگۆ لەسەرکردن نیە. بیروکردەوەیان بەم پێیە بەریوەدەبەن. ئەوانەی ئەم بیروکردەوە نازانستیو ناجدی‌یانە قبول نەکەن، ئەوانەی باسی بوونی نەتەوەیی کورد بکەن و نەیانەوێ خودیتی رەسەنی خۆیان لەدەست بدەن، دەدرینە دەست "دادوەرەکان".

### ٣-رەگەز پەرستی لە کتیبەکانی بەرەی نەتەوەیی( *MC* )دا کۆششی دریژە پیدانی کەمالیزمە

ئەو کتیبە دەرسی‌یانەی کەحکومەتی بەرەی نەتەوەیی (*Milliyetci Cephe-Mc*)[*] لە دوا مانگەکانی سالی ١٩٧٦دا چاپی کردنو ناردنی بۆ قوتابخانە دواناوەندیەکان بۆ ئەوەی بەسەر قوتابیاندا دابەش کرین، هەر لە کاتی دەرچوونیانەوە بەر رەخنەی توندی چاپەمەنی "پیشکەوتنخواز" کەوتن. بوون بە هۆی پیشکەشکردنی پیشنیاری لێ پرسینەوە لە حکومەت لە ناو ئەنجومەنی گەورەی میللەتی تورکیادا( پەرلەمانی تورکیا)، ئەنجامدرانی گفتوگۆو مشتو مر لەسەر مەسەلەکە، سازدانی میزگردی کراوەو پیشکەش کردنی کۆنفرانس. ئەم کتیبانە روو بە رووی نارەزایی توند بوونەوە. گرنگترین خالی کۆبوونەوەی نارەزاییو رەخنەکان ئەمە بوو: کتیبەکان لە پرنسیپەکانی کەمالیزمو ئاتاتورکچیتی لایان داوە. لە کتیبەکاندا "عیرقیات"، "فەتحیات" و"دینیات" دانراون، دیسان لەو رەخنەو نارەزاییانەدا دەگوترا، کە ئەو برینانەی کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی

---

[*] *حکومەتی بەرەی نەتەوەیی: لە سالی ١٩٧٥دا، حیزبە راستڕەو ورەگەز پەرستەکانی تورکیا حکومەتیکی ئیئتیلافی یان پیك هینا کە بە حکومەتی بەرەی نەتەوەیی بەناوبانگە. حیزبە سەرەکیەکانی ئەم حکومەتە ئەمانە بوون: پارتی عەدالەت بە سەرۆکایەتی سلیمان دمیریل، نەجمەدین ئەربەکان، پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی(MHP) بە سەرۆکایەتی ئالپ ئەسلان تورکەش.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە جەستەی پەروەردەو فێرکردنی نیشتمانی و بونیادی کۆمەڵگەدا کردوویاننەتەوەو دەیانکەنەوە، تەنها بە گەرانەوە بۆ بنەماکانی(پرنسیپەکانی) ئاتاتورك ساریژ دەکرین.[19] لە مەسەلەی کتیبە

---

*[19] سەبارەت بە هەندیك لەو رەخنەو نارەزاییانە، بروانە: **TOB-DER**، کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی: ئەلقەیەکی نوێی داخورانی فاشیزم لە خویندندا، __TOB-DER__، ژمارە ١٣١، ١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦، ل ١-٣؛ **Devrimci Ogretmen** (مامۆستای شۆرشگیر)،، بە فاشیست کردنی فیرکردن و کتیبە دەرسیە نویکان، __Devrimci Ogretmen__، ژمارە ١، ل ٦-٧؛ **TUMOD** ، کتیبە دەرسیەکانی Mc، __TUMOD__، ژمارە ٤-٥ ، تشرینی دووەم- کانونی یەکەم ١٩٧٦، ل ١-٢، ٨. لەم بولتەنەدا قسەو باسەکانی میزگردە کراوەکەی رۆژی ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لە زانکۆی (حاجەتەپە)سەبارەت بە ((کتیبە دەرسیەکانی Mc)) کورتکراونەتەوە. ئەوانەی بەشداری میزگردە کراوەکەیان کردووە ئەمانەن: پرۆفیسۆر د. جەواد گەرای (بەریوەبەر)، پرۆفیسۆر فەهمی یاووس، پرۆفیسۆر د. تەلعەت تەکین، د. بۆزکورت گوڤەنج، د. کەمالەدین ئاکالن، ئەمین ئۆزدەمیر؛ سۆسیالیست یارن، کتیبە دەرسیەکانی Mc: میژووی کولتوور، __سۆسیالیست یارن__، ژمارە ٨،٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٧، ل ١٠؛ باغمسز تورکیە (**Bagimsiz Turkiye**) ، کتیبی بێ ئەخلاقی، نەك ئەخلاق، __Bagimsiz Turkiye__، ژمارە ٥، ١٩٧٧/١/١٠، ل ١٦؛ عەلی حەیدەر، کتیبە فکری و ئایینییەکان لەسەردەمی سەلجوقی و عوسمانیەکاندا، __Birlik__، ژمارە ٢٤ ، شوباتی ١٩٧٧، ل ٥-٨؛ **Birikim**، رووداوی کتیبە دەرسیەکان، __Birikim__، ژمارە ٢٤ ، شوباتی ١٩٧٧، ل ٧٨-٨٠؛ TDK، راپۆرتیك لەسەر (توصیە)ی کتیبە دەرسیەکان، بلاوکراوەکانی TDK، ئەنقەرە ١٩٧٦، ل١٢١؛ سامی گورتورك، ئەو یاریانەی لە کتیبە دەرسیەکانی دواناوەندیدا ئامادە کراون، __ئۆزگور ئینسان Ozgur Insan__، ژمارە ٤٠، شوباتی ١٩٧٧، ل ٦٤-٦٩؛ جاهید کولەبی، لە کتیبی قوتابخانەکاندا نیشانەی کۆنەپەرستی هەیە، __میللیەت Milliyet__، ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦؛ مومتاز سۆیسال ئاکیدە، __Milliyet__، ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥؛ __دەست پیکی فەلسەفە__ (ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە- وەرگیر) بوو بە هۆی*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مشتومر له پەرلەماندا، Milliyet، ٢٣ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ خەلیل تونچ: له کتێبی (ئەخلاقی)ی دواناوەندی ١-دا، گەلیك قسەی دژی کریکارو مانگرتن هەیە، Milliyet، ٢٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ ئەجەویت: بەرەی نەتەوەیی تەحریکی چینایەتی دەکات، Milliyet، ٣٠ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ فەتحی ناجی، دەرسەکانی ئەدەبیات، پۆلیتیکا- Politika، ٢٤ تشرینی یەکەمی ١٩٧٦؛ عەلی دوندار، خویندنی بەسەنگەر کراو، Politika، ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦؛ ئەسەن یەل، روو رەشیی خویندن: کتێبە دەرسیەکانی Mc، Politika، ٢٢ی تشرینی دووەم- ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ (رەنگە ١٩٧٦ بیت- وەرگیر)؛ ئاتیلا ئۆزسەڤەر، فایلی مامۆستاکانی قوتابخانە، Politika، ١٠ی کانوونی یەکەم، ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ ئەنستیتوی خویندنی ئەفیون: له کتێبە دەرسیەکاندا پروپاگەندە بۆ رەگەز پەرستی دەکریت، وەتەن Vatan، ١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦؛ ئەمیل غالب سەندەلچی، دوا نوشوستی لە خویندندا، Vatan، ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ ئیلهامی سۆیسال، یەکیتی هەموو، Vatan، ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ ئومید کافتانجی ئۆغلو، نیازی بەرکەس، یەکەمین دەولەتی تورك، جمهوریەت Cumhuriyet، ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ ؛ شوکران کەتەنجی، کتێبە دەرسیەکان بە دوورن لە هاوچەرخیتی، Cumhuriyet، ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦؛ Cumhuriyet، یەك کتێب، کتێبی زۆر، Cumhuriyet، ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦؛ شوکران کەتەنجی، کتێبە دەرسیە نویکان دژی شۆرشەکانی ئاتا تورك رادەوەستن، Cumhuriyet، ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، ساتی ئەریشەن، کتێبی ئەدەبیات-ی Mc، Cumhuriyet، ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، حیفزی وەلدەت وەلیدەدە ئۆغلو، تورکچیتی یا عەرەبچیتی؟ ، Cumhuriyet، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، ئیلهان سەلجوق، کتێبەکانی قوتابخانە، Cumhuriyet، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦؛ سامی گورتورك، سۆسیۆلۆجیای گونجاو لەگەل بیروڕای دەسەلاتدا، Cumhuriyet، ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، جەیحون عەتوف کانسو، ئالای جمهوریەت، Cumhuriyet، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، ئۆکتای ئاکبال، ٥٣ سال بە خۆراییە؟ ،Cumhuriyet، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ ؛ گفتوگۆ لەسەر کتێبە دەرسیە نویکان کرا، Cumhuriyet، ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ ( لەو میزگردە کراوەیەدا کە رۆژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرسیەکانی بەرەی نەتەوایەتییدا، ئەم هەلویستانە هەلویستی زانستیانە نین.

---

٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ سازکراوە ئەمانە بەشداربوون: پرۆفیسۆر د. جاوید ئۆرهان توتەنگیل، خالیس کورتاچ، رەئوف موتلوای، سەلمان ئەراکم، تەحسین یوجەل، عیسمەت کۆنوک.)؛ حیفزی وەلدەت وەلیدە دە ئۆغلو، خەون‌و راستی لە ٥٣ سالدا، Cumhuriyet، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦؛ جەمال ئالپمان، چەوسانەوەیەکی دینیی تەواو، Cumhuriyet، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، ئیبراهیم ئۆلگون، خویندنی ئاراستەکراو، Cumhuriyet، ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ ، تاهیر نەژاد گەنجان، کتیبە(توصیە) کراوەکان، Cumhuriyet، ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ ، نیازی بەرکەس، ئایین پەرستی رەگەزپەرستی، Cumhuriyet، ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦؛ ئیلهان سەلجوق، عەلەوییەکان، Cumhuriyet، ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ ئیلهان سەلجوق، ئەمە کتیبی قوتابخانەیە؟، Cumhuriyet، ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ بەحریە ئوچۆك، سەرم سورما، Cumhuriyet، ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ روحی تورفان، خویندنی ئاوا، Cumhuriyet، ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦، ئیلهان سەلجوق، ئەخلاق‌و بی ئەخلاقی، Cumhuriyet، ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦؛ فەهمی یاووس، کتیبە(توصیە) کراوەکانی زانستی دین (رەنگە زانستی زمان بیت واتە Dil نەك Din وەرگیر)؛ تورك دیلی Turk Dili، ژمارە ٣٠٥، شوباتی ١٩٧٧، ل ١٥٥–١٥٨؛ تاهیر نەژاد گەنجان، کتیبی (توصیە) کراو، Turk Dili، ژمارە ٣٠٥، شوباتی ١٩٧٧، ل ١٥١–١٥٥؛ ساتی ئەریشەن، سەبارەت بە دواپرۆگرامی زمان‌و ئەدەبی تورکی، Turk Dili، شوباتی ١٩٧٧، ل ١٥٩–١٦٤؛ فوسون ئالتیۆك، کتیبی فەلسەفەی (توصیە) کراو، Turk Dili، ژمارە ٣٠٥، شوباتی ١٩٧٧، ل ١٧٠–١٧٤؛ تەلعەت تەکین، هەلە زانستی‌و بی مەنتیقی‌یەکان لە کتیبی ئەدەبیاتی دواناوەندی ١–دا، Turk Dili، ژمارە ٣٠٥، شوباتی ١٩٧٧، ل ١٦٥–١٧٠؛ لە کتیبی میژووی دواناوەندیدا، گوایە ئەوەی تورکە قژی لوولە، حوریەت Hurriyet، ٢٤ی شوباتی ١٩٧٧؛ لە پال ئەم جۆرە ووتارانەدا لە رۆژنامەی وەکو تەرجومان، سۆن حەوادیس، میللی غەزەتە، ئۆرتادۆغو، میللەت، هەرگون، بەیرەق یشدا ووتاری لایەنگری کتیبە دەرسیەکان بلاوکراوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەلویستی نازانستی، لە تاووتوی نەکردنی کەمالیزمو ئاتاتورکچیتی لە رەهەندی کاتو شویندا، دەکەویتەوە. لەم رووەوە گەرانەوە بۆ سالانی ١٩٣٠ زۆر بە سوود دەبیت. ئاشکرایە ئەگەر سەرنجی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك، بەشی دەروازە-ی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك میژوو ١و٢و٣و٤، کۆنگرەی یەکەمو دووەمو سییەمو کۆنگرەکانی دواتری میژووی تورکو کۆنگرەکانی زمانی تورکی بدریت، بە کورتی ئەگەر سەرنجی تیزی میژووی تورکو تیۆری زمانی خۆر بدریت، دەردەکەویت کە لە نیوان ئەوانەی سەرەوەو ئەو بیروراکانەی کە لە کتیبەکانی *MC* هەنو ئەو ئایدیۆلۆجیایەی دەخوازری بلاو بکریتەوە، لیکچوونیکی گەورە هەیە. با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

**نموونەی یەکەم**

" ژمارەیەکی زۆر عەشیرەت کە لە رووی میژووییەوە بە شیوەیەکی رەها زانراوە ئەسلیان تورکمانە، بەم شیوەیە دەستیان کرد بە ئاخاوتن بە زمانیکی تیکەلاو لە ئیرانی- تورکی. بگرە لە خۆرهەلاتو باشووری خۆرهەلاتی ئانادۆلدا، لە ناو کوردە بە ئەسل تورکەکاندا، کەسانیك دەرکەوتوون کە بە هیچ جۆریك تورکی نازانن. بە هۆی کەموکورتیی سیاسەتی خویندنو کولتوورەوە، ئەو کۆمەلانە لە هاوولاتیان، لە کولتووری نەتەوەیی بیبەش ماونەتەوە.)) (یلماز ئۆزتونا، میژوو ٣ی ناوەندی، کتیبەکانی دەولەت، ئەستەموول ١٩٧٦، ل ٤٧٣)

ئەم بۆچوونە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەل ئەو دیدو بۆچوونانەدا کە لە کتیبەکانی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك، بەشی دەروازە-ی هیلە گشتیەکانی میژووی تورکو میژوو١، میژوو ٢، میژوو ٣، میژوو ٤ دا هەن، لەگەل ئەو جۆرە تیگەیشتنەی لە کۆنگرەکانی میژووی تورکو کۆنگرەکانی زمانی تورکیدا، یاخود بە کورتی لەگەل ئەو جۆرە تیگەیشتنەی بەپیی تیزی میژووی تورکو تیۆری زمانی خۆر قبول دەکرینو دەبی قبول بکرین. بگرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانــەی دوایــی، ســەرچاوەیەکی بنــەرەتی و دەســت لێ هەڵنــەگیراون بــۆ کتێبــەکانی بــەرەی نەتــەوەیی. لــە بنــەرەتدا ئەمــە یەکێکــە لــە گرنگــترین تایبەتمەندیەکانی کەمالیزم و کارێك کراوە کە زانکۆی تورکی، دادگەری تورك، بەشێکی گەورەی "چەپ"ی تورك و بزووتنەوەی "سۆسیالیست"ی تورکی قبول بکەن.

" ڕەگەزێکی گرنگی تری کاراکتەری تورك، هەستی گەورەیی و باڵا دەستی یە. ئاتاتورك هەوڵێکی زۆری داوە لە پێناوی بەردەوامی و زیاتر ژیاندنەوەی ئەم توخمەی سروشتی نەتەوەیی." "یلماز ئۆزتونا، مێژوو ٣، ل٤٠٧)

لەم کتێبەدا زمانێکی حەماسی بەکاردەهێنرێت بۆ کارکردنە سەر قوتابیان. "گرنگی یەکی جیۆپۆلیتیکی ی سەرسام هێنەر نیشان دەدات." (ل-٢٨) "زستانی ١٤٥٢- ١٤٥٣ی بە ئامادەکاریەکی سەرسام هێنەرو خویناوی بردە سەر." (ل٤٩). لە کتێبەکەدا بە ئیمپراتۆری عوسمانی دەگوترێت "ئیمپراتۆری تورکی"و "ئیمپراتۆری تورکیا"، بە سیستەمی عوسمانی دەگوترێت "سیستەمی جیهان"و بە دەولەتی عوسمانیش دەگوترێت "دەولەتی جیهان".

**نموونەی دووەم**

" یەکێکی تریش لەو هۆکارانەی بڵاوبوونەوەی یەك لە دوای یەکی تورکەکانی بە ئاراستەی جیاوازدا دەستەبەرکرد، تەندروستی ی مەعنەویاتی تورکی یە. شالاو بردن بەرەو ئاسۆ نەزانراوەکان و، ئامادەیی بۆ ئەو مەترسیانەی ڕەنگە لە هەرساتێکدا بێنە پێشەوە و ژیان لەناو شەڕێکی بەردەوامی مان و نەماندا، ڕەفتارێك نیە بۆ هەموو میللەتێك بە سروشتی و ئاسایی دابنرێت. ئەم زیندویتی یە ڕۆحی یە بە شێوەیەکی ڕوون لە تورکەکاندا دەبینرێت. ئەم زیندویتی یە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوامبوونی تورکەکانی لە شێوەی کۆمەڵێکی بزواودا دەستەبەر کردووە، لەگەڵ سەرکەوتنەکاندا ئەوەندەی تریش زیادی کردووە. هەموو سەرکەوتنێکی عەسکەری ڕێگەی بۆ ئامانجێکی سیاسی نوی خۆش کردووە. گرتنی هەر وولاتێك، ئارەزووی گرتن و دەست بەسەرداگرتنی نوێی هەژاندووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم دۆخە بیرۆکەی فەرمانڕەوایی و فەلسەفەیەکی وولات گرتن (فتوحات)ی لای تورکەکان دروستکردووە. فەلسەفەی ولاتگرتنی تورکی، ئامانجی خۆی کردووە بەوەی لە سایەی داب و نەریتی تورکیدا جیهان بگەیەنیتە ئارامی و ئاسوودەیی.)) (ئیبراهیم کافەس ئۆغلو، *Altan Deliorman*، میژووی دواناوەندی ١، *Devlet Kitaplari*، ئەستەموول ١٩٧٦، ل ٨١)

خوینەر لە بیریتی کە فەلسەفەی وولاتگیری لە کتیبەکانی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك، بەشی دەروازە–ی هیلە گشتیەکانی میژووی تورك، میژوو ١، میژوو ٢، میژوو ٣، میژوو ٤ دا بەزمانیکی چەند حەماسی باسکراوە. ئەگەر زمانە حەماسیەکەی ووتارەکانی کۆنگرەکانی میژووی تورك، کۆنگرەکانی زمانی تورکی، ووتارەکانی خاتوو ئافەت، د. رەشید غالب، د. شەوکەت عەزیز، پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی، پرۆفیسۆر یوسف زیا ئۆزەر، پرۆفیسۆر ئیبراهیم نەجمی و ئەوانی تر لەگەل ئەو زمانە حەماسیەی لە کتیبەکانی بەرەی نەتەوەییدا هەیە بەراورد بکرین، یەکسەر دەردەکەوی کە ئەوانەی دووەم لە چاو ئەوانەی یەکەمدا زۆر لاوازو کەم رەنگن.

" تورکەکان رەنگیان سپی، لووتیان ریك، دەموچاویان خر، کەلەگەت و بونیادیان تەندروستە. قژیان کەمیك لوولە. سمیلی پیاوەکانیان نیمچە پرە. لە سەرچاوەکانی چاخی ناوەراستدا جوانیی تورك وەکو نموونە دەهینریتەوە. تەنانەت لە ئەدەبیاتی ئیراندا ووشەی (تورك) هەندیك جار بەمانای (مرۆڤی جوان) بەکار هینراوە." (ئیبراهیم کافەس ئۆغلو، *Altan Deliorman*، میژووی دواناوەندی ١، ل ٧٧)

بە هۆی کاراکتەری یەکخەری دەولەتی تورکەوە، سیاسەتی تورکی بەرەیەکی ناوخۆشی هەیە. لە بەر ئەوەی یەکیك لە ئەرکە گرنگەکانی سەرەك دەولەتە تورکەکان بریتی بووە لە کۆکردنەوەی تورکە پەرش و بلاوەکان، بە وووریایی سەرنجی ئەوە دەدرا کە سیاسەت بەو ئاراستەیە بەریوە بچیت.)) (ئیبراهیم کافەس ئۆغلو، *Altan Deliorman*، میژووی دواناوەندی ١، ل ٢٠١)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نموونەی سێیەم**

" تورکەکان کە بە درێژایی مێژوو گەلێك شەریان کردووە ) (محەمەد کاپلان، ئەدەبیاتی دواناوەندی ١، کتێبەکانی دەولەت، ئەنقەرە ١٩٧٦، ل ١٣)

" تورك كە قەومێکی سوارچاكو جەنگاوەرن، بە درێژایی مێژوو، وولاتی جۆر بەجۆریان گرتووەو دەولەتیان تێدا دامەزراندوون " (محەمەد کاپلان، ئەدەبیاتی دواناوەندی ١، ل ١٩)

" ئێمە دەولەتی وامان دامەزراندووە کە هەزاران سال چەندین میللەتی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەو میللەتانەمان بەرێوە بردووە." (محەمەد کاپلان هەمان سەرچاوە، ل ٢٦)

" ئەم شەرانە کە چەندین سەدەیان خایاندووە، تورکیان کردووە بە قەومێکی جەنگاوەرو ئایدیالی (فەرمانرەوایی کردن بەسەر جیهاندا)ی لادروست کردوون." (محەمەد کاپلان، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣)

**نموونەی چوارەم**

" ئەمرۆ بۆ بە دەست هێنانی سەرکەوتنی نوێی وەکو (مەلازگرت)و (موهاچ) دەبی (سولەیمانی قانونی)تر، بۆ پەلاماردانی کۆشکەکانی چینو پچراندنی زنجیرەی دیلی دەبی (کورشاد)ی ترو بۆ شەری سەربەخۆییو گۆرکردنی ئیمپریالیزمی خۆرئاواو خۆرهەلات لە دەریای ئیجەدا، دەبی مستەفا کەمالی تر پی بگەیەنرین." (بیلال گورەر، مێژووی کولتوور، کتێبی خوێندن بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگەی خوێندنی سالی ١٩٧٦– ١٩٧٧، ل ١٦٣)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"   لە تورکیادا خوورەوشتی بەرز، تەنها تایبەتە بە تورکە ڕاستەقینەکان. ئینکیشارییەکان[*] (ناتورکەکان)و توخمەکانی تر، نوقمی هەموو جۆرە خراپەو بی ڕەوشتییەکن. هۆی سەرەکی ئەخلاقی ئەم دواییەی تورك، تورکە ناموسولمانە بی ئەخلاقەکانن.

لای ڕەگەزی تورك سیفاتی چاکەی (فەزیلەت) وەکو چاکەو مرۆڤایەتی زگماکین. ئا ئەمەیە هۆی بی بەشی ئینکیشاریەکانو ڕەگەزە ناتورکەکانی تر لەم سیفەتە چاکانە.

ڕەگەزی تورك ڕۆحیەتی بازرگانی تیدا نیە.

ئەوەندە بە باشی ڕەفتاری لەگەل دیلە ئەوروپاییەکاندا کردووە، کە پاش ئەوەی هەندیکیان ئازاد کراون، ئاهی حەسرەتیان بۆ سەردەمی ئەو دیلیتییە شارستانیو مرۆڤانەیە هەلکیشاوەو، دووبارە گەراونەتەوە تورکیاو بە دەستی خۆیان زنجیرەی دیلیتییان لە گەردنی خۆیان توند کردووە.

کاتیك کە هەموو کۆلانەکانی ئەوروپا وەکو ئاودەستی گشتی وابوون، لە تورکیادا بە هەزاران ئاودەستی گشتی بەجیا بنیات نراونو لەوپەری پاکو خاوینیدا ڕاگیراون.

لە بەر ئەوەی ئەوروپاییە چەپەلەکان، کە قیز لە هیچ شتیك ناکەنەوە، سلیان لەوە نەدەکردەوە لەو قاپانەدا خواردن بخۆن کە سەگەکانیان خواردنیان تیدا خواردوون، تورکە کۆنەکان نازناوی (سەگەکان) یان داوە بە فەرەنگییەکان.

تورکە کۆنەکان خۆیان بە ئازاترین مرۆڤی سەر زەوی دەزانی. تەنانەت نووسەرانی دوژمنیش ئەم قەناعەتە میللیو ڕەگەزیەیان بەرەوا زانیوە.

---

[*] *ئینکیشاری: هیزیکی پیادەی سەربازی بوو لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا دامەزراو لە ناوچە جۆر بەجۆرەکانی ژیر دەسەلاتی دەولەتەوە، مندالان کۆدەکرانەوەو لە ناوەندو بارەگای تایبەتدا پەروەردە دەکرانو دەکرانە سەرباز.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زمانی تورکی، زمانی رەگەزی بالایە(متفوق). ئا لەبەر ئەم قەناعەتەیان، تورکەکانی زەمانی کۆن، تەنانەت ئەو کاتانەی کە لەگەڵ فەرەنگییە تورکی زانەکانیشدا گفتوگۆیان کردووە، (وەرگێر) یان بەکار هێناوەو دەرفەتی ئەوەیان نەداونەتی کە بە زمانی رەگەزی بالا قسە بکەن.

ئازایەتیو جەسارەتی تورکی کۆن، کە جیهانیان شەیدای خۆیان کردووە، بناغەی رەگەزیو دینی–شیان هەیە." (بیلال گورەر، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٢)

دەکری ئەم نموونانە زیاد بکرێن. بەلام پێویست ناکات. هەر ئەم نموونە بچووکانە دەری دەخەن، ئەو ئایدیۆلۆجیایەی لە کتێبەکانی بەرەی نەتەوەییدا هەولدراوە بە قوتابیان بگەیەنرێو قوتابیان قەناعەتی پێ بکەن، هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەوەی سالانی ١٩٣٠دا. بگرە دەتوانین بلێین پرۆفیسۆرەکانی بەرەی نەتەوەیی لە پرۆفیسۆرەکانی پێشەوای مەزن غازی مستەفا کەمال هاوسەنگ ( متوازن) تر بوون. بۆ نموونە پرۆفیسۆرەکانی بەرەی نەتەوەیی، وەکو خاتوو ئافەت، د. شەوکەت عەزیز بەگ، پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی بەگ، پرۆفیسۆر یوسف زیا بەگو د. رەشید غالب، ئیدیعای ئەوەیان نەکردووە کە سۆمەری، حیتی، خوداکانی میسر، یۆنانی، لاتینیو ئاریەکان تورك بوون. تەنانەت سیناتۆری دانراو (لە لایەن حکومەتەوە دانراو) عادیلە ئایدا، لە ووتاریکیدا لەبەردەم ئەنجومەنی پیرانداو بەدەر لە بەرنامەی رۆژانەی ئەنجومەن پێشکەشی کردووە، داوای کردووە کە ئەو پەیکەری یادە وەریەی (نصب تذکاری) بۆ "خۆری حیتی" دروستکراوە، هەل بگیرێت، چونکە حیتیەکان تورك نەبوون. بەلام ئەمانیش وەکو پرۆفیسۆرەکانی غازی مستەفا کەمال، ئیدیعای ئەوە دەکەن کە کوردەکان تورکن، تورك رەگەزیکی بالایەو تواناو مافی ئەوەی هەیە نەتەوەکانی تر بەریوەبەریت.[٢٠]

---

[٢٠] *حوریەت Hurriyet، ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، سیناتۆری دانراو عادیلە ئایدا، داوای کرد پەیکەری یادەوەریی (( خۆری حیتی)) هەل بگیریت، ل٩.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکو لە سەرەوە باسکرا، لە سالانی ١٩٣٠و سالانی دواییدا، ئیدیعا دەکراو هەول دەدرا بسەلمینیت کە ریشەی هەموو شارستانیتی‌و کولتوورەکانی جیهان تورکی بووەو تورکەکان دایانمەزراندوون. ئەمە پروپاگەندەیەك بوو کە لە سەردەمی تاك حیزبیداو بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمال لە ژیاندا بوو، بە شیوەیەکی چرو بەرفراوان بەردەوامی پیدەدرا. ئەمرۆ چیتر فکری تورکی‌و زانکۆی تورکی‌و چاپەمەنی تورکی بە گشتی، کۆمیدیای لەو جۆرەیان نیە. بەلام ئایدیۆلۆجیای "تورك بوونی کورد" وەکو خۆی بەردەوامە. دەبێ دیموکراتە تورکەکان‌و بزووتنەوەی سۆسیالیستی تورکی بەووردی لەسەر ئەم بابەتەو ئەم پرۆسەیە راوەستن. بۆچی لە کاتیکدا کەواز لەوانی تر هینراوە، کەچی ئیدیعای "تورك بوونی کورد)) هەر دریژەی پیدەدرێ؟ تورکە "دیموکراتەکان" کە زۆر حەساسن بەرامبەر "کەرامەتی عەلەویەکان"، "شەرەفی کریکاران" بۆچی لە

---

ئەم رووداوە یەکیکە لە دووریانە گەورەو دژایەتیە قوولەکان لە نووسینەوەی میژووی تورکدا. لە سالانی ١٩٣٠ دا، پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی (ئارسال)ی نوینەری قەرە ئاغاجی خۆر هەلات، خۆی بەوەوە خەریك کردبوو کە بی سەلمینیت هەموو دنیا تورك بووە: میسۆپۆتامیا، میسر، ئیجە، رۆما، چین، هندستان، ئانادۆل‌و هەروەها حیتی‌یەکانیش. کەچی لە سالی ١٩٧٧دا کچی پرۆفیسۆر سەدری مەقسودی ئارسال، داوای هەلگرتنی پەیکەری ((خۆری حیتی)) دەکات، چونکە حیتی‌یەکان تورك نەبوون. بگرە بە پەیکەری ((خۆری حیتی)) دەلیت مایەی شەرمەزاری‌یە. ئەم ووتارە کە لە ئەنجومەنی پیرانی کۆماردا پیشکەشکراوە، لە لایەن ئەندامانی سەر بە (پارتی عەدالەت)ەوە پشتیوانی لی کراوە. شارەوانی ئەنقەرە ناچار بووە بۆ بەردەوام بوون لەسەر تەواو کردنی پەیکەرەکە، راپۆرت لە دەزگای میژووی تورك وەرگریت (حوریەت، ٥ی شوباتی ١٩٧٧، ل ١١ ). بەلام بۆ ماوەیەك کارکردن لەسەر پەیکەرەکە دواخراوە (حوریەت، ١٧ی شوباتی ١٩٧٧، ل ١١). رووداوەکەی پەیکەری ((خۆری حیتی)) نیشانی دەدات کە ناوەرۆکی رەگەز پەرستی‌ی تورکی، لە ١٩٣٠یەوە تا ١٩٧٧ ، گۆرانیکی گرنگی بەسەردا نەهاتووە. لە هەمان کاتدا راگرتن‌و هەلگرتنی پەیکەریکیش بە بیانووی ئەوەی حیتی‌یەکان تورك نەبوون، هەر رەگەز پەرستی‌یە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتیکدا کە کەسیتی  نەتەوەیی نەتەوەی کورد رووبەرووی دزیوترین پەلامار دەبیتەوە، بیدەنگن؟

وەکو لە سەرەوە روونمان کردەوە، کتیبەکانی بەرەی نەتەوەیی لە چاپەمەنی تورکیدا بە گشتی وەك "عیرقیات"، "فتحیات" و "دینیات" هەلسەنگینراون و گوتراوە ئەو برینانەی ئەو کتیبانە لە پەروەردەو  فیرکردن و بونیادی کۆمەلایەتیدا کردوویاننەوە، تەنها بە گەرانەوە بۆ ئاتاتورکچیتی و بنەما کەمالیەکان ساریژ دەکرین. ئەمە هەلویستیکی نازانستیانەیە لەسەر مەسەلەی کتیبەکانی بەرەی نەتەوەیی. ئەمە لە کاتیکدایە کە پرۆفیسۆر د. موحەرەم ئەرگین لە کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەوانیدا کە بە ناوی نووسەرانی کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەییەوە لە ئەستەموول سازیکردووە، گوتوویەتی لە راستیدا کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی، گەرانەوەیەکن بۆ پرنسیپەکانی ئاتا تورك.[21]

قسەکانی پرۆفیسۆر د.  موحەرەم ئەرگین سەبارەت بەوەی کە لە راستیدا کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی گەرانەوەن بۆ ئاتا تورکچیتی، راست نین. چونکە لە تورکیادا هیچ کاتیك واز لە ئاتاتورکچیتی و بنەما کەمالیەکان نەهینراوە. هەموو دەسەلاتدارەکان، لە  ناخی دەروونەوە پەیوەست بوون بەو بنەمایانەوە.[22] هەندیك لە دەسەلاتداران راست و رەوان ناوی ئەم بنەمایانەیان

---

[21] *لەم کۆبوونەوە رۆژنامەوانیەدا کە لە ٨ی شوباتی ١٩٧٧دا سازکراوە، پرۆفیسۆر د. محەمەد کاپلان، پرۆفیسۆر د. ئیبراهیم کافەس ئۆغلو، پرۆفیسۆر د. ئامیران کورتکان، پرۆفیسۆر د. سەبری ئۆزبایدارو د. ئەرۆل گۆنگور بەشداریان کردووە.*

[22] *بۆ نموونە لە سەردەمی حکومەتی نایم تالودا کۆمەلیك شانۆنامە بۆ قوتابخانەکان چاپکراون کە هیچ جیاوازیەکیان لەگەل کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەییدا نیەو لەسەردەمی حکومەتی بلند ئەجەویتدا دابەشکراون، وەزارەتی پەروەردەش کاروباری چاپ و دابەشکردنی ئەو شانۆنامانەی جێ بە جێ کردووە. بۆ نموونە، ئەمروللا نوتقی، ریگای سەرکەوتن، **Devlet Kitaplari**، ئەنقەرە ١٩٧٣؛ سەمیحە تورك یلماز، چەند بەختەوەرە ئەوەی دەلیت تورکم، **Devlet Kitaplari**، ئەنقەرە ١٩٧٣.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیناوەو بە روونی داکۆکیان لێ کردوون. هەندیکیشیان بە نهێنیو بێ ئەوەی ناویان بینن. کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی راستو رەوان ناوی ئەم بنەمایانە دینن و داکۆکیان لێ دەکەن. لەم رووەوە ئیمە ئەو قسەیە بە راست نازانین کە دەلیت کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی گەرانەوەن بۆ ئاتاتورکچیتیو وەکو "هەولدان بۆ دریژە پیدانی کەمالیزم" ئەو کتیبانە هەلدەسەنگینین. لە لیکۆلینەوەکانی داهاتوومان‌دا هەول دەدەین نیشانی بدەین کە پیشەوای مەزن غازی مستەفا کەمالو دەسەلاتدارەکانی دواتر، پەیوەندی ناوەکی- دەرەکیی چەند چرو بەرفراوانیان لەگەل شیخەکانی "خۆرهەلات"دا (ئەوانەی بە تورك بوونی خۆیان راگەیاندووە، هاوکاریی‌یان کردووەو خودیتی رەسەنی خۆیان رەتکردۆتەوە) دامەزراندووەو دریژەیان پیداوەو، چۆن هانی ئیمتیازە کلاسیکی‌یەکانی ئەو شیخانە دراوە.

کەوابێ دەبێ بە چەمکیکی تر مەسەلەی کتیبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی تاووتوی بکەین، نەك ئایدیۆلۆجیای ئاتاتورکچیتی. ئەم چەمکە بنەرەتیە، چەمکی "زانست"ە. میتۆدی زانستی واپیویست دەکات فاکتەکانو لە ناویشیاندا ئاتاتورکچیتی، لە رەهەندی کاتو شویندا وەربگیرینو تاووتوی بکرین. میتۆدی زانستی فاکتەکان لە چوارچیوەی یەکیتی‌یەكو لەناو پرۆسەی کارتیکردن لە فاکتەکانی ترو کارتیکران لەوانەوە، تاووتوی دەکات. تیگەیشتنیکی کۆنکریتی لەسەر فاکتەکان، پەیوەندیە فاکتی‌یەکانو، پەیوەندیە ناوەکی‌یەکانیانو دژایەتیو گۆرانەکانیان بەدەست دینێ. لە میتۆدی زانستیدا راستی، "حەقیقەت" تاکە یەك پیوەری هەیە. ئەویش فاکتەکانە. کەسەکان نابنە پیوەری راستی، میتۆدی زانستی بە شیوەیەکی بەردەوام لەسەر ئەوە راناوەستیت کە فلانە پرۆفیسۆر چۆن کتیبی نووسیوە. بە شیوەیەکی گشتی لەسەر چۆنیەتی بەدەستهینانی زانیاری رادەوەستیت. ئەمەش پیویستی بە ئاشکرا کردنی ئەو جیاوازیانە هەیە کە لە نیوان پرۆفیسۆرەکانی بەرەی نەتەوەییو پرۆفیسۆرەکانی تردا هەیە، لە روانگەی تیروانین بۆ فاکتەکانو تیگەیشتنو باسکردنی فاکتەکانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەی کتێبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی جاریکی تر دەریخست کە رەخنە لە تورکیادا چەند لاوازو بێ ریشەیە. هەندێ شت، بۆ نموونە کەمالیزم، ناخرینە ژێر رەخنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە رەخنە لە بناغەی میتۆدی زانستیدایەو پرۆسەیەکە دەستی لێ هەلناگیرێت. هەرچەندە بەشێکی چاپەمەنی تورکیو "چەپ"ی تورکیش، رەخنەیەکی توندیان ئاراستەی کتێبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی کردووە، بەلام کەمالیزمو بیروبۆچوونی تیزی مێژووی تورکو تیۆری زمانی خۆر نەگرتووە، کە بناغەی ئەو کتێبانە پێک دینن‌و لەگەلیاندا یەکێتی‌یەکی ئۆرگانی‌یان هەیە. نەیانتوانیوە رەخنەیان بکەن. بگرە گوتوویانە بە گەرانەوە بۆ ئەوانە دەتوانین "رزگاری" بەدی بینین. بەمەش هەولیانداوە وای نیشان بدەن کە هیچ پەیوەندیەک لە نیوان کتێبە دەرسیەکانی بەرەی نەتەوەیی‌و ئەم بنەمایانەی کەمالیزمدا نیە.

فکری تورکی، "چەپ"ی تورک‌و بزووتنەوەی "سۆسیالیست"ی تورکی، کە زوو زوو چەمکی وەک دیموکراسی، ئازادی فکرو بە دیموکراتی کردنی وولات بەکاردینن، ناچارن بەووردی لەسەر کەمالیزم‌و ئاتاتورکچیتی راوەستن. بۆ نموونە هەتا ئیستا دەگوترا "کەمالیزم رزگاریخوازی نەتەوەییە، ئیمە یەکەمین شەری رزگاریمان لە جیهاندا بەرپا کرد، بووین بە پیشرەوی هەموو نەتەوە ستەملیکراوەکان". لافی ئەوە لیدەدرا کە ریگە دان بە گوتنی ئەم قسەیە، ئازادی بیرکردنەوە بووە. ئەمە لە کاتیکدایە کە مەسەلەی سەرەکی ئەمە نیە. ئەوەش راست نیە کە کەمالیزم بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەیی بووە. ئەگەر تەماشای فاکتەکان‌و ژیانی واقیعی بکریت، دەردەکەویت کەمالیەکان بە هاوکاری کردن لەگەل ئیمپریالیزمی ئینگلیزی‌و فەرەنسیدا کوردستانیان دابەش‌و پارچە پارچە کردووەو نەتەوەی کوردیان خستۆتە ژیر باری ستەمەوە. ئایدیۆلۆجیایەک کە بەهاوکاری کردن لەگەل بەهیزترین دەولەتە ئیمپریالیزمەکانی سەردەمدا نەتەوەی کوردی خستبیتە ژێ باری ستەمەوە، ناتوانیت ببیتە پیشرەوی نەتەوە ستەملیکراوەکان. کەمالیەکان، تەنانەت ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتەی کە دەیانگوت یەکەمین شەری رزگاری نەتەوەیی ئیمە کردمانو بووینە پیشرەوی هەموو نەتەوە ستەملیکراوەکان، کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە نەتەوەی کورد بخەنە ژیر باری ستەمی خۆیانەوە. مەسەلەی بنەرەتی، بۆ نموونە گفتوگۆ کردنە لەسەر ئەم پرۆسەیە. بەلام بەشیکی گەورەی فکری تورکی، "چەپ"ی تورکو بزووتنەوەی "سۆسیالیست"ی تورکی، لەگەل بۆرجوازی خۆیانو هیزە عەسکەری– مەدەنییە کاریگەرەکاندا هاوکاری دەکەن، بەرتیلیان دەدەنێ، وەك چۆن خۆیان دەدزنەوە لەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن، داکۆکی لە ئازادی بیروڕای ئەوانەش ناکەن کە بیری لێ دەکەنەوە.

بەلام هەر بزووتنەوەیەك کیشەی نەتەوەی کوردی بەرنامە ریژ نەکردبیت، ناتوانیت لە دیموکراتیزەکردنی تورکیادا داریك بنیتە سەر بەردیك. خەباتی دیموکراسی بە پشتگوێ خستنی کیشەی نەتەوەی کوردو، بەرتیل دان بە بۆرجوازیو ناوەندە عەسکەری– مەدەنییە کاریگەرەکان ناکریت. داکۆکی لە ئازادی بیرکردنەوە ناکریت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## زنجیرەی کتیبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

| | | |
|---|---|---|
| ١-پیکاسۆ | ئینگو والتەر | و. زۆراب |
| ٢-خوان | ئەفلاتوون | و. ئاوات ئەحمەد |
| ٣-مارا=ساد | پیتەر ڤایس | و. شیرزاد حەسەن |
| ٤-دنیای شتە بچووکەکان | ریبوار سیوەیلی | |
| ٥-جەژنی لەدایکبونی کەرویشکە خرین | ئەلیسۆن ئەتتلی | و. تۆفیق ئەحمەد عبداللە |
| ٦-هیلانە | حسین عارف | |
| ٧-راپەرینی شیخ سەعیدی پیران | رۆبەرت ئۆلسن | و. ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٨-هوشیاریی ئابووری | فوئاد تاهیر سادق | |
| ٩-بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ئەحلام مەنسور | |
| ١٠-کوردو کوردستان | د. ولید حمدی | و. محەمەد نوری تۆفیق |
| ١١-زمانی ئاگایی، ئاگایی زمان | عبدالمطلب عبداللە | |
| ١٢-بەهەشتی ئەوبەر پردەکە | ریبوار حەمە رەحیم | |
| ١٣-مستەفا سائیب ئەستیرەگەشەی | کەمال رەئووف محەممەد | |
| ١٤-رووەك و پزیشکیتی میللی کوردی | کەمال جەلال غەریب | |
| ١٥-زستانە خەون | گولی تەرەقی | و. دلاوەر قەرەداغی |
| ١٦-هاورینامە بۆ میژووی کوردستان | هاوریّ باخەوان | |
| ١٧-پیدرۆ پارامۆ | خوان رۆلفۆ | و. ئازاد بەرزنجی و ریبوار سیوەیلی |
| ١٨- ئاغا و شیخ و دەولەت | مارتین فان برونەسن | و. کوردۆ |
| ١٩-پالمە خۆی | | و. ریبوار رەشید |
| ٢٠-چراکانی سەر هەلەموت | شیرکۆ بیکەس | |
| ٢١- گۆران وگەران بەدوای یەقیندا | عەتا قەرەداغی | |
| ٢٢- کتیبی (ژن) | کەژاڵ ئەحمەد | |
| ٢٣- ریویەکی سەیر | | و. حەمە رشید |
| ٢٤- لە پەراویزی میژووی ئەردەلاندا | نەوشیروان مستەفا ئەمین | |
| ٢٥- میژووی ئارامییەکان | شاسوار. خ هەرشەمی | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦-٣٣ گولله | ئیسماعیل بیشکچی | و. ئاسۆس ئەحمەد هەردی |
| ٢٧- دیوانی بیکەس | کۆکردنەوەی ئومید ئاشنا | |
| ٢٨ کیژی کاپیتان | ئەلیکساندەر پووشکین | و. محەمەد حەمە صالح |
| ٢٩- سێ دلۆپە خوین | | و. محەمەد کریم |
| ٣٠- پاشماوەی خیلەکان | عطا محمد | |
| ٣١- سەلیقەی زمانەوانی | د. حسین محمد عزیز | |
| ٣٢-کیمیاگەر | پاولو کوئیلو | و. ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٣٣-کوردستانی عیراق سەردەمی قەلەمو موراجەعەت | نەوشیروان مستەفا ئەمین | |
| ٣٤-کیشەی کەسایەتی یاسایی نیونەتەوەیی گەلی کورد | د. مارف عومەر گوڵ | |
| ٣٥- لەتاریکی‌یەوە بۆ رووناکی | | و. جەمال میرزا عەزیز |
| ٣٦-بیرەوەریەکانی تەیمووری لەنگ | | و. حەمەی حەمە سەعید |
| ٣٧-کوردستانو راپەرینەکانی کورد | مستەفا یامولکی | و. شیرزاد کریم، ئا: سدیق سالح |
| ٣٨-بەفرنووس | دلشاد عبدالله | |
| ٣٩-دۆن کیشۆت | سیرڤانتیس | و. کاکە وەیس |
| ٤٠-چەند بابەتیکی میژوویی | د. جەبار قادر | |
| ٤١-زیری ناو زبڵ/لیکۆلینەوە | د. فەرهاد پیرباڵ | |
| ٤٢-سیبەرو هەتاو/ هونەری | نامق عەلی قادر | |
| ٤٣- سیاسەت بە هەلەیدا بردین | بزورگی عەلەوی | و. هەژار جلال فهمی |
| ٤٤- بەتەنیشت سیاسەتەوە | ستران عبدالله | |
| ٤٥-کلیلەکانی دەروازەی ناسینی خەلکو خودی خۆمان | دۆن بایرونو رۆبرت ئا. بارۆن | و. مستەفا پەژار |
| ٤٦-گولدانی خالی/ چیرۆکی مندالان | | و.موژە محمد حەمە باقی |
| ٤٧-مرۆڤو دەوروبەر/ رووناکبیری | مسعود محمد | |
| ٤٨-گۆڤاری گزنگ/ لیکۆلینەوە | نەوزاد علی ئەحمەد | |
| ٤٩-کتیب | کەریم دەشتی | |
| ٥٠-عەقلی خیل | بیستون شەوکەت | |
| ٥١-لە "عەممان"ەوە بۆ "ئامیدی" | عەلی سەیدۆ گەورانی | و. تالیب بەرزنجی |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| ٥٢-چەند ویستگەیەکی فیکری و ئەدەبی | ئازاد بەرزنجی | |
| ٥٣-گەردون لەروانگەی زانستەوە | عەبدولرەحمان فەرهادی | |
| ٥٤-میری چکۆلە | | و. ناصر حسامی |
| ٥٥-سی شانۆ نامەی چیخۆڤ | عوسمان چیوار | |
| ٥٦-جوگرافیای کوردستان | عەبدوللا غەفور | |
| ٥٧-قەدەغە شکینی | مەولود ابراهیم حەسەن | |
| ٥٨-دەسەلأت و جیاوازی | مەریوان وریا قانیع | |
| ٥٩-خەونەکانی دیلە گورگ | جەنگیز ئایتماتۆڤ | و.جەوهەر کرمانج |
| ٦٠-کارنامەی ئەردەشیری بابەکان | | و. شاسوار خ. هەرشەمی |
| ٦١-ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا | کاروان عومەر کاکە سوور | |
| ٦٢- پەندی پیشینان | شیخ محمدی خال | |
| ٦٣- لە هونەرمەندە بلیمەتەکانی جیهان | | و. محمد عارف |
| ٦٤- نان و شەراب | ئینازیۆ سیلۆنە | و. رزگار ئەمین نەژاد |
| ٦٥-ژنیك و دوو پیاو | لیۆنارد فرانك | و.شیرکۆ بیکەس |
| ٦٦-کاروانی بی کۆتایی | محمودی مەلا عیززەت | |
| ٦٧-وشیاری فەلسەفی | فوئاد تاهیر سادق | |
| ٦٨-سلیمانی شارە گەشاوەکەم | جەمال بابان- ئاسۆ بابان- ئومید خالید | |
| ٦٩- (گۆڤاری نزار) | | |
| ٧٠-رامبۆ و زەمانی پیاو کوژان | | و.غفور صالح عبدالله |
| ٧١-خوریی زیرین | | و. محمەد حەمە صالح توفیق |
| ٧٢-ئەفسانەی کوردی | م.ب. رودینکۆ | و.عەزیز گەردی |
| ٧٣-تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا | محمد نورالدین | و.ئازاد بەرزنجی |
| ٧٤-گەشتیك بەکۆماری مەهاباد | بەکر عبدالکریم حەویزی | |

نرخی (٣٠) سی دینارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org